Research Center

# شایەتییە مێژووییەکانی ئەفسەرێکی ئەمن

کاوە ئەمین



# شایەتییە مێژووییەکانی
# ئەفسەرێکی ئەمن

# شایەتییە مێژووییەکانی ئەفسەرێکی ئەمن

ئامادەکردنی: کاوە ئەمین
وەرگێڕانی: سەلام سەعدی

2023

Research Center

چاپی یەکەم
2723 ـی کوردی - 2023 ـی زایینی
ناونیشان: هەولێر - باشووری کوردستان
چاپی یەکەم : ئایاری 2023

هەموو مافەکانی ئەو پەرتووکە پارێزراوە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، هەموو جۆرە لەبەرگرتنەوەو بەکارهێنانەوەیەکی قەدەخەیە.

ژمارەی سپاردنی لە کتێبخانەی گشتی هەرێمی کوردستان (629)ی 2023 بۆ تەرخانکراوە.

www.rudawrc.net

# نێوەڕۆک


**پێشەکی** 7
سەلام سەعدی

**بەشی یەکەم** 13
شوعبەی سێ

**بەشی دووەم** 38
هەوڵەکانی تیرۆرکردنی سەرکردەکانی کوردستان

**بەشی سێیەم** 61
چاودێریکردنی حەوزەی نەجەف

**بەشی چوارەم** 86
تیرۆرکردنی مەرجەعەکانی شیعە

**بەشی پێنجەم** 111
کاری یەکەمی ئەمن لە کەرکووک : بەعەرەبکردن

**بەشی شەشەم** 134
مولازم موحسین و بێسەروشوێنکردنی کوردانی فەیلی و بارزانی

**بەشی حەوتەم** 159
کیمیابارانکردنی هەڵەبجە

**بەشی هەشتەم** 183
چۆنیەتی بە کۆمەڵ کوشتنی گیراوانی پرۆسەی ئەنفال

**بەشی نۆیەم** 207
راپەڕینی سلێمانی و راکردن بۆ کەرکووک

## پێشەکی

# کارێکی زۆر گرنگ

سەلام سەعدی

(وشـهد شـاهد من اهلهـا)، سـەرئەنجام یەکێک لەنێـو خۆیانـەوە پەیدابوو کـە ببێتە شـاهید لەسـەریان و پەردە لـەڕووی تاوانەکانیـان هەڵماڵێت. ئەم پەرتووکـەی بەردەسـتتان، دانپێدانـان، یـان گـەواهیـی کەسـێکە کـە مـاوەی 19 سـاڵ، لـە 1970 تاوەکـو 1989 لـە هـەرە ترسـناکترین و هەسـتیارترین دامـەزراوەی رژێمـی بەعسـدا کاری کـردووە، دەزگای ئەمـن. دیـارە دەبـێ ئـەو راسـتییە بەبیربهێنینـەوە کـە عێـراق وەکـو دەوڵـەت، لـە سـەردەمی حوکمڕانیـی حیزبـی بەعسـدا دەوڵەتێکـی ئەمنـی و موخابەراتـی بـووە لـە مۆدێلـی ئـەو دەوڵەتانـەی لەپـاڵ دامـەزراوە فەرمـی و نیشـتیمانییەکانی وەکـو سـوپا و پۆلیـس، چەندیـن دامـەزراوەی نائاشـکرا و نیمچـە نهێنـی نـەوەک هـەر دەکەنە چاودێـر و سـیخوڕ بەسـەر گەلـەوە، بەڵکـو دەیانکەنە دێوەزمـە بەسـەر ئـەو دامەزراوانەشـەوە کـە بڕیـارە دامـەزراوەی دەوڵەتـی و نیشـتیمانی بـن. عێراقـی سـەردەمی بەعـس تەنانەت هەنگاوێک زیاتریش چـووە پێشـەوە و رێگـەی نـەدا دامەزراوەکانـی وەکـو سـوپا و پۆلیـس سـەربەخۆ بمێننـەوە و بـە رێچکـەی گەشـەکردنی سرووشـتیی خۆیانـدا

بـڕۆن، واتـە سـوپا و پۆلیسـی کـردەوە بـە ئامـرازی سـەرکوتکاری، هەروەها کۆمەڵێـک دامــەزراوەی دەستوەشـێن و داپڵۆسێنەریشـی کـردە چاودێـر بەسـەریانەوە، یەکێـک لەوانـەش دەزگای ئەمـن بـوو.
سـەباح یەحیـا حەمدانـی، عەرەبێکـی سـوننەی خەڵکـی مووسـڵە، ئـەم پێکهاتەیـەش بڕبـڕەی پشـتی ئـەم دەزگایـە بـوون کـە دەوڵەتـی عێـراق لـە سـەردەمی حیزبـی بەعسـدا هەڵیسـووڕاندووە. حەمدانـی، سـاڵی 1970 لـە ئامادەیـی پۆلیـس بـە پلـەی مفـەوەز دەردەچـێ و دەبێتـە کارمەنـدی بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی نەینـەوا، پاشـان دەچێتـە ئەمنـی عـام لـە بەغـدا، دواتـر ڕەوانـەی بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی نەجـەف دەکرێـت. لـە نەجـەف دەبێتـە ئەفسـەری پەیوەنـدی لەنێـوان دەزگای ئەمـن و کاروبـاری مەرجەعییەتـی باڵای شـیعە لـەو پارێزگایـە. سـاڵانێک دواتـر بە پلـەی نەقیب ڕەوانـەی بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی کەرکـووک دەکـرێ و پاشـان بـۆ پلـەی ڕائیـدی ئەمـن بەرزدەکرێتـەوە. کەواتـە ئێمـە لەبـەردەم شـایەتحاڵێکی گرنگدایـن. گرنگیـی ئـەم شـایەتحاڵە چەنـد هێنـدە دەبێـت ئەگـەر یـەک دوو فاکـت بەبیربهێنینـەوە:
یەکـەم؛ ئـەم کۆنـە ئەفسـەرەی ئەمـن بۆمـان ڕووندەکاتـەوە کە چـۆن هەر ئەفسـەرێکی ئەمـن لـە هـەر پارێزگایەکـی عێـراق کاری کردبایـە، بەهـۆی شـێوازی کارکردنـی دەزگاکـەوە، دەیتوانـی ئاگاداربـێ لـە ورد و درشـتی هەمـوو کاروبارەکانـی پشـتی پـەردە لـە سەرانسـەری عێـراق، ئـەوەش لەڕێـی کۆبوونـەوەی مانگانـە و ئـەو ڕاپۆرتـە ئەمنییانـەی پارێـزگاکان کە لەو کۆبوونەوانـەدا دەخوێندرانـەوە.
دووەم؛ ئـەم کۆنـە ئەفسـەرەی ئەمـن، دوور لـە هـەر جـۆرە گوشـارێک، خـۆی بڕیاریـداوە قسـە بـکات و پـەردە لەسـەر ئـەو ڕاسـتییانە هەڵبماڵـێ کـە خـۆی ڕاسـتەوخۆ شـاهید بـووە لەسـەریان، یـان بەهـۆی کارکردنـی لەنێـو دەزگاکـە لـە نزیکـەوە ئاگاداریـان بـووە، لەوانـەش دوو ڕووداوی بـۆ ئێمـەی کـورد گرنـگ کـە تاوەکـو ئەمـڕۆش دەسـت و پەنجـە لەگـەڵ ئاسـەوارەکانیان نـەرم دەکەیـن: ئەنفـال و هەڵەبجـە.

ئێمە تاوەکو ئەمڕۆش، سەبارەت ئەم دوو کەیسە، جگە لە گێڕانەوەی قسە و بەسەرهاتی قوربانییە رزگاربووەکانی ئەم دوو کۆمەڵکوژییە، جگە لە هەندێک وردە بەڵگە کە لە پرۆسەی دادگاییکردنی سەرانی رژێمی بەعسدا خرانەڕوو، جگە لە هێندێ گۆڕی بەکۆمەڵ و هێندێ ئێسک و پرووسکی ئەوانەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن و ئازار و مەینەتیی ئەوانەی لە هەڵەبجە بەر چەکی کیمیایی کەوتن، هیچ چیرۆکێکی ئەوتۆمان لەزاری بکەرەکانیانەوە نەبووە. تاوانەکان و ئاسەوارەکانیان دیارن، بەڵام لە دیوی لای بەرامبەر و ئەوەی کە ئەوان لەو ساتەدا چۆن لەم تاوانانەیان روانیوە، هیچ گێڕانەوەیەکمان نەبووە و هیچ چیرۆکێکمان نییە. ئەم قسانەی رائید سەباح یەحیا حەمدانی کە لە بەرنامەی (پەنجەمۆر)ی تەلەڤزیۆنی رووداوا بە زنجیرە بڵاوبوونەوە و لێرەشدا لە شێوەی پەرتووک دەخرێتە بەردەستی ئێوە، یەکێکە لە کارە هەرە گرنگەکانی تۆڕی میدیایی رووداو، یان راستتر بڵێم یەکێکە لە کارە هەرە گرنگەکانی ئێمەی کورد کە لە بەدۆکیۆمێنتکردنی ئەو کارەسات و ماڵوێرانییانەی لە ماوەی 35 ساڵ حوکمڕانیی حیزبی بەعسدا بەسەر ئێمە هاتن، شتێکی ئەوتۆمان نەکردووە. هەر تەنانەت رەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان لەسەر ئەدەب و هونەری ئێمەش نەبووە و خەریکە بە فەرامۆشی دەسپێردرێن، هیچ شتێکیش لە فەرامۆشکردنی تاوانی کۆمەڵکوژی و رەشەکوژی ترسناکتر نییە بۆ گەلێک. فەرامۆشکردن واتە ئەگەری دووبارەبوونەوە، واتە تێنەپەڕاندن، واتە رێزنەگرتن لە رۆحی قوربانییەکانی ئەو تاوانانە و بەهەند وەرنەگرتنی ئازار و مەینەتیی ئەوانەی لێی دەربازبوون، واتە فێرنەبوون لە رابردوو، واتە دەربازبوونی تاوانباران لە تاوانەکانیان با گۆڕبەگۆڕیش بووبن.

ئەو کەسەی لەم پەرتووکەدا بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە و بە بەڵگەوە باسی وردەکارییەکانی ئەو تاوانانە دەکات، خۆی ماوەیەکە لە کەناڵێکی یوتیووبی تایبەت بەخۆیەوە دەستی بە قسە کردووە،

قسـەکانی سـەبارەت رۆژگاری رەشـی سـەردەمی حیزبی بەعسن بەگشتی. رووداو لـەم زنجیـرە هەڤپەیڤینـە تەلەڤزیۆنییـەدا زیاتر فۆکەسـی لەسـەر تاوانەکانـی تایبـەت بـە کـورد بـووە، بەتایبەتیـش کـە ئـەم یەکێـک بـووە لـە ئەفسـەرە گەورەکانـی بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی کەرکـووک و لـە سـەروەختی پرۆسـەی ئەنفالیشـدا سەرپەرشـتیاری یەکەمـی ئـەو چەنـد سـەربازگەیە بـووە کـە لـە دووبـز، تۆپـزاوە و کەرکـووک بـۆ کۆکردنـەوەی ئەنفالکراوانـی کـورد کرابوونـەوە، شـایەتحاڵ لەمـە گرنگتـر!

کەچـی جێـی داخ و سەرسـوڕمانە هەمـان ئـەم کەسـە کـە لـە نێوەڕاسـتی نەوەتەکانـی سـەدەی رابـردوودا لـە رژێمـی عێـراق جیادەبێتـەوە و لـە مووسـڵ هەڵدێـت، بـە کوردسـتاندا دەربـازی ئەوروپـا دەبـێ و تەنانـەت ماوەیەکیـش لـە هەرێمـی کوردسـتان دەمێنێتـەوە بەبـێ ئـەوەی هیـچ کـەس، هیـچ دەزگا و دامەزراوەیـەک ئـەم زانیارییـە گرنگانـەی وەکـو بەڵگـەی جینۆسـاید و رەشـەکوژیی کـورد لێوەرگـرن، ئـەوە لەکاتێکـدا زانیارییـان لەبـارەی ئـەم کەسـایەتییە هەبـووە و تەنانەت کە گەیشـتووەتە کوردسـتان، خۆی وەکو ئەفسـەرێکی پێشـووی دەزگای ئەمن ناسـاندووە. بەڵـێ هەموومـان دەزانیـن کـە دەیـان هـەزار کـورد بـەر شـاڵاوی ئەنفـال کەوتـن، بـەڵام پلانەکـەی چـۆن دانـرا، چـۆن جێبەجێکـرا و ئەنفالکـراوان دواڕۆژەکانـی خۆیـان چـۆن بەسـەربردووە و چـۆن دەسـتە دەسـتە بـەرەو گۆڕەبەکۆمەڵـەکان سـواری ئۆتۆمبێـل کـراون؟ وردەکاریـی گرنگـی تێدایـە کـە ئێمـە لێـی بێئاگایـن، ئـەم پرۆسـەیە لـە زاری رزگاربوویەکـی ئەنفالـەوە جۆرێکـە و لـەزاری کەسـێکەوە کـە بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان بەشـدار بووە لـەو پرۆسـەیەدا، جۆرێکـی دیکەیـە. دیوێکـی دیکـەی تاوانەکەیـە کـە دەبـێ ببینیـن. 19 سـاڵ کارکـردن لـە هەسـتیارترین دەزگای رژێمـی بەعسـدا کـە ئـەو ماوەیـە پـڕە لـە رووداوی گـەورە گـەورە هـەر لـە لەکارلادانـی ئەحمـەد حەسـەن بەکـرەوە تاوەکـو گەیشـتنە دەسـەڵاتی سـەددام و پاکتاوکردنـی سـەرکردەکانی بەعس و کۆمەڵکوژیـی فەیلییەکان و جەنگی عێـراق - ئێـران و بێسەروشـوێنکردنی بارزانییـەکان و کیمیابارانـی هەڵەبجە

و شـاڵاوی ئەنفـال و تاوەکـو دوایـی. لەبـەر هەمـوو ئـەم هۆکارانـە، چاپکردنـی ئـەم پەرتووکـە کارێکـی زۆر زۆر گرنگـە، لـەوەش گرنگتـر ئەوەیە بگاتـە دەسـتی زۆرتریـن ژمـارەی خوێنـەر و تەنانـەت وەرگێڕانـی بـۆ چەندین زمانـی دیکـە. بـا ئەمـە بکەینـە سـەرەتایەک بـۆ پاراسـتنی یادەوەریمـان، سـەرەتایەک بـۆ لەبیرنەچوونـەوە، چونکـە گەلێـک کـە رابـردووی پـڕ مەرگەسـاتی خـۆی لەبیـر نـاکات، گەلێکـە رێـز لەخـۆی دەگرێـت.

لەبـەر هەمـوو ئەمانـە، بـۆ مـن زۆر گرنـگ بـوو کـە هەمـوو بەشـەکانی ئـەم هەڤپەیڤینـەم لە زمانـی عەرەبییـەوە کردنە کوردی و نووسـیمنەوە. ئـەوەش بڵێـم کـە ئاکـۆ محەممـەد بەڕێوەبـەری گشـتیی تـۆڕی میدیایـی رووداو سـەرەتا پەیوەنـدی بـە سـەباح یەحیـا حەمدانییـەوە کـرد لـە هۆڵەنـدا و ئامـادەی کـرد بۆئـەوەی لـە تورکیا ئـەم زنجیـرە هەڤپەیڤینـە تۆمـار بـکات و 120 پرسـیاری بـە عەرەبـی ئامادەکـردن بـۆ ئـەوەی لـە سـەباح حەمدانـی بکرێـن، ئاسـۆ فیشـەگی وەکـو وەرگێـڕ لەکاتـی تۆمارکردنـی ئـەم زنجیرەیـەی بەرنامـەی پەنجەمـۆر لـە تورکیـا لەگـەڵ کاوە ئەمیـن، ئامـادەکار و پێشکێشـکاری بەرنامەکـە بەشـدار بـووە. ئـەوە جگـە لـە تیمێکـی ئۆپەرەیشـن و بەرهەمهێنانـی تـۆڕی میدیایـی رووداو تاوەکـو ئـەم دانپێدانانـە گرنگـە بـە وێنـە و تێکسـت بـە نەوەکانـی ئێسـتا و داهاتووشـمان بگـەن.



**سەباح حەمدانی؛**

سـەباح یەحیا حەمدانـی، عەرەبێکـی خەڵکی مووسـڵە و لە هـۆزی حەمدانییـە. لـە سـاڵی 1970 تاوەکـو سـاڵی 1989 ئەفسـەر بـووە لـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی سـەردەمی رژێمـی بەعـس. لە بەرنامـەی (پەنجەمۆر)ی تـۆڕی میدیایی رووداو شـایەتی لەسـەر کۆمەڵێك رووداوی گرنـگ دەدات کـە لـە کوردسـتاندا روویانـداوە، بەتایبەتیـش تاوانـی کۆمەڵکوژی و بێسەروشـوێنکردنی بارزانییـەکان، ئەنفال و کیمیابارانـی هەڵەبجـە و زۆر رووداوی دیکـە کـە خـۆی تێیدا بەشـدار بـووە، یـان لـە نزیکـەوە ئـاگاداری وردەکارییەکانـی بـووە.

## بەشی یەکەم

# شوعبەی سێ

بۆ بینینی بەشی یەکەمی هەڤپەیڤینەکە ئەم کیوئاڕ کۆدە سکان بکە

**کاوە ئەمین: کاک سەباح بەخێربێی بۆ بەرنامەی پەنجەمۆر..**

**سـەباح حەمدانـی:** سـڵاو بـۆ ئێـوە و سـەرەتا سوپاسـتان دەکـەم بـۆ رەخسـاندنی ئـەم هەلـە جوانـە بۆئـەوەی قسـە بکـەم و شـایەتی بـۆ گەلـی کـورد بـدەم، بـۆ خەڵکـی کـوردی خۆمـان و بـۆ هەمـوو کـورد لەناو عێـراق و دەرەوەی عێراقیـش، بـۆ ئـەوەی بـە راسـیگەلێک ئاشـنا ببن کـە رەنگە لێیان بێئـاگا بووبـن، زانیارییـان لەبارەیـان نەبووبـێ و نەیانزانیبـێ و نەیانبیسـتبێ، وا ئێمـە لێـرەدا بـۆ یەکەمجـار قسـەیان لەسـەر دەکەیـن. تـا ئێسـتا هیـچ کارمەندێکــی ئەمــن دەربــارەی ئــەو کارانــەی کــە لــە دژی ئــەم گەلــە کردوومانـن، قسـەیەکیان نەکـردووە، ئـەو گەلـەی کـە درێژکـراوەی یـەک نەتـەوە و یـەک مێـژووە، بۆیـە مـن بەم دیـدارە زۆر خۆشـحاڵم و سوپاسـتان دەکــەم.

**کاوە ئەمیـن: زۆر زۆر سوپاسـت دەکەیـن.. دیـارە وەکـو باسـمکرد جەنابتان خەڵکــی مووســڵن و کــورد و عەرەبیــش ماوەیەکــی درێــژە لــەو شــارەدا پێکــەوە دەژیــن.. یەکەمجــار چــۆن ئاشــنای کــورد بوویــت و پەیوەندیــت لەگەڵیــان کــەی دەســتیپێکرد؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئـەوەی کـە دەیزانـم و خوێندوومەتـەوە و بیسـتوومە، عەشــیرەتی ئێمــە ئەلبوحەمــدان هەمیشــە لــە کــورد نزیــک بوونــە.. مێژوومــان یەکــە و پێــش هــەزار ســاڵ، دەوڵەتــی بەنــی حەمــدان کــە دەوڵەتێکــی ناســراو بــووە و مــاوەی نزیکــەی 100 ســاڵ شــەڕیان لەگــەڵ دەوڵەتـی رۆم کـردووە لـە تورکیـا، لـە تەنیشـتی ئەوانـدا دەوڵەتـی دۆسـکی هەبـووە کـە دەوڵەتێکـی کـوردی بـووە، ئەمانـە پێکـەوە لـە پەیوەندییەکـی زۆر کـراوەدا بوونـە و ژن و ژنخـوازی لەنێوانیـان هەبـووە تـا ئـەو ئاسـتەی بوونەتـە یـەک خوێـن، بۆیـە ئـەم پەیوەندییـە گوازراوەتـەوە بـۆ ئەمـڕۆش و تەنانـەت بـۆ ماڵـی ئێمـەش. دیۆالـی ئاغا سـەعید دۆسـکی کە یەکـێ بوو لە ئاغاکانـی دۆسـکی لـە مووسـڵ، ئاشـنای خێزانەکەمـان و هـاوڕێ و دۆسـتی

بـرا گەورەکانـم بـووو، تەنانـەت جـارێ دوو تاوسـی بـە دیـاری بـۆ هێنایـن.. پێاوێـک بـوو ئێمـەی خۆشدەویسـت و ئێمـەش زۆرمـان خۆشدەویسـت و هامشـۆمان لەنێوانـدا هەبـوو، بەکورتـی یـەک خێـزان بوویـن.

**کاوە ئەمیـن: مـادام باسـی مووسـڵ دەکەیـن، دیـارە کـە دەوڵەتـی عێـراق دامـەزرا لـە سـێ ویلایەتـی مووسـڵ و بەغـدا و بەسـرە پێکهـات، ولایەتـی مووسـڵ کـە ئێمـە پێیدەڵێیـن باشـووری کوردسـتان و کەرکووکیـش دەگرێتـەوە، ئەمـە بەشـێکە لـە خاکـی کوردسـتانی گـەورە، تـۆ لەسـەر ئـەوە چـی دەڵێـی وەکـو عەرەبێکـی نیشـتەجێی مووسـڵ؟**

**سـەباح حەمدانی:** ئەم بابەتە هێشـتا روون نییە و ئاییندەشـی دیار نییە چۆن دەبێـت، رەنگـە ئاینـدەی بـە جـۆرێ بگـۆڕێ کـە گونجـاو بـێ لەگـەڵ تێڕوانینی ئـەو زلهێزانـەی کـە هەتـا ئەمـڕۆش یـاری بـە هەمومـان دەکـەن، بۆیـە مـن ناتوانـم رای خـۆم لەسـەر ئـەوە بڵێـم.

**کاوە ئەمین: بەڵام من مەبەستم لایەنە مێژووییەکەیە.**

**سـەباح حەمدانـی:** وەکـو مێـژوو، ئێمـە یەکیـن و هیـچ کاتێک وا هەسـتمان نەکـردووە کـە لێـک دووریـن. مـن بەشـبەحاڵی خـۆم لەڕێـی هاوڕێیەکـی ئازیزمـەوە ئاشـنای دۆزی کـورد بـووم. کەسـێک کـە هاوڕێـی منداڵیمـە، هێشـتا تەمەنمـان نزیکـەی نـۆ یـان دە سـاڵان بـوو، کاک سـەعید کـە خەڵکـی زاخـۆ بـوو، باسـی کێشـەی کـوردی بـۆ دەکـردم، ئەویـش هێشـتا منـداڵ بـوو، بـەڵام کـورد بـوو، چـۆن من شـانازی بـە عەرەبیبوونـی خۆمەوە دەکـەم، ئەویـش ئـاوا شـانازی بـە کوردبوونـی خۆیـەوە دەکـرد، تەنانـەت شـیعرێکی پـێ لەبەرکـردم، شـیعر بـوو یـان سـروودێک بـوو دەیگـوت کەس نەڵـێ کـورد مـردووە کـورد زینـدووە، ئینجـا ماناکـەی بـۆ بـاس دەکـردم و منیـش حـەزم لێـی بـوو، دەمزانـی کـە دەڵـێ کـورد نەمـردوون و میللەتێکی زینـدوون، ئەمـە وای لێکـردم زیاتـر شـانازی بـە کـوردەوە بکـەم کـە بـە درێژایـی مێـژوو گەلێکـی مەزڵـووم بوونـە، هەتـا ئێسـتا دەوڵەتێکیـان نییـە،

بۆچـی؟ بۆچـی ئـەم ژمـارە زۆرە کـە پەنجـا شەسـت ملیـۆن کەسـن...

**کاوە ئەمیـن: لـە ئەڵقەکانـی داهاتـوو باسـی ئـەوەش دەکەیـن، بـەڵام ئێسـتا دەمـەوێ بگەڕێینـەوە بـۆ مووسـڵی ئـەوکات.. پێکەوەژیانی کـورد و عـەرەب لـەو سـەردەمەدا چـۆن بـوو؟ تـۆ باسـی ئـەوەت کـرد کە بـە منداڵی هاوڕێـی کـوردت هەبـووە، ئـەی لەسـەر ئاسـتی عەشـیرەت و هـۆزەکان، یـان ئـەو ماڵـە کـورد و عەرەبانـەی دراوسـێ بـوون، مامەڵـەی ئـەوان لەگەڵ یەکـدی چـۆن بـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڕاسـتی هەموومـان یـەک بوویـن، کـەس جیـاوازی نەدەکـرد لەنێـوان کورد و تورکمان و عەرەب، تەنانەت شـیعە و سـوننەش، ئەمـە دوایـی پەیـدا بـوو، ئەوکاتـە لەوجـۆرە قسـانەمان نەدەبیسـت، دواتـر کـە گـەورە بوویـن ئینجـا زانیمـان شـتێک هەیـە بەنـاوی سـوننە و شـیعە، بـەڵام لەگـەڵ کـورد و تورکمـان وەکـو یـەک گـەل بوویـن، ئەمـەش زۆر مایـەی خۆشـحاڵی بـوو، چونکـە دەوڵەت لەوکاتـەدا هیچ سـەرکوتکارییەکی لـە دژی ئەوانـی دیکـە پەیـڕەو نەدەکـرد تاوەکـو ئـەم سـەرکوتکارییە بـۆ ئێمـەش بـە میـرات بمێنێتـەوە، ئەمـە بەپێـی تێگەیشـتنی خـۆم.. مـن دەڵێم کاتێـک چـاوم کـردەوە و هێشـتا تەمەنـم حەوت سـاڵ بـوو کە بینیـم تەرمی خەڵـک بـەدوای ئۆتۆمبێلـدا بەکێـش دەکـەن، ئەمـەی باسـی دەکـەم پـاش هەوڵـی کودەتاکـەی عەبدولوەهـاب شـەواف بوو، سـەرمان سـوڕما کاتێک بینیمـان خەڵـک لەسـەر جـادە بەکێـش دەکرێـن و تـەرم بـە سـتوونەکانی کارەبـادا هەڵدەواسـرێن.. ئەمـەی باسـی دەکـەم ساڵی 1959 بـوو کـە مـن هێشـتا حـەوت سـاڵان بـووم، چونکـە مـن لەدایکبـووی 1952م، سـەرمان سـووڕمابوو کـە چـۆن بـەم سـادەییە خوێنـی خەڵـک دەڕێـژن؟ ئێمـە کە یەک گەلیـن و هەموومـان مرۆڤیـن پێـش هـەر شـتێک!! ئەمـە بـۆ روودەدات؟ هۆیەکـە رژێمـە سیاسـییەکان بـوون، پـاش ئـەوەی سـوپا دەسـتی بەسـەر عێراقـدا گـرت لـە شۆڕشـی 1958 بـەدواوە، پێموایـە و بـە خوێندنـەوەی خـۆم بـەو سـیفەتەی کـە ئینسـانێکم ئـەم رووداوانـەم هەمـووی ئەزمـوون

کـردووە و تێیـدا گـۆش بـووم، پێموایـە ئێمـە ئیـدی پێماننایـە قۆناخـی سـوپا و خوێـن، هیـچ کاتێـک سـوپایەکی راسـتەقینەم نەبینـی. مـن لـە هۆڵەنـدا دەژیـم، تاوەکـو ئێسـتا ئۆتۆمبێلێکی سـوپام نەبینیوە، پارچـە چەکێکم بەچاو نەبینیـوە، تەنانـەت سـەربازێکم بـە جلوبەرگـی عەسـکەرییەوە نەبینیـوە، ئـەوە 26 سـاڵە لـە هۆڵەنـدام، سـوپا نابینـی، سـوپا بـۆ پاراسـتنی وڵاتـە، بـۆ کەشـخەیی و بـۆ کوشـتاری میللـەت نییـە.

**کاوە ئەمیـن: باسـی ئـەو کوشـتارەی سـەردەمی شـەوافت کـرد، کـێ کێـی رادەکێشـا؟ کـورد و عـەرەب بەگـژ یەکـدا چووبـوون یـان سـوپا خەڵکیـان بە جادەکاندا رادەکێشـا ؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەباشـی لەبیرمـە، کێشـەکە لەنێـوان شـیوعییەکان و قەومییـەکان بـوو، مووسـڵ بـەوە ناسـرابوو کـە خەڵکەکـەی قەومیـن، واتـە مەیلیـان بـۆ ئـەوان هەبـوو نـەک بـۆ شـیوعییەکان، شـیوعییەکان لـەو سـەردەمەدا وا لێیـان تێگەیشـتبووین کـە مارکسـین و هەنـدێ رەفتاریـان هـەن دوورن لـە ئاییـن، بۆیـە ئـەو سـەردەمە خۆشماننەدەویسـتن، ئـەوەی لـە مووسـڵ روویـدا چـی بـوو؟ شـیوعییەکان دەیانویسـت لـە مووسـڵ ماسـوولکەکانیان دەربخـەن، ئەوکاتـە کـە هاتنـە مووسـڵ ناویـان لەخۆیـان نابـوو (ئەنسـار ئەلسـەلام)، باشـە ئێـوە لایەنگـری ئاشـتین و لـە بەغـدا و پارێزگاکانـی دیکـەوە بـە هـەزاران کـەس بـە ئۆتۆمبێـل و شـەمەندەفەر هاتـوون و تەحـەدای خەڵکەکـە دەکـەن بۆچـی؟ پێویسـت بـەوە نـاکا، لەسـەر ئاشـتیی خـۆت بـەردەوام بـە و خـۆت بـەدوور بگـرە لێمـان.. تەنانەت ئاگاداریـش کرانـەوە، گوتیـان شـتی وا مەکـەن، چونکـە کارەسـاتی لـێ دەکەوێتـەوە، ئەوەبـوو هـەر بەڕاسـتی بـووە مایـەی کێشـەیەکی گـەورە لە مووسـڵ.

**کاوە ئەمین: خۆت ئێستاش پەیوەندیت لەگەڵ کورد ماوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان پەیوەندیـم لەگـەڵ کـورد هـەر هەیـە،

پەیوەنـدی زۆر و قووڵیـش، هـەر کوردێـک وا هەسـت دەکـەم کـە وەکـو مـن عەرەبـە و هاوڕێمـە. بێگومـان پەیوەندیـم هەیـە لەگەڵیـان.

**کاوە ئەمیـن: ئەگـەر لەبیـرت بێـت یـان بیسـتبێتت، لـە هیـچ سـەردەمێکدا، بەتایبەتـی لـە سـەردەمی منداڵیـت کـە لـە مووسـڵ گـەورە بوویـت، هیـچ کاتێـک هەوڵـی ئـەوە هەبـووە کـە کـورد لـەوێ بـەزۆر دەربکـرێ؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نـا بەڕاسـتی شـتی وا نەبـووە، باسـی رابـردوو دەکـەم، بـەڵام ئەگـەر باسـی سـەردەمەکانی دواتـر بکەیـن، واتـە دوای 1968، بەڵـێ رەوشـەکە گـۆڕا، راگواسـتن دەسـتیپێکرد و کەوتنـە بیانـوو دۆزینـەوە کـە ئەمـە پەیوەنـدی لەگـەڵ یەکێتـی هەیـە و ئەمەیـان پەیوەنـدی لەگـەڵ فـڵان هەیە، یـان ئەندامێکـی ئـەو خێزانـە کێشـەی ناوەتـەوە و دەبـێ لێـرە دەربکرێـن، ئیـدی لـەوە بـەدوا هەواڵـی راگواسـتنی کوردمـان دەبیسـت، بەتایبەتـی لـە بـەری لای چەپـی مووسـڵ، یـان هـەر بەگشـتی لـە هەمـوو ناوچەکانـی مووسـڵ.

**کاوە ئەمیـن: ئـەی کەواتـە چـۆن سەرسـام بـووی بـە حیزبـی بەعـس و چـۆن چوویتـە نـاو ئـەو حیزبە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** حیزبـی بەعـس حیزبێکـی قەومی بـوو، ئێمـەش عەرەبین و مەیلمـان بـۆ بابەتـی قەومـی هەیـە، کـورد مەیلـی بـۆ نەتەوایەتـی خـۆی هەیـە و ئێمـەش بەهەمان شـێوە، لەڕێـی خوێندنەوە و تێگەیشـتنی خۆمان و هەروەهـا لەژێـر کاریگەریـی براکانیشـم کـە پێشـەنگی مـن بـوون و ئینجـا هاوڕێکانیشـم، وا سـەیرم دەکـرد کـە حیزبـی بەعـس بەدیهێنـەری ویسـت و ئـارەزووە نەتەوەییەکانـی عەرەبـە، بەتایبەتـی لـە مەسـەلەی بەدیهێنانـی یەکێتـی، دروشـمی حیزبەکـەش بریتـی بوو لە یەکێتـی، ئازادی، سۆشـیالیزم. یـەک ئوممەتـی عەرەبـی و خـاوەن پەیامێکـی نەمـر. ئەمانـە پرەنسـیپی جوانـن، لـەو سـەردەمی بەریەککەوتنانـەدا ئـەم شـتانە مەقبـول بـوون، مەبەسـتم سـەردەمی دوای دارمانـی دەوڵەتـی ئیسـلامی، یـان دەوڵەتـی

عوسـمانی بـا بڵێیـن، ئەمـە ڕێـی بـە حیزبـە قەومییـەکان دەدا بەرفـراوان ببـن و حیزبـی بەعسـیش سـوودی لـەو کەشـوهەوایە وەرگـرت و بـووە حیزبێکـی گـەورە. براکانـم بەعسـی بـوون و منیـش بەهـۆی ئەوانـەوە لـەو حیزبـە نزیکبوومـەوە. بەعسـییەکان پێـش 1968 بـە دوو سـاڵ، بەتـەواوی دەسـتیان بەسـەر مووسـڵدا گرتبـوو، بەهێـز بـوون و شـەقاوەی زۆریشـیان هەبـوو، مـن ناویـان دەنێـم شـەقاوە یـان کـوڕی گەنـج، شـارەکەیان کۆنتـرۆڵ کردبـوو. مـن ئەوکاتـە 15-16 سـاڵێک دەبـووم، بەعسـییەکان بـۆ نموونـە، توانییـان مـن لـە شـارەوانی دامەزرێنـن، بوومـە چاودێـری قیرکردنـی جـادەکان، ئەوکاتـە یاسـین ئاغـا هەبـوو، کەسـێکی ناسـراو بـوو جادەکانـی قیـر دەکـرد، پڕۆژەکانـی بـە بەڵێندەرایەتـی لـە شـارەوانی وەردەگـرت و منیـان لای ئـەو کـردە چاودێـر لەکاتێکـدا هێشـتا منـداڵ بـووم، بـەڵام لـە بەرامبـەردا لـەو پارەیـەی وەرمدەگـرت یارمەتـی حیزبـم دەدا.. ئەوکاتـە بەڕێوەبـەری شـارەوانی موحسـین حبێتـی بـوو، ئەویـش پەیوەندییەکـی بەهێـزی لەگـەڵ بەعسـییەکان هەبـوو، یـان بـا بڵێم لێیـان دەترسـا، تەنانەت موتەسـەڕیفی ئـەوکات، بەگشـتی بەعسـییەکان بەشـی ئـەوە بەهێـز بـوون کـە خۆیـان بسـەپێنن و هەمووومـان چاوەڕێـی ئەوەمـان دەکـرد کـە ئـەم حیزبـە دەگاتـە دەسـەڵات، چونکـە هەسـتمان دەکـرد کاتەکـەی نزیـک بووەتـەوە و تەنانـەت بەدیاریکـراوی چاوەڕێـی سـەدام حسـێنیش بوویـن دەسـەڵات بگرێتـە دەسـت، چونکـە دیـار بـوو کـە ئـەو بزوێنـەری شـۆڕشـی داهاتـوو دەبـێ.

**کاوە ئەمیـن: تـۆ باسـی دروشـمەکانی حیزبـی بەعسـت کـردك: یەکێتـی، ئـازادی سۆشـیالیزم و مەسـەلەی یەکگرتـن لەگـەڵ عـەرەب، هەسـتتان نەدەکـرد کـە ئەمـە لەسـەر حیسـابی گەلـی دیکـەی وەکـو کـورد دەبێـت؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئـەو بیرۆکەیـەی کـە ئێمـە لـە حیزبـی بەعـس دەمانخوێنـدەوە، ئـەوە بـوو کـە کـورد ناتوانن بگەنـە مافەکانی خۆیـان تەنیا کاتێـک نەبـێ کـە ئێمە بـە مافەکانی خۆمـان بگەیـن و یەکبگریـن. دەیانگوت

هەرکاتێك عـەرەب بوونـە یـەک، وایـان تێگەیاندبوویـن و راسـتیش نەبـوو، واقیعیانـە سـەیری بکـەی راسـت نییـە، چونکـە لـە بنەڕەتـەوە هەمـوو حیزبێـک وایـە، کۆمەڵێـك خەڵـک سـواری ملـی دەبـن، بەگشـتی هەمـوو حیزبێـک بەوجۆرەیـە، کۆمەڵێـك خەڵکـی دیاریکراو سـواری ملی دەبـن و لەو شـتانە دووری دەخەنـەوە کـە خەڵـک لەبارەیـەوە خوێندوویانەتـەوە و لێـی تێگەیشـتوون و هیـوای شـتی باشـیان پـێ بـووە، دوایـی دەزانـی کـە هیـچ خێـر و چاکەیەکـی بـەدواوە نییـە و تەنیـا بـۆ هەنـدێ خەڵکـی دیاریکـراوە، بۆیـە دەبینـی سـەدام حوسـێن لـە سـاڵی 1979 هـەر حیزبـی بەعسـی لەسـێدارە دا، ئـەو رۆژەی لەنـاو هۆڵـی خولـد هاوڕێیەکانی حیزبـی دەرکردن بـۆ لەسـێدارەدان، ئیـدی حیزبـی بەعـس کۆتایـی هـات. ئـێ منیـش بەعسـی بـووم، هـەر ئـەو سـەردەمە تێگەیشـتم کـە شـتێک نییـە بەنـاوی حیزبـی بەعـس، بەڵکـو کۆمەڵـێ خەڵـک هـەن کـە سـواری کۆڵـی حیزبەکـە بـوون و پێـی گەیشـتوونەتە دەسـەڵات و ئـەو حیزبـەش کـە حیزبـی هەمـووان بـوو، بـووە بـە موڵکـی چەنـد کەسـێک.

**کاوە ئەمین: پێتوانییە کەمێک درەنگ لەوە تێگەیشتن؟**
**سەباح حەمدانی:** ئەوە راستە و نکۆڵیی لێ ناکرێت.

**کاوە ئەمیـن: باشـە کەواتـە بـا باسـی ئیشـەکەت بکەیـن، بۆچـی بـووی بـە کارمەنـدی دەزگایەکـی وەکـو ئەمـن، خولیـا و حـەزی خـۆت بوو یان چـی وای لێکـردی لـەو دەزگایـە کار بکـەی؟**
**سـەباح حەمدانـی:** لەبـارەی کارکردنـم لـە دەزگای ئەمن، دوای سـەرکەوتنی شـۆڕش داوای وەرگیرانـم پێشکەشـی ئامادەیـی پۆلیـس کـرد. ئامادەیـی پۆلیـس پلـەی تێدایـە دەگاتـە... لـە سـەرەتاوە دەبیتـە مفـەوەزی پلـە چـوار و لـەدوای شـەش سـاڵ دەبیتـە ئەفسـەر . منیـش گوتـم رێگاکـە کـورت بکەمـەوە و بـەو رێگەیـەدا بـڕۆم. ئەوکاتـە لـە پۆلـی چوارەمی گشـتی بووم، ئـەوە یەکـەم سـاڵ بـوو کـە پۆلـی چوارەمـی گشـتی جێبەجـێ دەکرا، پێشـتر

پۆلـی چوارەمـی گشـتی نەبـوو، چـوارەم و پێنجـەم و ئیدی قۆناخـی ئامادەیی تـەواو دەبـوو، ئەوسـاڵە کردیانـە چـوارەم و پێنجـەم و شەشـەم، بۆیـە گوتـم رێگاکـەم کـورت بکەمـەوە و راسـتەوخۆ بچمـە ئامادەیـی پۆلیـس. لەبەرئـەوەش کـە مـن بەعسـی بـووم و لـە خێزانێکـی بەعسـیش بـووم، ئـەو رۆژەی ئامادەیـی پۆلیسـم تـەواو کـرد کـە ماوەکـەی سـاڵێک بـوو، لـە مانگـی شـوباتی 1970 دەرچووین، خولـی ئەفسـەران و مفەوەزەکانمـان هەبـوو، تەنانـەت لـە ئاهەنگـی دەرچوونمانـدا خوالێخۆشـبوو ئەحمـەد حەسـەن بەکـر خـۆی ئامـادە بـوو، هەروەهـا سـەرۆککۆماری پێشـووی سـووریا ئەمیـن حافـز، ئەمیـن حافـز ئەوکاتـە هەڵاتبـوو بـۆ عێـراق پـاش ئـەوەی کۆمارەکـەی رووخـا، بۆیـە ئەویـش لـەو بۆنەیـەدا لەگـەڵ ئەحمـەد حەسـەن بەکـر ئامـادە بـوو. دوای ئـەوەی لـەو ئامادەییە دەرچووین دەسـت بـە دابەشـکردنمان کـرا و منیان دەستنیشـان کـرد بۆئەوەی بڕۆمـە دەزگای ئەمـن، بەوشـێوەیە چوومـە دەزگای ئەمـن، بـەڵام نـە بـە ئـارەزووی خـۆم بەڵکـو بـە بڕیـاری سـەرووتر.

**کاوە ئەمیـن: باشـە مەرجـی ئاشـکرا و نهێنـی بـۆ وەرگرتـن لـەو دەزگایـە چـی بـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نـا هیـچ مەرجێـک نەبـوو، بەڕاسـتی بڵێـم، بەهیـچ جۆرێـک، بـەڵام دەبـوو لـە خێزانێکـی بەعسـی بیـت، چونکـە ئاشـکرا بـوو ئاینـدە بـۆ حیزبـی بەعسـە، کەواتـە دەبـوو هەمیشـە بەعسـییەکان لـە داوودەزگاکانـدا باڵادەسـت بـن، بەوجـۆرەش بـە تێپەڕینـی کات وای لێهـات کـە دەبـوو بەعسـی بیـت بـۆ ئـەوەی لـە کۆلێـژ وەربگیرێـی، یـان بتوانـی لـە دامەزراوەیەکـدا کار بکـەی.

**کاوە ئەمین: کەواتە خێزانی ئێوە خێزانێکی جێی متمانە بوو لای بەعس؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ، ئەگەرنـا منیـان بـۆ دەزگای ئەمـن دەستنیشـان نەدەکـرد.

**کاوە ئەمین: سەرەتا لەکوێ دەستت بەکار کرد و بە چ پلەیەک؟**

**سـەباح حەمدانـی:** لەپـاش دەرچوونـم لـە ئامادەیـی لـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی نەینـەوا وەرگیـرام. ئەوکاتـە تەمەنـم هێشـتا 17 سـاڵ و نیـو بـوو، هێشـتا منـداڵ بـووم، چوومـە بەڕێوەبەرایەتی ئەمن، ئەمە سـەرەتای سـاڵی حەفتـا بـوو، بوومـە مەئمـووری بنکەی ئەمن لە بەری لای راسـتی مووسـڵ. شـاری مووسـڵ دابەشـی چـوار ناوچـە کرابـوو لـەڕووی ئەمنییـەوە. یەکێـك لـەو ناوچانـە بنکـەی ئەمنـی بـەری راسـت بـوو، مـن لـەوێ بوومـە مەئموور و ئەفسەرەکەشـم کەسـێک بـوو بەنـاوی عەبدولسـەلام ئەلعەنـاز. ئـەم عەبدولسـەلامە پلـەی مـولازم و لـە هەمـان گەڕەکـی ئێمـەش نیشـتەجێ بـوو، واتـە کەسـێکی ناسـیار و هـەر بـە خزمیـش هەژمـار دەکـرا. سـەرەتا لـەوێ دەسـتبەکار بـووم.

جـا بـا ئەمـە تـەواو بکـەم.. یەکەمیـن وانـەی خـراپ کـە لـە دەزگای ئەمـن وەرمگـرت، بەدرێژایـی مـاوەی دەوامم لە ئامادەیی پۆلیـس، وانەبێژەکانمان مامۆسـتای گـەورە بـوون، لەوانـە مامۆسـتا تاهیـر ئەلواعـز، هەروەهـا بەڕێوەبـەرە گەورەکانـی پۆلیـس و ئەفسـەرانی بـاڵا و کەسـانی یاسـاناس کـە وانـەی یاسـایان پێدەگوتینـەوە، تەنانـەت پزیشـکی دادوەری و هەمـوو ئـەو شـتانەی پەیوەندییـان بـە تاوانـەوە هەیـە. یەکێـك لـەو مامۆسـتایانەی وانـەی پێدەگوتینـەوە، زۆر فۆکەسـی دەکـردە سـەر ئـەوەی کـە لێکۆڵـەر، چونکـە ئێمـە دەبووینـە لێکۆڵـەر، کەواتـە دەبـوو راسـتییەکە بزانیـن کاتێـک لێکۆڵینـەوە لـە تۆمەتبارێـک دەکەیـن. تۆمەتبارەکـە دێتـە بەردەمـت، تـۆ وەکـو تاوانبـار رەفتـاری لەگـەڵ ناکـەی، وەکـو بێتاوانێـک رەفتـاری لەگـەڵ دەکـەی بۆئـەوەی بتوانـی بەشـێوەیەکی دروسـت لێکۆڵینەوەکـەت بکـەی، کەچـی بـە تـەواوی لـە ئێمـە قەدەخـە بـوو زانیـاری بزانیـن، ئـێ ناتوانـی راسـتییەکە لـە کەسـێک وەربگـری کـە لەژێـر ئەشـکەنجەیە، ئێمەیـان ئـاوا فێـر دەکـرد.

لـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی نەینـەوا، رۆژێـک کـە نۆرەی ئێشـکگری مـن بوو،

ئێمـە معاونیەتـی ئەمـن بوویـن، بـەڵام نـۆرەی ئێشـکگریمان لـە بـارەگای بەڕێوەبەرایەتـی ئەمـن بـوو، هاتـم بـۆ بەڕێوەبەرایەتـی ئەمـن، هێشـتا دوو سـێ مانگـە دەوام دەکـەم و بـە تەمەنیـش هێشـتا منداڵم، بەڵام سـوپاس بـۆ خـوا بـە تێگەیشـتن گـەورە بـووم و شـارەزای کاری ئەمنـی و پۆلیـس بـووم و دەمزانـی کـە کاری ئەمـن واتـە پاراسـتنی ئاسایشـی هاووڵاتـی، ئـاوا مەشـق درابوویـن و ئـاوا فێرکرابوویـن کـە ئێمـە ئاسایشـی هاووڵاتـی دەپارێزیـن نـەک ئاسایشـی دەسـەڵاتدار، دەسـەڵاتدار خزمەتـکاری خەڵکـە و تۆیـش خزمەتکارێکـی بنچینەییـت. ئـەو ڕۆژە کـە مـن ئێشـکگر بـووم، بـە ڕێکـەوت، ئەمـە دەگێڕمـەوە بۆئـەوەی هەمـوو لایـەک بیبیسـتن، ئەمـە نموونەیەکـە لـەو نموونانـەی ناخـی منیـان هەژانـد و هەمـوو تێگەیشـتنی منیـان سـەراوبن کـرد. لـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەمـن دەهاتـم و دەچـووم وەکـو مفـەوەزی ئێشـکگر، بەشـەکانم بەسـەردەکردەوە، لەناکاو یەکێکـم بـە هەڵواسـراوی بینـی، بەسـترابوو بـە پەنجەرەکـەوە، دەبینـم یەکێکـە لـە دراوسـێیەکانی ئێمـە و نـاوی سـەڵاح بـوو خـودا بیبەخشـێ...

**کاوە ئەمین: بۆچی گیرابوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بـۆت باسـدەکەم... مـن دەمناسـی و دەمزانـی کـە یەکێکـە لـە بەعسـییەکانی سـووریا، واتـە لـەو بەعسـیانەی جیاببوونـەوە و ئێمـە پێماندەگوتـن (المنشـقین)، برادەری بـرا گەورەکەشـم بـوو، خـۆی دەبـوو لەگـەڵ براکـەم بچێتـە کۆلێـژ و ببێتـە ئەفسـەر، مـن سـەرم لـەوە سـووڕما، چونکـە ماوەیەکـی زۆر بـوو ئـاگام لـە هەواڵـی نەمابـوو بەهـۆی چوونـم بـۆ ئامادەیـی و دوورکەوتنـەوەم لـە مووسـڵ، لەنـاکاو سـەڵاحم لـەوێ بـە هەڵواسـراوی بینییـەوە. گوتـم : هـا مامـە سـەڵاح!! مامـە سـەڵاحیش 13-12 سـاڵ لـە مـن گەورەتـر بـوو. گوتـم ئـەوە چییـە و بـۆ لێرەی؟ بـۆ ئەویـش سـەیر بـوو لەنـاو بەڕێوەبەرایەتـی ئەمـن و بـە گیـراوی و لەژێـر ئەشـکەنجە یەکێـک بـە مامـە بانگـی دەکات، گوتـی وەڵـڵا لەسـەر بەعسـییەکانی سـووریا گیـراوم کـە جیابوونەتـەوە.. ئێسـتا تینوومـە، تۆزێک

ئاوم بـۆ پەیـدا بکـە. منیـش پاسـەوانەکانم بانگکـرد و گوتـم کەلەپچەکـەی بکەنـەوە، لـە پەنجەرەکەیـان کـردەوە و لەسـەر زەوییەکـە دامنیشـاند و گوتـم خـواردن چیتـان هەیـە بـۆی بێنـن. خێـرا چـوون خـواردن و ئاویـان بـۆ هێنـا و ئیـدی کەوتینـە قسـەکردن. نزیکـەی کاژێرێـک قسـەمان کـرد، گوتـم تـۆ حەقـت بەسـەر ئـەو ئیشـانەوە چییـە؟ وەکـو براکـەم و فـڵان و فـڵان کـە هەموویـان هاوڕێـی خـۆت بـوون دەبوویتـە ئەفسـەر، گوتـی تـازە ئـاوای لێهـات و چیشـتان دەوێ مـن ئامـادەم. گوتـم مـن لـەڕووی ئەمنییـەوە ڕێنمایـی کـراوم، دەتوانـم کەسـێکی راگیـراو ئـازاد بکـەم ئەگـەر ئامـادە بێـت هاوکاریـت بـکات و بەڵێـن بـدات کـە لـە دەرەوە لـە بەرژەوەندیـی دەزگای ئەمـن کارت لەگـەڵ بـکات، ئەمـە یەکێکـە لـە دەرگاکانـی دەربازبوونـت. گوتـم بـا سـوود لەمـە ببینین. سـبەی پشـت بەخوا لەگـەڵ خەیـری چلمێران قسـە دەکـەم، ئـەم خەیـری چلمێرانـە دواتـر بـووە معاونـی سیاسـی، واتـە یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری ئاسایشـی گشـتی بـۆ کاروبـاری سیاسـی، ئەوکاتـە لای ئێمـە ئەفسـەری کاروبـاری سیاسـی بـوو. ئـەو شـەوە پاسـەوانەکان کەلەپچەیـان کـردەوە و تومـەز هـەر پاسـەوانەکان راپۆرتیـان لەسـەر نووسـیوم کـە مفـەوەز سـەباح ئاوا و ئاوای کـردووە. مـن دوای دەوامەکەم چوومـەوە مـاڵ، لەنـاکاو تەلەفۆنـم بـۆ کـرا بـۆ ماڵـەوە کـە دەسـتبەجێ بچمـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەمـن بـۆ کۆبوونـەوە. چـووم و پێـش ئـەوەی بچمـە ژوورەوە بـۆ نـاو بەڕێوەبەرایەتـی، چوومـە لای خەیـری چلمێـران کـە ئەوکاتـە مولازمـی پلـە یـەک بـوو، گوتـم گـەورەم دوێنـێ لەگـەڵ گیراوێکـی لای خۆمـان قسـەم کـردووە بەنـاوی سـەڵاح و ئامادەیـە هاوکاریمـان بـکات، گوتـی باشـە خـۆم راپۆرتێـک دەنووسـم، هێشـتا نەیزانیبـوو چـی قەومـاوە، چونکـە ئـەو کوڕە لەسـەر تـاوان گیرابوو، ئەفسـەری کاروبـاری تاوانەکانیش لەوکاتـەدا عەبدولڕەحمـان شـەکەرچی بـوو، دواتـر بـووە سـەرۆکی لیژنـەی کاروبـاری باکـوور، بـووە بەڕێوەبـەری ئەمنـی ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی.

**کاوە ئەمین: کەواتە تۆ لە سەرەتای کارکردنتدا لەگەڵ ئەمن سەرەتایەکی باشت نەبوو؟**

**سەباح حەمدانی:** نا من ئەزموونم هەبوو، کەسێکی خوێندەواریش بووم، ئەوکاتەی منداڵ بووم تەلەڤزیۆنمان نەبوو، ڕۆژانە دەچوومە کتێبخانەی گشتی و کتێبم دەخوێندەوە. هەموو شتێکم دەخوێندەوە لە شیعرەوە تاوەکو هەموو شتێک. تاوەکو ڕۆمانی پۆلیسی، بەتایبەتی ئەوانەی ئاگاتا کریستی، بۆیە کارەکەی خۆمم خۆشدەویست و دەمزانی کە کارمەندی ئەمن دەبێ چۆن کار بکات و چۆن ئاسایشی خەڵک بپارێزێ، بەهەرحاڵ بگەڕێینەوە بۆ کۆبوونەوەکە، من نازانم کۆبوونەوە لەبارەی چییە، چووینە لای بەڕێوەبەری ئەمن کە ئەوکاتە عەبدولموحسین خەلیل بوو، پلەی لەوکاتەدا رائید بوو، پاشان بووە بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس و پاشان بریکاری وەزیری ناوخۆ و تاوەکو ئێستاش لە ژیاندا ماوە.. چووینە ناو کۆبوونەوە و ئەوکاتە خوشکەزای بەڕێوەبەری ئەمن خۆیشی لەگەڵ ئێمە مفەوەز بوو، ناوی زیاد بوو، ئەفسەرەکان و مفەوەزەکان هەموو لەناو کۆبوونەوە بووین، هەرکە دەستی بە قسە کرد، گوتی بەداخەوە سەرەڕای سەرکەوتنی شۆڕش و گەیشتنە دەسەڵاتی حیزبی بەعس، هێشتا کەسانێک هەن لەناو ئێمە کە بیر لە (خەت رەجعە) دەکەنەوە، مەبەستی ئەوە بوو من هێشتا دەترسێم و کەسێکی ترسنۆکم و پەیوەندیی خۆم لەگەڵ هەندێ کەس دەپارێزم نەکا ڕژێمەکە بڕووخێ، ماناکەی ئەوە بوو بەڵام من هێشتا تێناگەم، گوتم قسەی ئاساییە و بەڕێوەبەری ئەمنە و دەیەوێ هۆشیارمان بکاتەوە، چونکە مانگانە کۆبوونەوەیەکی لەوجۆرەمان لەگەڵ بەڕێوەبەری ئەمن هەبوو، پاشان رووی کردە من و گوتی وەکو ئەم برایە، مفەوەز سەباح، ئێمە تۆمەتبارێکمان گرتووە کە دژایەتیمان دەکات و بۆی هەڵکەوێ دەمانکوژێ، گرتوومانە و لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەین بۆ ئەوەی ڕاستییەکانمان پێبڵێ، کەچی ئەو دەچێ نانی دەداتێ و ئاوی دەداتێ و دادەنیشێ قسەی لەگەڵ

دەکات، ئینجا تێگەیشتم کە مەسەلەکە منم، ئیدی منیش هەڵچووم، وەکو گوتم هێشتا گەنج بووم، تەنانەت ئەوەندە بە هەڵچوونەوە قسەم کرد گەرووم کەوتە لەرزین و دەستم بە گریان کرد، بەڵام ئازایانە خۆم کۆنترۆڵ کرد و گوتم یەکەم؛ من لە خێزانێک نیم بیر لە خەت رەجعە بکەمەوە، چونکە لە کەس ناترسین، دووەم ئەو کەسە ناسیاری منە و دۆستی خێزانەکەمانە، ئینجا ئامادەشە هاوکاریمان بکات.. گوتم من لە ئامادەیی پۆلیس وا فێرنەکراوم کە تۆمەتبار بخەمە ژێر ئەشکەنجە بۆئەوەی راستییەکانی لێوە بزانم، بەپێچەوانەوە وا تێگەیشتووم کە ئەوەی دەخرێتە ژێر ئەشکەنجە راستییەکان ناڵێت، بەڵکو ئەو قسانەت بۆ دەکات کە تۆ دەتەوێ، ئینجا گوتیشم گەورەم من هەر لە بنەڕەتەوە لەگەڵ ئەشکەنجە نیم. گوتی تۆ هاتووی لێرە فێرببی.. گوتم باشە گەورەم من بەداخەوەم و تاوەکو ئێستا ئەوەی دەیزانم ئاوایە.

**کاوە ئەمین: بەڵام دوایی ئەو جۆرە ئیشکردنەت قبووڵ کرد؟**

**سەباح حەمدانی:** وەکو گوتم خوشکەزای بەڕێوەبەری پۆلیس لەگەڵ من مفەوەز بوو، بەڵام ئەو لە خولی تایبەتەوە هاتبوو، کەسێکی هەمیشە سەرخۆش و هەر بەدوای مەلهادا دەگەڕا. خۆی و هەندێ مفەوەزی دیکەی برادەری، ناوەکانیانم هەموو لەبیرە، یەکێکیان ناوی رەزوان بوو، حەزدەکەم گوێیان لەم قسانەم بێت، راستی خۆشە، یەکێکی دیکەیان عەبدولئیلاه.. هەر لەوێ بە بەڕێوەبەری ئەمنم گوت: گەورەم من دەزگای ئەمن بەدناو ناکەم، ئەوەی بەدناوی دەکات ئەوانەن کە بیست و چوار سەعاتە لەبەردەم دەرگای مەلهاکانن و ویسکی خۆڕایی دەخۆنەوە و بەخراپی سوود لەم دەزگایە وەردەگرن، بەڵام ئەو لەو قسانەی من نیگەران بوو. هەر ئەوکاتە و لەو رۆژەدا منی دەستنیشان کرد بۆ خولێکی تایبەت لە ئەمنی گشتی لە بەغدا، خولێکی جۆدۆ و کاراتێ بوو. ئەوکاتە ئەوە هونەرێکی نوێ

بـوو، بـەڵام دەیزانـی ئـەوە زەحمەتـە و عەزابـی تێدایـە، دەسـتبەجێ منـی دەستنیشـانکرد بۆئـەوەی دوورم بخاتـەوە و هـاوکات ئەزیەتیـش بدرێـم.

**کاوە ئەمین: ئەی ئەو سەڵاحەی کە گیرابوو چی لێهات؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەداخــەوە، ئەمــە تائێســتاش ئــازارم دەدات، چونکــە یەکـەم رووداو بـوو لـە نزیکـەوە ئـاگاداری بـم. سـەڵاح لەسـێدارە درا. درایـە دادگا و لـەوێ حوکمـی لەسـێدارەدانی بـۆ دەرچـوو، لەکاتێکـدا دەمانتوانـی هەلێکــی بدەینــێ بگەڕێتــەوە نــاو خێزانەکــەی. هەمیشــە هــەر وابــووە، پەنابـردن بـۆ دڵڕەقـی هـۆکاری وێرانبوونـی ئـەو وڵاتـەی ئێمـە بـووە. باسـی زۆر شــتی دیکەتــان بــۆ دەکــەم، چیرۆکــی ســەڵاح تەنیــا ئاماژەیــەک بــوو، مشــتێک بــوو لــە خەروارێــك.

**کاوە ئەمیـن: ئـەی دواتـر چـۆن پلـەی تـۆ بەرزکرایـەوە و تاوەکـو پلـەی رائیـد رۆیشتی؟**

**سـەباح حەمدانــی:** بەرزکردنــەوەی پلــە لــە ئەرکــی حکومیــدا شــتێکی ئاسـاییە، دوای ئـەوەی شـەش سـاڵمان تـەواو کـرد بووینـە ئەفسـەر. چەنـد مانگێــک چووینــە خولــی ئەفســەرییەوە، ســێ چــوار مانــگ بــوو، پاشــان بووینـە ئەفسـەر، نـاوی خولـی باڵای ئەفسـەری بـوو. لـە کۆتایـی خولەکـەدا سـەبعاویمان لەگـەڵ بـوو کـە بـرای سـەددام بـوو، هەروەهـا وەتبانمـان لەگـەڵ بـوو کـە ئەویـش هـەر بـرای بـوو.

**کاوە ئەمین: چ ساڵێک؟**

**سـەباح حەمدانــی:** 1976. کۆتایــی ئــەو ســاڵە لــە خولەکــە دەرچوویــن و بووینـە مـولازم. هـەر دوای ئـەوەی پلەکەمان وەرگرت، ئیدی بەشـێوەیەکی رۆتینـی هـەر چـوار سـاڵ جارێـک پلەمـان بەرزدەکرایـەوە تاوەکو لـە کۆتاییدا لـە پلـەی رائیـد خانەنشـین بـووم.

**کاوه ئەمین: چ ساڵێک بووی بە رائید؟**

**سـەباح حەمدانـی:** لـە 1989. ئەوسـاڵەی کـە سـەددام حوسـێن بـە سـەرکەوتوویی لـە جەنـگ هاتـە دەرەوە. سـەرکەوتنێکی وەهمیانـە، بـەڵام ماندووکـەر. عێـراق.. ئابوورییەکـی وێـران، سـەرچاوە و سـامانی عێـراق هەمـوو لەنێوچـوون، ئینجـا بڕیاریـدا سـوپا و دەزگا ئەمنییـەکان بچـووک بکاتـەوە و ژمـارەی مووچەخـۆر کـەم بکاتـەوە. ئیـدی ئـەوە بـوو رێگەیـان بـە خەڵـک دا کـێ دەیـەوێ بڕواتـەوە مـاڵ، دەسـت لـەکار بکێشـێتەوە و خانەنشـین ببێ. من ئەوکاتە بیسـت سـاڵ خزمەتم هەبوو، داوام پێشـکەش کـرد، مافـی خـۆم بـوو خانەنشـینیی تـەواو وەرگـرم، بۆیـە بڕیارمـدا دەرچـم، ئەوکاتـە ئیـدی دەزگای ئەمنیـش خەریـک بـوو دادەڕووخـا و ئیـدی مانـەوەی ئێمـە لەنێـو دەزگا وەکـو عەیبێکـی لێهاتبـوو. هـەر وڵاتەکـە هەمـووی خەریـک بـوو دادەڕووخـا.

**کاوە ئەمیـن: لـە سـەردەمی سـەددام زۆر هەبـوون نیشـانەی دڵسـۆزی و ئازایەتییـان وەردەگـرت، تـۆ هیـچ نیشـانەیەکت وەرگـرت؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نـا نیشـانە و شـتم وەرنەگرتـووە، تەنیـا وێنەیەکـم هەیـە کـە تێیـدا دیـارە دیارییـەک لـە بەڕێوەبـەری ئەمنـی عـام وەردەگـرم، ئەویـش بەهـۆی ئـەوە بـوو کـە بەشـداری خولێکـم کـرد بەنـاوی خولـی رۆشـنبیریی چـڕ، مامۆسـتاکانمان هەمـوو لـە زانکۆکانـەوە هاتبـوون وەکـو د.حەمیـد سمێسـم، د.روشـدی علەییـان، مـازن رەمـەزان کـە راگـری کۆلێـژی یاسـا بـوو، واتـە مامۆسـتای هـەرە دیـاری زانکـۆکان بـوون. وانەیـان پێدەگوتیـن و لـەو خولـەدا مـن یەکەمـی هەمـوو بەشـداربووان بـووم و بەوپێیـەش دەبـوو خزمەتەکـەم شـەش مانـگ پێشـبخرێ، واتـە شـەش مانـگ بکەومـە پێـش هاوکارەکانـم و دەمانچەیەکیـش وەکـو دیاری وەرگـرم. دەمانچەکەم وەرگـرت، بـەڵام سـکرتێری سـەرۆککۆمار کـە ناجـح محەممـەد خەلیـل بـوو، گوتـی بـۆ دەیدەنـێ؟ پێویسـت نـاکات. تەنیـا دەمانچەکـەی بدەنـێ و تـەواو، ئـەو شـەش مانگـە بـۆ سـەر خزمـەت پێویسـت نییـە، وای دانـا کـە

ئەمـە بەشـێکە لـە سیاسـەتی دەسـتگرتنەوە (التقشـف)، بەوجـۆرە بـووە ڕێگـر لەکاتێکـدا مافـی خـۆم بـوو. یەکێـك لـە مەرجەکانـی ئـەو خولـە ئـەوە بـوو هەرکەسـێ پلـەی یەکـەم بەدەسـتبهێنێ شـەش مانـگ دەچێتـە سـەر خزمەتەکـەی. ئەوانـەی پێـش مـن هەموویـان وەریانگـرت.

**کاوە ئەمیـن: ئەگـەر باسـی پێکهاتـەی ئەمنـی عێـراق بکەیـن، ئـەو دەزگایە لـە چەنـد بـەش و هۆبەیـەک پێکهاتبـوو. ژمـارەی ئـەو هۆبانـە چەنـد بـوو، کاریـان چـی بـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ دەزگای ئەمـن کۆمەڵێك بەشـی هەبـوو. یەکـەم بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی عـام کـە کۆمەڵێك بەشـی هەیـە: بەشـی کاروباری سیاسـی، کاروبـاری کارگێـڕی، میـرە، بەشـی تەکنیـک، هەروەهـا شـوعبەی مەعمـەل، ئـەم شـوعبەی مەعمەلـە تایبەتمەندیـی هەبـوو. ئەم شـوعبەیە بـوو کـە بەشـداری لـە ئۆپەراسـیۆنەکەی نـازم گـزار کـرد ئەوکاتـەی هەوڵیـدا بەکـر و سـەددام بکوژێـت. نـازم گـزار پیاوەکانـی ئـەم شـوعبەیەی بەکارهێنـا بۆئـەوەی لەگـەڵ هەندێ کەسـی دیکـە کە تەنانـەت هەندێکیان مەدەنـی بـوون، بەشـداری لـە هەوڵەکـەی سـاڵی 1973 بکـەن. بۆیـە ئـەم بەڕێوەبەرایەتییـە تایبەتمەندی هەیە، دواتر باسـی ئەمـە دەکەینەوە، چونکە ئـەم بەشـەیە کـە گازی سـالیۆم و ژەهراویکردنـی نەیـاران و تیـرۆر و ئـەو جـۆرە کارانەیـان دەکـرد. کاروبـاری سیاسـیش دابـەش دەبوو بـۆ کۆمەڵێك شـوعبەی هەمەجـۆر، لەوانـە شـوعبەی سـێ کـە تایبـەت بـوو بـە کـورد، واتـە تایبەتمەنـد بـوو لەبـواری هەمـوو شـتانەی پەیوەندییـان بـە کـوردەوە هەیـە. حیـزب و ڕێکخـراوە کوردییـەکان و بەکورتـی هەمـوو شـتێکی کـورد لـە شـوعبەی سـێ بـوو کـە پێشـیدەگوترا (م 64)، شـوعبەیەکی دیکـە هەبـوو بـۆ بزووتنـەوە ڕەجعییـەکان، حیزبـی دەعـوە، ئیخـوان موسـلیمین و حیزبـە دینییـەکان بەگشـتی، بەمانەیـان دەگـوت (ڕەجعـی)، ئەمـە کاری شـوعبەی پێنـج بـوو. هەرچـی پەیوەنـدی بـە شـیوعییەکان و بیروبـاوەڕی کۆمۆنیسـتییەوە هەبـا، ئەمـە کاری شـوعبەی یـەک بـوو. شـوعبەی دوو

تایبـەت بـوو بـە حیزبـە قەومییەکانـی عـەرەب، بەتەنیـا قەومییەکانـی عـەرەب، لەوانـەش جودابـووەوەکان کـە لـە حیـزب جیاببوونـەوە. ئێمـە پێماندەگوتـن (المنشـقین)، ئـەوان ناویـان لەخۆیـان نابوو باڵـی چەپی حیزبی بەعـس، یـان بەعسـی یەسـاری.

**کاوە ئەمین: بارەگای شوعبەی سێ لە کوێ بوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بـارەگای هـەر لەنـاو بـارەگای سـەرەکی ئەمنـی عـام بـوو. باڵەخانەکـەی چەنـد نهۆمێـک بـوو. لـە یەکێـك لـەو نهۆمانـە بـوون و یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری گشـتی بـۆ کاروبـاری سیاسـی سەرپەرشـتی دەکـرد. دوو نهۆمـی بـارەگای ئەمنـی عـام تەرخـان بـوو بـۆ بەشـەکانی کاروبـاری سیاسـی. یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری گشـتی بـۆ کاروبـاری سیاسـی ژوورەکـەی لەوانـەوە نزیـک بـوو. هەمـوو بەڕێوەبـەری شـوعبەکان دەبـوو بگەڕێنـەوە بـۆ لای ئـەو، تەنیـا شـوعبەی دوو لـە دەرەوەی ئـەو بینایـە بـوو.

**کاوە ئەمیـن: ئـەم بەشـانە کارەکانیـان بـە چ شـێوەیەک دابـەش کردبـوو، چـۆن کاریـان دەکـرد؟ شـوعبەی سـێ بـە تایبەتـی کـە پەیوەنـدی بـە کـوردەوە هەبـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ، شـوعبەی سـێ وەکـو گـوتم تایبـەت بوو بـە کورد، هەروەهـا بەرپرسـیش بـوو لـەو شـوعبانەی سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەمـن بـوون، واتـە تەنیـا لـەڕووی ئیـداری بەرپـرس نەبـوو، بەڵکـو بەرپـرس بـوو لـە هەمـوو ئـەو کارانـەی لـە دژی کـورد دەکران. بـۆ نموونە شـوعبەی سـێ لـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی نەینـەوا، لـەڕووی واقیعـی و ئیـداری سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەمـن بـوو، بـەڵام لـەڕووی فکـری و لـەڕووی کاری سیاسـی و بەدواداچـوون و کۆکردنـەوەی زانیـاری و تەکتیکـی ئەمنـی لـە دژی کـورد، ئەمـە هەمـووی لـە شـوعبەی سـێی بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی عـام دادەڕێـژرا و ئاراسـتەی شـوعبەی سـێی ئەمنـی نەینـەوا دەکـرا. یـان شـوعبەی سـێی ئەمنـی کەرکـووک و هەمـوو شـوعبەی سـێیەکانی دیکـە.

ئەمە بۆ شوعبەی یەکیش هەر راستە کە تایبەت بوو بە شیوعییەکان و هەروەها شوعبەی دووش بەهەمان شێوە.

**کاوە ئەمین: کەواتە کاری ئەمانە هەمەجۆر بوو، هەر تەنیا کۆکردنەوەی زانیاری نەبوو، بەڵکو کاری سەربازی و تیرۆر و راوەدوونانی نەیاران و هەموو ئەو کارانەیان دەکرد، ئەم دەزگایە چالاکیی سەربازیی هەبوو کە هەر خۆی بڕیاری لێبدات؟**

**سەباح حەمدانی:** بێگومان شوعبەی سێ بەشێکی بنەڕەتی بوو. ئەم شوعبەیە زانیاری و رێنمایی لە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی وەردەگرت، لە بەڕێوەبەری ئەمنی عامەوە دەهات بۆ یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری سیاسی. واتە هەر پلانێک و هەر کارێکی سیاسی لە دژی کورد، هەمووی لەلایەن شوعبەی سێ دەکرا، بەڵام شوعبەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکان کە لە هەموو پارێزگاکانی عێراقدا هەبوون، ئەوانیش بەشدار دەبوون و زانیارییان لەگەڵ ئەمنی عام ئاڵوگۆڕ دەکرد و رێنماییان وەردەگرت. هەموو مەفرەزە کوردییەکان، ئاخر زۆر مەفرەزەی کوردی هەبوون کە لە بەرژەوەندی ئەمن کاریان دەکرد. هەروەها مەفرەزەی دیکەش هەبوون لەگەڵ دەزگای هەواڵگری کاریان دەکرد، مەنزوومەی هەواڵگریی سەربازی کە لە کوردستان هەبوو. ئەمانە هەموویان لەو کارانەی دەیانکردن و لەو زانیارییان کۆیاندەکردنەوە، هەمووی دەچووەوە بۆ شوعبەی سێ لە بارەگای گشتیی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی عام لە بەغدا.

**کاوە ئەمین: ئەوانەی لەو شوعبەی سێیە کاریان دەکرد تایبەتمەندییەکیان هەبوو یان هەر وەکو ئەوانەی شوعبەکانی دیکە بوون، بۆ نموونە خەڵکیان هەبوو کە کوردی بزانن یان...**

**سەباح حەمدانی:** بێگومان، ئەوانەی کوردییان دەزانی دەبوو زۆرینە بن. لەوانەی من دەمناسین، بۆ نموونە مفەوەز کەمال پشدەری.

هەروەها رائید تەحسین نەقشبەندی، واتە ئەوانەی لە زمانی کوردی تێدەگەیشتن لەپێشتر بوون، بەڵام هیچ مەرجێکیش نەبوو کە ئەوەی لەوێ کار دەکات دەبێ کورد بێ. نەخێر، زۆریان عەرەب بوون، بەڵام بەشێکیشیان ئەوانە بوون کە لە کوردی تێدەگەیشتن، هیچ ئیمتیازێکی زیاتریشیان لەوانی دیکە نەبوو، واتە ئەفسەری ئەمن هەموویان یەک ماف و ئیمتیازیان هەبوو.

**کاوە ئەمین: شیعەکانیش بەهەمان شێوە کاریان پێدەدرا لە ئەمن؟**

**سەباح حەمدانی:** بێگومان ئەوانیش هەبوون. تێڕوانینی نائاسایی بۆ کورد و شیعە نەبوو، بەڵام کاتێک بەرپرسیاری دەدرایە ئەم و ئەو، تاوەکو پۆستەکە باڵاتر بووایە حیساب بۆ هەندێ شت دەکرا. ئاستی دووڕوویی، ئاستی نزیکایەتی، ئاستی ئامادەیی بۆ جێبەجێکردن بە زیادەوە، ئەمە بەداخەوە رەنگە لە زۆربەی دەزگاکانی دەوڵەتدا هەر وابووبێت. کاری ئیداری لەو جۆرە دەزگایانەدا بەوجۆرەیە، باشتر جێی باش دەگرێتەوە، ئەمە لە هەموو دنیادا هەر وایە، بەڵام لای ئێمە وا نەبوو، کێ دووڕوو با و بیتوانیبا خۆی نزیک بکاتەوە، کێ بیتوانیبا زیاتر ئازاری خەڵک بدا، یان لەو جۆرە قسانە بکات کە ئەوان دەیانویست، یاخود هیچ کاتێک ناڕازی نەبووایە، ئەوانە هەمیشە لە نزیکەکان بوون، من خۆم لە ناڕازییەکان بووم، بۆیە هەمیشە نیشانەی پرسیارم لەسەر بوو، هەر لەبەرئەوەش نزیکیان نەکردمەوە و پێشنەکەوتم، خۆیشم لێیان ماندوو ببووم، بۆیە بەجێمهێشت.

**کاوە ئەمین: بەڵام بەشێوەیەکی گشتی وا باوە دەڵێن سوننە بەگشتی دەستڕۆیشتووی ناو ئەو دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییانە بوون و ئەوان زیاتر جێی متمانەی حیزبی بەعس بوون؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ بە دڵنیاییەوە وابوو. برایەک رۆژێک پرسیاری لێکردم، گوتی سەددام حوسێن چۆن ناسراوە لای ئێوە؟ کەسێکی

تایفی بوو؟ گوتم وەڵڵا سەددام حوسێن ئەم سیفەتانەی هەیە: یەکەم لەوەدا لە هەمو عێراقییەکانی دیکە جیادەکرێتەوە کە حەبەربەشە، من ناوم لێناوە حەبەربەش، واتە خزمە نزیکەکانی، خزم و ئەندامانی بنەماڵە و کەسانی نزیکی بنەماڵە و حاشیە، کەواتە یەکەم شت حەبەربەش. دووەمیان خەڵکی عوّجە، واتە حەبەربەش کە زۆر نزیکەکانن لە پلەی یەکەم دێن، ئینجا خەڵکی عوّجە، سێیەم تکریتی و چوارەمیش خەڵکی مووسڵ و سامەڕا و سوننەی بەغدا. تەماشات کردووە چۆنم دابەشکردووە؟ ئەمە واقیع و راستییەکەیە. لە خوارەوەی لیستەکە تورکمان و شیعی و ئەوانە دێن. ئا بەوجۆرە بوو.

**کاوە ئەمین: ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە سەردەمی رژێمی بەعس، کەی دامەزرا و کاری ئەو ئەنجوومەنە چی بوو؟**

**سەباح حەمدانی:** ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی وەکو ئەوەی ئێمە دەیزانین و هەندێ جار نووسراومان لەوێوە بۆ دەهات بۆ گشتاندن، ئەم ئەنجوومەنە پاش ساڵی 1968 لە سێ کەس پێکهات: سەددام حوسێن، نازم گزار و سەعدوون شاکر. ئەم سێ کەسە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بوون. سەرەتا ئاوا دامەزرا. لەڕووی واقیعییەوە ئەمانە درێژکراوەی دەزگای حونەین بوون. ئەم دەزگایە لە کۆمەڵێک خەڵکی شەقاوە پێکهاتبوو، سەددام حوسێن بەهۆی ئەم شەقاوانەوە گەیشتە دەسەڵات. لە مووسڵیش شەقاوە هەبوون، هەندێکیانم لەبیرە خەڵکی زۆر ناسراو بوون. یەعقوب کۆچان، یوسف نایف، کەیزاکی ئەرمەنی، بنەماڵەی شێخۆ، ئەمانە هەمووشیان بەعسیی کەللەڕەق و شەقاوە و چەکدار بوون، تەنانەت پێش سەردەمی بەعسیش، واتە پێش هاتنی بەعسیش ئەمانە سڵیان لەهیچ نەدەکردەوە و هەمووشیان چەکدار بوون. جا ئەم جۆرە لە هەموو پارێزگاکاندا هەبوون، بەڵام بەپلەی یەکەم لە بەغدا. ئەم دەزگای حونەینە سەددام خۆی بە بڕیاری حیزب دایمەزراند و لە ساڵی 1964 بەدواوە هەر خۆی سەرۆکایەتی دەکرد.

واتـە چـوار سـاڵ پێـش سـەرکەوتنی شـۆڕش دایمەزرانـد و هـەر بەهـۆی ئـەو دەزگایـەش گەیشـتە پلەوپایە. دواتـر هەندێکیانی لەناوبـرد، بەهەرحاڵ ئـەم دەزگایـە بەناوێکـی دیکـە دامەزرایـەوە و کرایـە چەنـد بەشـێک. نـازم گـزار یەکێـك لـە بەرپرسـە گەورەکانـی بـوو، هاتـن کردیانـە بەڕێوەبـەری گشـتیی ئەمنـی عـام. سـەعدوون شـاکر، بەڕێوەبـەری نووسـینگەی پەیوەندییـەکان، ئـەم نووسـینگەیە واتـە دەزگای موخابـەرات، شـتێک نەبـوو بەنـاوی موخابـەرات. لـەو ماوەیـەدا، واتـە پێـش 1973، موخابـەرات بەشـێک بـوو لـە دەزگای ئەمـن. لەبیرمـە شـوعبەی موخابـەرات نـاوی شـوعبەی هەشـت بـوو، بارەگاکـەی نزیـک بـوو لـە بـارەگای ئەمـن، ئـەوە موخابـەرات بـوو، بـەڵام بـە کـردەوە بەشـێک بـوو لـە دەزگای ئەمـن. جـا دوای ئـەوەی هەوڵـی کودەتاکـەی نـازم گـزار فەشـەلی هێنـا، نووسـینگەی پەیوەندییـەکان هەڵوەشـایەوە و شـتێکی گەورەتریـان لەجێـی دامەزرانـد بەنـاوی موخابەراتـی گشـتی و بـووە دەزگایەکـی سـەربەخۆ. ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتەوەییـش هـەر بـەردەوام بـوو کـە بەڕێوەبەری ئەمنـی عـام و بەڕێوەبـەری دەزگای موخابـەرات و بەڕێوەبـەری دەزگای هەواڵگریشـیان بـۆ زیـاد کـرد، پێشـتر ئـەوی تێـدا نەبوو، ئینجـا دواتـر بەڕێوەبـەری دەزگای ئەمنی تایبەتیشـیان بـۆ زیـاد کـرد دوای ئـەوەی ئـەم دەزگایەشـیان دامەزرانـد، بـەم جـۆرە ئەنجوومەنـی ئاسایشـی نەتەوەیـی فـراوان کـرا، دواتـر تەنانـەت سـەرۆکی پاسـەوانە تایبەتەکانیشـیان بـۆ زیـاد کـرد، واتـە گاردی کۆمـاری، کـە پێیدەگوتـرا گاردی تایبـەت، هەمـوو ئەمانـەی بـۆ زیادکـرا و ئەمـە بـوو بـە داینەمـۆی حیـزب و حیزبیـش لـەدوای سـاڵی 1979 و لەسـێدارەدانی بەعـس، بـوو بـە حیزبـی سـەددام.

**کاوە ئەمیـن: لـەو سـێ کەسـەی سـەرەتا ئەنجوومەنەکەیـان پێکهێنـا، بڕیـاری کۆتایـی بڕیـاری سـەددام بـوو یـان ئەوانیـش مافـی بڕیاردانیـان هەبـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان سـەددام هەرخـۆی پاڵەوانـی فیلمەکـە بـوو،

هەمــوو شــتێک هــەر خــۆی بــوو، هەرئــاواش ســەیری خەڵکــی دیکــەی دەکــرد. ســەددام مرۆڤــی بەهێــزی نەدەویســت. تەنیا بەکــر هەبــوو کــە لــە دامــەزراوەی ســەربازیدا هێــزی هەبــوو، بــەڵام لــە بــواری ئاســایش و بنکــەی حیــزب ســەددام بەهێــز بــوو. خــۆی ئــەوەی هەڵبــژارد کــە ئــەو سەرپەرشــتیی دەزگا ئەمنییــەکان و رێکخســتنەکانی حیــزب بــکات و ئامانجەکەشــی ئــەوە بــوو ســوپا لاواز بــکات، بۆئــەوەی نــەکا رۆژێــك لــە رۆژان ســوپا لــە دژی بوەســتنەوە، بۆیــە بەکــر هەنــدێ هێــزی لەنــاو ســوپا هەبــوو، بــەڵام ئــەو هێــزە نەبــوو ســەددام حوســێن لەناوببــات. هەنــدێ کــەس زۆر جــار پرســیار دەکــەن بۆچــی ســەددامی لەکــۆڵ نەکــردەوە؟ نەیدەتوانــی، مومکیــن نەبــوو، ســەددام دوو بەشــی بردبــوو. ئەگــەر ئــاوا وەکــو بــەش ســەیری بکەیــن، ســەددام دوو بەشــی بردبــوو، یــان بــا بڵێیــن ٪90ی حیــزب، بەوجــۆرە بەکــر تەنیــا رووکەشــێک بــوو، بــەڵام دەیتوانــی لــە بەرامبــەری توونــد بێــت، رێــزی دەگــرت و نەیدەوێــرا زۆر دەســت درێــژ بــکات. تاوەکــو بەکــر مابــوو براکانــی ســەددام، وەتبــان و ســەبعاوی لای ئێمــە لــە ئەمنــی عــام مفــەوەز بــوون. ئۆتۆمبێلەکانیــان فیاتــی جــی ئێــڵ بــوو، لەوانــەی لــە کوێــت هێنابوویــان و نــازم گــزار تابلــۆی بــۆ بەســتبوون. دەهــام ئەلحەســەن و کەســانی دیکــەش لــە خزمەکانــی ســەددام، هیچیــان نەیاندەتوانــی پــارەی دەوڵــەت بــدزن، تاڵانــی بکــەن و دەســت لــە ئیشــوکاری دەوڵــەت وەربــدەن و دەســت بەســەر پــڕۆژەدا بگــرن، ئــەوە هەمــووی بەهــۆی بەکــر بــوو، هــەر دوای ئــەوەی بەکــر نەمــا، ئیــدی دەرگای داپڵۆســین و ئەشــکەنجە کرایــەوە و مەفهوومــی دەوڵــەت لــە عێراقــدا بەتــەواوی گــۆڕا.

**کاوە ئەمیــن: نــازم گــزار بۆچــی ویســتی ســەددام بکــوژێ؟ هیــچ کێشــەیەکیان هەبــوو، یــان دەیویســت خــۆی دەســەڵات بگرێتــە دەســت؟**

**ســەباح حەمدانــی:** نــازم گــزار هەســتی دەکــرد خەریکــە گیانــی عەشــایەری بەهێــز دەبــێ و مــام و خــاڵ و ئەمانــە دێنــە پێشــەوە. ســەددام وردە وردە

خەریک بوو عەشیرەتی خۆی و خەڵکی تکریتی دەخزاندە ناو دەزگاکانی دەوڵەتەوە و هەندێ خەڵکی دیاریکراو لەخۆی نزیک دەکاتەوە، ئەمە پلان بوو بۆ ئایندەی دوور. نازم گزار هەستی بەمە کردبوو، دەیبینی وا خەریکە ئەوان لاواز دەبن، خۆی و خەڵکانێکی دیکە بێدەسەڵات دەمێننەوە، بۆ نموونە بەراورد بە خەیروڵڵا تلفاح، تلفاح پارێزگارێک بوو، بەڵام دەسەڵاتی بەرفراوانی هەبوو، تەنانەت هێرشی دەکردە سەر نازم گزار، ئەوە بوو نازم گزار هەستا راپۆرتێکی نووسی و دایە بەکر، گوتبووی من دەترسێم پیلانێک لە دژی حیزب لەئارادابێت، بۆیە داوا دەکەم حەمادی شەهاب لە وەزارەتی بەرگری دووربخرێتەوە، ناوی خەڵکی دیکەشی هێنابوو، لەوانە سەعدوون غێدان و هەندێ ئەفسەری دیکە، ئەمانە دووربخرێنەوە بۆ ئەوەی کودەتای نێوخۆیی وەکو ئەوەی 1963 دووبارە نەبێتەوە، دواتر سەددام بەمەی زانی و ترسی لێ نیشت، نازم گزاریان قایل کرد کە وا نییە و هیچ بیرۆکەیەکی کودەتا لەئارادا نییە و دڵنیابە، بەڵام ئیدی نازم گزار بڕیاری دابوو رێگایەکی دیکە بگرێ و خۆی ئاراستەی بەعس دیاری بکات. حیزب دابڕێژێتەوە و ئەوانە دووربخاتەوە. ئەوەی کە پێیدەڵێن بزووتنەوەی نازم گزار ئاوا دەستیپێکرد.

**کاوە ئەمین: ئەی چۆن کوژرا؟**
**سەباح حەمدانی:** ساڵی 1973 کوژرا.

**کاوە ئەمین: باشە، بەڵام چۆن ئاشکرا بوو، سەددام ئاشکرای کرد؟**
**سەباح حەمدانی:** من ئاگاداری رووداوەکەم، چونکە راپۆرتەکەم خوێندووەتەوە، من ئەوکاتە بەستراببووم بە سەڵاح ئەلمودەڕیسەوە کە فەرماندەی خولەکان بوو، هێشتا باسی ئەوەمان نەکردووە، بەڵام من ئەوکاتە لای ئەو لە خولی جۆدۆ و کاراتێ بووم و ئەویش راهێنەری جۆدۆ و کاراتێ بوو، بەرپرسی خولەکانی ئەمنیش بوو، هەروەها

بەرپرسی تیرۆر و کوشتنیش بوو. زۆر چالاکی و ئەرکی تایبەت هەمووی بەو دەسپێردرا. کوشتنی خەڵک لە قاهیرە و لە لەندەن و شوێنانی دیکەش هەمووی ئەو لێیان بەرپرس بوو، سەڵاح و مولازمێکی دیکە ناوی شامیل بوو. ئینجا ئەم سەڵاحە نزیکیش بوو لە نازم گزار. نازم گزار بڕیاریدابوو شتێک بکات، بەڵام کەس هەستی بە هیچ نەکردبوو کە شتێک لە ئارادایە. ڕۆژێک لەناکاو زانیمان کە پیلانگێڕییەک لە دژی سەددام حوسێن هەبووە و فەرمانی دەستگیرکردن بۆ نازم گزار دەرچووە. ئەو ڕۆژە بەیانییەکەی چوومە دەوام و دەبینم نازم گزار فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە. نازم گزاریش شەوی پێشتر باری چەند ئۆتۆمبێلێک شتی پێچابووەوە بەو نیازەی رابکات بۆ ئێران. چیرۆکی نازم گزار ئاوا بوو، بەڵام ئۆپەراسیۆنەکە چۆن ئەنجامدرا؟ نازم گزار دوو ئامانجی سەرەکی هەبوو ئەحمەد حەسەن بەکر و سەددام حوسێن، هەرکەسێك جگە لەمە قسەی دیکە بکات بەهەڵەدا چووە. سەددام هیچ پلانێکی ژێربەژێری لەگەڵ نازم گزار نەبووە بۆ لەناوبردنی بەکر، چونکە سەددام زۆر بە ئاسانی دەیتوانی بەکر لەکۆڵ بکاتەوە، بەڵام هێشتا کاتی بەکر نەهاتبوو، بۆچی؟ چونکە سەددام هێشتا بە تەمەن گەنج بوو، تەمەنی نەگەیشتبووە چل ساڵ، ئەم خاڵە کەس سەرنجی نەداوە. سەددام ڕۆحیەتێکی دیاریکراوی هەبوو، مرۆڤ دەبێ لێی بکۆڵێتەوە بزانێ چییە. ببینە چاوەڕێی کرد تەمەنی ببێتە چل ساڵ، چۆن پێغەمبەر لە چل ساڵی سرووشی بۆ هات، ئەویش راوەستا لە دوای چل ساڵی حوکم بگرێتە دەست، بۆیە لەوکاتەدا نەیدەویست بەکر دووربخاتەوە، بەڵکو دەیویست بەردەوام بێ تاوەکو خۆی دەگاتە چل ساڵی و هەروایشی کرد.

**کاوە ئەمین: سەددام خۆی بە پێغەمبەر بەراورد دەکرد؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ ڕێک وابوو.

### بەشی دووەم

# هەوڵەکانی تیرۆرکردنی سەرکردەکانی کوردستان

بۆ بینینی بەشی دووەمی هەڤپەیڤینەکە ئەم کیوئاڕ کۆدە سکان بکە

**کاوە ئەمین: ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان و بەدیاریکراوی ساڵی 1970، لەو ساڵەدا ڕێککەوتننامەیەکی گرنگ لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و حکومەتی نوێی عێراق بە دەستپێشخەریی سەددام حوسێن مۆر دەکرێت و بە ڕێککەوتننامەی 11ی ئادار دەناسرێت. لەو ڕێککەوتننامەیەدا حکومەتی عێراق دان بە هەندێ لە مافەکانی گەلی کوردستان دادەنێت، هەر بۆیە ئەم ڕێککەوتننامەیە بۆ کورد بووە ڕووداوێکی مێژوویی، ئەو ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییەی باستکرد ڕۆڵی لەم ڕێککەوتنەدا چی بوو؟**

**سەباح حەمدانی:** ڕێککەوتننامەکە بەگوێرەی تێگەیشتنی حیزبی بەعس راستەقینە بوو، ئەوکاتە هێشتا حیزبی بەعس حیزب بوو، هێشتا بەکر لە ژیاندا بوو. بەکر نزیکتربوو لەوەی ئەم جۆرە شتانە قبووڵ بکات و ئەم ڕێککەوتننامەیە بە قەناعەت و باوەڕەوە واژۆبکات، بەڵام سەددام وەک تەکتیک سەیری دەکرد. جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی پلانێک بۆ تەکتیک دابنێی و ئەوەی کە بە باوەڕەوە کارێک بکەی. ئەمە جیاوازیی نێوان بەکر و سەددام بوو. بەکر و حیزبی بەعس وەک حیزب لەو سەردەمەدا کە هێشتا شتێک هەبوو بە ناوی حیزب، ڕێککەوتنەکەیان لەسەر ئەم بنەمایە قبووڵ کرد، تەنانەت ئەو بەرەیەش کە دواتر لە ئەنجامی ڕێککەوتنەکە پێکهات، مەبەستم بەرەی نیشتیمانی لەگەڵ شیوعییەکان، لە هەمان سۆنگەوە بوو، بەڵام سەددام ئەم شتانەی قبووڵ نەبوو، لە ناچاریدا قبووڵی کرد نەک لە باوەڕەوە. دەیویست بگاتە هەندێ ئامانجی دوورتر و دەسەڵات بگرێتە دەست و ئینجا ئاراستەی شتەکان بگۆڕێت، بەڕاستیش توانی و کردی.

بەڵام ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەنجوومەنێکی جێبەجێکار بوو، سیاسەتەکانی حیزبی جێبەجێ دەکرد، بۆیە بەدڵنیاییەوە هیچ ناڕەزاییەکی نەبوو لە دژی ڕێککەوتنەکە، بەڵام وەرە با باسی خودی ڕێککەوتنەکە بکەین. ئایا بەڕاستی ئەو ڕێککەوتنە مافەکانی گەلی کوردی مسۆگەر

کردبـوو؟ بـەڕای من، نەخێر. چونکە لـە جێبەجێکردنەکەیدا هیچ ڕێککەوتنێک نەبـوو. تـۆ چـۆن مافـی ئۆتۆنۆمـی دەدەی، بـەڵام بەڕێوەبەرایەتـی ئەمـن و ئیسـتیخبارات و موخابـەرات، ئەگـەر لـەو سـەردەمەدا هەبووبـن، هەروەهـا دەزگاکانـی دیکـە، ٪99یـان عـەرەب بـن؟ ئیـدارە عەرەبـی بێـت، بەڕێوەبـەری گشـتیی پۆلیـس لـە پارێـزگاکان دەبـێ هەمـوو عـەرەب بـن، نەیاندەهێشـت کـورد دابنێـن، ئـێ باشـە کـوا ڕێککەوتـن؟ کـوا ئۆتۆنۆمـی؟ ئـەوە ئۆتۆنۆمـی نەبـوو، مـن نـاوم لێنـاوە بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی ئۆتۆنۆمـی نـەک ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی، بۆچـی؟ چونکـە هەمـوو سـەر بـە ئەمـن بـوون و ئەمـن چـی ویسـتبایە دەیکـرد. ئـەو ئۆتۆنۆمییـە هـەر گاڵتەکردنێـک بـوو بـە عەقڵـی خەڵـک و بـۆ ماوەیەکـی دیاریکـراو، ئینجـا پڕیـش بـوو لـە گێرمەوکێشـە، بەتایبەتـی دوای هەوڵـی تیرۆرکردنـی کاک ئیدریـس و ئینجـا هەوڵـی تیرۆرکردنـی باوکـی کـە ئیـدی ئـەو باوکـی دۆزەکـە بـوو.

**کاوە ئەمیـن: دواتـر باسـی ئەوانـە دەکەیـن، بـەڵام لـە مـاوەی نێـوان 1970-1974 هیـچ نەبـێ ئارامـی هەبـوو، بووژانـەوەی کولتـووری هەبـوو بـۆ کورد کـە ئەوانـە شـتی خـراپ نەبـوون بۆ ئـەو سـەردەمە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** دەکـرێ تـۆ پێتوابـێ شـتی باش بـوون و ڕەنگـە منیش بە باشـی بزانـم، بـەڵام دیاربـوو ئەوانـە شـتی کاتیـن، لـە ژێـرەوە پلانێکـی دیکـە لـە ئارادابـوو، تـۆ هەنـدێ دەسـتکەوتی دیاریکـراو دەدەی، بـەڵام لـە هەمان کاتـدا کار بـۆ شـتێکی دیکـە دەکـەی، لەپێنـاوی چـی؟ لەپێنـاوی گەیشـتنە سـاتی پێکـدادان لەگـەڵ کەتـوار (واقـع). ڕاسـتی شـتێکە و جێبەجێکـردن شـتێکە و کەتواریـش شـتێکی دیکـە.

**کاوە ئەمیـن: باشـە، بـەڵام تـۆ گوتـت ئەحمـەد حەسـەن بەکـر لـەوەدا ڕژدبـوو، بەڕاسـتگۆییەوە دەیویسـت ڕێککەوتنەکـە سـەربگرێت، لەبـەر ئەوەبـوو کـە سـەددام ئەوکاتیش دەسـەڵاتدارتر بـوو بۆیە سـەری نەگرت؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئەحمـەد حەسـەن بەکـر، خودا لێی خۆشـبێت، هەمیشـە

وا دەڵێم چونکە کەسایەتی ئەوم خۆشدەویست، چونکە لە سەردەمی ئەودا شتی زۆر باش کرا، تاوەکو گەیشتینە 1979، دوای ئەوەی وڵاتمان دایە دەستی سەددام ئیدی خێر و بەرەکەت نەما، واتە سەردەمی ئەومان بەخۆشی گوزەراند، ئەگەر بیتوانیبا لەنێو حیزب و لەنێو دەسەڵاتی جێبەجێکردن رۆڵی سەرەکی بگێڕێت، خێری زۆرمان دەدیت، بەڵام لە کەتواردا سەددام باڵادەست بوو، بەکر ئامراز بوو، تەنیا رووکەشێک بوو، ئەگەرنا خەڵک هەموو خۆشیاندەویست و کەسایەتییەکی قبووڵکراو بوو، سەرکردەکانی بەعس کە بەهۆی بەکرەوە مابوونەوە، کاتێک بە باوکی سەرکردە ناویان دەبرد، سەددام لەو وەسفانە نارەحەت دەبوو، بۆیە دەیویست بە زووترین کات لەکۆڵی بکاتەوە، بەڵام وەک گوتم چاوەڕێی دەکرد ببێتە چل ساڵ و ئینجا کۆنترۆڵی خۆی بسەپێنێت.

**کاوە ئەمین: ئەحمەد حەسەن بەکر هەستی بەو بێدەسەڵاتییەی خۆی دەکرد؟**

**سەباح حەمدانی:** بێگومان هەستی پێکردووە، بۆیە پێش ساڵی 1979 ویستی دەست لە کاربکێشێتەوە، چەند جارێک ویستی وازبێنێ و دابنیشێ، بەڵام بە پلەی یەکەم سەددام نەیدەهێشت، ئەویش نە لەبەرئەوەی خۆشیدەویست، ئەو وای دانابوو کە مردووە، بەڵام چاوەڕێی دەکرد دەست بەسەر سەرۆکایەتی کۆماردا بگرێ و پێیبڵێن سەرۆکی فەرماندە سەددام حوسێن، نەیدەویست پاشگری جێگری سەرۆک بەناوەکەیەوە بمێنێ، بەڕێز جێگر.. بەڕێز جێگر، نەخێر ئەو شتێکی گەورەتری دەویست، بەڵام دان بەخۆداگر بوو، ئەو دان بەخۆداگرتنەشی گەیاندییە 1979.

**کاوە ئەمین: کەواتە با باسی هەوڵەکانی حکومەتی عێراق، یان دەزگا ئەمنییەکان بکەین کە ویستیان لەنێو بەغدا ئیدریس بارزانی تیرۆر بکەن، بۆچی دەیانویست تیرۆری بکەن و کێی لەپشت بوو؟ دەیانویست بەوشێوەیە رێککەوتنەکە هەڵوەشێننەوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** خـۆی هـەر لـە بنەڕەتـەوە کاک ئیدریـس لـەو کاتـەدا بـۆ ئـەوە هـات بـۆ بەغـدا کـە ئاسـۆیەکی نـوێ بـۆ ڕێککەوتننامـەی ئـادار بکاتـەوە، واتـە بـە هاوئاهەنگـی لەگـەڵ حکومـەت هاتبـوو، بـۆ کاری خێـر هاتبـوو، هاتبـوو بـۆ ئەوەی پێشـڤەچوونێک لـە ڕێککەوتننامـەی ئۆتۆنۆمیدا بەدیبێنێـت، کەچـی لـەوێ بـەرەوڕووی هەوڵـی تیرۆرکـردن بـووەوە. ئـەوە لـە کۆتایـی مانگـی 12ی 1970 بـوو، جـا لەکاتـی هەوڵەکـەدا ئـەو لـەو شـوێنە نەبـوو. دەڵێـن، مـن وردەکارییەکـەی نازانـم، دەڵێـن لەلایـەن کەسـانێکەوە ئـاگادار کراوەتـەوە کـە وریابێـت، چونکـە دەیانـەوێ تیـرۆری بکـەن، ئـەوە بـوو بەغـدای بەجێهێشـت و گوتیـان گوایـە بـە ئۆتۆمبێلێکـی ئاسـایی دەرچـووە، هاتبـووە مووسـڵ (ئیدریـس بارزانـی خـۆی دەڵێـت کـە لـە ڕێگـەی کەرکووکـەوە گەڕاوە،چونکـە لـە کوردسـتانەوە داوایـان لێکردبـوو بـۆ کار بگەڕێتـەوە ـ ڕووداو)  و لەوێـوە گەیشـتەوە کوردسـتان. ئۆتۆمبێلەکـەی و ئەوانـەی لەگەڵـی هاتبـوون کەوتنە بەر هێرشـەکە، بەڵام بـۆ بەدبەختیـی ئەوانـەی کارەکەیـان جێبەجێکـرد، یەکێکیـان چەکەکـەی لـێ بەجێمـا، یەکێـک لـەو چەکانـەی ئۆتۆمبێلەکەیـان دایـە بـەر دەسـتڕێژ، لـەوێ بەجێمـا و هەموویـان هەڵاتـن. ئەمـن چەکەکەیـان دۆزییـەوە، لەڕاسـتیدا پۆلیـس دۆزییانـەوە، چونکـە سـەرەتا ئەوان گەیشـتن، بۆیە ئیشـەکە کەوتە رەسـمیاتەوە، دەرکـەوت ئـەوە چەکـی یەکێـک لـە مەفـرەزە کوردییەکانـە کـە لـە بەغـدا بـوون، چەکـی زێبارییـەکان بـوو. بەڕێوەبـەری ئەمنی گشـتی فەرمانـی پێگەیشـت کـە لێکۆڵینـەوە لـە ڕووداوەکـە بـکات، ئەوەبـوو ژمارەیـەک کـەس دەسـتگیرکران کـە گومانیـان لێدەکـرا دەسـتیان تێـدا هەبووبـێ، کێـن ئەوانـە؟ فەوجـە نزیکەکان لـە حکومەت، یـان ئاغاکانی نزیک لـە حکومـەت کـە لەوکاتـەدا بریتیبـوون لـە سـوورچییەکان، زێبارییـەکان و هەرکـی و... ژمارەیەکیـان لـێ گیـرا و لێکۆڵینـەوە دەسـتیپێکرد، خۆشـیان دەیانزانـی ئـەوە چەکـی زێبارییەکانـە. ئـەوەی کارەکەیشـی جێبەجـێ کـرد ئەحمـەد ئاغـای زێبـاری بوو کە باوکـی لە سـاڵی 1959 کوژرابـوو، تۆمەتباری کوشتنەکەشـی بارزانییـەکان بـوون، واتـە شـتەکە تۆڵەسـەندنەوەی

عەشایری بوو، ئەوان ئەو کێشەیەیان بەکارهێنا و ویستیان بەوجۆرە بیکوژن، بەڵام ئەوە بە فەرمانی ئەمن بووە یان نا؟ بێگومانم بە فەرمانی ئەمن بووە، چونکە نازم گزار، یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی بریتیبوو لەوەی دڵەڕاوکێ بۆ مەسەلەی ئۆتۆنۆمی بنێتەوە. ئەمە بە رێککەوتن بووە، تەنانەت هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا مستەفا بارزانی بەهەمان شێوە بوو. ببینە ئەو رۆژەی کە هەڵات، گوتی من ناڕازیم، ئەو رۆژەی کە بە برووسکەیەک باسی پاساوەکانی خۆی کردبوو، برووسکەکەی ناردبوو بۆ سەرکردایەتی بەعس، واتە هەمان ئەو رۆژەی ویستی سەددام حوسێن و بەکر بکوژێ و هەڵات، برووسکەیەکی ناردبوو دەڵێ من رازی نیم و دژی ئەو رێککەوتنەم و دەبێ دەستبەجێ هەڵوەشێتەوە. هەر بەڕاستیش ئەو دژی رێککەوتننامەکە بوو، بۆیە دەیویست کۆتایی پێبێنێت.

**کاوە ئەمین: کەواتە موخابەرات و ئەمن دەیانویست بەو هەوڵە چی بکەن؟ بڵێن کورد کوردی کوشتووە و لەو رێگەیەوە دووژمنایەتییەکە گەورەتر بکەن؟**

**سەباح حەمدانی:** ساڵی 1973 هێشتا موخابەرات دانەمەزرابوو، تەنیا دەزگای ئەمن و ئیستیخبارات هەبوون..

**کاوە ئەمین: دەزگای ئەمن، منیش مەبەستم ئەوە بوو.**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ، دەزگای ئەمن دەزگایەکی جێبەجێکارە، بەڵام خاوەنی هێزیش بوو، بەتایبەتی دەزگای ئەمن. ئیستیخبارات ئەرکەکەی هەواڵگرییە و پەیوەندی بە سوپاوە هەیە، بەڵام دەزگای ئەمن، بیهێنە پێش چاوت، هەموو وەزیرێک پاسەوانەکانی لەلایەن ئەمنەوە دادەنران. هەموو بەڕێوەبەرێکی گشتی پاسەوانەکانی ئەمن بوون. لە هەموو وەزارەتێکدا هەر ئەمن. لە هەموو شوێنێک هەر ئەمن. ئەوکاتە ئەمن هەموو شتێک بوو. ئەو کارەی نازم گزار ویستی بیکات، خۆ سەرکەوتوو

بـوو، بـەڵام خودا ویسـتی سـەرنەگرێت. پلانەکە زۆر بەباشـی داڕێژرابـوو، زۆر ڕێکخـراو بـوو، بـەڵام قـەدەر فڕۆکەکـەی دواخسـت و سـەرۆکی بولگاریا بە ئەحمـەد حەسـەن بەکـردا نووسـا و داوەتـی نانـی ئێـوارەی کـرد و بەهـۆی ئـەوە گەشـتەکەیان یـەک دوو کاژێـر دواکـەوت، ئـەو مەفرەزەیـەش کـە دەبـوو ئیشـەکە بکـەن و بەکـر و سـەددام پێکـەوە بکـوژن، تـرس زاڵ بـوو بەسـەریاندا و تۆقیـن لـەوەی کـە بۆچـی فڕۆکەکـە دواکـەوت و دیمەنەکـە بۆچـی نائاسـایی دیـارە؟ کاتێـک سـەددامیش گەیشـتە فڕۆکەخانە، هەسـتی بـە شـتێکی نائاسـایی کـرد، چونکـە سـەددام هاتبوو بـۆ پێشـوازی و ئێمەش وەک ئەمـن هاتینـە نـاو ئیشـەکەوە، ئەمانـە هەمـوو پێکـەوە بەسـتراون. ئەوەبـوو پلانەکـە بـە قودرەتـی قـادر شکسـتی هێنـا. هـەر دوای ئـەوە نـازم گـزار برووسـکەیەکی نـارد کـە تێیـدا داوای کردبـوو ڕێککەوتننامـەی 11ی ئـادار هەڵبوەشـێتەوە. ئـەم داواکاریانەشـی هـەر بـۆ پاسـاوهێنانەوە بـوون بـۆ حیـزب، حیزبیـش لای خۆیـەوە دەیویسـت ئەمـە بەکاربێنـێ بـۆ نزیکبوونـەوە لـە کـورد، وەک ئـەوەی بڵێـن کاکـە ئـەم کەسـە دژی ئێـوە بـووە، بۆیـە خـۆی و قەسـری نیهایەمـان لەنێوبـرد. چونکـە هـەر پـاش ئـەم هەوڵـە دەسـتبەجێ قەسـری نیهایەیـان رووخانـد. باشـە قەسـری نیهایـە موڵکـی نـازم گـزار بـوو؟ نەخێـر کۆشـکی سـێکوچکەکە بـوو: سـەددام حوسـێن، سـەعدوون شـاکر و نـازم گـزار. هەمـوو لیژنەکانـی لێکۆڵینـەوە سـەر بـەم سـێ کەسـە بـوون، قەسـری نیهایـە تەنیـا کۆشـکی نـازم گـزار نەبـوو، بـەڵام هەرچـی تـاوان هەبـوو هەموویان خسـتە ئەسـتۆی نـازم گزار. هەوڵـی تیرۆرکردنـی کاک ئیدریـس بارزانـی، پلانی تیرۆرکردنی مەلا مسـتەفا بارزانـی، هەوڵـی تێکدانـی ڕێککەوتننامـەی ئـادار. بـەم جـۆرە هەمـوو تاوانـە قورسـەکان و هەرچـی لـە دژی کـورد کرابـوو لـەو ماوەیـە و هەروەهـا لەنێـو دەوڵەتیـش بەگشـتی، هەموویـان خسـتە ئەسـتۆی نـازم گـزار. هـەر ڕێـک دوای ئـەم ڕووداوە دەزگای ئەمـن سـڕکرا، ئـەو دەزگایـەی ئەمـن کـە ویسـتی سـەرکردەکانی حیـزب و دەوڵـەت بکـوژێـت، دەبـوو کۆتایـی پـێ بێت. ئـەوە بـوو دەزگای ئەمـن سـڕکرا و وەک بەڕێوەبەرایەتـی پۆلیسـی لێهـات،

یـان وەکـو بەڕێوەبەرایەتـی ڕەگەزنامە. ئینجـا عەبدولخالـق عەبدولعەزیزیان هێنـا کـە خەڵکـی مووسـڵ و پلـەی لیـوا بـوو، بـەڵام کەسـایەتییەکی لاواز و بـێ توانـا بـوو، کەسـێکی خـاوەن بڕیـار نەبـوو، هەمـوو ئـەو کارمەندانـەی ئەمنیـش کـە لـە فەرمانگەکانـی دەوڵـەت دا باڵادەسـت بـوون، هەموویـان کێشـانەوە بـۆ نێو بارەگای گشـتی و ئیـدی هەیکەلی دەزگاکەیـان بەتەواوی گـۆڕی.

**کاوە ئەمیـن: ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ هەوڵـی تیرۆرکردنـی مـەلا مسـتەفا بارزانـی، ئـەو مەلایانـەی کـە نێردرابـوون هیـچ ئاگایـان لـە وردەکاریـی پیلانەکـە هەبـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئـەوەش کردارێکـی زۆر گـەورە بـوو. نـازم گـزار خـۆی سەرپەرشـتی دەکـرد. ئـەو بەڕێوەبەرایەتـی کارگەیـەی کـە سـەرەتا ئامـاژەم بـۆ کـرد کاتێـک باسـی بەشـەکانی دەزگای ئەمنـم بـۆ کـردی، ئـەو بەڕێوەبەرایەتییـە بەرپـرس بـوو لـەو کارە. مولازمی یەکەم حەسـەن متێری، ئەمـە یەکێـک بـوو لـەو کەسـانەی کـە بڕیـار بـوو ئەحمـەد حەسـەن بەکـر، سـەددام و هەنـدێ لـە سـەرکردەکانی دیکـەی حیـزب بکـوژن. ئامانجەکـە تەنیـا سـەددام حوسـێن و بەکـر نەبـوو، هەنـدێ سـەرکردەی دیکـەی تکریتیـش هەبـوون کـە دەبوو ئـەو ڕۆژە بکوژرێـن، بەهەرحاڵ ئەم حەسـەن متێرییـە کـە کەسـی سـەرەکیی نـاو مەفرەزەکـە بـوو، پەیوەندییەکـی باشـی لەگـەڵ سـەرۆک هۆزەکانیـش هەبـوو، مـەلاکان ئـەو هێنانـی، سـوننە و شیعەشـیان تێدابـوو، قەناعەتـی پێکردبـوون کـە کارەکـە تەنیـا بـۆ نزیککردنـەوەی کـورد و کەسـایەتییە ئایینییەکانـی سـوننە و شـیعەیە. کـورد بـەوە ناسـراون کـە نزیکـن لـە ئاییـن، بۆیـە ئەوەیـان بـە بیرۆکەیەکـی بـاش زانیبـوو کـە پەنـا بـۆ پیاوانـی ئایینـی ببـەن، ئەوەبـوو هەنـدێ لـەو مـەلا و شـێخانەیان کۆکردنـەوە، بـە دڵنیاییـەوە هیچیـان نەیاندەزانـی چـی دەکـەن، نەیاندەزانـی کـە دەتەقنـەوە. تەنیـا یەکێکیـان دەیزانـی کـە دەبـێ ئـەو دیـدارە تۆمـار بکرێـت. لـە ئەمنـی عـام کاتێـک پشـتێنە بۆمبڕێژەکەیـان

لـێ بەسـتبوو کـە گوایـە ریکـۆردەرە، فێریـان کردبـوو چـۆن کاری پێبـکات، گوتبوویـان تەنیـا ئـەم دووگمەیـە داگـرە دەنگـی مـەلا مسـتەفا تۆمـار دەکات. ئاوایـان پێگوتبـوو، کابـرا دووگمەکەی داگـرت و بۆمبەکە تەقییەوە. لەکاتی دانیشـتنەکەدا ئەگەر باسـی چۆنیەتی جێبەجێکردنەکـەی بکەین، ئەو کەسـە شـەرمی کردبـوو، ئـەو کـە لەبەرامبـەر مـەلا مسـتەفا دانیشـتووە، ئـەو سـەرکردە مەزنـەی کـورد بـەو کەسـایەتییەوە، ترسـا بـوو یان شـەرمی کردبـوو پەنجـە بـە دووگمەکـەدا بنـێ. لەوکاتـەدا چایچییەکـە دێـت، وەک بـاس دەکـرێ، چایچییەکـە دێـت و خەریکـی دانانـی چـا دەبێت، لەوکاتـەدا کە دەکەوێتـە نێـوان ئـەو و مـەلا مسـتەفاوە، بـە هەلـی دەزانـێ و دووگمەکـە دادەگـرێ و هـەر ئـەو دووگمـە داگرتنـەش دەبێتـە هـۆکاری لەنێوچوونیان. بۆمبەکـە تەقییـەوە، چایچییەکـە کـوژرا، ئـەوەی پشـتێنەکەی بەسـتبوو کـوژرا و هەروەهـا ئەوانـی دیکـەش.

**کاوە ئەمین: ئەو پشتێنە تەنیا لە یەک مەلا بەسترابوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ تەنیـا یەکێکیـان بـوو، ئەرکەکەیـان بـەو سـپاردبوو، نەیانویسـتبوو ئەوانـی دیکـە گومـان بکـەن کـە بۆچـی پشـتێن لـە دەزگای ئەمـن وەردەگـرێ؟ بۆچـی کارگـە پشـتێنی بـۆ ئامـادە دەکـەن؟ ئـەو کەسـە ئەگـەر بیـری کردبایـەوە، تـۆ دەزانـی لەوکاتـەدا، ئێمـە باسـی سـاڵی 1971 دەکەیـن، خەڵـک ئـەو هۆشـیارییەیان نەبـوو کـە بزانـن پشـتێنی بۆمبڕێـژ چییـە و بۆمـب چییـە، هـەر نەیزانیبـوو ئـەو پشـتێنە چییـە، پشـتێنەکەیان لێ بەسـتبوو، سـواری ئۆتۆمبێلیـان کردبـوو و بـڕۆ بەخێرچـی.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام رێـی تێدەچـێ تەنیـا نـازم گزار لە پشـت ئـەو کارە بووبێ و سـەددام ئـاگای لـێ نەبووبێ؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نەخێـر مەحاڵـە. مەحاڵـە سـەددام حوسـێن ئـاگاداری ئـەوە نەبووبـێ کـە نـازم گـزار کـردی. ئـاگاداری کارەکـە بـووە و لەسـەری رێککەوتـوون و ئامانجەکـەش ئەوەبـووە لـە سـەری بزووتنەوەکـە بـدەن.

لـە 1970 و 1971 ئەگـەر ئـەو هەوڵەیـان سـەری گرتبایـە، ئـەوە دەبـووە نسـکۆیەک بـۆ کـورد و بـۆ دۆزەکـەی، بـەڵام شکسـتیان هێنـا، بۆیـە هەڵگەڕانـەوە و میتۆدەکەیـان گـۆڕی و تۆمەتەکەیـان لەسـەر ئەمـن لابـرد، دەسـتیانکرد بـە هاتوهـاوار و بە شـرۆڤەکاری کـە دەزگای ئەمـن پەیوەندی بـەو کارەوە نەبـووە، بـەڵام ئەمن دەسـتی لـەو کارەدا هەبوو، خۆم شـایەتم و بەگوێـی خـۆم لـە حەسـەن متێریـم بیسـت، کـە هەمیشـە دەهـات لای ئێمـە دادەنیشـت، هـەر بـە دیاریکـراوی ئـەو ڕۆژە دەهاتـن و دەچـوون و چاوەڕێـی هەواڵەکـە بـوون. دەهاتـە لای ئێمـە و باسـی دەکـرد، خـۆی و مولازمـی یەکـەم سـەڵاح مودەڕیـس کـە لـە ئێمـە زۆر نزیـک بـوو. ئەمـە ڕاسـتییەکەیە و ئەمـەش شـایەتیی منـە سـەبارەت ئـەو هەوڵـە. ئەوانـەی ئەمـن ڕەنگـە هەوڵبـدەن خۆیانـی لـێ بێبـەری بکـەن و بڵێـن پەیوەندیمـان بـەو کارەوە نەبـووە، نەخێـر پەیوەندییـان بـەو کارەوە هەبـوو. هـەر فەرمانەکـەش سـەت لـە سـەت لـە سـەددام حوسـێنەوە دەرچووبـوو.

**کاوە ئەمیـن: باشـە لەنێـو حیزبـی بەعـس دا هیـچ لایەنێـک یـان کەسـێک هەبـوو لەگـەڵ ئـەو ڕێککەوتنـە بێـت و بەرگـری لـێ بـکات؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەدڵنیاییـەوە پێـت دەڵێـم بەعسـییەکان دەیانویسـت بـەردەوام بـن و ئۆتۆنۆمییەکـە سـەربگرێ و ئـەو بەفیڕۆدانـی خوێنـە ڕابوەسـتێت. بەعسـییەکان لەگـەڵ ئـەوە بـوون ئـەو شـەڕە ڕابوەسـتێ، بۆیـە بەڵـێ دەیانویسـت و پشـتیوانییان لێدەکـرد. یەکـەم گورزیـش کـە لـە حیـزب درا، سـاڵی 1973 بـوو پـاش لەنێوبردنـی نـازم گـزار، بـەڵام گـورزی کوشـندە کـە بـەر حیـزب کـەوت ئەوەبـوو کـە لـە 1979 لـە هۆڵـی خولـد ڕوویـدا و ژمارەیـەک لـە سـەرکردە و کادیرەکانـی حیـزب لەسـێدارەدران. لـەو ڕۆژەوە ئیـدی حیـزب کۆتایـی هـات و سـەددام حوسـێن حیزبێکـی لـە خەڵکانـی دووڕوو دامەزرانـد، عیـزەت دووری و خەڵکـی لەوجـۆرە، خەڵکـی مونافیـق کـە خۆیـان وەک دڵسـۆزی حیـزب دەردەخسـت، بـەڵام سـیخوڕ بـوون و سـەت لەسـەت هـاوکار و پابەنـدی دەزگای ئەمـن بـوون، بۆچـی؟ بۆ

خۆسەپاندن لەسەر میللەت و لەسەر واقیع و لەسەر داوودەزگاکانی دەوڵەت بەگشتی.

**کاوە ئەمین: ئێستا ئەگەر باسی شتێکی دیکە بکەین، یەکەم جار مام جەلالت لە کوێ بینی؟**

**سەباح حەمدانی:** پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، شتێکی زۆر گرنگ هەیە باسی بکەم، بۆ ئەوەی وێنەیەکی تەواو و روونتان هەبێ سەبارەت هەوڵی تیرۆرکردنی کاک ئیدریس. ئەو هەوڵە بەوشێوەیە نەبوو کە نازم گزار لەخۆیەوە و راستەوخۆ فەرمان بدات، چونکە ئەو لە چوارچێوەی دەزگایەکی جێبەجێکاردا کاری دەکرد. عاسف زێباری لەسەر ئەو کارە بە بەندکردنی هەتاهەتایی حوکمدرا، هەروەها عەبدولقەهار زێباری و لەتیف زێباری کە کوڕی ئەحمەد زێباری بوو، ئەمانیش یەکێکیان بە هەتاهەتایی و ئەوەی دیکەیان بە حەوت ساڵ بەندکردن حوکمدران، هەر پاش ئەوەی چیرۆکی نازم گزار کۆتایی هات، بە بڕیارێکی لێبووردن ئازادکران، بۆچی؟ ئەگەر فەرماندەکە نازم گزار بووبێ و ئەمانە جێبەجێیان کردبێ و ویستبێتیان بەم کارە ئۆتۆنۆمییەکە تێکبدەن، من بۆ بچم ئازادیان بکەم، بیریان لە لایەنی کوردی نەکردەوە چی دەڵێن؟ بچی کەسانێک ئازاد بکەی کە هەوڵیانداوە کوڕی سەرکردەکەیان بکوژن؟ ئەمە ئەو خاڵە بوو کە حەزم کرد روونی بکەمەوە.

**کاوە ئەمین: بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکەی پێشتر، کەی مام جەلالت بینی؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ، مام جەلال وەک لە سەرەتاوە بە کورتی باسی ئیشەکەی خۆم کرد، دوای ئەوەی چوومە خولی جۆدۆ و کاراتێ لە ئەمنی عام و بە پلەی یەکەم دەرچووم، سەڵاح مودەڕیس کە پێشتر هەندێ شتم لەبارەیەوە گوت، منی کردە راهێنەری جۆدۆ و کاراتێ، وەک چۆن قوتابییەک کە لە کۆلێژەکەی بە پلەی بەرز دەردەچێ ئینجا

دەیکەنە وانەبێژ، منیش هەر لە هەمان شوێن بوومە راهێنەر. لەکاتی مەشقەکاندا، خۆی بەوشێوەیە بوو کە بۆ ماوەی دوو کاژێر مەشقمان دەکرد و پشوومان دەدا. لەکاتی پشوودا دەڕۆیشتم دەچوومە کتێبخانە. کتێبخانەی ئەمنی عام لە فەرماندەیی خولەکان بوو هەر لەنێو بارەگاکەی خۆمان، دواتر گواستمانەوە بۆ شوێنێکی دیکە لە ناوچەی مەسبەح. بەهەرحاڵ لەو کتێبخانەیە کەسێک هەبوو سەردانی دەکرد، ئەوکاتە من هێشتا گەنج بووم و نەمدەناسی، ئەوکاتە پێموایە تەمەنم 19 ساڵان بوو زۆر گرنگیم بە سیاسەت نەدەدا و حیزبەکانم نەدەناسین. ئەمینداری ئەو کتێبخانەیە مامۆستا زوهێر بەغدادی بوو خودا لێیخۆشبێت، ئەبوفیراس، پیاوێکی گەورە و شارەزای کتێبخانە بوو، کتێبخانەکەش بەڕاستی کتێبخانە بوو، هەموو شتێکی تێدابوو، بەڵام کتێبخانەیەکی تایبەتیش بوو، تەنیا بۆ کەسانی دیاریکراو بوو، بۆ نموونە ئەفسەران و کارمەندانی ئەمن ئەوانەی توێژینەوە و شتیان هەبوو، بەڵام خەڵکی دیکە لە دەرەوە بێن؟! هەستمکرد ئەو کەسە نامۆیە، بۆیە برایەک پێی ناساندم و گوتی ئەمە جەلال تاڵەبانییە، ئەوە یەکەم جار بوو بیبینم و تەمەنم 19 ساڵ بوو.

**کاوە ئەمین: مام جەلال بۆچی لەو شوێنە بوو؟.. چ ساڵێکیش بوو ئەوەی باسی دەکەی؟**

**سەباح حەمدانی:** ئەمە لە 70 یان 71 بوو، چەند جارێک لە ئەمنی عام بینیم، من نەمدەزانی و کاری منیش نەبوو بزانم بۆ لەوێیە، بەڵام رەزامەندییەکی لە نازم گزار وەرگرتبوو کە سەردانی ئەوێ بکات و بزانێ چیمان هەیە لەوێ لەو کتێبخانەیە. چونکە ئەوانەی لەو کتێبخانەیەدا هەبوون کتێبی ئاسایی نەبوون، ٪90یان لەو کتێبانە بوون کە قەدەخە بوون و دەستیان بەسەردا گیرابوو، چ لەسەر ئاستی جیهانی و چ عێراقی، هەندێجار کتێب لە دەرەوە دەهات، دەستی بەسەردا دەگیرا و دەیانهێنا بۆ ئەمنی عام، هەرچییەکیش

دەزگای ئەمـن دەسـتی بەسـەردا گرتبـا، یـان ئەوانـەی حیزبەکانـی دیکـە لەنێـو عێـراق بڵاویـان دەکـردەوە.

**کاوە ئەمین: کەواتە مام جەلال بۆ خوێندنەوە دەهات بۆ ئەوێ؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ.. ڕێگەپێـدراو بـوو بێـت بخوێنێتـەوە و لەبەریـان بنووسـێتەوە، دەزانـی ئەوکاتـە دۆخەکـە ئەوەنـدە پێشـکەوتوو نەبـوو کۆپییـان بـکات، تەنیـا سـەرەقەڵەمی دەنووسـی. هەر لەوکاتـەدا لە خاڵێکی زۆر گرنـگ ئـاگادار بوومـەوە کـە لەبیـری ناکـەم و تائێسـتاش لەبیرمـە. کتێبێکـی دەخوێندەوە سـەبارەت سـی ئـای ئەی بـوو، سـەبارەت هەواڵگریی ئەمریکـی بـوو. لەشـێوەی مەلزەمەیـەک بـوو، کتێب نەبـوو، بـەڵام لە کتێب گەورەتـر بـوو، چـل سـەنتیمەترێک ئەسـتوور بـوو، لـە چەنـد بەشـێکیش پێکدەهـات. ئاڵـن داڵاس نووسـیبووی کـە ئەوکاتـە سـەرۆکی دەزگای سـی ئـای ئـەی بوو، ئـەوە چەند کۆپییەکی هەبوو کە دەسـتیان بەسـەرداگیرابوو، مـام جـەلال ئـەوەی دەخوێنـدەوە. لەکاتـی خوێندنـەوەی کۆمێنتـی لەسـەر رسـتەیەکی دا. ئـەو رسـتەیە باسـی زبگینیـو بریجینسـکی دەکـرد، ئەمـە پێـش ئـەوەی ببێتـە راوێـژکاری ئاسایشـی نەتەوەیـی، راوێـژکاری سـی ئـای ئـەی بـوو، واتـە راوێـژکاری سیاسـی و میدیایـی و ئەمنـی بـوو، ئەمـە باسـی 70 و 71 دەکەیـن، ئەوکاتـەش حیزبـی شـیوعی لـە لووتکـەی هێـز و توانـادا بـوو، ئەوکاتـە بریدجنێـف سـەرۆکی یەکێتـی سـۆڤیەت بـوو، رووسـیاش لـەو سـەردەمەدا زۆر بەهێـز بـوو، جـا ئـەو نووسـەرە وای باسـکردبوو کـە هەڵکشـانی کۆمۆنیـزم بـەرەو کۆتاییـە، واتـە هەڵکشـانی سـوورەکان و حیزبـە شـیوعییەکان کۆتایـی دێـت، کـێ بـاوەڕی بـە شـتی وا دەکـرد؟ بێگومـان ئەوکاتـە مـام جەلالیـش لەژێـر کاریگـەری فکـری مارکسـی بـوو، بۆیـە لەسـەر ئـەو خاڵـە راوەسـتا و گوتـی: بـەڵام لـە دوای ئـەو ئینجـا نـۆرەی هەڵکشـانی سـەوزە، واتە ئیسـلامییەکان. مەبەسـتی ئەوەبوو هەڵکشـانی سـوور کۆتایـی بێـت هەڵکشـانی سـەوز دەسـت پێـدەکات، کەواتـە دەبـێ چارەسـەری هەڵکشـانی سـەوز بکـەن، بۆیـە گوتـی ئـەوە لـە ئێسـتاوە

ئاگادارتـان دەکەمـەوە، دەبـێ کێشـە و تەنگوچەڵەمـە بخەنـە نێـو بـواری ئیسـلامی، نێـو بـواری تایفـی و بەهێزکردنـی تایفەیـەک لەسـەر حیسـابی تایفەیەکـی دیکـە بـۆ ئـەوەی بکەونـە ململانـێ و خۆتـان لـەو مەترسـییە بەدووربگـرن. شـتێکی ئـاوای نووسـیبوو، مـن ئەمـەم لەبیرکردبـوو. ئـەو دیـارە ناڕەزایـی لەسـەر ئـەوەش هەبـوو، مـام جـەلال گـوتـی مومکیـن نییـە کۆمۆنیـزم کۆتایـی بێـت. ئێسـتا دەبینـی کۆمۆنیـزم هـەر ناوەکـەی مـاوە، بـەڵام بەڕاسـتی بینیمـان ئیسـلامییەکان هاتـن. لـەولاوە خومەینـی سـەرکەوت و دەسـەڵاتی ئێرانـی گرتەدەسـت، ئینجـا بەبیـرم هاتـەوە کـە ئـەوەی ئـەو لـە 1971 گـوتـی، بەدیدێـت.

**کاوە ئەمیـن: هـەر لـەو سـەردەمەدا حیزبـی بەعـس و حیزبـی شـیوعی بـەرەی نیشـتیمانییان پێکهێنـا، بۆچـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەشـداری نەکـرد لـەو بەرەیـەدا، هیـچ زانیارییەکـت هەیـە لەسـەر ئـەوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئـەو بەرەیـە ناوێکـی درێـژی هەبـوو ئێسـتا لـە یـادم نەمـاوە، بـەڵام شـتێکی راسـتەقینە نەبـوو. حیزبێکیـان بـۆ کوردسـتانیش دروسـتکرد، ئـەوەی ئەشـواق راوی، کردیانـە حیـزب و هێنایانـە نێـو ئـەو بەرەیـە، شـیوعییەکانیش هاتـن. شـیوعییەکان ژیـر بـوون. باسـی ئـەو قۆناخـە دەکـەم. بەکـر شـیوعییەکانی قبـووڵ بوو، ئـەو وەک خـۆی تەنانەت پارێـزەری شـیوعییەکانیش بـوو، نەیدەهێشـت کـەس ئەزیەتیـان بـدات، مەبەسـتم لـەڕووی ئەمنـی و ئەوانـە. ئەمـە هـەر بـەردەوام بـوو تاوەکـو بەکـر نەمـا، کـە سـەددام هـات بـە هەمـوو هێـزی لـە شـیوعییەکانی دا، ئەمـە پـاش 1979. شـیوعییەکان سـوودیان لـە هەسـتی خۆشەویسـتیی عێراقییـەکان بـۆ ئۆپۆزیسـیۆن بینی. عێراقییەک کە بەعسـی نەبـێ و لە هیچ شـوێنێک دانەمەزرابـێ و نەچووبێتـە کۆلێژێـک، بـۆ کـوێ بچێ؟ دەچـێ بەرەو لای شـیوعییەکان، بەوجـۆرە بنکـەی جەماوەریـی شـیوعییەکان بەخێرایـی بەرفـراوان دەبـوو. ئـەم زانیارییانـەش گەیشـتنەوە دەزگا ئەمنییـەکان. ئێمـە خۆمـان راسـپێردرابووین کـە چاودێریـی ئـەوە بکەیـن و کەسـانی

خۆمـان بخزێنینـە نێـو حیزبـی شـیوعییەوە. من بۆ نموونـە برادەرێکـم هەیە، کەسـێکم هەیـە یـان خزمێـک. لەوکاتـەوە ئیـدی دەسـتمانکرد بـە ناردنـی خەڵـک بـۆ ریزەکانـی حیزبـی شـیوعی، بۆئـەوەی بزانیـن نیازیـان چییـە. دواتـر هاتـە سـەر ئـەوەی کـە دەبـێ لـە حیزبـی شـیوعی بدرێـت. بەکـر دژی ئـەوە بـوو، دەیپاراسـتن. بۆیـە فـازڵ بـەڕاک، بەڕێوەبـەری ئەوکاتـی ئەمنـی عـام و سـەددام حوسـێن رێککەوتـن لەسـەر ئـەوەی کـە بـۆ ئـەوەی بتوانـن ئـەم حیزبـە جڵەوگیـر بکـەن، دەبـێ لـە بنکـە جەماوەرییەکـەی بدرێـت، چـی دەمێنێتـەوە؟ سـەرکردایەتی. سەرکردەکانیشـی وا دابنـێ تێداچـوون. یـان هەڵدێـن، یـان لەوانەیـە بێنـە لای خۆمـان، ئەوەبـوو هەنـدێ لـە سـەرکردەکانی رازیبـوون لەگـەڵ بەعـس کار بکـەن، یان بـا بڵێیـن لەگـەڵ دەزگا ئەمنییـەکان، چونکـە ناکـرێ یەکێـک واز لـە کاری حیزبیـی خـۆی بهێنـێ و بڵێـی وەرە لـە حیزبێکـی دیکـەدا کار بکـە، دەکـرێ کار لەگـەڵ دەزگایەکـی ئەمنی بـکات، ئەمەیـان زیاتـر رێـی تێدەچێـت. هەرچۆنێـک بێت ئێمـە لـەو سـاڵانەدا، 77 و 78 لەکاتـی بـەرە، زۆر بەهێـزەوە چووبووینـە ناویـان. بەجۆرێـک گەیشـتبووینە ئـەوەی لـە شـانەیەکی رێکخسـتندا کـە حـەوت کەسـی تێدابـوو، چواریـان لەگـەڵ ئێمـە کاریـان دەکـرد و هیچیشـیان بـەوی دیکەیـان نەدەزانـی. بەتـەواوی دەسـتمان بەسـەر جەمـاوەری حیزبـی شـیوعیدا گرتبـوو لـەو ماوەیـەدا، تاوەکـو گەیشـتینە 1979. تاوەکـو ئێـرە کـە باسـی دەکـەم سـەددام لـە حیزبـی شـیوعی نەدابـوو. جـا تـرس بـوو یان رێـز بـوو لـە رای ئەحمەد حەسـەن بەکـر. دوای ئـەوەی ئەحمـەد حەسـەن بەکـر نەمـا، ئیـدی رێنمایـی نـوێ هـات و دەزگای ئەمنیـش بەتـەواوی گـۆڕا. ئـەو دەزگای ئەمنـەی کـە ئێمـە پێـی ئاشـنا بوویـن و دەزگایەکـی زۆر توونـد نەبـوو، سـەرەڕای ئـەوەی باسـی یەکێکـی وەک سـەڵاحم بـۆ کـردی کـە لەسـێدارەدرا، سـەڵاح لـە سـەردەمی بەکـر لەسـێدارە درا، بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەش دەزگای ئەمـن خـراپ نەبـوو، لای خەڵـک بەدنـاو نەبـوو، بـەڵام لـە دوای سـاڵی 1979 کـە سـەددام دەسـەڵاتی گرتەدەسـت.

**کاوە ئەمین: شتەکان هەموو گۆڕان..**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ، فـازڵ بەڕاکـی هێنـا لـە سـاڵی 1977 و ئیـدی وردە وردە دەزگای ئەمنـی گـۆڕی. زەبروزەنـگ دووبـارە گەڕایـەوە، زەبروزەنگـی سـەردەمی نـازم گـزار. لە سـەردەمی نازم گـزاردا دەزگای ئەمـن دەزگایەکی بەهێـز بـوو، دڕ بـوو، دوای 1977 کـە فـازڵ بـەڕاک ئەمنـی عامـی وەرگـرت، دیسـان گەڕایـەوە بـۆ ئەو شـێوازە. لەوکاتەشـدا دووژمنی سـەرەکیی ئێمە، دیـارە حیزبـی دیکـەش هاتبوونـە مەیـدان. بـۆ نموونە یەکێتی کـە خەڵکمان هەبـوون کاریـان لەسـەر دەکـرد. فـازڵ بـەڕاک رووحێکـی ئینسـانیانەی هەبـوو لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ حیزبەکانـی دیکـەدا. بیرۆکەیەکـی هەبـوو کـە مـن پێـی سەرسـام بـووم و پێموایـە بیرۆکەیەکـی دروسـتبوو، ئەویـش ئەوەبـوو کـە تـۆ کاتێـک کەسـێک دەهێنیتـە ریـزی خـۆت، لەکاتێکـدا ئـەو کەسـە چەکـی لـە دژی تـۆ هەڵگرتـووە، یـان لـە حیزبێکـی نەیاری تـۆدا کاری کـردووە، دەبـێ بیربکەیتـەوە بزانـی کێشـەی چییـە؟ داراییـە؟ دانەمـەزراوە؟ بـۆ ئـەوەی بتوانـی بیهێنیتـە لای خـۆت..

**کاوە ئەمین: دەتەوێ بڵێی فازڵ بەڕاک لە نازم گزار باشتر بوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بـە دڵنیاییـەوە. فـازڵ بـەڕاک خوێنـدەوار و رۆشـنبیر بـوو، بـەڵام نـازم گـزار رۆشـنبیر نەبـوو، ئینجـا مرۆڤێـک بـوو مەیلـی بـەلای پێکـدادان دا بـوو، ئەویـش یەکێـک بـوو لـە جەماعەتـی شـەقاوەکانی پێـش 1968 کـە بەنێوبانـگ بـوون، کەسـێکی بەوشـێوەیە کاتێـک لـە بـواری ئاسـایش کار دەکات، پەنـا دەباتـە بـەر رێبـازی کوشـتن و لەنێوبـردن، بـەڵام رێبـازی فـازڵ بـەڕاک جیـاواز بوو، فۆکەسـی لەسـەر راکێشـانی ئەوانـی دیکە بـوو. بیهێنـە پێـش چـاوت مامۆسـتاکانمان کـە لـە سـەنتەری پەرەپێدانـی ئەمنـی وانەیـان بـە ئێمـە دەگـوت، زۆربەیـان کۆنـە شـیوعی بـوون، ناسـری بـوون، لەوانەبـوون کـە جیابوونـەوە.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام خـۆ لــە ســەردەمی ئەویشــدا زۆر خەڵــک کــوژران و لەســێدارەدران و گیـران..**

**ســەباح حەمدانــی:** بەدڵنیاییـەوە هەبـوو، بـەڵام ئەوانـە رووداوی دەگمـەن بـوون. مـن هیـچ لەسـێدارەدانێکی بەکۆمـەڵ و دڕندانـەم نەبینی، کوشـتنم نەبینـی مەگـەر لـە دوای سـاڵی 1980. واتـە دوای ئـەوەی چووینـە نێو خاکی ئێران.

**کاوە ئەمیـن: دواتـر باسـی جەنگـی عێـراق ئێرانیـش دەکەیـن، بـەڵام ئێسـتا دەمەوێ باسـی سـاڵی 1975 بکەین، یان سـەرەتا باسـی هەڵگیرسـانەوەی شــەڕ بکەیــن لەنێــوان کــورد و حکومەتــی عێــراق. ئــەو شــەڕە بۆچــی هەڵگیرسـایەوە؟ کـورد دەڵێـن لەسـەر چارەنووسـی کەرکـووک بـوو. رای تـۆ چییـە؟**

**ســەباح حەمدانــی:** لـەو ماوەیـەدا مـن لـەوێ کارم نەدەکـرد تاوەکـو بزانـم بـە وردی چـی روویـدا..

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام بەگوێـرەی ئـەوەی کـە بیسـتووتە، تـۆ پەیوەندییەکـی فراوانـت هەبـووە..**

**ســەباح حەمدانــی:** بەڵـێ راسـتە. شـتێکی هەڵە لـە دەزگای ئەمنـدا هەبوو کــە بــووە هــۆی ئــەوەی یەکێکــی وەکــو مــن هەمــوو شــتێک بزانێــت. ئێمـە راپۆرتێکـی مانگانەمـان هەبـوو. مانگانـە لـە هەمـوو پارێزگاکانـەوە دەهاتـن و کۆبوونـەوەی بەرفراوانمـان دەکـرد. بەڕێوەبـەری ئەمنـی عـام لەگــەڵ ئەفســەران کۆدەبــووەوە و راپۆرتــی مانگانــە دەخوێندرایــەوە. بەهــۆی ئــەو راپۆرتــی مانگانەیــە دەتزانــی لــە ســلێمانی چــی روویــداوە، هەروەهـا لـە بەسـرە چـی روویـداوە و لـە هەمـوو پارێزگاکانـی دیکەیـش. بەوجـۆرە ئەفسـەری ئەمـن هەمـوو شـتێکی دەزانـی، لەکاتێکـدا لـەڕووی کەتوارییـەوە و لـە زانسـتی کاری موخابـەرات و هەواڵگـری و ئاسایشـدا، دروسـت نییـە ئەفسـەرێک ئـەم هەمـوو شـتە بزانێـت، ئەگـەر وابووایـە

ئێســتا مــن هەمــوو شــتێکم نەدەزانــی و تەنیــا هەنــدێ شــتی کەمــم دەزانــی.

**کاوە ئەمیـن: ئـەو باسـی راپۆرتـە چ پەیوەنـدی بـە پرسـیارەکەی منـەوە هەیـە؟ بۆچـی لـە سـاڵی 1974دا شـەڕ هەڵگیرسـایەوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ، ئاخـر ئـەوەی ئەمـی کێشـایەوە و ئـەوی هێنـا، ئەوەبـوو کـە سـەددام حوسـێن هیچی قبووڵ نەبـوو، بەرەی قبـووڵ نەبوو، حیزبـی دیکـەی قبـووڵ نەبـوو، قبووڵـی نەبـوو یەکێتـی لـە کوردسـتان کار بـکات، پارتـی قبـووڵ نەبـوو. خەڵکـی دیکـەی قبـووڵ نەبـوو. کاری ئەمنیش هەمیشـە پێکدادانـە، واتـە کاری پێکدادانئامێـز لەگـەڵ ئەوانی دیکە. ئیشـی ئێمەش لەسـەر حیزبەکان بوو. کاری شـوعبەی سـێ بریتیبوو لە حیزبەکانی دیکـە. شـوعبەی پێنـج بەهەمـان شـێوە. واتـە کارکـردن لـە دژی حیزبەکانـی دیکـە. شـتەکە روون بـوو کـە بـۆ پێکداهەڵپژانـە لەگـەڵ حیزبەکانـی دیکـە.

**کاوە ئەمیـن: باشـە، بـەڵام ئـەوەی کـە خوێندوومانەتـەوە و بیسـتوومانە، هەڵوەشـانەوەی رێککەوتنەکـە لەسـەر کەرکـووک بـوو. مـەلا مسـتەفا بارزانـی دەیویسـت کەرکـووک بەشـێک بێـت لـە ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەدڵنیاییـەوە ئەمـە زانیارییەکـە منیـش و تۆیـش دەیزانیـن کـە کەرکـووک و هەنـدێ ناوچـەی دیکەیـش بابەتێکی مەترسـیدار بـوو. بۆیـە ئـەوە راسـتە کـە کەرکـووک پرسـێکی سـەرەکی بـوو. مەحـاڵ بـوو سـەددام حوسـێن نـەک هـەر کەرکـووک، تەنانـەت یـەک پارێـزگاش بـدات. مەحـاڵ بـوو چونکـە ئـەو خـۆی پـێ سـەرۆککۆماری عێـراق بـوو، بۆیـە ئامـادە نەبـوو هیـچ پارێزگایـەک بداتـە کـورد. عێـراق، عێراقی سـەددام حوسـێن بـوو، بـەم فکـرەوە حوکمـی عێراقـی دەکـرد و هەڵگـری ئـەم فکرە بـوو، دەشیویسـت بـەزۆر بیسـەپێنێتە سـەر کەتوارەکـە. نەیدەتوانـی جەلال تاڵەبانـی، مەسـعوود بارزانـی و بارزانییـەکان قبووڵ بکات، رەنگە بەشـێوەی کاتـی و وەک شـتێکی تێپـەڕ سـەیری کردبێـت، بـەڵام ئـەو دەیویسـت هـەر

خـۆی هەمـوو شـتێک بێـت. ئەمـە راسـتیی سـەددام حوسـێن بـوو، هـەر ئـەوەش ئێمـەی گەیانـدە ئـەم بارودۆخـەی ئێسـتا.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام هـەر ئـەو سـەددامە رازیبوو بەشـێک لە ئاوی سـنووری عێـراق بداتـە ئێـران بـۆ ئـەوەی پشـتیوانی لـە کـورد نـەکات و شۆڕشـی کوردسـتان بوەسـتێنێ؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ، راسـتە وابـوو. پـاش رووداوەکانـی کوێـت، سـەددام حوسـێن شـەتولعەرەبی فرۆشـت و گەڕایەوە بـۆ رێککەوتننامەی 1975، خاکێکـی زۆری بـە درێژایـی سـنوور دایـە ئێـران، دەسـتی لـە سێگۆشـەی سـنووری لەگـەڵ سـعودیە هەڵگـرت. دەسـتی لـە هەنـدێ خاکـی دیکـە بـۆ ئوردن هەڵگـرت. تەنانـەت لـە کوێت دەسـتی لـە خاکێکـی زۆر هەڵگـرت. سـەددام رێچکـەی خـۆی گـۆڕی و ئیـدی دەسـتی لـە شـت هەڵدەگـرت، ئامانجـەکان گـۆڕان، بۆچـی؟ چونکـە ئیـدی لاواز ببـوو، سـەری لەبـەر چەکوچەکـەدا بـوو، نەیدەزانـی کـەی لـە سـەری دەدا، بۆیـە کەوتـە تاڵانکردنـی.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام دواتـر ئـەو رێککەوتنـە سـەری هـەردوولای خـوارد، شـا رووخـا و هەروەهـا چارەنووسـی سەددامیشـمان بینـی، شـەڕی عێـراق و ئێرانیـش هـەر لەسـەر شـەتولعەرەب بـوو پـاش ئـەوەی عێـراق لـە رێککەوتنەکـە پاشـگەز بـووەوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ لەوکاتـەدا شـەپۆلێکی گۆڕانـکاری ئـەم ناوچەیـەی گرتـەوە و ئەنجامەکەشـی ئەوەبـوو کـە بینیمـان، بـەڵام هەرچـی کـە روویدا هەمـووی پێشـتر بەرنامـەی بـۆ داڕێژرابـوو. هاتنـی خومەینـی ئاراسـتەی هەمـوو شـتەکانی گـۆڕی. پێـش هاتنـی ئـەو ناوچەکـە سـەقامگیر بـوو، مەگـەر هەنـدێ کێشـەی سـادە هەبووبـن، بـەڵام لـە 1979 بـەدواوە ئیـدی خومەینـی هـات و هەموو ئامانجـەکان، رێککەوتننامەکان و هەموو شـتێک گـۆڕا تاوەکـو گەیشـتینە ئـەوەی کـە ئەمـڕۆ پێیگەیشـتین.

**کاوە ئەمین: لە دوای ساڵی 1975 بە ماوەیەکی کورت سەرلەنوێ لە کوردستان جموجوڵی چەکداری و پێشمەرگانە دەستیپێکردەوە، لەو ماوەیەدا ئەو راپۆرتانەی لە کوردستانەوە بۆ ئێوە دەهاتن چۆن باسی ئەوەیان دەکرد؟**

**سەباح حەمدانی:** وەک پێشتریش گوتم ئێمە هەموو شتێکمان دەبیست و ئاگادار بووین، بەڵام بۆ هەر کارێک پسپۆڕی ئەو بوارە هەبوو، بۆ نموونە من ئەوکاتەی لە ئەمنی نەینەوا بووم پسپۆڕیم لە بواری شیوعییەکان بوو. دواتر چوومە نەجەف و لەوێ پسپۆڕیم لە بواری حیزبە کۆنەخوازەکان بوو، حەوزەی عیلمی و ئەوانە، بۆیە زۆر ئاگاداری ئەوە نەبووم کە لە باکوور روویدەدا، بۆیە لەم پرسیارەدا ناتوانم زانیاری وردت بدەمێ.

**کاوە ئەمین: حکومەتی عێراق هەوڵیدا مام جەلال لە سووریا تیرۆر بکات یان بیڕفێنێ، ئەوکاتە یەکێتی هێشتا بەهێز نەبوو و سەرچاوەی هەڕەشەیەکی گەورە نەبوون لەسەر عێراق، بۆچی بیریان لەوە کردەوە؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڕاستی من وردەکاری ئەو بابەتەم نەدەزانی تاوەکو ئەوکاتەی چوومە سووریا، واتە ئەوکاتەی لەگەڵ خەزرەجی رۆیشتم و نزیک بووین لەوەی حکومەتی عێراق بڕووخێنین، لەوێ هەندێ پەیوەندیم لەگەڵ سەرکردایەتی قەومیی حیزبی بەعسی سووری هەبوو، لە یەکێک لەوانەم بیست کە هاوەڵی مام جەلال بوو، دواتر بووە هاوەڵی نزار خەزرەجیش و لەبەرئەوە هەموو کات لەگەڵ ئێمە بوو.

**کاوە ئەمین: سووری بوو یان عێراقی بوو ئەو کەسە؟**

**سەباح حەمدانی:** بێگومان سووری بوو. خەڵکی سووریا بوو، پێموایە لە موخابەراتی سووری کاری دەکرد، چونکە مومکین نییە کەسێک دەستنیشان بکەن لەگەڵ ئێمە بێ بۆ ئەوەی بزانێ چی دەڵێین و

تێبگات لەوەی چی دەگوزەرێت. من وردەکاریی هەوڵی رفاندنی مام جەلالم لەو بیست.

**کاوە ئەمین: چ ساڵێک؟**

**سەباح حەمدانی:** ئەمە باسی 2003 دەکەم.

**کاوە ئەمین: دەزانم، بەڵام هەوڵی رفاندنەکە چ ساڵێک بووە؟**

**سەباح حەمدانی:** هەوڵەکە لە ساڵی 1976 بووە.

**کاوە ئەمین: بەڵێ**

**سەباح حەمدانی:** ئەو هەوڵە لە 1976 بووە. ئینجا من بەستمەوە بەو رووداوانەی کە پێشتر شتم لەبارەوە بیستبوون، بەتایبەتی لەو برا ئەفسەرانەی ئەمن کە لە شوعبەی سێ کاریان دەکرد. ئەم زانیاریانەم بەستەوە بەوانەوە کە خۆم بیستبووم، خۆم زۆر شتم دەزانین و لە کەناڵەکەی خۆشمەوە لە یوتیووب باسمکردوون.

**کاوە ئەمین: کەواتە چیرۆکەکە چۆنە؟**

**سەباح حەمدانی:** وردەکاریی چیرۆکەکە ئاوایە. ساڵی 1976.. ئێستا زانیارییەکانی خۆم کە لە شوعبەی سێی تایبەت بە کورد وەرمگرتوون، دەبەستمەوە بەوانەوە کە لە سوورییەکانم بیستن بۆ ئەوەی چیرۆکەکە وەکو ئەوەی هەیە بگێڕمەوە، واتە هەردوو دیوەکەی دەگێڕمەوە. دیوی یەکەمی، ئەو شوعبەی سێیەی لە بەغدا کاری دەکرد، خەڵک هەبوون هاوکارییان دەکردن و ئەمانیش پارەی زۆریان بۆ هەڵڕشتبوون. یەکێک لەوانەی لەو سەردەمەدا هاوکاری دەکردن مونزیر نەقشبەندی بوو. مونزیر حاجی موزەفەر نەقشبەندی. ئەم پیاوە سەر بە دەزگای ئەمن بوو. ئێمە ئەفسەرانی ئەمن پەیوەندیمان لەگەڵ یەکدی هەیە و جار هەیە شتی نهێنیش بۆ یەکتر دەدرکێنین،

بەوجـۆرە بـوو کـە زانیـم ئـەو پیـاوە یەکێکـە لـە وەکیلەکانـی ئەمـن، تەنانـەت هەڵگەڕانەوەشـی لـە رژێـم، کاتـی خـۆی کـە ناردیـان بـۆ باکـووری عێـراق، ئـەوەش هـەر بـە فەرمـان بـوو، لەوێشـەوە هـەر لـە پەیوەندیـدا بـوو لەگـەڵ رژێـم. خـۆی پێشـتر لـە لقـی یەکـی (پێنجـی- رووداو) پارتـی بـوو لـە بەغـدا، بـەڵام دواتـر لەسـەر داوای دەزگای ئەمن.. ئەگـەر هەردوو چیرۆکەکـە پێکـەوە ببەسـتمەوە تێدەگـەی، کـە ئـەوەی لە سـووریا روویدا چـۆن بـووە. لەسـەر داوای دەزگای ئەمـن، سـەنگەری خـۆی گـواسـتەوە و چـووە لای یەکێتـی. پێشـتر پارتـی بـوو.

**کاوە ئەمین: بەڵێ پێشتر پارتی بوو..**

**سـەباح حەمدانـی:** هاتـە لای یەکێتـی بـۆ ئـەوەی خـۆی لـە مـام جـەلال نزیـک بکاتـەوە، هـەر ئەوکاتیـش سـەفەری کـرد و چـووە سـووریا. لـەوێ خوشـکێکی هەبـوو لـە دیمەشـق دادەنیشـت، بەوجـۆرە خـۆی لـە مـام جـەلال نزیـک کـردەوە و بێگومـان خەڵکـی ناوچـەی خۆشـیانە و یەکتـر دەناسـن و حەتمـەن نـاوی بیسـتووە و بەوجـۆرە زیاتـر نزیکبوونـەوە. مـام جەلالـی قایـل کردبـوو کـە گوایـە هەنـدێ خەڵکی فەلەسـتینی دەناسـێت، مارکسـین و لـە جەماعەتـی جـۆرج حەبـەش و ئەوانـەن، ئەوانـە مارکسـی بـوون، دەیانـەوێ بێنـە پـاڵ یەکێتـی. ئینجـا نازانـم مەشـق بەوانـەی یەکێتـی دەکـەن، یـان دێنـە ناویـان یاخـود لەپـاڵ یەکێتـی شـەڕ دەکـەن، هەرچۆنێـک بێـت قەناعەتـی بـە مـام جـەلال هێنابـوو. مـام جەلالیـش بەشـی خـۆی ژیـر بـوو، هەسـتی کردبـوو کـە ئـەم ئیشـە تۆزێـک نامۆیـە. دەزگا موخابەراتییەکانـی سـووریاش لەمـە سـڵەمیبوونەوە. ئەوەبـوو دواتـر دەرکـەوت گوێیـان لێگرتـوون و دەنگیـان تۆمار کـردووە و پەیوەندی تەلەفۆنـی تۆمارکـراوە. ئـەم زانیاریانەمـان لـەو برایـە بیسـت کـە لـە سـووریا بـوو. ئەوەبـوو مونزیـر دەسـتگیرکرا و پاش ئـەو کەسـێکی دیکـە بەنـاوی موحسـین دەسـتگیرکرا. ئـەم موحسـینە لەگـەڵ...

**کاوە ئەمین: کەواتە موخابەراتی سووری پلانەکەیان هەڵوەشاندەوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ پلانەکەیان هەڵوەشـاندەوە و دەسـتگیریان کردن. ئـەوان هـەر لەگـەڵ ئـەوە نەبـوون کـە مـام جـەلال دیـداری لەوجـۆرە لەگـەڵ ئـەو خەڵکانـە بـکات. پلانەکـە وابـوو کـە مـام جـەلال ببەنـە ئـەو دیـدارە و لەکاتـی دیدارەکـە بیڕفێنـن، خـۆت دەزانـی لەوکاتـەدا سـەددام دەسـتێکی درێـژ و بەهێـزی هەبـوو لـە لوبنـان، پشـتیوانی دەکـردن و هێـزی هەبـوو چ لەنێـو فەلەسـتینییەکان و چ لوبنانییـەکان.

**کاوە ئەمین: مونزیر دواتر چۆن ئازاد بوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئێسـتا بەخێرایـی باسـی ئـەوەش دەکـەم. پلانەکـە وابـوو کـە مـام جـەلال بڕفێنـن بـۆ بەیـرووت، لـەوێ ئەگـەر توانییـان بـە فڕۆکـە و بـە زەلیلـی بیهێننـەوە بـۆ سـەددام، یـان ئەگـەر نەیانتوانـی بیکـوژن، پلانەکـە ئاوابـوو، بـەڵام ئەوەبـوو دەسـتگیرکران و موحسـین کە بـە مولازم موحسـین فەلەسـتینی نـاوی رۆیشـتووە، بـەڵام فەلەسـتینی نەبـوو، ئـەو دەبـوو جێبەجێـکاری ئەرکەکـە بێـت، چونکـە لـەڕووی لەشـولارەوە بەتوانا بـوو، دەیتوانـی خەڵـک بکـوژێ و بڕفێنێـت، بـەڵام هەردووکیان گیران. سـاڵی 1978 هەردووکیـان ئازادکـران، ئـەوەش پـاش ئاشـتبوونەوەی سـووریا و عێـراق و مۆرکردنـی رێککەوتننامـە، رێککەوتـن کـە ئـەو گیراوانەیـان بـۆ بگەڕێننـەوە و لـە بەرامبـەردا ئەوانیـش گیراوەکانیـان بدەنـەوە، واتـە رێککەوتنـی گۆڕینـەوەی بەکرێگیـراوان و سـیخوڕان بـوو.

**کاوە ئەمین: مونزیر گەڕایەوە بۆ عێراق..**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ، مونزیر و موحسـین گەڕانەوە. موحسـین ئەرکێکی نوێـی پێـدرا و کرایـە مولازمـی ئەمن.

## بەشی سێیەم

# چاودێریکردنی حەوزەی نەجەف

بۆ بینینی بەشی سێیەمی هەڤپەیڤینەکە ئەم کیوئاڕ کۆدە سکان بکە

**کاوه ئەمین: باسی ئەوەمان کرد کە دەزگای ئەمنی عێراق چۆن لە دەرەوەی وڵات هەوڵی تیرۆرکردنی کەسایەتییە سیاسییەکانی دەدا. لە ڤییەناش هەوڵێکی لەوجۆرەی دا بۆ تیرۆرکردنی کاک مەسعود بارزانی و تەنانەت دوو لە هاوەڵەکانی بریندار بوون. ئاگاداری وردەکاریی ئەو رووداوەی؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڕاستی زانیارییەکی لەوە زیاترم نییە کە تائێستا لەوبارەیەوە بڵاوکراوەتەوە، هیچ شایەتییەکم نییە و لە کەسیشم نەبیستووە، بۆیە بمبوورن کە ناتوانم لەوە زیاتر لەسەری بڕۆم.

**کاوه ئەمین: باشە ئەگەر بێینە سەر باسی ژیانی خۆت و کەمێکیش باسی خۆت بکەین. با لەو پرسیارەوە دەست پێبکەم، چۆن پەیوەندیت لەگەڵ محەممەد تەقی مووسڵی دروستکرد؟**

**سەباح حەمدانی:** شێخ محەممەد تەقی مووسڵی، کەسایەتییەکی ئایینییە و لە ناوچەکەی من دادەنیشێت. ئەوکاتەی ئەفسەری ئەمنی قەزاکان بووم، ئەفسەری ئەمنی قەزاکان لەڕووی ئەمنییەوە بەرپرسە لە چارەکێکی مووسڵ و هەروەها ژمارەیەک گوندی دەوروبەری مووسڵ، لەوانەش هەندێ گوندی شیعە لە مووسڵ کە ناسراون، لەوانە قازیە، گوببە، شرێخان. ئەم گوندانە شیعەن و لەڕووی ئەمنییەوە دەبوو خەڵکمان تێدا هەبن، بۆیە دیداری زۆرم لەگەڵ پیاوە ئایینییەکانیان هەبووە. ئێمە لە بواری کاری خۆماندا گرنگترین شت بەلامانەوە مزگەوتەکان و پیاوانی ئایینی بوون، بێگومان لە دوای حیزبەکان. دەبووایە پیاوانی ئایینی بۆ خۆمان رابکێشین، وایان لێبکەین هاوکاریمان بکەن و لانیکەم ئەرکی ئێمە ئاسان بکەن، جا بە گەیاندنی زانیاری بێت سەبارەت ئەو قسانەی لە مزگەوتەکاندا دەیبیستن، یان هیچ نەبێ دڵنیابین لەوەی کە لەو مزگەوتە هەموو شتێک ئاساییە و لەسەر رێڕەوی خۆیەتی و وەک مزگەوت و دوورە لە گردبوونەوەی ئایینی و شتی لەوجۆرە.

**کاوە ئەمین: ئەمە چ ساڵێک بوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئەمـە رێنمایـی گشـتی بـوو، مـن باسـی ئەرکـی خـۆم دەکـەم.

**کاوە ئەمین: مەبەستم یەکترناسینی تۆ و شێخە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** لەسـاڵی 1978 کـە گـوتـم ئەفسـەری قـەزاکان بـووم، لـە چوارچێـوەی ئەرکەکەمـدا پەیوەندیـم لەگـەڵ ئـەو پیـاوە دروسـتکرد. لەگـەڵ شـێخ محەممـەد تەقـی. چـاوم بـە کۆمەڵێـک لـە پیاوانـی ئایینـی کـەوت، بـەڵام ئـەو وەک بریـکاری سـەید خوئـی دادەنـرا کـە مەرجەعـی باڵای شـیعەکان بـوو، ئـەو وەکـو نوێنەری بـوو، زۆریش نزیـک بوو لـەو بنەماڵەیە. مـن لـە یەکێـک لـە سـەردانەکانیدا چـاوم پێکـەوت، لەکاتـی سـەردانیدا بـۆ مووسـڵ، خـۆی لـە نەجـەف دادەنیشـت. مـن هاتـم لێکۆڵینەوەیەکـم ئامادەکـرد سـەبارەت حـەوزەی ئایینـی لـە نەجـەف، چونکـە شـارەزا بـووم و پێشـتریش لێکۆڵینـەوەی زۆرم کردبـوو، یەکێک لەوانـە لێکۆڵینەوەیەک بوو دواتـر باسـی دەکـەم، لـەو رووەوە خـۆم لێکۆڵینەوەیەکـم کردبـوو، ئەمـە لـە داهێنانـی خـۆم بـوو وەک کەسـێک کـە لـە بـواری ئاسـایش کار دەکات. ئەمەیـان سـەبارەت حـەوزەی عیلمـی بـوو لـە نەجـەف. ئـەم حەوزەیـە بەگوێـرەی ئـەو زانیاریانەی دەگەیشـتنە ئێمە لـە دەزگای ئەمـن، حەوزەیەک بـوو فارسـەکان تێیـدا باڵادەسـت بـوون، یـان نەتـەوەی دیکـەی ناعـەرەب. بیرۆکەکـە ئەوەبـوو ئـەم حەوزەیـە بـۆ نەبێتـە حەوزەیەکـی عەرەبـی؟ بۆچـی هەمیشـە چانسـی ئێمـە لـەم بـوارەدا کەمتـرە؟ بێگومـان ئەمـە مەسـەلەیەکی تـەواو ئایینییـە، چونکە خەڵک هەمیشـە روودەکەنـە ئەوەی کـە زاناتـرە، ئـەوەی کـە زانسـتی زۆرتـرە. واتـە شـیعە وەکـو مەرجەعیـەت و وەکـو نەریـت، دەبنـە شـوێنکەوتەی ئـەوەی کـە زاناتـرە، یـان ئـەوەی کـە دەتوانـێ ئیجتیهـاد بـکات. ئـەوەی کـە موجتەهیـدە مانـای وایـە دەتوانـێ فەتـوا دەربـکات، کاتێـک پرسـیاری لێدەکـەی بـە فەتـوا وەڵامـت دەداتـەوە، بـەو سـیفەتەی کەسـێکە لەبـەردەم خـودا بەرپرسـیارە.

**کاوە ئەمیـن: کەواتـە پەیوەنـدی تـۆ لەگـەڵ مەرجەعیـەت لـە ڕێگـەی شـێخ محەممـەد تەقییـەوە بوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ، ڕێـک لـە ڕێگـەی شـێخ محەممـەد تەقـی بـوو. مـن داوای هاوکاریـم لێکـرد. داوای هاوکاریـم لـە شـێخ محەممـەد تەقـی کـرد کـە بچینـە نێـو وتووێـژی ئـەو باسـەوە، چونکـە مـن لێکۆڵینەوەیەکـم ئامـادە کردبـوو، ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بەرفـراوان بـوو، نزیکـەی 200 لاپـەڕە بـوو، چـوو بـۆ ئەمنـی عـام و د. فـازڵ بـەڕاک خـۆی خوێندبوویـەوە، ئەوەبـوو ناردیانـە دوام و لـە هۆبـەی پێنجـی ئەمنـی عـام سـەبارەت لێکۆڵینەوەکـە گفتوگۆیـان لەگـەڵ کـردم و دواتـر د. فـازڵ بەڕاکیـش بەهەمـان شـێوە، تەنانـەت خەڵاتیشـی کـردم، چونکـە مـن کەسـێکی دووری مەرجەعیـەت و دووری نەجـەف بـووم و سـەرەڕای ئـەوەش ڕۆچووبوومـە نێـو ئـەو باسـە بـەو مەبەسـتەی مەرجەعیەتێـک دروسـت بکەیـن ڕکابـەری بـکات، ڕکابـەری نـەک دژایەتـی، ڕکابـەری شـتێکە و دژایەتـی شـتێکی دیکـە. بیـری مـن لای لایەنـی ئەمنـی بـوو، ئەوەبـوو کـە بـا مەرجەعیەتێـک هەبـێ بـە زۆرینـە بێـت یـان بـە هـەر ڕێگەیـەک، مەرجەعیەتێکـی عەرەبـی بێـت. بێگومـان لـەوەدا د. فـازڵ بـەڕاک پشـتگیریی کـردم و هـەر ئەوکاتـە خەڵاتـی کـردم بـە بڕێـک پـارە، هەمیشـە خەڵکـی خـەڵات دەکـرد، ئینجا لەگـەڵ بەڕێوەبـەری ئەوکاتی هۆبـەی پێنجـەم و لەگـەڵ یاریـدەدەری کاروبـاری سیاسـی، خەیـری چلمێران قسـەی کـرد و گوتـی بـۆ ئاینـدە ئەمـە باشـترین کـەس دەبـێ کـە لـە نەجـەف کارمـان بـۆ بـکات.

**کاوە ئەمیـن: کەواتـە ئـەوان داوایـان لـە تـۆ کـرد یـان خـۆت داوات کـرد بچیتـە نەجـەف و لـەوێ کار بکـەی؟ فـازڵ بـەڕاک داوای لێکـردی؟**

**سـەباح حەمدانـی:** فـازڵ بـەڕاک داوای کـرد، گوتـی تـۆ کەسـێکی گونجـاوی بـۆ ئـەو شـوێنە. گوتـی خـۆت ئامادەبکـە لـەم نزیکانـە دەگوازرێیتـەوە بـۆ نەجـەف.

**کاوە ئەمین: بەڵام پێش ئەوەی باسی نەجەف بکەی دەمەوێ ئەو پرسیارە بکەم: ئێوە بە چ مەبەستێک ئەو پەیوەندییەتان لەگەڵ شێخ محەممەد تەقی دروستکرد، چاودێریتان دەکرد، بە هەڕەشە بوو یان دەتانویست لەڕێی گفتوگۆیە رایکێشنە لای خۆتان؟**

**سەباح حەمدانی:** بێگومان بە گفتوگۆ. من پەیوەندیم بە کەسێکەوە دەکرد ئیمامی حوسەینییە بوو لە ناوچەی گوببە و شرێخان، ناوی عەبدولسالح بوو. لەگەڵ ئەو دیدارم هەبوو. ئەو منی بە شێخ محەممەد تەقی ناساند و بەوجۆرە پەیوەندیم لەگەڵ شێخ محەممەد تەقی بەو ئاراستەیەدا درێژەی کێشا. شێخ محەممەد تەقی مرۆڤێکی زۆر باش بوو، پەیوەندی من و ئەو بووە پەیوەندی هاوڕێیی، زیاتر لەوەی پەیوەندی کارمەندێکی ئەمن بێت. ئیدی لەسەر ئەو بنەمایە ئایندەی من بەسترایەوە بە نەجەفەوە. ئاگادار کرامەوە کە خۆت ئامادەبکە دەچی بۆ نەجەف. بەوجۆرە پاش چەند مانگێک فەرمانی گواستنەوەم بۆ نەجەف دەرچوو. پاش لەسێدارەدانی سەید محەممەد باقر سەدر بە چەند مانگێک، خۆی سەید محەممەد باقر سەدر لە مانگی نیسان لەسێدارەدرا، من مانگی حەوت گوازرامەوە، واتە پاش سێ مانگ.

**کاوە ئەمین: لەو ماوەیەدا کە لە نەجەف بووی، توانیتان هیچ لەو کەسایەتییە شیعانە بێننە ریزی خۆتان لە دەزگای ئەمن یان حیزبی بەعس؟ ئێوە مەبەستتان ئەوەبوو یان هەر تەنیا دەتانویست بێلایەنیان بکەن و خەریکی کاری ئایینی بن؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ کارەکە ئەوەبوو. کاری ئەمنی ئەوەبوو، ئەرکێکی سەرەکیی ئێمە ئەوەبوو پیاوانی ئایینی رابکێشینە لای خۆمان. پیاوانی ئایینیش لاوازن، پیاوی ئایینی فەرمانبەرێکە لە ئەوقاف، یان فەرمانبەرە لە شوێنێکی دیکە، پیاوی ئایینی وەک هەر فەرمانبەرێکی دیکەیە، تەنیا ئەوەیە کاری خۆی وەکو پیاوێکی ئایینی دەکات. جا ئەمانە بە ئاسانی دەتوانی بیانهێنیە ریزی خۆت، بەتایبەتی کە سەرچاوەیەکی دیکەی بژێوی

بـۆ زیـاد دەبێـت. لـە دەزگای ئەمنـەوە مووچـەی دیکەیـان بۆ تەرخـان دەکرا. ئـەو لـە حوسـەینییە دانیشـتووە، یـان لـە مزگـەوتێـک و مووچەیەکـی دیکـە وەردەگرێـت، ئەمـە بـۆ ئـەوان شـتێکی بـاش بـوو، پەیوەندییەکـە بەوجـۆرە بـەردەوام دەبێـت، پەیوەندیمـان لەسـەر ئـەو بنەمایـە بـەردەوام بـوو.

**کاوە ئەمین: شێخ محەممەد تەقی هیچ کاری لەگەڵ ئێوە کرد؟**

**سـەباح حەمدانـی:** لـەو ماوەیـەدا نەخێـر، تەنیـا لـەو بابەتـەدا هـاوکاری کردیـن، ئێمـەش هاوکاریمان نەکـرد، چونکە بواری ئەوە نەڕەخسـا بیهێنینە ریـزی خۆمانـەوە، بـەڵام وا دادەنـرا کـە لایەنگـری خۆمانـە، ئـەوەش بەهـۆی پەیوەنـدی مـن لەگەڵـی و ئینجـا پیاوێکـی هاوکاریـش بـوو، بـە هاوڕێیەتیش بووایـە زانیاریمـان لـێ وەردەگـرت و دەگەیشـتینە ئامانجەکانمـان.

**کاوە ئەمیـن: ئێـوە لـە نەجـەف کەوتبوونـە چاودێریی ئەو پۆسـت و نامانەی بـۆ مەرجەعیـەت دەهاتـن و دەچوون، چـۆن چاودێری ئەوانەتـان دەکرد؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئافەریـن، ئـەوە زانیارییەکـی چاکـە. ئەمـن لـە هەمـوو فەرمانگەکانـی پۆسـتە و گەیانـدن مەفـرەزەی هەبـوو. لـە هەمـوو فەرمانگـەکان. ئـەم مەفرەزانـە چاودێریـی پۆسـتە و نامەیـان دەکـرد، بەگشـتی. هەندێکیشـیان دەکردنـەوە. گومانیـان لـە هـەر نامەیـەک هەبووایـە، بەتایبەتـی ئەگـەر کەسـایەتییەکە نیشـانەی پرسـیاری لەسـەربووایە. با بڵێیـن کاک کاوە لەژێـر چاودێرییـە. مەفرەزەکـە دەیانزانـی کـە ئـەوە لەژێـر چاودێرییـە، کەواتـە هـەر نامەیەکـی ناردبووایـە یـان بـۆی هاتبووایـە، دەکرایـەوە، بـەڵام ئێمـە باسـی نەجەف دەکەین کـە مامەڵەمان لەگـەڵ مەرجەعیـەت بـوو، مەرجەعیەتیـش پڕبـوو لـە خەڵکـی بیانـی، لـە سەرانسـەری دنیـاوە نامـە دەهـات بـۆ مەرجەعیـەت. لـەوێ هیـچ نامەیـەک نەدەڕۆیشـت ئەگـەر ئـاگاداری نەبوومایـە و نەمزانیبووایـە چییـە. بەرپرسـی مەفرەزەکـە هەمـوو نامەکانـی دەهێنایـە بەردەسـتم، ئـەو نامانـەی ناونیشـانی مەرجەعیەتیـان لەسـەربووایە، جـا هەرکەسـێکی مەرجەعیـەت،

لـە سـەید خوئییـەوە تاوەکـو خزمەتکارێـک، ئینجـا ئەوانـەش بـە ژمـارە زۆر بـوون.

**کاوە ئەمیـن: ئـەو نامانـە زیاتـر لـە نـاوەوەی عێراقـەوە دەهاتـن بـۆ مەرجەعیـەت یـان لـە دەرەوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** لـە نـاوەوە و دەرەوەی عێراقیشـەوە، زۆرینەشـیان پرسـیار بـوون، خەڵـک پرسـیاریان دەکـرد، ئەگـەر وابکـەم ئایینـی ئیسـلام چ دەڵـێ و ئەگـەر فـڵان کار بکـەم، واتـە پرسـیاری گشـتی بـوون، بـەڵام نامـەی تایبەتیـش هەبـوون، نامەگۆڕینـەوە هەبـوو، هەندێکیان لە پاکسـتانەوە، لە ئەفغانسـتانەوە، هەندێـک لـە ئێرانـەوە دەهاتـن و ئاڵوگـۆڕی نامـە بـوون، ئەوانەمـان هەمـوو دەخوێندنـەوە. جێی مەترسـی نەبوون، بـەڵام گومانمان دەکـرد و لـە ئامێرێکمـان دەدان کـە لـەلای خۆمـان هەبـوو، نـەوەکا بـە مەرەکەبـی نهێنـی شـتێکی لەسـەر نووسـرابێت. ئەگـەر نووسـراوی نهێنـی لەسـەربووایە ئاشـکرا دەبـوو، یـان کۆپیمـان لێدەگـرت ئەگـەر نامەیەکـی گرنـگ بووایـە و ئینجـا دەماننـارد، بـەڵام ئـەو جـۆرە نامانـە لای ئێمـە بـۆ ماوەیـەک دەمانـەوە، هەنـدێ جـار مانگێـک دەمانـەوە، 15 رۆژ دەمانـەوە، هەنـدێ جـار ئیـدی سـەید مەجیـد پێیدەگوتـم بەسـە بابـە نامەکانمـان بـۆ بنێـرن زۆر دواکەوتـن، ئەوانیـش دەیانزانـی دەیانخوێنینـەوە، بۆچـی؟ چونکـە مەفرەزەکـە کـە ئـەو نامانەیـان دەکـردەوە و دایاندەخسـتنەوە، شـوێنەکەیان دیـار دەبـوو، واتـە زۆر بـە وردی نەدەکـرا.

**کاوە ئەمین: نامەی زۆری بۆ دەهات؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ زۆر بوون و هەندێکیشـیان نامـەی زۆر گرنگ بوون، بـۆ نموونـە سـەید خوئـی فەرمانـی بـە وەکیلەکـەی دەکـرد لـە کوێت کـە نیـو ملیـۆن دینـار بنێـرن بـۆ فـڵان شـوێن، فـڵان شـوێن مەبەسـتم یەکێـک لـە دامـەزراوە ئایینییـەکان بـۆ بنیاتنانـی پرۆژەیەکـی ئایینـی یـان شـتێکی لەوجـۆرە، قوتابخانەیەکـی ئایینـی، حوسـەینییە یـان مزگەوتێـک و شـتی

لەوجـۆرە. دەبووایـە ئـاگاداری ئەمانـە بیـن. هـەر نامەیـەک لای ئەوانـەوە دەرچووبـا، دەبـوو مـۆری پێوەبێت، چونکـە لەولا ئەگەر مـۆری مەرجەعیەتی لەسـەرنەبووایە وەکیـل پارەکـەی خـەرج نەدەکـرد، بەوجـۆرە بـە شـێوازی خـۆی پارەکـەی خـەرج دەکـرد، شـێوازی خۆیـان هەبـوو، پارەکەیـان دەنـارد بـۆ پاکسـتان یـان هـەر شـوێنێک.

**کاوە ئەمین: سەید خوئی خۆی وەڵامی نامەکانی دەدایەوە؟**

**سەباح حەمدانی:** سەید خۆی؟ بەڵێ.

**کاوە ئەمین: کەواتە چاودێریی نامەکانی ئەویشتان دەکرد؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ بەڵـێ هەمـوو نامەکانمـان دەخوێندنـەوە، بـەڵام مـن خـۆم جارێـک دانیشـتبووم، ئـەو وەڵامـی پرسـیارەکانی دەدایـەوە و بەڕێوەبـەری نووسـینگەی داراییەکـەش لەوێبـوو کـە نـاوی شـێخ فەخـری زنجانـی بـوو، نازانـم لـە ژیانـدا مـاوە یـان نـا، مرۆڤێکـی بـاش بـوو، گاڵتـە و سـوعبەت لەنێوانمانـدا هەبـوو. سـەید خوئـی وەڵامـی پرسـیارەکانی دەدایـەوە، ئـەو دانیشـتبوو پرسـیارەکانی دەخوێنـدەوە، هەندێکیانـی بـۆ وەردەگێـڕا، خـۆی عەرەبییەکـەی ٪90-80 بـاش بـوو، بـەڵام هەنـدێ جاریش ورد نەبـوو، مەبەسـتم سـەید خۆیەتـی، بۆیـە پرسـیارەکانی بـۆ وەردەگێـڕا. سـەید خوئـی خـۆی بـە رەچەڵـەک ئـازەری بـوو، واتـە تـورک بـوو، بـەڵام بـە فارسـیش قسـەی دەکـرد. بـە تورکـی، فارسـی و عەرەبـی قسـەی دەکـرد، عەرەبییەکـەی زۆر بـاش بـوو، بـەڵام هەندێ وشـەی بەباشـی گۆنەدەکردن.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام ئـەو زانایەکـی ئیسـلامی بـوو، چـۆن بـوو کـە عەرەبییەکـەی بـاش نەبـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** وەڵـڵا بەوشـێوەیە بـوو، پەنـای بـۆ وەرگێـڕ دەبـرد. خـۆ تەنانـەت ئێمـەش کـە قورئـان دەخوێنینـەوە، لـە زۆر وشـەی تێناگەیـن و لـە گـووگڵ یـان شـوێنی دیکـە بـۆ ماناکـەی دەگەڕێیـن، ئەمـە شـتێکی لۆژیکییـە. ئەویـش لـەڕووی ئایینییـەوە گەیشـتبووە ئـەو پلەیـە. پرۆسـەی

دەستنیشـانکردنی مەرجەعـی باڵا ئاوایە، بـۆ نموونـە کە مەرجەعـی یەکەم سـەید موحسـین حەکیـم کۆچـی دواییکـرد و مەرجەعیـەت بـۆ سـەید خوئـی گواززرایـەوە، بـۆ نموونـە دەڵێـم، خـۆی بـە کـردەوە لـە سـاڵی 1970 مەرجەعیـەت بـۆ ئـەو گوازرایـەوە، ئەمـە پرۆسـەیەک نییـە بـە فەرمـان بگوازرێتـەوە، بەڵکـو بەگوێـرەی هەنـدێ پێـوەرە. ئـەو زانـا ئایینییانـەی لـە نەجـەف دادەنیشـن، ئـەوان بڕیـار دەدەن. لەوکاتەشـدا رای هەمـووان لەسـەر سـەید خوئـی بـوو، ئـەم فـڵان و ئـەو زانـای ناسـراو و سـەید یوسـف حەکیـم و هەموویـان رایـان لەسـەر سـەید خوئـی گیرسـایەوە و ئیـدی لـە مـاوەی چەنـد رۆژێکـدا یـان هەفتەیـەک، بێگومـان کۆمەڵێک مەرجـی هەیە، ئاسـتی زانایـی و ئـەو کتێبانـەی نووسـیونی و لێکۆڵینـەوە و هەمـوو ئـەم مەرجـە زانسـتیانە دەبـێ لـەو کەسـەدا هەبـن.

**کاوە ئەمیـن: مەسـەلەی چاودێـری نامـە و چاودێریـی خێزانـەکان لـە پێشـترەوە هەبـوو یـان لەسـەردەمی سـەید خوئـی دەسـتیپێکرد؟**
**سـەباح حەمدانـی:** مـن کـە هاتمـە نێـو ئـەو کارەوە، بەڵـێ هەبـوو، واتـە ئەمـە لەپێشـترەوە هەبـووە.

**کاوە ئەمیـن: باشـە ئەگـەر باسـی مەرجەعیەت و ئەبوقاسـم خوئی بکەین، ئەوکاتـە هیـچ نارەزاییـان دەرنەدەبڕی لـەو چاودێرییەی لەسـەریان بوو؟**
**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ. ئـەوان دڵنیابـوون و هەسـتیان دەکـرد چاودێـری دەکرێـن، بێگومـان حەزیـان دەکـرد ئـازاد بـن و هەراسـان نەکرێـن، بـەڵام وایـان دادەنـا کـە ئەمـە فەرمانـە و لەسـەریان سـەپاوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هاوکارمـان بـوون، هـاوکار بـە مانـای کارکـردن نـا، بـەڵام ناچـار بـوون. چـی بکـەن؟ مەرجەعیەتێکـی ئیسـلامی و جیهانییـە، چ لەگـەڵ رژێمێـک بکات کە بەوجـۆرە چاودێـری دەکات؟ لەوکاتەشـدا کـە مـن چوومـە ئـەوێ، هەنـدێ چالاکـی لەلایـەن پیاوانـی حـەوزەوە لەنێـو حیزبـی دەعـوە دەرکەوتبـوون، زانیـاری هەبـوو کـە ئەوانـە پەیوەندییـان لەگـەڵ حیزبـی دەعـوە هەیـە،

تەنانەت پەنجەی تۆمەت بۆ سەید محەممەد تەقی کوڕی سەید خوئی و سەید مەجیدی کوڕی سەید خوئی درێژ دەکرا کە ئەوانە ئەندامی حیزبی دەعوەن، ئەمە شتێک بوو عەقڵ نەیدەبڕی.

**کاوە ئەمین: جا ئەوانە تۆمەتی هەڵبەستراوبوون یان پەیوەندییان هەبوو؟**

**سەباح حەمدانی:** شتی وا مەحاڵ بوو، چونکە ئەوانە خەڵکی گەورە بوون و باوکیان گەورەی هەموو شیعە بوو، خۆیشیان پێ گەورە بوو، مومکین نییە بچن لەنێو حیزبی دەعوە کار بکەن لەکاتێکدا حیزبی دەعوە ئەو حیزبە دینییە نەبوو، راستە خەڵکی وای تێدابوو، بەڵام ئەو حیزبە دینییە نەبوو کە پەنای بۆ ببەن، یان سوودی لێوەرگرن و بەکاری بێنن بۆ گەیشتنە ئامانجێک. ئەوان گەیشتبوونە ئامانجی خۆیان، ئیدی کەسێکی وەکو سەید مەجید بۆچی بچێتە نێو حیزبی دەعوە؟

چیرۆکێکی سەیر هەیە کە ئەگەر رێم بدەن بۆتان دەگێڕمەوە. رۆژێک فازڵ بەڕاک پەیوەندی پێوەکردین، پەیوەندی بە بەڕێوەبەری ئەمنەوە کردبوو کە دەیەوێ سەید خوئی ببینێ. ئێمەش دیدارەکەمان رێکخست و دوای ئەوە بەڕاک و ئەفسەرێکی تەکنیک و هەروەها خەیری چلمێران و سەعدوون سەبری بەڕێوەبەری هۆبەی پێنج هاتن. چوونە ماڵەکەی دانیشتن و ئەفسەری تەکنیک.. دانیشتنێکی داخراو بوو بێگومان، تەنانەت منیش کە لەوێبووم، لە ژوورەوە نەبووم، لە دەرەوە لەگەڵ دەستەی پاسەوانی بووم، بەڵام لەنێو ماڵەکە. بەهەرحاڵ فیلمێکی ڤیدیۆیان پێشاندا لەسەر محەممەد تەقی جەلالی بوو. سەید محەممەد تەقی جەلالی باوکی هاوژینی سەید ئیبراهیمی کوڕی سەید قاسم خوئی بوو، واتە خەزووری کوڕەکەی. گوتیان فەرموو قوربان ئەمە دانپێدانانی سەید محەممەد تەقییە کە لەنێوان حیللە و کەربەلا دەستگیرکرا و دانی بەوە داناوە کە کوڕەکانی تۆ کار لەگەڵ حیزبی دەعوە دەکەن. ئێمە ئێستا دەتوانین دەستگیریان بکەین و سزاکەشیان لەسێدارەدان

دەبێت. جا من دواتر هەموو ئەم وردەکاریەم لە سەید مەجید بیست کە خۆی لەنێو دانیشتنەکە بوو و مشتومڕی لەگەڵ دەکردن. سەید خوئی هیچی نەدەگوت، هەر یەک لە دوای یەک دەیگوت (لا حول ولا قوە الا باللە)، تەنانەت پێیگوتبوون ئەمە سەید محەممەد تەقی جەلالی نییە، سەید محەممەد تەقی جەلالیش کابرایەکی زانا بوو، مەبەستی ئەوەبوو بەهۆی ئەشکەنجەدانی زۆرەوە وایان لێکردبوو نەدەناسرایەوە. سەید محەممەد تەقی کوڕی خوئی پێیگوتبوون ئێستا من بخەنە ژێر ئەو لێکۆڵینەوەیە، چیتان بوێت دەیڵێم، تەنانەت زانیاری لەسەر باوکیشم دەدەم و دەڵێم ئەندامی حیزبی دەعوەیە، ئێوە چۆن باوەڕ دەکەن کە ئێمە لەنێو حیزبی دەعوە بین؟ گوتبوویان ئێمە بڕیارمان هەیە لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە هەرکەسێک کار لەگەڵ حیزبی دەعوە بکات لەسێدارە بدرێت، بەڵام وەکو رێزێک بۆ سەید خوئی هیچ رێکارێک ناگرینەبەر، تەنیا هۆشداریتان پێدەدەین و داوای هاوکاریتان لێدەکەین. ئەمە لەساڵی 1985 بوو. بڕوانە و درۆی لێکۆڵینەوە تێبینی بکە. درۆی دانپێدانان، من وەکو ئەفسەری ئەمن باش دەمزانی کە سەید محەممەد تەقی و سەید مەجید لەوانە نین بچنە پاڵ حیزبی دەعوە. دەشمانزانی کە گوشار خراوەتە سەر محەممەد تەقی جەلالی و لەژێر زەبری ئەشکەنجە زانیاری داوە، تۆ وەکو بەڕێوەبەری ئەمن دەبێ قبووڵی نەکەی و نەچی گوشار بخەیە سەر سەید خوئی. ئەمانە بەشێک بوون لە هەڵەکانی رژێم لەو سەردەمەدا.

**کاوە ئەمین: لە کاتی چاودێریی ئەو نامانەی بۆ خوئی دەهاتن، هیچ کاتێک شتێکی گرنگتان دۆزییەوە کە بۆنی مەترسی لێبێت لەسەر رژێمی عێراق؟**

**سەباح حەمدانی:** هەرگیز، بە درێژایی ماوەی کارکردنم لەوێ، تەنیا پرسیار دەهاتن. ئێرانییەکان هەندێ گرووپیان دەجووڵاندن، پرسیاریان لەبارەی جەنگی عێراق ئێران لێدەکرد، رای ئەو وەک مەرجەعی باڵا چییە؟

ئەو پیاوەش هەمیشە وەڵامەکەی بەوشێوەیە بوو کە ئەمە فیتنەی نێوان موسڵمانانە و ئامادەم، چەندین جار ئەوەی دووبارە دەکردەوە، تەنانەت بە ئامادەیی خۆشم گوتی، کاتێک کوڕەکانی داوەتی ماڵی خۆیان کردم و لەوێ نانمان خوارد، بەڵام ئەو نانی لەگەڵ ئێمە نەخوارد، لەکاتی گفتوگۆ منیش هەمان پرسیارم لێکرد، خۆی فەرمانگەکەم پرسیاریان دەکرد، سەرکردایەتی پرسیاریان دەکرد: رای سەید خوئی لەسەر جەنگی عێراق ئێران چییە؟ جا گوتی ئەگەر ژیانی من لێرەدا کۆتایی بێت لەپێناوی ئەوەی کە ئەم جەنگە رابوەستێ، ئامادەم ژیانم لێ وەرگرنەوە. ئەمە وەڵامی ئەوبوو. ئەو خەڵکەش کە لەوبارەوە پرسیاریان لێدەکرد، هەمان وەڵامی دەدانەوە. واتە وەڵامەکانی هەمان شت بوون. ئێمە تەنانەت وێنەمان لە پرسیار و وەڵامەکەش دەگرت. دەمانزانی کە ئەم پرسیارانە لە دەرەوە دێن، خەڵکی نێو حیزبی دەعوە و ئەوانی دیکەن.. ئێرانییەکان و مەرجەعەکانی ئێران و ئەوانەش. چونکە نادڵنیایی و ناکۆکییان هەبوو لەگەڵ مەرجەعیەتی خومەینی. ئەوانیش باوەڕیان وەکو باوەڕی خومەینی نەبوو کە دەیگوت دەبێ مەهدیی چاوەڕوانکراو بخەینە لاوە. خومەینی چی دەویست؟ دەیویست چاوەڕوانیی مەهدی بخاتە لاوە و خۆی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. دەیگوت بەسە چاوەڕوانی، دەبێ خۆمان کاربکەین. مانای بیرۆکەکەی ئاوابوو، بەڵام سەید خوئی لەگەڵ بۆچوونی بەوشێوەیە نەبوو، دەیگوت دەبێ چاوەڕێ بین تاوەکو مەهدی دەگەڕێتەوە.

**کاوە ئەمین: باسی ئەوەت کرد کە سەید خوئیت لە نزیکەوە بینیوە، دوو جار ئەوت بینیوە، ئەو دووجارە لەسەر داوای ئەوبوو یان تۆ داوات کرد بیبینی؟**

**سەباح حەمدانی:** نا من چەند جارێک بینیم، زۆر جار بینیومە، بەڵام جاری یەکەم ئەو حەزی کرد من بناسێت. چونکە شتی باشی بیستبوو، کوڕەکانی، سەید محەممەد تەقی و سەید مەجید، سەید مەجید بە

تەمـەن لـە مـن بچووکتـر بـوو، سـەید محەممـەد تەقـی پێموایـە دوو سـێ ساڵ لـە مـن گەورەتـر بـوو، واتـە لـە تەمـەن دا نزیـک بوویـن، چەندیـن جـار دانیشـتووین و سـەبارەت مەسـەلەی ئایینـی گفتوگۆمـان کـردووە، سـەبارەت بابەتـی سیاسـی و زۆر شـت، تەنانـەت ئەگـەر قسـەکە لـە دژی رژێمیـش بووایـە نەدەترسـان. دڵنیابـوون کـە مـن قسـەکانیان تۆمـار ناکەم و هیـچ کارێـک ناکـەم سـوودی بـۆ دەزگای ئەمـن هەبێـت. لـەو رووەوە زۆر لـە مـن دڵنیـا بـوون، تاوەکـو ئاسـتێک کـە لـە قسـەکردن سـەبارەت هـەر شـتێک کـراوە بوویـن، بۆیـە حەتمـەن لەبـارەی منـەوە قسـەیان بۆ کـردووە بۆیـە داوای کـرد بمبینـێ، منیـش چـووم و لـە ماڵەکـەی خـۆی لـە کووفـە بینیـم. شـێخ فەخـری زنجانیـش لەوێبـوو. نزیکـەی نیـو کاژێـر قسـەمان کـرد و دوای ئـەو دیـدارە بـە دوو سـێ رۆژ، پارێـزگار چووبـوو بـۆ لای، ئەمینـداری لقـی حیـزب و بەڕێوەبـەری ئەمنیشـی لەگـەڵ بـوون. بەڕێوەبـەری ئەمـن ئەوکاتـە نـووری عەلـی فەهـد بـوو، خەڵکـی رومـادی بـوو. بـە دوایـدا ناردم و گوتـی نەقیـب سـەباح وەرە، ئـەو سـەید خوئییـە ئێمـە چوویـن بـۆ سـەردانی، کەچـی هـەر سڵاویشـی لێنەکردیـن. گوتـم چـۆن؟ گوتی دەسـتم بـدەرێ دەسـتم بـدەرێ، دەسـتم دایـێ، گوتـی ئـاوا بـە ساردی تەوقـەی لەگـەڵ کردیـن، ئەمینـداری لقـی حیـزب و پارێـزگار و بەڕێوەبـەری ئەمـن چوویـن بـۆ لای کەچـی هیـچ گرنگیـی پێنەدایـن. گوتـم خوا ئـاگادارە گـەورەم مـن دوو رۆژ لەمەوبـەر لەوێبـووم، بـە گەرمـی تەوقـەی لەگـەڵ کـردم و بەخێرهاتنـی کـردم. گوتـم دیـارە شـتێک هەیـە و لێتـان نیگەرانـە. ئـەو بەگشـتی لـە ئیـدارەی شـارەکە نیگـەران بـوو، چونکـە لەگەڵیـان کەوتبـووە کێشـەی زۆرەوە، بەتایبەتـی ئەوقـاف، چونکـە پەیوەندی ئایینیی ئـەو لەگەڵ ئەوقافـە، مەبەسـتم ئەوقافـی نەجـەف. پەیوەنـدی بـە پارێـزگارەوە نییـە، بـەڵام پەیوەنـدی بـە ئەمنـەوە هەیە، چونکە ئەمـن خەڵک دەگرن و دەسـت بەسـەر موڵـک و مـاڵ دا دەگـرن، خەڵـک رادەگوێـزن و لـەو ماوەیـەدا هەنـدێ لـە پیاوانـی ئایینـی وڵاتبـەدەر کـران و زۆر کـەس گیـران و تەنانـەت دوو لـە کەسـە نزیکەکانـی خۆیمـان گـرت، مەبەسـتم دەزگای ئەمنـە، دوو

کەسی دیکە جگە لە سەید محەممەد تەقی جەلالی کە خەزووری ئیبراهیمی کوڕی بوو. بۆیە بە دڵنیاییەوە ناتوانێ گەرموگوڕ بێت. هەر لەبەر ئەوەش بوو سەید محەممەد تەقی خوئی برووسکەیەکی بۆ ناردم کە دەڵێت: ئێمە هەراسان دەکرێین. هەر بە دیاریکراوی دەڵێت لەلایەن ئیدارەوە هەراسان دەکرێم، بۆیە داوا دەکەم ئەم ئەرکە لە ئەستۆی من بکەنەوە، ئێوە پێشتر میوانداریتان کردووم. برووسکەکە بێگومان بۆ سەددام حوسێن نووسرابوو.

**کاوە ئەمین: بۆ سەددامی نووسیبوو؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ، ئێوە میوانداریتان کردم و وەک میوانێک پێشوازیتان لێکردم، بەڵام ئێستا عوزرم قبووڵ بکەن. بەو مانایەی کە دەمەوێ ئەم وڵاتە بەجێبهێڵم. شێخ محەممەد تەقی کە ئەم برووسکەیە وەردەگرێ بەو سیفەتەی بریکاری مەرجەعە، دەستبەجێ تەلەفۆنی بۆ من کرد، گوتی شتێکی ئاوا هەیە، گوتم برا برووسکەکە بێنە بۆ من. ئەوەبوو هێنای. برووسکەکە مۆری سەیدی پێوەبوو، ئەبولقاسم خوئی، داوا دەکات رێی بدەن لە وڵات بڕوات. ئێ منیش دەزانم ئەمە کێشەیە. بەڕێوەبەری ئەمن رقی لە سەید خوئی بوو، بۆیە هەمیشە کێشەی بۆ دروست دەکرد. بەڕاستی بڵێم، هەڵوێستی بەرامبەری زۆر خراپ بوو.

**کاوە ئەمین: برووسکەکە گەیشتە دەستی سەددام؟**

**سەباح حەمدانی:** نا ئەوەی باسی دەکەم، برووسکەکە هێشتا لای منە. شێخ محەممەد تەقی هێنای بۆ من. منیش چوومە لای بەڕێوەبەری ئەمن و گوتم گەورەم ئەوەتا سەید خوئی دەیەوێ لە عێراق بڕوات. گوتی با بڕوات. سەرم سوڕما! مانای چی؟ دەڵێم سەید خوئی دەیەوێ بڕوات، دەڵێ ئێ با بڕوات.

**کاوە ئەمیـن: کەواتـە برووسـکەکەی سـەید خوئـی نەگەیشـتە سـەددام حوسـێن؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نـا هێشـتا هەر لەنێوانـی خۆمانـە و نەگەیشـتووە. گوتم ئێسـتا چـی بکـەم؟ گوتـی بـا بـڕوات بینێـرێ. نەیداوەتـە شـێخ محەممـەد تەقـی کـە بـە پۆسـتەدا بینێـرێ و بگاتـە دەسـتی سـەددام حوسـێن؟ گوتـی بـا بینێـرێ و تـۆش کۆپیەکیـم بـە فەرمـی بـۆ بنێـرە. دەیزانـی پۆسـتە هـەر شـتێکی رۆتینییـە و ناگاتـە جـێ. ئەوەبـوو شـێخ محەممـەد تەقـی دایـە فەرمانگـەی پۆسـتە و نامەکـە هاتـەوە بەردەسـتی مەفـرەزەی ئەمـن و ئەوانیـش بـە نووسـراوێکی فەرمـی بـۆ منیـان نـارد. واتـە چـووە نێـو کاری فەرمییـەوە.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام وا بـاس دەکـرێ کـە لەپـاش ئـەو نامەیـەی تـۆ دەڵێـی نەگەیشـتووە، سـەددام چـوو سـەردانی نەجەفـی کـرد..**

**سـەباح حەمدانـی:** ئێمـە تائێسـتا باسـی یـەک رۆژ دەکەیـن، رۆژی یەکـەم بەوشـێوەیە بـوو. سـەددام ئـەو نامەیـەی نەبینیـوە. برووسـکەکەش لەڕێی فەرمانگـەی پۆسـتەوە نەگەیشـت، ئەمـن ناردیـان بـۆ عەلـی حەسـەن مەجیـد. ئەوکاتـە عەلـی حەسـەن مەجیـد بەڕێوەبـەری ئەمنـی عـام بـوو، نـەک فـازڵ بـەڕاک. ئێمـە کـە نامەکەمـان بـە فەرمـی لـە رێگـەی پۆسـتەوە بـۆ هـات، کردمانـە برووسـکەیەک و ناردمـان بـۆ ئەمنـی عـام کـە سـەید خوئـی داوای ئەمـە و ئـەوە دەکات و دەڵـێ هەراسـان دەکرێـم و ناڕازییـە لـە ئیـدارە و گوایـە ئـەوان دژایەتـی دەکـەن، بۆیـە داوای کـردووە مۆڵەتـی بدەینـێ بـڕوات. هـەر دوای ئـەوە، خەیـری چلمێـران کـە یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری گشـتی بـوو بـۆ کاروبـاری سیاسـی، دەسـتبەجێ پەیوەنـدی پێوەکـردم، لەوکاتـەدا بەڕێوەبـەری ئەمـن چووبـوو بـۆ شـوێنێک. گوتـی مەسـەلە چییـە؟ منیـش چیرۆکەکـەم وەکـو خـۆی بـۆ گێڕایـەوە نـەک وەکو ئـەوەی بەڕێوەبـەری ئەمنـی نەجـەف دەیویسـت. راشـکاوانە بـۆم باسـکرد و گوتـم چیرۆکەکـە بـەم جۆرەیـە. شـێخ محەممـەد تەقـی برووسـکەکەی

بـۆ مـن هێنا و منیش بەڕێوەبـەری ئەمنـم لـێ ئاگادارکـردەوە، بەڕێوەبەری ئەمنیـش گـوتـی بـا بـڕوات. گـوتـی شـتـی وا چـۆن دەبێـت؟ زۆر تـووڕە بـوو لـە بەڕێوەبـەری ئەمـن، گـوتـی نابـێ ئاگادارمان بکاتەوە؟ بەهەرحاڵ گوتم ئێسـتا برووسـکەکە فەرمییە و بـۆ ئێوەمـان ناردووە. دوای ئـەوە عەلـی حەسـەن مەجیـد ئـاگادار کرایـەوە. خـەیری چلمێـران برووسـکەی بـۆ عەلـی حەسـەن مەجیـد کردبـوو، ئەویـش پەیوەنـدی بـە سـەددام حوسـێنەوە کردبـوو، گوتبـووی کێشـەیەکی وا هەیـە و سـەددامیش دەسـتبەجێ فەرمانـی کردبـوو لیژنەیـەک پێکبێـت بـۆ ئـەوەی بزانـن سـەید خوئـی بۆچـی هەراسـان دەکرێـت. هـەر بەڕاسـتیش سـەید خوئـی تاوەکـو دوا ئەنـدازە هەراسـان دەکـرا. خـۆ مـن شـیعە نیـم، بـەڵام مـن لەجێـی ئـەو بـووام دەتەقیمـەوە. بەڕاسـتی بڵێـم ئـەوەی دەزگا ئەمنییـەکان دەیانکـرد قابیلـی تەحەمولکـردن نەبـوو، بۆیـە ئەنجامەکـەی ئـەوە بـوو. بێگومـان لەنێـو دەزگای ئەمنیشـدا هەمـووان پشـتی یەکیـان دەگـرت. کـەس نەبـوو راسـتییەکە وەک خـۆی بـاس بـکات. تەنانـەت بەڕێوەبـەری ئەمـن منـی لەگـەڵ خـۆی بـرد بـۆ ئەمنی عـام نـەوەکا لەپشـتی ئـەوەوە بەڕاشـکاوی قسـە بکـەم.

**کاوە ئەمیـن: سـەددام حوسـێن لەوکاتـەدا هیـچ سـەردانێکی نەجەفـی کـرد بـۆ بینینـی خوئـی؟**

**سەباح حەمدانی:** نا.

**کاوە ئەمین: یەکتریان نەبینی؟**

**سەباح حەمدانی:** نا بەڕاستی نەخێر.

**کاوە ئەمین: نا؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نەخێـر ئـەو زانیارییـە دروسـت نییـە و بۆ ئەو کێشـەیەش نەهـات. سـەددام حوسـێن نەهـات، بەڵکـو لیژنەیەکـی پێکهێنـا لـە سـەرۆکایەتییەوە. عەلـی حەسـەن مەجیـد بەڕێوەبـەری ئەمنـی عامـی

تێدابـوو، واتـە لیژنەیـەک لـە بەرزتریـن ئاسـت. هـەردوو کوڕەکـەی سـەید خوئیشـی تێدابـوو، سـەید محەممـەد تەقـی و سـەید مەجیـد. هەروەهـا یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری ئەمنـی عـام بـۆ کاروبـاری سیاسـی و بەڕێوەبـەری ئەمنـی نەجـەف. بـەڵام لـە لێکۆڵینەوەکـەدا هەموویـان درۆیـان کردبـوو. ئەگـەر قسـەیان لەگـەڵ مـن کردبووایـە جۆرێکـی دیکـە قسـەم دەکـرد.

**کاوە ئەمیـن: پـاش پێکهێنانـی ئـەو لیژنەیـە هیـچ گۆڕانکارییـەک کـرا لـە نەجـەف؟ ئـەو هەراسـانکردنە کـەم بـووەوە کـە لەسـەر بنەماڵـەی خوئـی هەبـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ ڕەوشـەکە هەندێـک باشـتر بـوو. تەنانـەت مـن راسـپێردرام، پێشـتر مـن بـە ناڕاسـتەوخۆ هاوکاریـم دەکـردن، بـە نافەرمـی، بـەڵام لـەوە بـەدوا ئیـدی بـە فەرمـی هاوکاریـم دەکـردن. بـۆ نموونـە ئەگەر ویسـتبام شـتێک بزانم سـەبارەت کەسـێکی تۆمەتبـار، لەوانـە، جارێک سـەبارەت وەسـتایەکی نانـەوا پرسـیاریان لێکـردم. ئـەو نانەوایـە نزیکـی ماڵـی سـەید محەممـەد باقـر سـەدر بـوو، بێسەروشـوێن بـوو. ماڵـی خوئـی دەیانویسـت چارەنووسـی بزانـن. ڕۆژانـە نانیـان لێدەکـڕی و دەیانویسـت بزانـن چیرۆکەکـەی چییـە. منیـش ئـەم پەیوەندییـەی خـۆم بەکاردەهێنـا، چـووم گوتـم سـەید مەجیـد پرسـیاری ئـەو نانەوایەی لێکـردووم. راسـتە من ئەفسـەری ئەمنـم و چاودێریـش دەکرێـم و ناتوانـم بـە ئارەزووی خـۆم قسـە بکـەم، بـەڵام پەیوەندییەکـەی خـۆم بەکاردەهێنـا، گوتـم سـەید مەجیـد دەیـەوێ بزانـێ ئـەو کەسـە چـی بەسـەرهات و ئاخـۆ دەتوانـێ واسـتەی بـۆ بـکات؟ واتـە تێمگەیانـدن کـە مەرجەعیـەت پرسـیاری ئـەو کەسـە دەکـەن. سـەرەڕای ئـەوەش کـەس وەڵامـی نەدامـەوە. کارەکـە بـە ڕێچکـەی خۆیـدا ڕۆیشـت، واتـە کابرایـان کوشـت و خسـتیانە گۆڕێکـەوە. گوشـارێکی زۆریـان لەسـەر بـوو. دوو لـە خزمـە نزیکەکانـی سـەید خوئـی لـە بنەماڵـەی بێلانـی کـە ئێرانـی بـوون، وەڵـڵا سـێ کـەس بـوون، تۆمەتباربـوون بـە ئەندامێتـی حیزبـی دەعـوە و لەسـێدارەدران، هەرسـێکیان. باشـە ئەمـە چییـە؟

هەراسانکردنە یان نا؟ ئێمەش دەمانزانی و خۆم دڵنیا بووم کە ٪99ی ئەوەی پێیاندەگوت دانپێدانان، بە زەبری زۆر وەردەگیرا و راست نەبوون. ئێمە خەڵکمان تۆمەتبار دەکرد و ئەوەش موسیبەتە گەورەکە بوو کە دووژمنایەتییەکی زۆری بۆ سەددام و بۆ عێراق و بۆ دەزگا ئەمنییەکان دروستکرد. تۆ دەزانی مرۆڤێک کاتێک لەسێدارە دەدرا، هەر بەوەندە کۆتایی نەدەهات. تەنانەت خزمانی پلە سێیشی ئەوەی بیویستبا سەفەر بکات نەیاندەهێشت، ئەوەی ویستبای دابمەزرێ نەیدەتوانی، ئێ کەواتە تۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵکت کردە دووژمنی خۆت بەهۆی هەڵەیەک، یان بەهۆی دانپێدانانێکی درۆینە.

**کاوە ئەمین: باشە سەددام نیگەران بوو یان خەمی ئەوەی هەبوو سەید خوئی بچێتە دەرەوەی عێراق؟**

**سەباح حەمدانی:** بێگومان بەڵێ، چونکە دەرچوونی سەید خوئی دەبووە کێشە، ماناکەی ئەوە دەبوو کە.. واتە ئەنجامەکەی رەنگدانەوەی لەسەر کێ دەبوو؟ لەسەر شیعەی عێراق. چییان دەگوت؟ ئەوان کە ببینن مەرجەعە باڵاکەیان هەڵدێ، هەڵاتنێکی ئاساییش نا، هەڵاتن لە تاو دژایەتی، هەڵاتن بە دڵشکاوییەوە، ئەمە خەڵکی تووڕە دەکرد، ئەمەش لە چ کاتێکدا؟ ئێمە لە جەنگداین. من باسی 1986 دەکەم، لە گەرمەی جەنگدا بووین لەگەڵ ئێران. مەرجەع بڕوات ئێران سوودی لێ دەبینێ، ئەمە شیعەکان بەشێوەیەکی نائاسایی دەورووژێنێ و نازانی ئەنجامەکەی چی دەبێت، بۆیە سەددام کەوتە خۆی بۆ ئەوەی سەید خوئی لە نەجەف بهێڵێتەوە.

**کاوە ئەمین: تۆ جارێک لەماڵی سەید خوئی، سیستانی دەبینی، قسەت لەگەڵ کرد؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ جارێک چوومە لای سەید خوئی و بینیم سەید سیستانی لەوێیە، تەنیا سڵاوم لێکرد. تەنانەت داوەتێک هەبوو ئامادەی

نەبـوون، تەنیـا بەخێرهاتـن و دانیشـتنێکی کـورت و پاشـان ڕۆیشـتن. سـەید سیسـتانی و سـەید خوئـی پێکـەوە ڕۆیشـتن، مـن و کوڕەکانـی سـەید خوئـی مابنەوە.

**کاوە ئەمین: ئەوکاتە ئەوان نێوانیان خۆشبوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ. کوڕەکانـی خوئـی پێیاندەگـوت مامە. مامە سـەید عەلـی. ڕێزێکـی زۆر لەنێوانیـان هەبوو.

**کاوە ئەمیـن: کەواتـە بـا ئـەو پرسـیارە بکـەم، لەنێـو بنەماڵـە نێودارەکانـی شـیعەدا ئەوانـەی هەوڵیـان داوە مەرجەعیـەت وەربگـرن، لەوانـە بنەماڵەی سـەدر و خوئـی و ئەوانـی دیکـە، هەسـت بـە ناکۆکـی دەکـرا لەنێوانیـان یان تەبا بـوون؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان ناکۆکـی هەبـوو. سـەید محەممـەد باقـر سـەدر خـۆی لەخۆیـدا مەرجـەع بـوو، یەکێـک لـەو شـتانەی لێکۆڵینـەوەم لەسـەر کـردووە و توێژینـەوەم لەسـەر پێشـکێش کـردووە، بەتـەواوی پشـتم بـە محەممـەد باقـر سـەدر بەسـتبوو، چونکـە محەممەد باقر سـەدر بیرۆکـەی جوانـی هەبـوو، تەنانـەت بـە ئاراسـتەی سـوننەش، بـۆ نموونـە لەگـەڵ ئـەوە نەبـوو جنێـو بـە هیـچ هاوەڵێکـی پەیامبـەر بـدرێ و بەکورتـی لـەو شـتانە دووردەکەوتـەوە کـە دەبوونـە هـۆی ناکۆکـی لەنێـوان سـوننە و شـیعە. بۆیـە ئـەم پیـاوە لەگـەڵ نزیکبوونـەوە بـوو، لەوانـە بوو کـە داوای نزیکبوونـەوەی دەکـرد، وەک ئەوانـی دیکـە نەبـوو کـە کاتێـک پرسـیاریان لێدەکـەی نـەرم نیـن، پێتدەڵـێ ئـەوە وایـە و تـەواو. نـا ئـەو پیاوێکـی کراوەبـوو، ئینجـا عەرەبیـش بـوو، بۆیـە بەربژێـری یەکـەم بـوو بـۆ ئـەوەی مەرجەعیـەت لەپاش کۆچـی دوایـی سـەید خوئـی وەرگـرێ، بـەڵام سـەددام حوسـێن ئـەو هەڵەیەشـی کـرد و ئـەوی لەسـێدارەدا. وایـان تێگەیاندبـوو کـە مانـەوەی محەممـەد باقـر سـەدر بـە زیندوویـی مانـای کۆتایـی ڕژێمـە، ئـەوەش هەڵەیەکـی گـەورە بـوو.

**کاوە ئەمین: لەو توێژینەوەیەی کە کردبووت، دەڵێی ئێمە دەمانویست مەرجەعیەتێکی عەرەبی بۆ شیعە دروستبکەین کە حیزبی بەعسیش پشتیوانی بکات، کێ بوو ئەو کەسەی پێتانوابوو دەبێ پشتیوانی بکرێت؟ باسی محەممەد محەممەدسادق دەکرێ کە حیزبی بەعس ویستوویەتی پشتیوانی بکات بۆ وەرگرتنی مەرجەعیەت..**

**سەباح حەمدانی:** لەو ماوەیەی من خەریکی ئەوە بووم، محەممەد محەممەدسادق سەدر کەسایەتییەکی لاوازی نەناسراو بوو. کەس نەیدەناسی، هەرچەندە ئەویش پیاوێکی ئایینی بوو، جەماوەری هەبوو، جگە لەوەش زۆر نزیک بوو لە سەید محەممەد باقر سەدر. واتە ئەویش ئاراستەیەکی هەبوو، بەڵام بەهێز نەبوو، خەڵکی لەو بەهێزتر هەبوون. بنەماڵەی حەکیم هەبوون، یان بۆ نموونە سەید محەممەد عەلی حەمامی هەبوو. سەیدی گەورە هەبوون کە خاوەن ڕۆڵ بوون، بنەماڵەی کاشف غەتا هەبوون، واتە پیاوانی ئایینی زۆر گرنگ هەبوون کە لە هاوسەنگیدا لەو بەهێزتر بوون، بەڵام سەید محەممەد محەممەد سادق سەدر سوودی لە جەماوەریبوونی سەید محەممەد باقر سەدر وەرگرت. خەڵک هەموو چاویان لەسەر محەممەد باقر سەدر بوو. سەدر زۆر هەڵوێستی بەنێوبانگی هەبوون، ئینجاش کە لەسێدارەدرا، ئەم هات هەموو ئەو خۆشەویستییەی چنییەوە و کەوتە یاریکردن، کەوتە هاوکاری لەگەڵ ڕژێمی عێراق بۆ مەسەلەی حەوزەی عەرەبی، بۆیە دوای 1991 کە من عێراقم بەجێهێشتبوو، پاش ڕووداوەکانی ئەو ساڵە کە ئەویش دەستگیرکرا، ئاخر محەممەد محەممەد سادق سەدر گیرا. کە ئەو شتانە ڕوویاندا، ئیدی ڕێبازی خۆی گۆڕی و بە تەواوی باوەڕی بە قسەی دەوڵەت هێنا، باوەڕی بە قسەی ئەمن هێنا، ئینجا دەستیکرد بە وەرگرتنی یارمەتی، بەڵام وەک خۆی بەشی ئەوە زیرەک بوو کە سوود لە دەوڵەت وەرگرێ و هێز پەیدا بکات، ئاخر دەسەڵاتی زۆری پێدرا. پارە بۆ قوتابخانەی ئایینی و پارە خەرجکردن بۆ قوتابییەکانی و بەخشینی

مافـی نیشـتەجێبوون بـە خەڵـک، واتـە دەسـەڵاتی ئـەوەی هەبـوو مافـی نیشـتەجێبوون و مانـەوە بداتـە پیاوانـی ئایینـی و زانـا و ئەوانـەی لـە دەرەوە بـۆ خوێنـدن دەهاتـن. ئەمانـە دەسـەڵاتی زۆر بـوون. ئیدی بـە تێپەڕینی کات، ئێمـە باسـی 1991 دەکەیـن، سـاڵەکانی 92، 93، 94 و 95 و 96 سـەددام بـەرەو لاوازی دەچـوو، سـەید محەممـەد کـە باوکـی موقتەدایە، سـوودی لـەو دۆخـە وەرگـرت. بەشـێوەیەکی عادەتـی، پیـاوی ئایینـی کـە نزیـک بـوو لـە دەزگای ئەمـن یـان لـە حیـزب لای خەڵـک بەدنـاو دەبـێ، خەڵـک لێـی دەتەکێتـەوە، تەنانـەت ئێمـەش هەمانبـوو. هـەر پیاوێکـی ئایینـی پەیوەندی لـەو جـۆرەی هەبووایـە، لـە سـەردەمی سـەددام پیـاوی ئایینـی ناسـراو هەبـوون کـە نزیـک بـوون لە سـەددام، ئیـدی خەڵـک دەکەوتنە قسـە، ئەها ئـەوە فڵانـی کـوڕی فڵانـە.. واتـە دەبوونـە داردەسـتی سـوڵتان، جـا لەنێـو برایانـی شـیعەش هەمـان شـت هەبـوو، فـڵان لـە دەسـەڵات نزیکـە وریابن، بـەڵام سـەدریان قبـوڵ کـرد، بۆچـی؟ لەبەرئـەوەی لەسـەر دوو پـەت یـاری دەکـرد. بەقسـە لـە دژی دەوڵەت بوو بەشـێوەی ناڕاسـتەوخۆ، لەولاشـەوە نوێـژی هەینـی دەکـرد. لەکاتێکـدا زانایانـی شـیعەی ئیمامـی کردنـی نوێـژی هەینـی رەتدەکەنـەوە لـە وڵاتێکـدا کـە حاکمێکـی سـتەمکاری هەبـێ. نوێژی هەینـی ناکـرێ تاوەکـو ئەوکاتـەی حاکمێکـی عـادل دێـت. هەمووان لەسـەر ئـەوە هـاوڕان، ئەمـە دەرچوونـە لـە دەق. حاکمـی سـتەمکار هەیـە و کەچی ئـەو نوێـژی هەینـی دەکات، بـەڵام ئـەم نوێـژی هەینییـەی زۆر بـە زیرەکانـە دەکـرد، ناڕاسـتەوخۆ قسـەی لـە دژی دەوڵـەت دەکـرد و دەیویسـت لـە بازنـەی دەوڵـەت دەربچـێ، بـەوە جەماوەرێکـی لەخـۆی کۆکـردەوە، چونکـە قسـەکانیان دەبیسـت. ئێسـتا مـن دژی دەوڵەتـم، گوێـم لـە یەکێـک بێـت جنێـوی پێبـدا خۆشـحاڵ دەبـم. لـەڕووی دەروونییـەوە خۆشـحاڵ دەبـم. شـیعەش بەوجـۆرە خۆشـحاڵ دەبـوون بـە قسـەکانی ئـەو لـە گوتارەکانـی نوێـژی هەینیـدا، تـەواو کەواتـە جەمـاوەری پەیداکـرد. بەوجۆرە لەسـەر دوو پـەت یـاری دەکـرد تاوەکـو ئـەو رۆژەی لـە 1999 دا کـوژرا.

**کاوە ئەمیـن: تـۆ کـە لێکۆڵینـەوەت کـردووە و ماوەیەکی زۆر لەگـەڵ ئەوان ژیـاوی و چاودێریـت کـردوون، ئێسـتا ئەگـەر باسـی مەرجەعیـەت بکەیـن، تێڕوانینـی ئـەوان بـۆ سیسـتەمی حوکمڕانیـی عێـراق چـۆن بـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** هەمـوو مەرجەعـەکان و زاناکانیـان، بـە رووکـەش دژی دەوڵـەت بـوون، مـەرج نییـە دژیشـی بووبـن، بـەڵام دەتوانیـن بڵێیـن کاریـان بەسـەر دەوڵەتـەوە نەبـوو، چەنـدی بیانتوانیبا خۆیانـی لـێ لابـدەن و خۆیـان بـەدوور بگـرن بـۆ خۆیـان باشـتر بـوو، چونکـە ئەمـە دەوڵەتـە. مامەڵـەی لەگـەڵ بکـەی دەتخاتـە کێشـەوە، دژایەتـی بکـەی دەکەویتە کێشـەوە، بۆیە زۆرینەیـان لەوجـۆرە بـوون و هیـچ پەیوەندییەکیـان بـە دەوڵەتـەوە نەبـوو، بـەڵام دەوڵـەت ئـەوەی بـۆ گرنـگ بـوو، بۆیـە هەوڵـی دەدا پەیوەندییـان لەگـەڵ دروسـت بـکات، جـا بەهۆی ئێمـەوە بووبێ وەک ئەفسـەرانی ئەمن و موخابـەرات یـان بەڕێگـەی دیکـە، هەندێکیشـیانی راکێشـایە لای خـۆی، ئیـدی بـە پـارە بووبـێ، بـە مووچـە بووبـێ، زۆریشـیان لـەو پـارە هەڵڕشـتنە سـوودمەند بـوون، بۆیـە کەوتنـە پەیوەنـدی لەگـەڵ دەوڵـەت و لەگـەڵ دەزگای ئەمـن. مـن خـۆم پـارەم داوەتـە هەنـدێ زانـای وا کـە خەڵـک لـە پشـتیانەوە نوێژیـان دەکـرد، واتـە جـۆرە خەڵکانـی وا کـە مەرجەعێکـی بچووککـراوە بـوون، بـەڵام لەژێـرەوە مووچەیـان لای ئێمـە وەردەگـرت. تـۆ کـە مووچـە لـە ئەمـن وەربگـری، مانـای وایـە سیاسـەتی دەزگای ئەمـن جێبەجـێ دەکـەی، وایـە یـان نـا؟ بۆیـە بەڵـێ تێیانـدا هەبـوو هاوکارییـان دەکردیـن. زۆر جـار داوای نـاوی ئەوانەیـان لێکـردووم، مـن باسـی هاوکاریـی خەڵکـم کـردووە لەگـەڵ دەزگای ئەمـن، بـەڵام خەڵـک هەبـووە هاوکاریـی کـردووە نـە لەبـەر خۆشەویسـتییان بـۆ ئێمـە، رەنگـە لەبـەر پـارە بووبـێ، یـان بـۆ گەیشـتن بـە هەنـدێ بەرژەوەنـدی لەڕێی منـەوە وەکو بەرپرسـێکی ئەمـن، یاخـود لـە ترسـان، یانیـش بـۆ پاراسـتنی خەڵکـی دیکـە، بـۆ پاراسـتنی خـۆی و خەڵکانـی دیکـە. نموونەیەکـی سـادەت بـۆ دێنمـەوە، مەحمـوود دووعائـی لـە قەڵەمـی نهێنیـی خومەینـی بـوو پێـش ئـەوەی خومەینـی لـە عێـراق دەربچێـت، یـان دەربکرێـت. مەحمـوود دووعائـی وەکیلـی ئێمـە بـوو

لـە ئەمـن. فایلـی هەیـە خـۆم هەموویـم خوێندووەتـەوە. راپۆرتەکانـی کـە وەکـو سـیخوڕی ئەمـن بـۆ ئێمـەی ناردوون، بـەڵام چـی بـۆ ناردووین. ئـەو شـتەی بـۆ ناردوویـن کـە خزمەتـی خۆیانـی کـردووە، لـە هەمـان کات پارەشـی لـە ئێمـە وەرگرتـووە. ئـەم مەحمـوود دووعائییـە هـەر کـە خومەینی عێراقـی بەجێهێشـت و چـووە پاریـس و دوای سێ مانگ لەوێـوە گەڕایـەوە و حوکمـی ئێرانـی گرتەدەسـت، ئـەم جـارە وەکـو باڵیـۆزی ئێران لـە عێـراق بـۆ ئێمەیـان ناردەوە. باشـە ئەمـە وەکیلـی ئەمـن بـوو لای ئێمـە، بۆیـە هەمـوو ئەوانـەی هاوکاریـی ئێمەیـان کـردووە، مـەرج نییـە دڵسـۆز بووبـن، بـەڵام هەبـوون بەڕاسـتی هاوکارییـان کردوویـن.

**کاوە ئەمیـن: لـەو دیدارانـەی تـۆ لەگـەڵ ئەبـو قاسـم خوئـی لەوکاتـەدا کـە جەنگـی ئێـران عێـراق هەبـوو، هیـچ کاتێـک باسـی ئـەو جەنگەتـان دەکـرد؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نەخێر قسـەی لەبارەوە نەدەکـرد. لەو بابەتانـەدا بەهیچ جۆرێـک قسـەی نەدەکـرد، مەگـەر پرسـیاری لێکرابووایـە لـەڕووی فەتـواوە، یەکێـک دەهـات و داوای فەتـوای دەکـرد و ئەویـش بەوجـۆرە وەڵامـی دەداوە کـە پێشـتر بـۆم باسـکردی. واتـە هـەر بـە ئامـاژە باسـی دەکـرد، داوای راگرتنـی شـەڕی دەکـرد لەنێـوان موسـڵمانان و داوای چارەسـەری دەکـرد بـۆ ئـەو فیتنەیـەی کـە لەنێـوان موسـڵمانان هەڵگیرسـاوە. ئـەم شـتانەش لـە بنەڕەتـەوە خومەینـی رەتیدەکردنـەوە. خومەینی هەڵوێسـتی راشـکاوانەی لـە خوئـی دەویسـت، هەڵوێسـتێک لـە بەرژەوەنـدی ئێـران بێـت و دژی سـەددامی کافـر بێـت، بـەو ئیعتیبـارەی کـە خـۆی کافـر نییـە. تـۆ دەزانـی سـەددام و خومەینـی لـە هەمـان سـاڵدا گەیشـتنە دەسـەڵات، ئەمـە چـی دەردەخـا؟ ئـەوە پلانێکـی گـەورە بـوو بەکاریانهێنـا، وەکـو گوتـم، لـەو رۆژەوە کـە خوالێخۆشـبوو مـام جـەلال، ئاخـر هەمـوو جـارێ ئـەو قسـەیەی ئـەوم بیردێتـەوە کـە شـتێکی لەبـارەی سـی ئـای ئـەی دەخوێنـدەوە، هەمیشـە ئـەوەم بەبیردێتـەوە. چونکـە بـە کـردەوە ئـەوەم بەچـاوی خـۆم بینـی هاتـەدی. کـەی؟ لـە 1979، ئـەو رۆژەی خومەینـی

گەڕایەوە. بەکردەوە لەوکاتەوە ململانێی شیعی سوننی دەستیپێکرد، ململانێیەکە بە هەناردەکردنی شۆڕش دەستیپێکرد، خومەینی هات بۆئەوەی شۆڕشمان بۆ هەناردە بکات، ئێ باشە ئێمە چی لە شۆڕش بکەین؟ شۆڕشەکەت هەناردە بکە بۆ شوێنێکی دیکە.

**کاوە ئەمین: کێ محەممەد سادق سەدری کوشت؟ حیزبی بەعس بوو یان ئەوەی کە گوایە ئێرانییەکان کوشتوویانە؟**
**سەباح حەمدانی:** دوایین زانیاری من لەوبارەوە، چونکە من ئەوکاتە لە عێراق نەمابووم، دوایین پووختەی ئەو چیرۆکە کە ئەگەر بتوانم پووختی بکەمەوە بۆ ئەو برایانەی گوێیان لێمانە. کوژرانی محەممەد محەممەدسادق سەدر بەدەستی ئێرانییەکان بوو، بەڵام بە رەزامەندیی عێراق. رێککەوتن بوو.

**کاوە ئەمین: چۆن؟**
**سەباح حەمدانی:** رێککەوتن.

**کاوە ئەمین: چۆن شتی وا دەبێ؟**
**سەباح حەمدانی:** بەڵێ رێککەوتن.

**کاوە ئەمین: رێککەوتن لەسەر ئەوەی کە بکوژرێت، بەڵام بەدەستی ئێرانییەکان؟**
**سەباح حەمدانی:** بەڵێ. من شایەتێکم هێنایە ئەو کەناڵەی کە خۆم سەرپەرشتی دەکەم. ناوم ناوە شایەتێک لە بێجاتەوە. ئەمە لە دەستەی پاسەوانیی کوڕەکانی سەددام بووە، لە بن ئامۆزاکانی سەددامیشە، واتە کوڕی ئامۆزای سەددامە، ئینجا لە دەزگای ئەمنی تایبەتیش بووە. دەزگای ئەمنی تایبەت هەموو شت دەزانن. ئاگایان لە زۆر وردەکارییە.

**کاوە ئەمین: ئەو چی دەڵێ؟**

**سـەباح حەمدانـی:** دەڵـێ.. دەڵـێ موخابەراتـی ئێرانـی و عێراقـی ڕێککەوتـن لەسـەر تیرۆرکردنـی محەممەد محەممەدسـادق سـەدر. ئەمـە بەدڵی ڕژێم بـوو، ڕزگاری دەکـردن لـەوەی کـە تووشـی هاتبـوون، ئـەم کەسـە نەهـات ببێتـە مەرجەعێکـی عەرەبـی کـە خزمەتـی ئێمـە بـکات، بەڵکـو هاتـووە بـۆ ئـەوەی خەنجەرمـان لێبـدات، ئەمـە قسـەی ئەوکاتەیـە کـە ڕژێـم خەریـک بـوو لاواز دەبـوو. باسـی سـاڵی 1999 دەکەیـن، بۆیـە کردیانـە قوربانـی.

## بەشی چوارەم

# تیرۆرکردنی مەرجەعەکانی شیعە

بۆ بینینی بەشی چوارەمی هەڤپەیڤینەکە ئەم کیوئارڕ کۆدە سکان بکە

**کاوە ئەمیـن: گوتـت سـەید خوئـی زۆر نەیدەویسـت باسـی جەنگـی عێـراق ئێرانـی لەگـەڵ بکرێـت، بـەڵام ئـەوەی تـۆ هەسـتت پێکردبـێ هیـچ هاوسـۆزییەکی لەگـەڵ ئێـران هەبـوو لـەو کاتـەدا؟**
**سـەباح حەمدانـی:** خـوا ئاگاداری نـاو دڵـی ئینسـانە، بەخێرهاتنتـان دەکـەم بێگومـان بـۆ ئەڵقەیەکـی نـوێ. خـوا ئاگاداری نێـو دڵانـە.

**کاوە ئەمین: هیچی دەرنەدەبڕی سەبارەت هەستی خۆی بەرامبەر ئێران؟**
**سـەباح حەمدانـی:** مـن لەجێـی ئـەو بوومایە بـە دڵنیاییەوە پشـتگیریی وڵاتی خـۆم دەکـرد، ئێـران، بـەڵام وەکـو مەرجـەع، ئـەو بەرپـرس بـوو لـە بەرامبـەر هەمـوو شـیعە، بـە عێراقـی، عـەرەب، کـورد و هەموویـەوە. ئەو بەرپرسـە، دەبـێ بەجۆرێک قسـە بـکات...

**کاوە ئەمین: راستە، بەڵام تۆ هیچ هەستێکی وەهات تێدا نەدەبینی؟**
**سـەباح حەمدانـی:** نەخێـر، بەهیـچ جۆرێـک هەسـتم نەکـرد هاوسـۆزبێ لەگـەڵ ئێـران، تەنانـەت منداڵەکانیشـی.

**کاوە ئەمیـن: ئەوکاتـە وەکـو باسـمانکرد سـەید عەلـی سیسـتانیش لـە نەجـەف بـوو، هیـچ پێگەیەکـی گرنگـی ئایینـی هەبـوو لـەو کاتـەدا؟**
**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان نەخێـر، پێگەیەکـی ئەوتـۆی نەبـوو جگـە لەوەی کـە یەکێـک بـوو لـەو موجتەهیدانـەی لەوێبـوون و لـە حـەوزە دەیانخوێنـد. جگـە لـەوەش، ئەوکاتـەی سـەید خوئـی کۆچـی دوایـی کـرد، ئـەو نەبـووە مەرجەعـی بـاڵا، بەڵکـو سـەید عەبدلئەعـلا سـەبزەواری بـووە مەرجەعـی بـاڵا، ئەمیـش کەسـایەتییەک بـوو مـن پەیوەندیـی تایبەتـم لەگەڵـی هەبـوو، پەیوەندییەکـی بەهێـز. دەچـووم و بەسـەرم دەکـردەوە. کراوەتریـن پیـاوی ئایینـی کە ناسـیبم، سـەید عەبدلئەعلا سـەبزەواری بووە. ئەم پیـاوە لەدوای کۆچـی سـەید خوئـی بـووە مەرجەعـی بـاڵا، کـێ دژایەتـی دەکـرد؟ کوڕەکانی

سـەید خوئـی. ئـەوان پێداگرییـان دەکـرد کـە دەبـێ سـەید عەلـی سیسـتانی ببێتــە مەرجــەع، لــەو ماوەیــەدا ئــەوان هــەر خەریکــی مشــتومڕ بــوون لەسـەری، بـەڵام ئیـدی سـەبزەواری ببـووە مەرجـەع و کۆتایی هاتبـوو. زۆری نەبـرد ئەویـش کۆچـی دوایـی کـرد، مردنێکـی سرووشـتی و تەنیـا شـەش مانـگ دوای ئـەوەی کرایـە مەرجەعـی بـاڵا. بـۆ دیاریکردنـی مەرجەعـی نـوێ، کوڕەکانـی خوئـی پشـتی سـەید سیسـتانییان گـرت و بەوشـێوەیە ئـەو بووە مەرجەعـی بـاڵا.

**کاوە ئەمیـن: حیزبـی بەعـس لەونێـوەدا هیـچ یاریەکـی نەدەکـرد لەنێـوان ئـەو بنەماڵانـە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** تاوەکـو ئەوکاتـەی مـن لەوێبـووم، ئـاگاداری دواتـر نیـم، بــەڵام هەســتم بــە گەمژەیــی و دەبەنگییەکــی زۆر دەکــرد لــە شــێوازی مامەڵەکـردن لەگـەڵ مەرجەعیـەت و کەسـایەتییە ئایینییـەکان. تـۆ بیهێنـە پێـش چـاوت بەڕێوەبـەری ئەمـن، واتـە بەڕێوەبەرەکـەی مـن کـە لـە مـن کۆنتـرە و دەبـوو لـە مـن تێگەیشـتووتر بـێ، لەکاتێکـدا مـن ئەفسـەرێکی پلـە نـزم بـووم و نەقیـب بـووم، بـەڵام ئـەو موقـەدەم بـوو، دەبـوو لـە کاری ئەمنیـدا قـاڵ بێـت، دەچـم ئـاگاداری دەکەمـەوە دەڵێم سـەید خوئـی بڕیاری داوە لـە عێـراق بـڕوات، دەڵـێ بـا بـڕوات ملـی بشـکێنێ!

ئەمـە چ بەڕێوەبەرێکـی ئەمنـە؟ هەڵەیـە کەسـی وا بکەیتـە بەڕێوەبـەری ئەمــن. تــۆ بەڕێوەبــەری ئەمنــی، دەبــێ شــارەکەت لــەڕووی ئەمنییــەوە بپارێـزی. تـۆ بەرپرسـی لـە ئاسایشـی نەجـەف، ڕەفتـاری لـەم جـۆرە کێشـەی ترسـناکی بـەدواوە دەبـێ. خـۆ ئەگـەر بەڕاسـتی سـەید خوئـی ڕۆیشـتبایە، لەکاتێکـدا کـە شـارەکە پـڕ ببـوو لـە دەنگـۆ پـاش لەسـێدارەدانی پیاوانـی بنەماڵـەی میلانـی و لەسـێدارەدانی سـەید محەممـەد تەقـی جەلالـی، ئـێ باشـە چـی بەسـەر ئـەو وڵاتـە دەهـات؟ بۆیـە ئەوانـە کۆمەڵێك خەڵکی گێل بـوون و لەکاتێکـی نەگونجـاودا ببوونـە حاکـم، هـەر ئەمانـەش بـوون ئـەو هەمـوو دووژمنایەتـی و ناکۆکییەیـان بـۆ بەجێهێشـتین.

**کاوە ئەمیـن: ئـەی تێڕوانینـی دەزگا ئەمنییـەکان بـۆ عەلـی سیسـتانی چۆن بوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** سـەید سیسـتانی کەسـایەتییەکی ناسـراو نەبـوو لـە نەجـەف. ئێسـتا باسـی شـتێکت بـۆ دەکـەم کـە یەکەم جارە باسـی دەکەم و بـا بینەرانـی رووداو گوێیـان لێبێـت. پەیوەندییەکـی راسـتەوخۆم لەگـەڵ یەکێـك لـە سـەیدە مەرجەعەکانـی عـەرەب دروسـتکرد بەنـاوی سـەید محەممـەد عەلـی ئەلحەمامـی، کوڕێکـی لـەوێ پزیشـک بـوو. کابرایەکـی عرووبـی و موجتەهیـد بـوو، وانـەی ئایینـی هەبـوو، ئیمامـی سـەحنی حەیـدەری بـوو، واتـە مەزارەکـەی ئیمـام عەلـی، لـە هەمـوو روویەکـەوە کامـڵ بـوو. مـن توانیـم بگەمـە ئـەو پیـاوە و راپۆرتـم دەنووسـی لەبـارەی عرووبەتـی و جـۆری بیرکردنـەوەی، زۆر جاریـش زانیاریـم لـە دکتـۆری کوڕی وەردەگـرت، بەهەرحـاڵ گەیشـتمە ئـەو ئەنجامـە کـە ئـەم پیـاوە مومکینە بمانگەیێنێتـە ئامانجـی دامەزراندنـی حـەوزەی عەرەبی، بـەڵام لەوجۆرە بوو کـە حـەزی دەکـرد دووربـێ لـە رووناکـی. منیـش هەمـوو ئـەم شـتانەم بـۆ ئەمنـی عـام دەنووسـی، کـێ ئـەم راپۆرتانـەی دەبینـی؟ یاریـدەدەری بەڕێوەبـەری گشـتی بـۆ کاروبـاری سیاسـی و بەڕێوەبـەری ئەمنـی عـام و بەڕێوەبـەری شـوعبەی تایبـەت، واتـە شـوعبەی پێنجـەم. تاوەکـو گەیشـتە ئـەوەی رۆژێـک عەقیـد سـەعدوون لـە ئەمنـی عامـەوە هـات بۆئـەوەی سـەید حەمامـی ببینـێ. ئـێ ناکـرێ تـۆ راسـتەوخۆ بێیـت و بتـەوێ بیبینـی، دە راوەسـتە زەوینـەی بـۆ سـازکەم و ئیشـەکە رێکبخـەم، ئەگـەر حـەزی نەکـرد مەیـە، قبووڵیـان نەکـرد، هـات راسـتەوخۆ بیبینـێ، گوتیـان مـادام بیرکردنـەوەی ئاوایـە و رازی بـووە مامەڵـە لەگـەڵ نەقیـب سـەباح بـکات، کەواتـە ئەمـە کەسـێکی باشـە. دیدارەکەمـان بـۆ رێکخسـت. عەقیـد سـەعدوون رۆیشـت و هەموو شـتێکی تێکدا. لە دیدارەکەدا ناڕاسـتەوخۆ هەڕەشـەی لێکردبـوو، یـان وا تێگەیشـت کـە ئـەوە هەڕەشـەیە و بەهـۆی ئەوەشـەوە کارەکـە تێکچـوو. لـەدوای ئـەوە تەنانـەت لەگـەڵ منیـش قسـەی نەدەکـرد. 180 پلـە هەڵگەڕایـەوە و هەمـوو دەرگایەکـی لـێ

داخستین، هەر تەنانەت قوتابخانە ئایینیەکەشی داخست، وانەگوتنەوەی نەما و ئیدی هەر نەشهاتەوە بۆ پێشنوێژی لە رەوزەی حەیدەری. ئاوا بوو گوشاری ئەمن. ئێ باشە لێگەڕێن کاری خۆمان بکەین. رەنگە ئەو خۆشیی لە زمانی من هاتبێ، لە قسەکانم و لە شێوازم، راوەستە با بگەمە راستییەکە. ئەگەر گومانت لە زانیارییەکانی من هەیە بۆت تۆمار دەکەم. هەموو دیدارەکان تۆمار دەکەم و گوێ بگرە بزانە سەید حەمامی چۆن قسە دەکات. ئەمە نموونەیەکە لە ئاستی گەمژەیی ئەوانەی لە دەزگا ئەمنییەکاندا کاریان دەکرد.

**کاوە ئەمین: ئێمە پێشتر کەمێک باسی محەممەد باقر سەدرمان کرد، ئێستا با بگەڕێینەوە سەر ئەو باسە، بۆچی کوشتیان، پێموایە هەر خۆیشی نەبوو، تەنانەت خوشکەکەشیان کوشت، هۆیەکەی چی بوو؟**

**سەباح حەمدانی:** بەکورتی باسی دەکەم، خۆی ئەمە باسێکی قووڵە، بەڵام بۆتان پووخت دەکەمەوە. من لەوێ نەبووم، بەڵام هەموو وردەکارییەکەیم خوێندووەتەوە و بیستووشمە. لە کێ؟ لەوانەی کە جێبەجێیان کرد. ئەمە باسی سێ مانگ پێشتر دەکەم، سێ مانگ پێش ئەوەی رەوانەی نەجەف بکرێم. یەکەم جار کە رەوانەی نەجەف کرام خانووم نەبوو، لەکوێ دەنووستم؟ لە خانووی ئەفسەران. ئەفسەرەکان کە دادەنیشتین، بە وردەکارییەوە باسی هەموو شتێکیان دەکرد. چیرۆکی لەناوبردنی سەدر چۆن بوو؟
ئەو ئەفسەرەی کارەکەی جێبەجێ کرد، من لە خۆیم بیستووە. ئێستا کە جار جار باسی دەکەمەوە، هەندێ لە برایانی شیعە وەڵامم دەدەنەوە و دەڵێن ئەو قسانە راست نین. نەخێر برا راستە، ئەو دەچێ سەرچاوەی دیکە دەهێنێ کە هەمووی درۆیە.

**کاوە ئەمین: کەواتە چیرۆکەکەی لای تۆ چۆنە؟**

**سەباح حەمدانی:** سەرچاوەی من ئەو ئەفسەرانەن کە خۆیان کارەکەیان کردووە، لەوانە دوویان لە ژێرخاکنانی سەید محەممەد باقر سەدردا بەشدار بوونە و ساڵی 1991 کوژران. ئەم دوو کەسە رەئیس عورەفای ئەمن بوون، خۆیان مردوونێژ بوون و لەهەمانکاتیشدا لای ئێمە بوون لە ئەمن. بێگومان لەبەرئەوەی لە خەڵک نزیکبوون زانیارییان دەهێنا. ئەم دوو کەسە لە بەخاکسپاردنی سەید سەدردا لەوێ بوون. دەگەڕێمەوە بۆ سەرەتا بۆئەوەی پووختەی چیرۆکەکە باس بکەم. خومەینی لە ئێران سەرکەوت و بێگومان خەیاڵی وابوو لە عێراقیش دووبارەی بکاتەوە. بە رێگەی جیاواز دەستیکردبوو بە نامەناردن بۆ سەید سەدر بۆ ئەوەی خەڵک هانبدا بۆ راپەڕین، بۆیە جۆرێک لە گەمارۆی خرایە سەر، هەندێ لە پیاوانی ئایینی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن لە سەید سەدر نزیکبوونە، وا باسدەکەن کە لەژێر گەمارۆیەکی توونددا بووە، ئەوە درۆیە. گەمارۆیەکی سنووردار هەبوو، گەمارۆیەکی ئەمنی بوو، چاودێری هەبوو، هەراسان دەکرا. پیاوانی ئەمن دەهاتن دوو سێ کاژێر لەبەر دەرگاکەی رادەوەستان. دەهاتن و دەچوون. ناوچەکەش هەمووی بەردەوام هێزی ئەمنی لێبوو، بەشێوەیەکی ناسرووشتی. گەمارۆکەی سەر ماڵی سەید سەدر بەوجۆرە بوو. ماوەیەک ئاوا تێپەڕی و برووسکەیەک لە خومەینییەوە هات، داوای لێدەکات عێراق بەجێنەهێڵێ. برووسکەکە دەڵێ بیستوومە دەتەوێ بڕۆی، نەڕۆی. مەبەستی ئەوە بوو بمێنەوە تاوەکو جڵەوی شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق دەگریتەدەست. سەددامیش ئەمەی بیستەوە. بێگومان هەمان ئەم برووسکەیەی نەخوێندووەتەوە، بەڵام لە هەواڵەکانەوە دەیبیستێ، چونکە ئەوان لە میدیای خۆیانەوە بڵاویانکردەوە، ئێ ئەمە وورووژاندنێکی ئاشکرای خەڵکە. سەید سەدر خۆیشی لە لایەنگرانی خومەینی بوو، یان با بڵێین لە لایەنگرانی بیرۆکەی بەرەنگاربوونەوە بوو. ئەم بیرۆکەی بەرەنگاربوونەوەیە پێچەوانە و دژی ئاراستەی سەید خوئی بوو کە

پێیوایە باوەڕداری شیعی دەبێ چاوەڕێی ئیمام مەهدی بێت. محەممەد باقر سەدر لەم مەسەلەی بەرەنگاربوونەوەیەدا هاوڕای خومەینی بوو، بەپێی ئەم بیرۆکەیە ناتوانی بێدەنگ دابنیشی، بەڵکو دەبێ کاری بۆ بکەی تاوەکو مەهدی دەردەکەوێ و ئەوکاتە ئێمە بەیداخەکەی دەدەینێ. ماناکەی ئەمە بوو. سەید سەدریش لەگەڵ ئەم بیرۆکەیە بوو کە بەشێوەیەکی گشتی سەرچاوەی مەترسییە بۆ رژێم، بۆیە فەرمانی دەستگیرکردن بۆ سەدر دەرچوو. ئەوەبوو بردیان بۆ بەغدا بۆ شوعبەی پێنجی ئەمنی عام. کە گەیشتە ئەوێ، ئەکرەم سەعید بەڕێوەبەری ئەمن خۆی چوو بۆ لای. هەر لە ماڵەکەی خۆیشییەوە بە رێزەوە هێنابوویان. لە بەغدا چوار پێنج رۆژ مایەوە. لەو چەند رۆژەدا خوشکەکەی چی کرد؟ بنت ئەلهودا... هەموو دنیای تێگەیاند. ئینجا هەڕەشەیشی کردبوو کە ئەگەر تاوەکو سبەی ئازادی نەکەن، لە کازمیە و لە هەموو شارە شیعەنشینەکانی عێراقەوە خۆپیشاندان دەکەن. بەڕاستیش هەندێک بەدەم بانگەوازەکەوە چوون. لە کازمیەی بەغدا خۆپیشاندان کرا، هەروەها لە نەجەف، بەڵام بەخێرایی سەرکوتکران. لە کازمیە، بەسرە و کەربەلا خەڵک کەوتنە جموجۆڵ، کەواتە توانی خەڵک بۆ خۆپیشاندان ساز و ئامادە بکات.

**کاوە ئەمین: کەواتە هێز و جەماوەریان هەبوو؟**

**سەباح حەمدانی:** بێگومان... بێگومان خەڵکێک هەبوون باوەڕیان پێی هەبوو. سەدر خۆی کەسایەتییەکی زۆر دیار و درەوشاوەی هەبوو، تەنانەت نێوبانگی لە مەرجەعیەتی خوئی زیاتر رۆیشتبوو، بەتایبەتی لەناو عەرەب، کەواتە بۆ سوود لەمە نەبینن؟ بەهەرحاڵ خۆپیشاندان کرا و ئەوەش ئاماژەیەکی دایە رژێم کە سەدر دەتوانێ کێشەیەکی گەورەیان بۆ سازبکات، بەتایبەتیش لەو کاتەدا کە تازە خومەینی سەرکەوتبوو، ئێران هەمووی خرۆشابوو، هەموو هاواریان دەکرد شۆڕش شۆڕش و شیعەش ئەمەیان دەبیست، کەواتە دەبێ

سـوود لـەم چەخماخەیـە وەربگیـرێ. سـەدر گیـرا و خەڵـک دەسـتیان بـە خۆپیشـاندان کـرد و خۆپیشـاندان سـەرکوت کـرا و لەترسـی ئـەوەی کـە دووبـارە خەڵـک بڕژێنـەوە سـەر جـادە، سـەدر ئـازاد کـرا و گەڕاندیانـەوە ماڵـی خـۆی. ئەمـە هەر نزیکـەی هەفتەیەکـی خایاند و بردیانـەوە ماڵەکەی خـۆی. ئـەوەی کـە دەڵێـن خرابـووە ژێـر گەمـارۆ هەمـووی درۆیـە. هیـچ گەمارۆیـەک نەخرایـە سـەر سـەدر، بۆچـی؟ سـەدر دوای ئـەوەی ئـازاد کـرا، هەرچـی شـیعەی عێـراق هەیـە لـە تەلەعفـەرەوە تاوەکـو بەسـرە، تاوەکو ئەبوخەسـیب، دەسـتە دەسـتە بـە ئۆتۆمبێـل دەهاتـن بـۆ سـەردانی. جاری وا هەبـوو پێنـج شـەش، بیسـت، چـل پاسـی کۆسـتەر، یـان بـە ئۆتۆمبێلـی بچـووک دەهاتـن و پیرۆزباییـان لێدەکـرد کـە بـە سـەلامەتی گەڕاوەتـەوە، ئەمـە نەجەفـی خرۆشـاند، مـن ئەمـەم چـۆن لەبیـرە؟ ئەوکاتـە لـە ئەمنـی قـەزاکان بـووم لـە مووسـڵ، بـەردەوام برووسـکەمان بـۆ دەهـات دەربـارەی ئـەو کەسـانەی ئۆتۆمبێلـی ژمـارە ئەوەنـدە چـووە بـۆ نەجـەف بـۆ سـەردانی سـەدر، ئۆتۆمبێلـی ژمـارە ئەوەنـدە چـوو.. ئینجـا لەوکاتـەدا ڕێنماییمـان بـۆ هـات کـە خەڵکـی خۆمـان لەگـەڵ ئـەو خەڵکـە بنێریـن بـۆ پیرۆزبایـی، بۆئـەوەی بزانیـن چـی دەگـوزەرێ. ئـەو ناوچەیـەی منیشـی لێبـووم زۆر شـیعەی  تێدابـوو، ئەوەبـوو خەڵکـم نـارد بـۆ نەجـەف، چـوون و ئەنجامەکەشـیان بـۆ هێنایـنەوە، چونکـە لـەوێ چوونـەژوورەوە بـۆ لای و بینینـی سـەدر زۆر ئاسـایی بـوو، کەواتـە دەزگاکانـی ئەمـن دەیانتوانـی بیگەنـێ و چاودێـری بکـەن و تابلـۆی ئۆتۆمبێلـەکان تۆمـار بکـەن و ئەگـەر کەسـێکیان لەنـاو ئـەو خەڵکـە ناسـییەوە زانیـاری لەسـەر بنووسـن. بەهەرحـاڵ ئەمـە بـووە هـۆی چـی؟ سـەددام حوسـێن هـەر شـێت بـوو لـەو ژمـارە زۆرەی ئۆتۆمبێـل و سـەردانیکەر. دەیگـرن خراپـە و ئـازادی دەکـەن خراپتـر، ئەمـە ئاماژەیەکـی ترسـناک بـوو، بۆیـە دەسـتبەجێ بڕیارێکـی نـوێ دەرچـوو. فەرمانێـک بـوو لـە فـازڵ بەڕاکـەوە کـە دووبـارە دەسـتگیری بکەنـەوە و خوشکەکەشـی بگـرن کـە خەڵکـی بۆ خۆپیشـاندان وروروژانـد. چونکـە ئەگـەر بـە تەنیـا هـەر خـۆی دەسـتگیر بکـرێ هەمـان

کێشـە سـەرهەڵدەداتەوە. نزیکـەی هەفتەیـەک تێپەڕیبـوو، ڕۆژی پێنجـی نیسـان بـوو کـە دووبـارە دەسـتگیرکرایەوە.

**کاوە ئەمین: چەند لەدوای ئەوە کوژرا؟**

**سـەباح حەمدانـی:** هـەر دوو سـێ ڕۆژ.. دوو سـێ ڕۆژ خرایە ژێـر لێکۆڵینەوە، مـن بەگوێـرەی ئـەوەی لـە ئەفسـەرەکانی شـوعبەی پێنجـەم تێگەیشـتم، فـازڵ بـەڕاک لەگـەڵ کوشـتنی سـەدر نەبـووە. دوو جاریش هەوڵـی لەگەڵ سـەددام حوسـێن دابـوو کـە لـە نیـازی لەنێوبردنـی سـەدر پاشـگەزی بکاتـەوە، بـەڵام نەیتوانـی. پێیانگوتبـوو بڕیارەکـە کۆتاییـە. کۆتاییەکـە چـۆن بـوو؟ هـەر لەنێـو بـارەگای ئەمـن، فیشـەکێک بەسـەری ئەمیانـەوە و فیشـەکێک بەسـەری خوشـکەکەیەوە دەنێـن. بێگومـان لەکاتـی لێکۆڵینـەوەدا، ئەکـرەم سـەعید بەڕێوەبـەری ئەمـن، خەیـری چلمێـران، سـەعدوون سـەبری، ئەمانـە بەرپرسـە باڵاکانـی شـوعبەی پێنـج بـوون، ئەمانـە هەموویـان لـە لێکۆڵینەوەکـەدا ئامـادە بـوون. ئەکـرەم سـەعید کـە خەڵکـی مووسـڵە و بەڕێوەبـەری ئەمـن بـوو، وردەکاریـی ئـەوەی کـە چـی ڕوویـدا لەکاتـی لێکۆڵینـەوە، هەمـووی بـۆ براکـەی خـۆی گێڕابـووەوە، براکەشـی هەمـوو ئەمانـەی نووسـییەوە و بـڵاوی کـردەوە، براکـەی نـاوی خەیرییـە و مفـەوەزی ئەمـن بـوو. بـۆی گێڕابـووەوە کە لەکاتـی لێکۆڵینەوە هەڵوێسـتی زۆر ئەرێنـی بـووە. سـەید سـەدر هەڵوێسـتی پۆزەتیـڤ بـووە لەکاتـی لێکۆڵینـەوە. تەنانـەت فـازڵ بەڕاکیـش کـە چووبوو قسـەی لەگەڵ کردبـوو، پێیگوتبـوو تـۆ چـۆن پشـتیوانی لـەو ئێرانییـە دەکـەی لەکاتێکـدا تـۆ کەسـایەتییەکی عەرەبـی؟ ئەویـش پشـتگیریی ئـەو قسـەیەی کردبـوو، بەگشـتی وا قسـەی کردبـوو کـە خـۆی لـێ بـەدوور دەگرێـت.

**کاوە ئەمین: کەواتە پاشگەزبووەوە لە هەڵوێستەکانی؟**

**سـەباح حەمدانـی:** زۆریـش پاشـگەز بـووەوە، چونکـە دەیبینی خوشـکەکەی لـە ژوورەکـەی ئەولاتـرە. یەکێك خوشـکی خۆی ببینـێ لە ژوورێکـی ئەولاترە

و لێکۆڵینـەوەی لەگـەڵ دەکـرێ، چـی دەکات؟ بێگومـان ئامادەیـی خـۆی بـۆ هـاوکاری دەردەبڕی. جـاری دووەم زۆر جیـاواز بـوو لـە جـاری یەکـەم، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو بەڕێـزەوە ڕەفتـاری لەگـەڵ دەکـردن، پێیگوتبـوون چیتـان دەوێ مـن ئامـادەم. نووسـراوێکیان بـۆ هێنابـوو واژۆی بـکات کـە تێیـدا دەڵـێ مـن ئـاوا و ئـاوا، گوتبـووی واژۆی دەکـەم و هیـچ لاریـم نییـە.

**کاوە ئەمین: ئەی کەوایە بۆ کوشتیان؟**

**سـەباح حەمدانـی:** تـەواو، ئـەوە چەخماخەکـە بـوو، چەخماخـەی شـۆڕش. ئەگـەر سـەدر ئەمـڕۆ نەکـوژرێ دوای 10 ڕۆژ، 20 ڕۆژ، مانگێکـی دیکـە عێراق سـەراوبن دەبـێ. بۆیـە بڕیـار درا بکـوژرێ و بەنهێنـی ژێرخـاک بخـرێ و هیـچ کـەس بـە شـوێنەکەی نەزانـێ و کـەس نەزانـێ چـی بەسـەرهات، مـاوە یـان نەمـاوە. ئیـدی بەوجـۆرە هەندێـک دەیانگـوت کـوژراوە، هەندێـک دەیانگوت نەکـوژراوە، هەندێـک دەیانگـوت لەسـێدارە دراوە، هەندێـک دەیانگـوت لـە زیندانـە و ئـازادی دەکـەن. خـۆت دەزانـی کابـرا کوڕەکـەی لەبەرچـاوی دەبـەن، لـە دڵـی خۆیـدا دەڵـێ ڕەنگـە سـێ ڕۆژی دیکـە ئـازادی بکـەن. ئـێ باشـە ئەمانـە سـەیدەکەیان گیـراوە. هەندێکیـان بـاوەڕ دەهێنـن کـە کـوژراوە، بـەڵام هەشـیانە بـاوەڕ ناهێنـێ، هەیـە دەڵـێ دڵنیابن ئـازاد دەکرێ و دەگەڕێتـەوە، بەوجـۆرە خەڵـک بێدەنـگ دەمێننـەوە.

**کاوە ئەمیـن: ئـەوان کـە سـەدر گیـرا خۆپیشـاندانیان کـرد، بـەڵام جـاری دووەم کـە گیـرا و بێسەروشـوێن بـوو، بۆچـی هەمـان کاردانەوەیـان نەبوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** لەبەرئـەوەی نەیاندەزانـی چـی بـووە. سـەدر ڕۆیشـت و بێسەروشـوێن بـوو. لـە کـوێ بێسەروشـوێنە کـەس نەیدەزانـی. بێگومـان هەنـدێ خەڵکـی درۆزن، جـا هەرکەسـێک بـن بـا گوێیـان لـە دەنگـم بـێ، گوتیان تەرمەکەیان هێناوەتەوە بۆ باوکی، بۆ سـادق سـەدر، نوێژی لەسـەر کـردووە، خـۆی تەرمەکـەی شووشـتووە، یـان هـەردوو تەرمەکـە و کفنـی کـردوون، جـا یەکێـك دەڵـێ تەرمـی هەردووکیان بـووە و یەکێـك دەڵێ هەر

یەک تـەرم بـووە. ئـەم قسـانە هیچـی راسـت نیـن، چونکـە ئەگـەر وابووایـە هەمـوو دنیـا سـەراوبن دەبـوو، بـەڵام کـەس هیچـی نەکـرد. بەڕاسـتیش ئـەو ئەفسـەرەی لـە رۆژی کوشـتنی سـەدر لە شـوعبەی پێنجـەم پەیوەندی بـە بەڕێوەبەرایەتییـەوە کردبـوو کـە دوو گـۆڕ لـە شـوێنێکی نهێنـی ئامـادە بکـەن هیـچ کـەس پێـی نەزانـێ، رەئیـس عورەفـا حەمـوودی و رەئیـس عورەفـا موحسـینیان نـارد، ئەمانـە مردوونێـژ (دففـان) بـوون لـە ئەمنـی نەجـەف، بـەڵام رەئیـس عورەفـا بـوون لـە ئەمـن و بەعسـی بـوون و دواتـر خەڵاتیشـیان وەرگـرت. گوتیـان بـڕۆن دوو گـۆڕ ئامـادە بکـەن، چـوون و بـێ ئـەوەی کـەس پێیـان بزانـێ دوو گۆڕیـان ئامـادە کـرد. دوای چەنـد کاژێرێـک و هـەر بـەو شـەوە دوو تەرمەکـە شـاردرانەوە بـێ ئـەوەی کـەس بزانـێ. ئەمـە چیرۆکـی راسـتەقینەی ئـەو رووداوەیـە.

**کاوە ئەمین: کەواتە ئەو دوو گۆڕەی ئێستا گۆڕی ئەوان نین؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەگوێـرەی زانیارییەکانـی مـن نەخێـر. ئەوانیـش ئەگـەر دەیانـەوێ بگەنـە راسـتی، ئـەو تەرمانـەی ئێسـتا لـەو گۆڕانـەدان و مەزاریان لەسـەر دروسـتکراوە، دەتوانـن (دی ئێـن ئەی)یـان لـێ وەرگـرن و بینێـرن بـۆ پشـکنین، ئـاوا کێشـەکە کۆتایـی دێـت و سـەباح حەمدانیـش بێدەنـگ دەکـەن، بـە نموونـە دەڵێـم، مەبەسـتم هەرکەسـێک بێدەنگ دەکـەن کـە گومانـی هەیـە.

**کاوە ئەمین: کەواتە بەبڕوای تۆ ئەو گۆڕانەی ئێستا گۆڕی ئەوان نین؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان نەخێـر، نـا نەخێـر.. ئـەو چیرۆکـەی من لـەو دوو رەئیـس عورەفایـە بیسـتوومە، ئەوانـە هەردووکیـان سـەر بـە مـن بـوون. مـن کـە هاتـم، بوومـە بەرپرسـی ئـەوان. مـن ئەفسـەریان بـووم و کاتێـك دەڵێـم وەرە موحسـین ئـەو چیرۆکـەم بـۆ بگێـڕەوە، چیـم بـۆ دەگێڕێتـەوە؟ بێگومـان شـتەکە چـۆن بـووە ئـەوەم بـۆ دەگێڕێتـەوە. چۆنتـان شـاردنەوە؟ چیرۆکەکـەم وەکـو خـۆی بـۆ دەگێڕێتـەوە. باشـە، ئـەو ئەفسـەرەی کـە

بەشـداربووە لـە کوشـتنەکە و هـەر خۆیشـی تەرمەکانـی هێنـان بـۆ شـاردنەوە، نەقیـب شـاکر بـوو. مـن چیرۆکەکـەم لـە دەمی خۆی بیسـتووە. تەرمیـان بـۆ کـەس نەناردووەتـەوە، هەرخۆیـان ژێر خاکیان خسـتن و کۆتایی هـات.

**کاوە ئەمیـن: ئـەی لەبـەر چـی بـوو کـە دەزگای ئەمـن لـە دوای سـاڵێک هەڵیانکوتایـەوە سـەر ماڵـی محەممـەد باقـر سـەدر؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بـۆ ئـەوەی ئاشـکرا نەبـێ کـە کـوژراوە. خەڵـک هەمـوو دابـەش ببـوون لەنێـوان ئـەوەی بـاوەڕی هێنابـوو، ئـەوەی بـەدرۆی دەخسـتەوە و ئـەوەی گومانـی هەبـوو. نەیاندەزانـی مەسـەلە چییـە. ماڵـی سـەید سـەدر داخـراوە، تـەواو کۆتایی هـات. کەواتـە ئەگەر کوژرابـێ، دەڵێن ئەمـن هاتـوون شـتەکانی ماڵەکـەی ببـەن. دیـارە تەرمەکەیـان داوەتـە خێزانەکـەی. ئـەم شـتە ئـاوا بـە تەمومـژاوی مایـەوە، ئەمـەش دیارتریـن بەڵگەیـە بۆ راسـتیی قسـەکانی من. من بەشـبەحاڵی خـۆم دوای تێپەڕبوونی کەمتـر لـە سـاڵێک، چوومـە نـاو ماڵەکـەی سـەید محەممـەد باقـر سـەدر. چوومـە ژوورەوە و مفـەوەز دەخیـل تکریتـی و رەئیـس عورەفـا عیسـامم لەگـەڵ بـوو کـە خەڵکـی حەدیسـەیە و شـۆفێری خـۆم بـوو. چووینـە نـاو ماڵەکـەی و هەموویمـان پشـکنی بـۆ ئـەوەی بزانیـن چـی تێدایـە، لـەوێ قاسـەیەکمان دۆزییـەوە کـە رەنگـە چیرۆکەکەیتـان بیسـتبێ، بەهەرحـاڵ قاسـەکەمان دۆزییـەوە و پەیوەندیمـان بـە بەڕێوەبـەری ئەمنـەوە کـرد، ئـەوە بـوو خـۆی هـات و بەوجـۆرە دەسـت بەسـەر شـتەکانیدا گیـرا.

**کاوە ئەمین: خەڵک تووڕە نەبوون کە ئاوا چوونە سەر ماڵەکەی؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نەخێـر شـتی وا مومکیـن نەبـوو، بێگومـان پلـەی یەکـەم بەهـۆی سـەرکوتکاری. سـەرکوتکارییەکی تۆقێنـەر هەبـوو، خەڵـک نەیاندەوێـرا توخنـی شـوێنێک بکـەون مەترسـیدار بـێ، دەترسـان بگیرێـن و تـووش ببـن. ئێمـەش بـە رێکـەوت چوویـن...

**کاوە ئەمین: ئێوە بە ئاشکرا چوون یان بە نهێنی؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان بـە ئاشـکرا. بـە ئاشـکرا چوویـن دەرگامـان کـردەوە و چووینـە ژوورەوە. ماڵەکـەی هـەر وەکـو خـۆی بـوو. جـا ئەمـە دواتـر کێشـەی زۆری بـۆ دروسـتکردم، خەڵـک لـە بەغـدا لـە دژی ئـەم قسـەیەی مـن خۆپیشـاندانیان کـرد. مـن ئـەو ڕۆژەی چوومـە نـاو ماڵەکـەی، ماڵەکـە وەکـو خـۆی بـوو بـێ ئـەوەی کـەس دەسـتکاری شـتێکی کردبـێ. تەنانـەت ئامێرێکـی ڤیدیـۆی هەبـوو لـەلای دەستەڕاسـتی. کوڕەکـەی خـۆی سـەید جەعفـەر کـە باڵیـۆزی عێراقـە لـە بەریتانیـا، ئەویـش باسـی دەکات. ئامێرێکـی ڤیدیـۆی ناشـناڵ بوو، بەچـاوی خۆم دیتم، کوڕەکەشـی ئـەوەی لە یـادە. دۆڵابەکـەش، ئـەو دەڵـێ دۆڵاب، مـن یەکێـك لە هاوڕێیەکانم قسـەی لەگـەڵ کردبـوو، گوتبـووی دۆڵابێـک لـەوێ هەبـوو، بـەڵام دۆلاب نەبـوو قاسـە بـوو، ڕەنگێکـی سـلڤەری هەبـوو بۆیـە شـێوەی لـە دۆڵاب نزیـک بوو، بـەڵام قاسـە بـوو. ئینجـا مێـزی نووسـینەکەی و شـوێنی دانیشـتنی لەسـەر زەوییەکـە و لـەلای دەستەڕاسـتی پەنجەرەیەکـی درێـژ هەبـوو دەیڕوانییـە سـەر کۆڵانەکـە. ماڵەکـە هـەر وەکـو خـۆی بـوو، کـەس دەسـتی بـۆ هیـچ نەبـرد. نوعمانـی کـە ئـەو خۆپیشـاندان و هەرایـەی نایـەوە، دوای تێپەڕینـی چـل سـاڵ، ئەفسـەرێکی پێشـووی ئەمـن دێـت دەڵـێ مـن چوومەتـە نـاو ماڵەکـەی سـەید سـەدر، ماڵەکـەی هیچـی لـێ نەهاتبـوو، هیـچ نەدزرابـوو. قاسـەیەکمان دۆزییـەوە و قاسـەکە ئەوەنـدە دۆلاری تێدابـوو. ملیۆنـان دۆلار، یـان بـا بڵێـم بەهـای ملیۆنـان دۆلار. کەچـی یەکێـك لـەولاوە دێـت قسـەیەکی وا دەکات کـە دەیسـەلمێنێ هەمـوو قسـەکانی درۆن. ئـەو دەڵـێ چـی؟ دەڵـێ ئـەو ڕۆژەی سـەید سـەدر بـۆ جـاری دووەم دەسـتگیرکرا، 200 کەسـی سـەر بـە ئەمـن چوونـە نـاو ماڵەکـەی. 200 کەسـی ئەمـن بچنـە نـاو ماڵێکـەوە لەوانەیـە وێرانـی بکـەن، بەتایبەتـی کـە خانووەکـەش کـۆن بـێ، دەڵـێ هەمـوو شـتەکانیان شـکاند، هەموویـان تـاڵان کـرد و ڕۆیشـتن، دوای ئـەوەی سـەیدیان دەسـتگیر کـرد. شـتی وا بـە هیـچ جۆرێـک ڕووینـەداوە، چونکـە مـن خـۆم چوومـە ماڵەکـە و هەموو شـتێکم بـە چاوی

خـۆم بینـی. تەنانـەت چێشـتخانەکەی، تەباخەکـەی و بەفرگرەکـەی. ماڵێکـی سـادە و سـاکار بـوو، سـەدر بۆخۆیشـی مرۆڤێکـی زاهیـد بـوو.

**کاوە ئەمیـن: ئـەی منداڵەکانـی چییـان بەسـەرهاتبوو؟ لـە کـوێ دەژیـان ئەوکاتـە؟ یـان بـە تەنیـا لـەو ماڵـەدا دەژیـا؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئەوکاتـەی کـە گـیرا منداڵەکانی لـەوێ بـوون. خـۆی گیرا و ئینجـا خوشـکەکەیان هێنـا و ئیـدی خێزانەکـەی چوونـە بەغـدا. دەرگایـان داخسـت و ڕۆیشـتن. مـن بینیـم قاسـەکە کرابـووەوە. کلیلەکـەی لەسـەر هەڵگیرابـوو، مانـای وایـە کراوەتـەوە، ڕەنگـە شـتێکیان لـێ بردبـێ، خـوا دەزانـێ. ئـەی بـۆ کرابـووەوە خـۆ دەبـووا دابخرێت. مومکین نییە قاسـەیەک هـەر ئـاوا بەدەسـت بکرێتـەوە.

**کاوە ئەمیـن: دەشـێ ئەوەنـدە بـە پەلـە ڕۆیشـتبن کـە بیریـان نەبـووە قاسـەکە دابخـەن..**

**سـەباح حەمدانـی:** ڕەنگـە، بەخێرایـی هەنـدێ شـتی خۆیـان بـردووە و دەرچـوون، ڕەنگـە هەنـدێ پارەشـیان لـێ بردبـێ، ئـەوان لەوکاتـەدا نەیاندەزانـی ئایندەیـان چییـە و چییـان بەسـەردێت. ڕوویانکـردە بەغـدا، خۆیـان لـە بنەڕەتـدا خەڵکـی بەغـدان. ئـەوان چوونـە بەغـدا و ئێمـەش... بـا بێمـە سـەر باسـی ئـەو قاسـەیە. چـی تێدابـوو؟

**کاوە ئەمین: چی تێدابوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** کـە قاسـەکەمان کـردەوە، زێدەڕۆیـی نییـە بڵێـم پـارەی لـێ دەڕژایـە خـوارەوە. پارەکـە بەسـەرماندا ڕژا. چەندیـن جۆر پـارەی بیانی لە دۆلارەوە بـۆ ریاڵـی سـعودی، دینـاری بەحرەینـی، دراوی مەغریبـی، ڕووسـی و تەنانـەت هەندێکیـان نەمدەزانـی پـارەی چ وڵاتێکـن. بـە زمانێک لەسـەریان نووسـرابوو نەمدەزانـی چ زمانێکـە تاوەکـو بزانـم پـارەی چ وڵاتێکـە، بەهەرحـاڵ پـارەی عێراقـی بـە سـەفتە، پـارەی سـعودی بـە سـەفتە، ریاڵـی

سـعودی، دینـاری کـوێتـی، جگـە لەوانـەش دوو تەنەکـەی گـەورەی خشـڵ و زێـڕ. خـۆی تەنەکەیـەک 16 کیلۆیـە، ناتوانـم بڵێـم هەریەکـە 16 کیلـۆ زێڕیـان تێدابـوو، بـەڵام پێموایـە هـەر یەکـە چـوار کیلـۆ زێڕیـان تێدابـوو.

**کاوە ئەمیـن: دواتـر دەرنەکـەوت ئـەم هەمـوو پـارە بیانییـە چـۆن گەیشـتوونەتە دەسـتی سـەید محەممـەد باقـر سـەدر؟ بۆچـی دراوەکان ئـاوا هەمەجـۆر بـوون؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئـەو مەرجـەع بـوو، مەرجەعیـش شـتێکی هەیـە بەنـاوی مافـی شـەرعی. سـەید خوئیـش بێگومـان ئـەوەی هەبـوو بـەو سـیفەتەی مەرجەعـی باڵایـە، بـەڵام ئەمیـش مەرجەعێکـی گـەورە بـوو. خەڵکێکـی زۆری عـەرەب لایەنگـری بـوون و پارەیـان بـۆ دەهێنـا. ئـەم پارانـە خـۆم بینیـم یەکـی پارچـە کاغەزێکیـان پێوەبـوو. بـۆ نموونـە دوو سـەفتە دۆلار کاغەزێکیـان پێـوە بـوو ناوێکـی لەسـەر نووسـرابوو، بـۆ نموونـە محەممـەد عەلـی فڵانـی، واتـە ناوەکانیـان دەنووسـین، شـتەکە روون بـوو کـە ئەمانـە مافـی شـەرعین. لـە دیدارەکـەی خۆشـمدا لـە بەرنامەکـەی دکتـۆر حەمیـد، گـوتـم روون و ئاشـکرایە ئەمـە حەقـی شـەرعییە. تـۆ کـە نـاوەکان دەبینـی، دەزانـی کـە ئەمـە حەقـی شـەرعییە و لـە خەڵکـەوە هاتـووە، پارەیەکـە وەکـو زەکات دراوە، چونکـە زەکات لای شـیعە جیـاوازە لـە زەکاتـی سـوننە. زێڕەکانیـش ناویـان لەسـەر نووسـرابوو، هـەر پارچەیـەک زێـڕ ناوێکـی لەسـەر بـوو، ئەمانـە خەڵـک بەخشـیونی، یەکێـک زێـڕی زۆری هەیە و دەیـەوێ مافی شـەرعیی لـێ بـدات، دەچـێ دەیداتـە سـەید.

**کاوە ئەمیـن: ئێـوە بێگومـان پـارە و زێڕەکانتـان لێـک جوداکـردەوە، ئەوەتان خەمڵانـد کـە بەگشـتی ئـەو زێڕانـە و ئـەو دراوە جیاوازانـە بایـی چەنـد دەبـوون؟**

**سـەباح حەمدانـی:** مـن کـە ئـەو پـارە و زێڕانـەم بینـی، وەکـو لەبیرمـە، پێموایـە مفـەوەز دەخیـل بـوو کـە تکریتییە و هێشـتا لـە ژیانـدا مـاوە، گـوتی

گـەورەم بـا هەمـووی بکەینـە چەنـد کیسـەیەکەوە و بیبەینەوە بـۆ ماڵەوە، لـەوێ بەشـی دەکەیـن، خـۆت چەنـدت دایـە ئێمـە بیـدە و باقیەکـەی ببـە. گوتـم ئـەوە کاری مـن نییـە. ئەوکاتـە دەسـتپاکی هەبـوو، گوتـم ئـەوە کاری مـن نییـە. هـەر لەوێـدا بـە هۆکـی تۆکـی پەیوەندیـم بـە بەڕێوەبـەرەوە کـرد، گوتـم تکایـە بـە خێراتریـن کات بگـە ئێـرە کارێکـی زۆر گرنگمـان هەیـە و لەماڵـی سـەید محەممـەد باقـر سـەدرین. گوتـم خـۆت و ئەفسـەرەکان و چەنـد ئۆتۆمبێلێـک وەرن. ئەوەبـوو بـە خێرایـی هاتـن و گەیشـتنە ئـەوێ. هەمـوو زێـڕ و پـارە و شـتەکانمان بارکـرد و بردمانـەوە بـۆ بەڕێوەبەرایەتـی ئەمــن. لــەوێ بەڕێوەبــەری ئەمــن تەلەفۆنێکــی بــۆ بانــک کــرد و چەنــد فەرمانبەررێکـی بانـک هاتـن و دەسـتیان بـە ژماردنـی کـرد. دەیانژمـارد و دەیانکـردە سـەفتە، دەیانژمـارد و دەیانکـردە سـەفتە تاوەکـو هەمـووی جیاکرایـەوە، بەڵام ئەوانیـش هەندێـک لـەو دراوانەیـان نەدەناسـییەوە کـە دراوی کام وڵاتــن.

**کاوە ئەمین: بەڵام بەگشتی زانیتان چەند پارە بوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** دەتوانـم ئێسـتا مەزەنـدەی بکـەم بـە 100 ملیـۆن، بـە 50 ملیـۆن، بـە 70 ملیـۆن، چونکـە نازانـم بەرامبـەر چەنـدی ئێسـتایە. مـن لـە سـەرەتاوە گوتـم نازانـم بەرامبـەر چەنـد پـارەی ئێسـتا رادەوەسـتێ. رەنگـە لەوکاتـەدا 10 ملیـۆن بووبـێ، بـەڵام 10 ملیۆنـی ئەوکاتـە هەمـان 10 ملیۆنـی ئێسـتایە؟ بەهـای دۆلاری ئەوکاتـە وەکـو بەهـای دۆلاری ئێسـتا بـوو؟

**کاوە ئەمیـن: باشـە بێجگـە لـە پـارە و زێـڕ، هیـچ بەڵگەیـەک، نووسـراوێک یـان شـتێکی نهێنـی لـەو قاسـەیەدا هەبـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نەخێـر قاسـەکە هیـچ بەڵگەنامەیەکـی تێـدا نەبـوو، ئـەو بەڵگانـەی دۆزرانـەوە و بارکـران، لەسـەر مێـزی نووسـینەکەی بوون. نووسـینگەیەکی هەبـوو پڕبـوو لـە کتێـب و دەسـتنووس، بـە راسـت

و چەپدا کتێب بوو. ئەو شوێنەی لێی دەنووسی مێزێکی نزم بوو، خۆی لەسەر زەوی دادەنیشت. کە دەچوویتە ژوورەوە، مێزەکە لەلای پێشەوە بوو. ئەوەی چووبێتە ئەو ژوورە و لەیادی مابێ، لەلای راستی پەنجەرەیەک هەبوو. پەنجەرەیەکی درێژ نزیکەی مەتر و نیوێک بەرز بوو، پانیەکەشی 40 - 50 سانتیمەتر بوو. قاسەکەش هەر لەولای راستییەوە بوو. نووسینگەیەکی سادە بوو.

**کاوە ئەمین: لەوکاتەدا کە ئێوە ماڵەکەی دەگەڕان، هیچ بەڵگەیەکی نهێنیتان دۆزییەوە؟**

**سەباح حەمدانی:** هەموو وەرەقە و کتێبەکانی کە لەوێ بوون، هەموویان بران و لە بەڕێوەبەرایەتی جیاکرانەوە، ئەوە کاری خەڵکی تایبەتمەند بوو، بەڵام هیچیان نەدۆزییەوە. هیچ شتێکی نائاساییان نەدۆزییەوە. هەمووی کتێب و دەستنووسی ئایینی بوون. نامە و وەڵامی نامە بوون. پرسیاری خەڵک بوون و هەر ئەوەندە، بەڵام دەست بەسەر هەموویدا گیرا و بران بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمن و لەوێوە رەوانەکران بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی عام. پارەکانیش هەمووی رەوانەی بەشی دارایی ئەمنی عام کران. زێڕەکانیش هەمووی درایە شوێنێک کە تایبەتە بە زێڕ. فەرمانگەیەکە هەمووی رەوانەی لای ئەوان کرا.

**کاوە ئەمین: بەڵام ئەو پارەیە موڵکی مەرجەعیەت بوو، مەرجەعیەت داوای نەکرد کە بیگەڕێننەوە بۆ ئەوان؟**

**سەباح حەمدانی:** نا مەرجەعیەتی سەید خوئی هیچ پەیوەندییەکی نەبوو بە پارەی سەید سەدرەوە، چونکە ئەمیش لەخۆیدا مەرجەعێکی جیاواز بوو، پەیوەندی بە مەرجەعیەتی سەید خوئییەوە نەبوو.

**کاوە ئەمیـن: کەواتـە ئـەو پارەیـە وا حسـاب کـرا کـە پـارەی خۆیەتـی بەوشـێوەیە دەوڵـەت دەسـتی بەسـەرداگرت؟**

**سـەباح حەمدانـی:** خـۆی بـەو ئیعتیبارەی کـە سـەیدە و مەرجەعـە، تەنانەت منداڵەکانیشـی لەبـارەی ئـەو پارەیـە پرسـیاریان کردبوو. ئەمە لە کتێبیشـدا باسـکراوە، کتێبەکانـی شـیعە، بـۆ نموونە سـەید حائیری و خەڵکـی دیکەش، دەڵـێ قسـەی بـۆ منداڵەکانـی کـردووە، یەکێـك لـە کچەکانـی پرسـیاری لـێ کـردووە بۆچـی ئـەم هەمـوو پارەیـە لای ئێمەیـە؟ گوتوویەتـی ئـەوە پـارەی ئێمـە نییـە، پـارەی سـاحێبی زەمانـە و دەبـێ لـە شـوێنی گونجـاوی خۆیـدا خەرجـی بکەیـن، واتـە ناتوانیـن بە ئـارەزووی خۆمان خەرجی بکەیـن، بەوجۆرە منداڵەکانـی خـۆی فێـری زوهـد کـردووە. مـن بەوجـۆرە خوێندوومەتەوە.

**کاوە ئەمیـن: ئـەو سـەردەمەی کـە تـۆ لـە نەجـەف بـووی، ئێـران وەکـو دەوڵـەت، وەکـو زمـان و فەرهەنـگ لەنـاو شـاری نەجـەف هەبـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** تەنیـا لەڕێـی مەرجەعەکانـەوە. لەڕێـی مەرجەعـەکان و پیاوانـی ئایینیـەوە هەسـتت بـە هەبوونێکـی بەهێـزی ئێـران دەکـرد لـەو پارێزگایـە.

**کاوە ئەمیـن: بـۆ نموونـە زمانـی فارسـی هەبـوو، خەڵـک بـە فارسـی قسـەیان دەکـرد؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نـا نـا زمانی فارسـی نەبوو، قسەشـی پـێ نەدەکـرا، بەڵام ڕەنگـە خۆیـان لەنێوانـی خۆیانـدا بـە فارسـی قسـەیان کردبـێ. کوڕەکانـی خوئـی کـە لەگـەڵ باوکیـان قسـەیان دەکـرد، بـە فارسـی قسـەیان دەکـرد، هەنـدێ جـار بـە ئـازەری قسـەیان دەکـرد. بۆچـی؟ چونکـە شـێخ محەممـەد تەقـی ئەلموسـڵی تورکمـان بـوو، بۆیـە بـە تورکیی ئـازەری قسـەیان لەگەڵ دەکـرد. بێگومـان بـە عەرەبیـش قسـەیان دەکـرد.

**کاوە ئەمیـن: ئەوکاتـە رێوڕەسـمە ئایینییەکانـی شـیعە ئـازاد بـوو؟ خەڵـک دەیانتوانـی بـە ئـازادی یـادە ئایینییەکانـی خۆیـان بکەنـەوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** زۆربـەی رێوڕەسـمەکان رێپێـدراو بـوون، زۆرینەیـان. لەوانـە کاروانـی رۆیشـتن بەپـێ لەنێـوان نەجـەف و کەربـەلا. یـان لـە شـارەکانی دیکـەوە کـە دەهاتـن، ئەوانـە هەمـوو رێپێـدراو بـوون. هەروەهـا رێوڕەسـمی مەقتـەل لەنـاو ماڵـەکان و حوسـەینییەکان، بـەڵام سـینەکوتان قەدەخـە بـوو، خۆبرینداركـردن بـە چەقـۆ و ئەوانـە قەدەخـە بـوو. ئـەوە راسـتییەکەیە، بـەڵام دەبـوو رەزامەندیـی ئەمـن وەرگـرن ئەگـەر ویسـتبایان لـە حوسـەینییە کۆببنـەوە. داوایەکیـان پێشـکەش دەکـرد و ئەمـن رەزامەنـدی دەدا و بەوجـۆرە دەیانتوانی لەناو حوسـەینییە رێوڕەسـمی مەقتـەل بکـەن، بـەڵام بەبـێ ئەو رەفتـارە نامۆ و ناشـیرینانەی کـە تەنانـەت بەشـێکی زۆر لـە زانایانـی شـیعەش رەتیدەکەنـەوە. ئەوانـەی دیکـە، وەکـو دروسـتکردنی خـواردن و دابەشـکردنی لەسـەر خەڵـک و لەسـەر رێگـەکان هەمـووی رێپێـدراو بـوو، بـەڵام لەژێـر چاودێریـی ئەمـن. مەفـرەزەی ئەمنـی و مەفـرەزەی پۆلیـس دەگـەڕان و ئـەوەش زیاتـر بـۆ پاراسـتنی خەڵـک بـوو.

**کاوە ئەمیـن: ئـەو کارمەندانـەی ئەمـن هـەر لەخۆیـان بوون لە شـیعەکانی شـارەکە یـان وەکـو تـۆ لە شـارەکانی دیکـەوە هاتبـوون؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نـا لـە هەمـوو لایەکـی تێدابـوو، بـەڵام زۆرینـەی ئەفسـەرەکان سـوننە بـوون. چـۆن باسـی کێشـەی زۆرینەمـان کـرد لـە مەسـەلەی ئۆتۆنۆمـی کـە دەبـوو ئۆتۆنۆمـی بێـت بەڕاسـتی و کەچـی وا نەبـوو، تەنیـا ئەمنـی حوکمـی زاتـی بـوو، لەوێـش وابـوو، زۆرینـەی ئەفسـەرەکان سـوننە بـوون. زۆرینـەی بەرپرسـەکان سـوننە بـوون. ماوەیـەک بەڕێوەبـەری ئەمنـی نەجـەف کـە خـۆم کارم لەگـەڵ کـردووە، شـیعە بـوو. عومـران مووسـا مەزڵـوم، بەڕێوەبەری ئەمـن بـوو لـە ساڵی 1980 - 1981، مـاوەی سـاڵێک و دواتـر گـوازرایـەوە، ئـەوە شـیعە بـوو،

بـەڵام ئـەو لـە سـوننەکان دڵڕەقتـر بـوو بەرامبـەر شـیعە، ئـەوە راسـتییە. هەمیشــە وابــووە و هۆیەکــەش نیفاقــە.

**کاوە ئەمیـن: دوای ئـەو هەمـوو سـاڵە، ئەگـەر ئێسـتا و بـە چـاوی ئێسـتاوە هەڵسـەنگاندن بـۆ رەفتـار و سیاسـەتی حکومەتـی عێـراق لـە نەجـەف بکـەی، چۆنـی هەڵدەسـەنگێنی؟**

**سـەباح حەمدانـی:** دەسـەڵاتی دەوڵـەت دەسـتی وەردەدایـە هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە کاری ئـەو نەبـوون. بەشـبەحاڵی خـۆم حـەزم دەکـرد مەرجەعیـەت بـە کەیفـی خـۆی کار بـکات و پەیوەندیمـان پێـوەی نەبـێ. خەڵکێـک دانیشـتوون وانـە دەخوێنـن، زانسـتخوازن، نـە خەڵکیـان لـێ دەکەمـە سـیخوڕ و نـە پارە دەبەخشـمەوە و نـە دەیانکەمـە وەکیلی ئەمن، لێدەگەڕێـم کاری خۆیـان بکـەن. لـە سیسـتەم دەرمەچـۆ و بۆمبمـان بـۆ دامەنـێ و چـەک مەهێننـە نێـو وڵاتەکـە، ئەگـەر ئەوەیـان کـرد دەتوانـی رەفتاریـان لەگـەڵ بکـەی، بـەڵام وەکـو مەسـەلەی ئاییـن، لێگـەڕێ لەسـەر ئایینـی خۆیـان بـن. لێگـەڕێ بـە شـێوازی خۆیـان کاربکەن، خـۆ ئەگـەر ئاوامان کردبا، نـە کێشـە پەیدا دەبـوو، نـە سـەدان کەسـمان بەپێـی درۆ و بوختـان لەسـێدارە دەدا.

**کاوە ئەمیـن: ئـەی ژیانـی رۆژانـەی خەڵکـی نەجـەف لەوکاتـەدا چـۆن بـوو؟ هەسـتتان بـەوە دەکـرد کـە خەڵـک لـە تـرس و دڵەڕاوکێـدا دەژیـن؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەشـێوەیەکی گشـتی وەکـو لـە یـادم بێـت، رەوشـەکە خـراپ نەبـوو لـەو کاتـەدا. سـاڵانی هەشـتاکان و لـە سـەرەتای جەنگـدا، ئەگـەر ئـەو جەنگـە نەبووایە هەسـتمان نەدەکـرد کێشـەیەکی راسـتەقینە هەیـە. بەشـبەحاڵی خـۆم بەنـاو نەجەفـدا دەسـووڕامەوە بـێ ئـەوەی پێویسـتم بـە هەڵگرتنـی چـەک هەبـێ، یەکـەم لەبەرئـەوەی متمانـەم بـە خـۆم هەبـوو، دووەم بەهـۆی پەیوەندیـم لەگـەڵ خەڵـک. لەوانە بـووم کـە حـەزم دەکـرد خەڵـک بناسـم، سـەردانیان بکـەم و دۆسـتانە بـم لەگەڵیـان.

یەکێـك لـە ئەفسـەرەکانی ئێمـە کـوژرا، مـولازم ڕەسـمی ئەلحەدیسـی لەسـەر شـەقام کـوژرا، بـەڵام مـن نەترسـام و هەسـتمکرد پەیوەنـدی بـە منـەوە نییـە، لەوانەیـە کەسـێکی خـراپ بووبـێ.

**کاوە ئەمین: کێ کوشتی؟ هۆیەکەی سیاسی بوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان، حیزبـی دەعـوە و ئـەو ڕێکخراوانـەی لەوکاتـەدا هەبـوون، ڕەنگـە ئـەوان بووبـن، لەوانەشـە ئەزیەتـی خەڵکـی دابـێ، دەسـتی بـۆ ناموسـی کەسـێک بردبـێ، خـوا دەزانـێ، بـەڵام کـوژرا و کـە کـوژراش هەنـدێ تـرس و خـۆف لەنـاو ئەفسـەرەکانی ئەمـن بڵاوبـووەوە و گوتیـان ئاگاتـان لەخۆتـان بـێ، بـەڵام مـن وەکـو خۆم نەترسـام و گوتـم کوژرا کـوژرا، پەیوەنـدی بـە منـەوە نییـە. بـە جلوبەرگێکـی ئاساییەوە دەچووومە نێـو بازاڕ و دەچوومـە سـەردانی خەڵـک و دەچوومـە مـەزاری ئیمـام عەلـی و فاتیحام دەخوێنـد و زۆر ئاسـایی دەهاتـم و دەچـووم.

**کاوە ئەمیـن: سـەردەمێک ئیمـام خومەینـی لـە نەجـەف بـوو، بـە مۆڵەتـی حکومەتـی عێـراق لـەوێ بـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئـەوەی مـن لـە نەجـەف هەسـتمپێکرد، خەڵکەکـەی ڕقیـان لـە خومەینـی بـوو، نێوبانگێکـی باشـی نەبـوو، وا بـاس دەکـرا کـە لووتبـەرز بـووە، سـڵاوی لـە کـەس نەدەکـرد و کـە سڵاویشـیان لـێ کردبـا وەڵامـی نەدەدایـەوە. خەڵـک لەنێـو خۆیـان ئـاوا باسـیان دەکـرد، بـەڵام ئایـا لەبـەر مـن بەوجـۆرە باسـیان دەکـرد کاتێـک پرسـیارم لێدەکـردن، یـان بەڕاسـتی خۆشـیان نەدەویسـت؟ لەوەیـان بـە تـەواوی دڵنیـا نیـم. مـن ئـاوا بیسـتوومە و لـە نەجـەف ئـاوا بـاس دەکـرا کـە کەسـێکی خۆشەویسـت نەبـووە. جووڵـەی کـەم بـوو، بـە دەگمـەن لـە ماڵەکـەی دەردەچـوو، بەڵام سـەید خوئـی دەهـات و دەچـوو، دەهاتـە مـەزاری ئیمـام، هەمیشـە لـە مزگەوتـی خـەزرا دەتبینـی. کەسـێکی جیـاواز بـوو.

**کاوە ئەمین: بەڵام ئاخر خومەینی مەرجەع نەبوو...**

**سـەباح حەمدانـی:** راسـتە، بـەڵام ئەویـش مەرجەعێکـی سیاسـی بەهێـز بـوو، ئێرانییـەکان لێـی نزیکبـوون.

**کاوە ئەمیـن: ئـەی پەیوەنـدی لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق چـۆن بـوو؟ ئـەو بـە مۆڵەتـی حکومەتـی عێـراق لـە نەجـەف بـوو..**

**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان، پەیوەندیشـی بـاش بـوو. پەیوەندییەکانـی لەڕێـی کوڕەکەیـەوە بـوو، ئـەو هاوئاهەنگـی بـۆ دەکـرد لەگـەڵ موخابەرات و ئەمـن و دەزگاکانـی دیکـە. پەیوەنـدی لەگـەڵ بەختیـاری هەبـوو. ئـەم بەختیارییـە یەکێـك بـوو لـە ئەفسـەرە گەورەکانـی سـوپا کـە لـە عێـراق پەنابـەر بـوو. کۆشـکێکی لـە کۆشـکەکانی سـەرۆکایەتی وەرگرتبـوو لـە بەغـدا. لای رژێـم کەسـێکی بەهـادار بـوو، هـەر ئـەم کەسـەش پەیوەندییەکانـی بـۆ رێکدەخسـت و خومەینـی هەرچی پێویسـت بووایە، ئەم بـۆی جێبەجـێ دەکـرد، تەنانـەت بەهـۆی ئـەو پەیوەندییـە خەڵکی گـیراوی لە زینـدان دەهێنایـە دەرەوە. تەلەفۆنـی بـۆ بەختیـاری دەکرد و ئەویـش داوای لـە دەزگا ئەمنییـەکان دەکـرد، یـان لـە بەڕێوەبـەری ئەمنـی عـام کـە ئـەو کەسـانەمان بـۆ ئـازاد بکـەن. بۆیـە بەڵـێ پەیوەندییەکـی بەهێـزی لەگـەڵ رژێـم هەبـوو.

**کاوە ئەمیـن: باشـە بـاس لـەوە دەکـرێ کـە پلانێـک هەبـووە بـۆ کوشـتنی خومەینـی، کـێ دەیویسـت بیکـوژێ؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئەمـە جـاری یەکەمـە لـە (رووداو)ـەوە ئەمـە دەبیسـتن. بەڵـێ بەڕێوەبـەری ئەمـن کـە نـاوی سـروح نەجـرس بـوو، ئێسـتا لـە ئیماراتـە و لـەوێ پەنابـەرە، ئـەو پیـاوە بـۆ منـی گێڕایـەوە ئەوکاتـەی هێشـتا ئەفسـەر بـوو لـە بەغـدا. سـروح راسـپێردرابوو کـە خومەینـی بکوژێـت. هەمـوو ئامادەکارییەکـی بـۆ کرابـوو. ژمارەیـەک لـە ئەفسـەرەکانی ئەمنـی نەجـەف چاوەڕێـی بـوون بێـت و دەسـت بـە کارەکـە بکـەن پێـش ئـەوەی لـە عێـراق

دەربچێ و بڕوات. چوون بیکوژن. گوتی گەیشتینە شوێنەکە، ئەمە خۆی گێڕایەوە و وا منیش بە ئاشکرا باسی دەکەم، با گوێی لێم بێ و بڵێ نا من شتی وام نەگوتووە. گەیشتبوونە شوێنەکە و گوتی لەوێ ئاگادار کراینەوە. خۆت دەزانی لە ئەمن جیهازمان هەبوو، ئامێری هۆکی تۆکی و جۆری دیکەشمان هەبوو کە لەنێو ئۆتۆمبێل دادەنرا. گوتی ئاگادار کراینەوە کە کارەکە نەکەین و بگەڕێینەوە شوێنی خۆمان. گوتی ئاوا ئاگادار کراینەوە کە واز لە پلانەمە بهێنن و مەچنە لای، واتە مەیکوژن، جێبەجێی مەکەن. ئەوە بوو گەڕانەوە و تێنەدەگەیشت کە بۆچی نەیانهێشتووە بیکوژن. بڕیار بوو بکوژرێ، بەڵام بارودۆخی سیاسی ئەوکات وابووە، فەرمان لە سەددام حوسێنەوە هاتبوو کە دەست لەوکارە هەڵگرن و تەواوی نەکەن. خوا دەزانێ چی روویدەدا ئەگەر کوشتبایان. خۆ زۆر ئاسان بوو خەڵکی دیکەی پێ تاوانبار بکەی. چونکە کوڕەکەشی ئاوا کوژرا، موخابەراتی ئێرانی کوڕی خومەینییان لە عێراق کوشت، دەکرا باوکیشی بەهەمان شێوە لەلایەن موخابەراتی ئێرانەوە بکوژرێت.

**کاوە ئەمین: موخابەراتی عێراق کوڕەکەیان کوشت؟**

**سەباح حەمدانی:** نا ئێرانی کوشتیان.

**کاوە ئەمین: ئێرانییەکان کوشتیان؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ ساواک.. جەماعەتی شا. چونکە خومەینی لای ئێمە بوو، بەشێوەیەک توانییان بگەنە کوڕەکەی و تیرۆری بکەن.

**کاوە ئەمین: کەواتە پلانی کوشتنی خومەینی لەلایەن عێراقەوە دەبێ بە ئاگاداریی سەددام بووبێ..**

**سەباح حەمدانی:** بێگومان کاری لەوجۆرە مومکین نەبوو بەبێ ئاگاداری سەددام حوسێن بکرێ.

**کاوە ئەمین: ئەی بۆچی لە دوا ساتەکاندا پەشیمان بووەوە؟**
**سـەباح حەمدانـی:** کـەس ئـەوە نازانێ، رەنگـە فـەرمانێک لـە دەرەوە هاتبێ، دەڵێـم رەنگـە، خـوا دەیزانـێ.. بۆچـی پاشـگەز بـووەوە؟ ئەگەر جێبەجـێ کرابا لەوانـە بـوو باشـتر بـێ، دەکـرا بخرێتـە ئەسـتۆی موخابەراتی ئێرانـی و کۆتایی دەهـات، بـەڵام ئـەوان پلانیـان فراوانترە. کێ دەتوانێ بڵێ سـەددام حوسـێن خۆیشـی پەیوەنـدی لەگـەڵ موخابەراتـی ئەمریکی نەبـووە و ئـەوان رێگەیان داوە، یـان رەزامەندییـان نـەداوە لەسـەر کوشـتنی خومەینـی؟ رەنگـە ئەوان ئامادەکارییـان کردبـێ بۆئـەوەی خومەینـی دەسـەڵات بگرێتـە دەسـت پـاش ئـەوەی لـە عێـراق دەڕوا و دەچێتـە پاریـس و زۆر نابـا دەگەڕێتـەوە و بـە ئاسـانی حوکـم دەگرێتـە دەسـت. سـواری فڕۆکەیـەک دەبـێ و هـەر کـە دابـەزی حوکـم دەگرێتـە دەسـت، تەنانـەت ئـەوەش بـە پـلان بـووە.

**کاوە ئەمیـن: بـا دوا پرسـیارم لەوبارەیـەوە ئەمـە بێـت، خومەینـی پەیوەندییەکـی باشـی لەگـەڵ مەرجەعیـەت هەبـوو لـە نەجـەف؟**
**سەباح حەمدانی:** نا نەخێر.

**کاوە ئەمین: پەیوەندییان خۆش نەبوو؟**
**سـەباح حەمدانـی:** نـا مەرجەعیەتـی ئـەو لەگـەڵ مەرجەعیەتی سـەید خوئی بـە دوو ئاراسـتەی پێچەوانـە دەڕۆیشـت. ناکـۆک بـوون و تەبـا نەبـوون، تەنانـەت پەیوەندییـان نیمچەبـڕاو بـوو. ئـەو دەیویسـت خـۆی وا دەربخـات کـە... کەسـێکی لووتبـەرز بـوو. زۆر لووتبـەرز بـوو، بـەڵام ماڵـی خوئـی لووتبـەرز نەبـوون، زۆر سـادە بـوون، چ باوکیـان و چ کوڕەکانیشـی، کەچـی دوایـی هەمـوو کوڕەکانـی کـوژران. سـەید محەممـەد تەقـی ئەلخوئـی بەدەسـتی موخابەراتـی عێراقـی کـوژرا. سـەید ئیبراهیـم لـە رووداوەکانـی 1991 دا کـوژرا. سـەید مەجیـد لـە سـاڵی 2003 لـە نەجـەف کـوژرا.

**کاوە ئەمین: ئەی لەڕووی هزرەوە کامیان باڵاتر بوون؟**

**سەباح حەمدانی:** بێگومان خوئی. مەرجەعی باڵای هەموو شیعەکانی جیهانی ئیسلامی بوو، بەڵام خومەینی تەنیا مەرجەعی ئەوانە بوو کە بیرکردنەوەیەکی جیاوازیان هەبوو، ئەوانەی بڕوایان بە پرەنسیپی بەرەنگاربوونەوە هەبوو.

**کاوە ئەمین: کەواتە خوئی ئەوەڵ و ئەخیر بوو؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ بێگومان. مرۆڤێکی زۆریش باش بوو، تەنیا کاری بۆ بەرژەوەندی موسڵمانان دەکرد. من شیعە نیم، بەڵام ئەوەی لە خۆی و کوڕەکانی تێگەیشتم، خوئی شیعەیەک بوو دەیویست خزمەتی هەموو خەڵک بکات، بەڵام لەوە بترازێ، بێگومان هەر مەرجەعێکیش هەڵەی هەیە، بەدڵنیاییەوە هەڵەیان هەبوو، بەڵام نامەوێ بچمە ناو ئەو باسە.

## بەشی پێنجەم

# کاری یەکەمی ئەمن لە کەرکووك : بەعەرەبکردن

بۆ بینینی بەشی پێنجەمی هەڤپەیڤینەکە ئەم کیوئاڕ کۆدە سکان بکە

**کاوە ئەمین: بەخێربێیەوە بۆ بەرنامەی پەنجەمۆر.**

**سەباح حەمدانی:** سڵاوتان لێبێ و زۆر خۆشحاڵم کە لەگەڵتان بەردەوامم و شایەتی لەسەر کۆمەڵێک راستی دەدەم بۆ خەڵک، تاوەکو بزانن چی روویدا و بۆچی روویدا، تاوەکو گەیشتینە ئێستا.

**کاوە ئەمین: پێشتر باسی کۆمەڵێک بابەتی گرنگمان کرد کە پەیوەندییان بە مەرجەعیەت و نەجەفەوە هەبوو، لێرەدا دەمانەوێ زیاتر لەسەر بابەتی کەرکووک رابوەستین. تۆ کەی گواسترایەوە بۆ کەرکووک و بۆچی گواسترایەوە؟**

**سەباح حەمدانی:** لە کۆتایی ساڵی 1986 لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی نەجەفەوە فەرمانی گواستنەوەم بۆ ئەمنی کەرکووک دەرچوو. پەیوەندیم کرد و بوومە ئەفسەری هۆبەی پێنجەم کە پەیوەندیدار بوو بە چالاکیی کۆنەپەرستانە لەو پارێزگایە.

**کاوە ئەمین: ئێوە لەوێ لە هۆبەیەکی تایبەت کارتان دەکرد؟**

**سەباح حەمدانی:** هۆبەی پێنجەم بەشێکی تایبەتمەند بوو بە چاودێری چالاکی و جموجووڵی کۆنەپەرستانە، واتە حیزبە ئیسلامییەکان بەگشتی.

**کاوە ئەمین: بەگشتی سیاسەتی دەزگای ئەمن لە کەرکووک بەرامبەر کورد چۆن بوو؟**

**سەباح حەمدانی:** خۆی بەڕێوەبەرایەتی ئەمن لە پلەی یەکەم پەیوەست بوو بە پرۆسەی تەعریب. تەعریبی ئەو پارێزگایە، بۆ ئەوەی کەرکووک دووربخەینەوە لە مەترسیی دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن کوردەوە. ئەمە چالاکی پلە یەکی بەڕێوەبەرایەتی ئێمە بوو، من بەوشێوەیە لە کارەکە تێگەیشتم، چونکە ئاگاداری هەموو رێنمایی و هەموو ئەو

بڕیارانـەم کـە ئامانجەکەیـان سـنووردارکردنی هەبوونـی کـورد بـوو لـە کەرکـووک.

**کاوە ئەمیـن: دوایـی بـە درێـژی دێینـەوە سـەر ئـەم باسـە، بـەڵام دەمـەوێ ئێسـتا لـە تـۆوە بیبیسـتم، ئەگـەر بـە کورتیـش بـێ، مێـژووی تەعریـب لـە دەوروبـەری کەرکـووک دەگەڕێتـەوە بـۆ کـەی؟ چونکـە وەکو زۆر سـەرچاوە جەختـی لەسـەر دەکەنـەوە، تاوەکـو سـاڵانی شەسـتەکانیش ژمـارەی عـەرەب لەچـاو تورکمـان و کـورد زۆر کـەم بـوو. کەواتـە تەعریـب لـە کەرکـووک کـەی دەسـتیپێکرد؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڕاسـتی لەبەرئـەوەی تاوەکـو نێوەڕاسـتی هەشـتاکان لـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی کەرکـووک کارم نەکردبـوو، بـە وردی نازانـم سیاسـەتی تەعریـب کـەی داڕێـژراوە و کـەی جێبەجـێ کـرا. مـن کـە هاتـم تەعریـب هەبـوو، بۆیـە دەتوانـم باسـی ئەوەتـان بـۆ بکەم کـە لـەو ماوەیەی مـن لـەوێ بـووم چـی روویـدا.

**کاوە ئەمیـن: راسـتە، بـەڵام ئـەوەی مـن بزانـم زاوایەکـی تـۆ لـەوێ بـووە، ماڵـی خوشـکت لـە چوارچێـوەی تەعریـب هاتبوونـە کەرکـووک. تـۆ لەڕێـی ئـەو زاوایـەت هیچـت نەبیسـت لەوبـارەوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ راسـتە، خـۆ ئەگـەر باسـی تەعریـب بکەیـن، سـەرەتا لەوانـەوە دەسـتپێدەکەین کـە دەیانناسـین، یـان ئـەو شـتانەی ئێمـە کردوومانـن، بۆیـە بەڵـێ ئـەوان سـەرەتا هاتنـە سـلێمان بـەگ، ئـەوان عەشـیرەتی شـەممەرن، ئەوانیـان هێنـا و لـە سـلێمان بـەگ نیشـتەجێیان کـردن.

**کاوە ئەمین: چ ساڵێک؟**

**سـەباح حەمدانـی:** لـە حەفتـاکان، بـەڵام لەبیـرم نییـە چ سـاڵێک بـوو، بـەڵام لـە حەفتـاکان هاتـن. دواتـر ئـەوان گواسـتیانەوە بـۆ ناوچـەی دیبەگـە،

سەربەشاخ. ئەو شوێنە پێشتر لە ساڵانی شەستەکان حەواس ئسدێدی لێبوو کە سەرۆک هۆزێکی خزمی سەرۆک هۆزەکەی ئێمەیە، مونیف ئەلحەواس، بەڵام ئەمان خەڵکی ناوچەیەکن لای...

**کاوە ئەمین: ئەوانیش لە مووسڵەوە هاتوون؟**

**سەباح حەمدانی:** لای سامەڕا.. ئەوانە لە شێخەکانی شەممەری لای سامەڕان. حەواس ئسدێد لەوێ بووە. شەممەری جەربا بۆ جاری دووەم گواززانەوە بۆ ئەم ناوچەیە. بێگومان دەست بەسەر زەوییەکاندا گیرا و کوردەکان راگوێزران، هەرچی زەوی دیبەگە هەبوو، لەو شوێنەی فڕۆکەکەی وەزیری بەرگری لێی کەوتە خوارەوە تاوەکو لای رۆژهەڵات، تاوەکو دەگاتە زێ، واتە دەگاتە دووبز، ئەو ناوچەیە و ئەو هەموو زەوییە بەرینە جوانە کە دەکەوێتە ناوچەی بارانەوە و زۆر گونجاوە بۆ چاندنی گەنم و جۆ، هەر هەمووی لە کوردەکان زەوتکرا و بە فەرمی درایە ئەمانە. واتە لەسەریان تاپۆ کرا. هەمووی زەوی کشتوکاڵییە. بۆیە بەڵێ هۆزێکی گەورە بوون هاتن ئەو زەوییانەیان بۆخۆیان برد. ئەوەیە سیاسەتی تەعریب کە بریتییە لە راگواستنی خەڵک و تەنانەت کوشتنیان، رێک ئاوا بوو. مرۆڤ کە ماڵ و حەڵاڵی لێ داگیرکرا، ئەو ماڵ و حەڵاڵە، مرۆڤ بەچی دەکوژرێ و دەمرێ؟ بەوەی کە لە ماڵ و حەڵاڵی خۆی رووتی بکەیەوە. ئەو ماڵ و حەڵاڵە لە دەست ئەو خەڵکە دەرهێنرا و درایە خەڵکانی دیکە. ئەو خەڵکانەی دیکەش، من خۆم زۆر جار سەردانی ئەو ناوچانەم دەکرد و دەچووم بۆ ماڵی خوشکم لە دیبەگە، ئەو ناوچەیە تاوەکو دەگاتە پەلکانە و سەربەشاخ هەمووی دەگەڕام و خەڵکم دەبینی. ناوچەیەکی پڕ لە کێشە بوو بە ئەندازەی ئەوەی کە مرۆڤی ئازار دەدا. جارێک کێشەیەک لەنێوانیان روویدا. ئەو عەشیرەتە لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی چەکدار تووشی کێشە هاتن. ئەو هۆزە گورزێکی بەهێزیان لەو چەکدارانە دا. بەڵام چۆن؟ بەشێوازێکی تاوانکارانە.

**کاوە ئەمین: مەبەستت لەو چەکدارانە کێیە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** دەڵێـن یەکێتـی بـوون، بـەڵام خەڵکـی چەکـدار بـوون و خەڵکـی گوندەکانـی نێـوان مەخمـوور و هەولێـر بـوون. ئـەم هـۆزە بـەرەوڕووی کۆمەڵێـک هێـرش بوونـەوە، لەوانـە جارێـک مەڕوماڵاتیـان رفاندبـوون. ئـەم هـۆزەش وەڵامیـان دانـەوە و چوون پەلامـاری کۆمەڵێک گوندیـان دا کـە زنجیرەیـەک گونـدی کـوردن. پەلاماریـان دان و ئەمانیـش مەڕوماڵاتـی ئەوانیـان هێنا، مـەڕ و ماڵاتـی کـوردان. هێنایـان و لای خۆیـان گلیاندایـەوە، هـەر وەک ئـەوەی ئێمـە لـە دەوڵەتـدا نەبیـن و کۆمەڵێـک باندبیـن ئـەم بـدزێ و ئـەو بڕفێنـێ. دەوڵەتیـش پشـتی هۆزەکـەی گـرت، تەنانـەت خەڵاتیکـردن کـە ئـەو کارەیـان لـە دژی کـوردەکان کـردووە، بۆئـەوەی مەڕوماڵاتەکەیـان ئـازاد بکـەن، ئەوەبـوو ئازادیـان کـردن لـە ترسـی مەڕوماڵاتەکـەی خۆیان کـە رفێنرابـوون بـۆ پەلکانە. ئەمـە یەکێکە لـەو رووداوانـەی لـە نزیکـەوە ئـاگام لێبـوو، هەروەهـا ئـەو شـتەی دواتریـش روویـدا لـە زنجیـرەی دووەم.. ئەوکاتـە بـوو کـە ژمارەیەکـی دیکـەی شـەممەری تۆدەیـان لـە باشـوورەوە هێنـا و بـە درێژایـی ئـەو زنجیرەیـە نیشـتەجێیان کـردن کـە دەکەوێتـە نزیـک پـردێ. ئـەو زنجیرەیـە سـنووری جیاکـەرەوە بـوو کـە بۆڕیـی نەوتـی پێدا تێدەپەڕێت. ئـەو هـۆزە بـۆ پاراسـتنی بۆڕیـی نـەوت هێنرابـوون، بـەو بیانـووە کـە بۆڕیـی نەوتی لێیە و نـەوت بـۆ بەنـدەری جەیهـان دەگوازێتـەوە، هاتـن ئـەم هۆزەیـان لـەوێ جێگیرکـرد. هـۆزی شـەممەری تـۆدە لـەلای راسـتی زنجیـرە چیاکـە بـوون لـە نزیـک پـردێ و لـەلای چەپیشـی شـەممەری جەربـای لـێ جێگیرکـرا، ئەمـە تەعریبێکـی روون و ئاشـکرایە و ئەنجامەکەشـی ئـەوە بـوو کـە ئێسـتا باسـی دەکەیـن.

**کاوە ئەمیـن: ئەگـەر لـە لایەنـە سیاسـییەکەی ئـەم تەعریبـە بگەڕێیـن کـە دەوڵەتـی لـە پشـت بـووە، ئـەی لەلایەنـی مرۆییـەوە، ئـەم هـۆزە عەرەبانـە کـە موسـڵمانن و خاوەنـی کۆمەڵێـک پرەنسـیپ و بەهـای**

**تایبـەت بـە خۆیانـن، چـۆن قبووڵیـان دەکـرد ئـاوا بچنـە سـەر موڵـک و ماڵـی خەڵکـی دیکـە و داگیـری بکـەن؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئـەوە بەتـەواوی روونـە کـە لـەڕووی ئایینـەوە ئـەم زەوییانـە بـە داگیرکـراو دادەنرێـن، موڵکێکـی داگیرکـراوە و نابـێ دەسـت بـۆ موڵکـی خەڵکـی دیکـە درێـژ بکـەی، چونکـە تـۆ دەزانـی ئەمـە داگیرکردنـە. کاتێـک کـە کوێتمـان داگیرکـرد، زۆر عێراقـی هەبـوون ئامـادە نەبـوون ئـەو شـتومەکانە بکـڕن کـە لـە کوێت دزرابـوون، چونکـە دەیانزانـی ئـەوە موڵکـی خەڵکـە و داگیرکـراوە. زۆر عێراقـی واهەبـوون. ئـەم عەشـیرەتەش کـە خزمـی خۆیشـمن، بەڵام ئەمـە راسـتییە و دەبـێ رەخنـەی لێبگریـن، چـۆن بـووە ئـاوا باسـی بکەیـن، چـۆن داگیـری دەکـەی و دەسـتی بەسـەردا دەگـری؟ کـورد تەنانـەت لـە دوای 2003 یـش نەیانتوانـی ئـەم زەویانـەی خۆیـان وەرگرنـەوە. بیهێنـە پێـش چـاوت، ماڵی خوشـکی مـن قەرەبوویـان لـە کـورد وەرگرتـووە لـە بەرامبـەر ئـەوەی زەویەکانیـان بـۆ گەڕاندوونەتـەوە. پێنـج ملیـار دیناریـان وەرگـرت، واتـە نزیکـەی چـوار ملیـۆن و 500 هـەزار دۆلار بەهـای زەویـەک کـە موڵکـی خۆیـان نەبـووە. وەریانگـرت و ئێسـتا کەیـف و سـەفای پێـوە دەکـەن. ئاخـر ئەمـە زوڵمـە، ئەمـە لەنێوبردنـی مەزڵـووم و پایەدارکردنـی زاڵمـە. خـۆ جگـە لەمـەش لـە هەمـوو شـتێکدا پشـتیوانی کـراون، ئۆتۆمبێلیـان وەرگرتـووە، چەکیـان وەرگرتـووە، پێداویسـتیی کشـتوکاڵیان لـە بانکـی کشـتوکاڵ وەرگرتـووە. ئـەم ناوچەیـە خـۆی لـە بنەڕەتـدا سـەر بـە قـەزای مەخمـوورە و مەخمووریـش لـە بنەڕەتـدا سـەر بـە هەولێـر بـوو، بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش خرایـە نـاو ململانێـوە لەسـەر کەرکـووک، واتـە ئـەم ناوچەیەیـان دابـڕی، بۆئـەوەی لـە هیـچ بارێکـدا لەسـەر ئـەو ناوچانـە حیسـاب نەکـرێ کـە سـەر بـە هەولێـرن، یـان سـەر بـە مەخمـوورن. لکاندیـان بـە کەرکووکـەوە بۆئـەوەی لـەڕووی ژمـارەی دانیشـتووانەوە بکەوێتـە خزمەتـی پرۆسـەی تەعریبـی کەرکـووک.

**کاوە ئەمیـن: کەواتـە ئـەوان جگـە لـەوەی زەوییەکانیـان داگیردەکـرد، ئیمتیـازی دیکەشـیان وەردەگـرت؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ، بەڵـێ. ئـەم هاوردانـە لـەم 10 هـەزار و شـتانەیان وەرنەگـرت، ئەوانـە تەنیا زەوی کشـتوکاڵی و پشـتیوانیی بـەردەوام، پیکاب و زۆر شـتی دیکـەی کشـتوکاڵی، ئامێـری کشـتوکاڵی و تـۆوی دانەوێڵـە و ئـەو جـۆرە شـتانەیان وەرگرتووە.

**کاوە ئەمیـن: چـی دەزانـی سـەبارەت وردەکارییەکانـی ئـەم پرۆسـە ڕێکخـراوەی دەوڵەتـی عێـراق بـۆ گۆڕینـی دیمۆگرافیـای کەرکـووک؟**

**سـەباح حەمدانـی:** مـن خـۆم مـاوەی چەنـد مانگێـک سـەروکارم لەگـەڵ لیژنـەی تەعریـب بـوو. لیژنەیـەک هەبـوو لـە پارێـزگا تایبـەت بـوو بـە تەعریـب. ئەوانـەی لـەو لیژنەیـەدا بـوون وەکـو لـە یـادم بێـت، بەڕێوەبـەری کاروبـاری ناوخـۆ لـە پارێـزگا، منیـش دەچـووم، بـەڵام بـەردەوام نـا، مانگانـە کۆبوونەوەیەکمـان هەبـوو، بـەڵام کاری مـن تەنیـا ئـەوە بـوو گـوێ بگـرم بزانـم چـی دەگوزەرێـت. جـا ئـەوەی بەباشـی لەیادمـە، خاڵـی یەکـەم مەسـەلەی نفـووس بـوو، چـی دەکـرا؟ کەرکـووک خـۆی وەک شـارەکە لـەڕووی دانیشـتووانەوە، زۆرینـەی تورکمـان بـوو، ئەوانـی دیکـەش هەبـوون، کـورد و عـەرەب، بـەڵام زۆرینـە تورکمـان بـوون. لـە ناوچەکانـی دەوروبـەری، ئەوانـەی لـە سـلێمانی نزیکـن یـان هاوسـنوورن لەگـەڵ هەولێـر، یـان لـە خـوارەوە لای داقـووق و ئـەو ناوچانـە، ئەوانـە زۆرینەیـان کـورد بـوون. ئـەوە بەپێـی ئـەو شـتانەی دەمخوێندنـەوە، جـا ئێمـەش لـە چوارچێـوەی ڕێنماییەکانـی پارێـزگا و حیـزب، دەبـوو بەجۆرێـک کار بکەیـن ژمـارەی کـورد لـەو ناوچانـە کـەم بکەینـەوە. باشـوور و ڕۆژئـاوای کەرکووک زۆرینەیـان عـەرەب بـوون. گوندەکانیـان عەرەبیـن. ئینجا ئێسـتا سـەیری ئەم هاوکێشـەیە بکـە، ئەمـە ئـەو شـتەیە کـە ئێمـە کارمـان لەسـەر دەکـرد. شـاری کەرکـووک بۆئـەوەی لـەڕووی دانیشـتووانەوە بگـۆڕێ، ڕێنمایـی نـوێ بـۆ فەرمانگـەی تاپـۆ دەرچـوو، بـۆ مەسـەلەی کڕیـن و فرۆشـتن. ئەمـە ئـەو

شـتەیە کـە پێشـانت دەدات ئەم پرۆسـەی تەعریبـە چۆن کـراوە. ڕێنماییەکە ئاوابـوو، ئەگـەر کوردیـت و موڵکـت هەیـە، دەتوانـی موڵکەکـەت بفرۆشـی بـە عـەرەب و تورکمـان و بـە کوردیـش. ئەگـەر عەرەبیـت، دەتوانـی موڵـک لـە کـورد و لـە تورکمـان و لـە عەرەبیـش بکـڕی. ئەگـەر تورکمانیـت، مافـی ئـەوەت نییـە موڵـک بفرۆشـی تەنیـا مەگـەر کڕیارەکـە عـەرەب بێـت. نەیدەتوانـی موڵـک بفرۆشـنە کوردێـک، واتـە چوارچێوەیـان بـۆ دانابـوو. ئەم پرۆسـەیە ئەگـەر بەباشـی لێـی وردبیتـەوە دەبینـی چ زولمێکـی تێدایـە. مـن خانووەکـەم پـارە نـاکات لەبەرئـەوەی عەرەبـم، کـەس نایکڕێـت. کـورد و تورکمـان ناتوانـن لێـم بکـڕن، کەچـی خانـووی کـورد بـە خێرایـی دەفرۆشـرا، بۆچـی؟ چونکـە شـارەکە دەبـوو تەعریـب بکـرێ، بۆیـە دەبـوو وایـان لێبکەین زوو بیفرۆشـن.

**کاوە ئەمیـن: واتـە کـورد نەیدەتوانـی هیـچ بکـڕێ و تەنیـا دەیتوانـی بفرۆشـێ؟**

**سـەباح حەمدانـی:** دەیتوانـی بفرۆشـێ و لـە کـوردی دیکـەش بکڕێـت. ئەمـە ڕێپێـدراو بـوو. تەماشـای ئـەم ڕێنماییـە بکە، سـەرەڕای سـادەییەکەی، چونکـە ئـاوا کـە باسـی دەکـەی، وادەزانـی شـتێکی بـێ نرخـە، لەبەرخۆتـەوە دەڵێـی چییـە عـەرەب دەتوانـێ لـە کێـی بکـڕێ و کـورد دەتوانـێ بـە کێـی بفرۆشـێت؟ بـەڵام ئـەوە ئێمـە بوویـن ئـەم ڕێنماییانەمـان جێبەجـێ دەکـرد. کاتێـک کڕیارێـک و فرۆشـیارێک دەهاتـن، بـۆ نموونـە کاک کاوە دەیـەوێ موڵکێـک بفرۆشـێتە سـەباح. معامەلاتەکـە دەچـووە بەڕێوەبەرایەتـی ئەمـن. لـەوێ لێیـان دەکۆڵییـەوە، کاک کاوە لـە چ نەتەوەیەکـە؟ سـەباح لـە چ نەتەوەیەکـە. زانیارییەکانمـان دەنـارد: سـەباح عەرەبـە و کاوە کـوردە، ئەمـە دەتوانـێ بەوەی بفرۆشـێ یـان نا، ئەگەرنـا دەسـتبەجێ ڕەتدەکرایەوە. واتـە هەمـوو کڕیـن و فرۆشـتنێک دەهاتـەوە دایـرەی ئەمـن. ئەمـە کارێکـی نامرۆڤانـە و زۆر ترسـناکە و بیرۆکەیەکیشـمان دەداتـێ سـەبارەت ئـەوەی لـەو ماوەیـەدا چـی کـراوە.

**کاوە ئەمیـن: کەواتـە ئەمنـی کەرکـووک بەشـێوەیەک لـە شـێوەکان سەرپەرشـتی پرۆسـەی تەعریبـی دەکـرد؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان. جێبەجێکردنەکـەی لەسـەر ئێمـە بـوو، ئێمـە لایەنێکـی جێبەجێـکاری ئەمنـی بوویـن. ڕاگواسـتن، هەرکەسـێک کێشـەی بنابووایـەوە، هـەر کوردێـک کێشـەی دروسـتکردبایە، یان هـەر تۆمەتباریش بـا، خـۆت دەزانـی لـە عێراقـدا هەمیشـە تۆمەتبـار تاوانبـارە تەنانـەت ئەگـەر بێتاوانیشـی بسـەلمێت، ڕێـک پێچەوانـەی ئـەوەی لـە دنیـادا بـاوە. هەمـوو جیهـان هـاوار دەکـەن تۆمەتبـار بێتاوانـە تاوەکـو ئەوکاتـەی تاوانەکـەی لەسـەر دەسـەلمێ، ئـەی بـۆ لای ئێمـە تاوەکـو ئـەم ساتەش بەپێچەوانەیە. لـە عێراقـدا هـەر وابـووە. هـەر کەسـێک وەکـو تۆمەتبـار بێتـە بەردەمـت، تـۆ وەکـو لێکۆڵـەر دەتـەوێ تۆمەتەکـەی لەسـەر بسـەلمێنی، باشـە بـۆ؟ کاری تـۆ ئەوەیـە ڕاسـتییەکە بزانـی. جـا هەرکاتێـک شـتێک لەسـەر کوردێـک سـەلمابووایە، دەسـتبەجێ ڕایاندەگواسـت. بەخـۆی و خێزانـەوە بـە شـەوی تاریـک شـتەکانیان فڕێدەدایـە ئۆتۆمبێلێکـەوە و ڕەوانـەی ناوچـە کوردییەکانیـان دەکـردن. ئـەم ڕاگواسـتنەش بەهەمـان شـێوە بەشـێک بـوو لـە تەعریـب و گۆڕینـی دیمۆگرافیـای شـارەکە. باشـە بـۆ؟ لێگەڕێـن لـە هەمـوو شـوێنێک بتوانیـن بژیـن. کـورد لـە کـوێ ویسـتی بـژی، تورکمـان لـە کـوێ ویسـتی بـژی و عـەرەب لـە کـوێ ویسـتی بـژی. ئەمـە عێراقـە، تـۆ بۆچـی هاوکێشـەکانی دەگـۆڕی؟ چونکـە کـە هاوکێشـەکانیت گـۆڕی ئیـدی مافـی حوکمڕانیـی ئـەم وڵاتـە لەدەسـت دەدەی.

**کاوە ئەمیـن: باسـی ئـەوەت کـرد کـە زۆرینـەی نـاو شـاری کەرکـووک تورکمـان بـوون، بـەڵام ئەمـە شـتێکی مێژووییـە بـا باسـی بکەیـن، سـاڵی 1957 کـە سـەرژمێری کـرا، ئـەوە بـووە بەڵگەیەکـی مێژوویـی کـە زۆرینـەی دانیشـتووانی کەرکـووک کـورد بـوون، هـۆی چـی بـوو کـە کـورد کەمبوونـەوە و ژمـارەی تورکمـان لـە کەرکـووک دا زیـادی کـرد؟**

**سـەباح حەمدانـی:** وەکـو گوتـم مـن درەنـگ هاتـم. کاتێـک نووسـراوەکانی

لیژنـەی راگواسـتنی پارێـزگام خوێنـدەوە، چیـم بینـی؟ دەرئەنجامـی ئـەو شـتانەم بینی کـە لـە ساڵانی پێشـتردا کرابـوون، بیسـت ساڵی پێشـتر چـی کرابـوو؟ ئـەوە ئێمـەی گەیاندبـووە ئـەو ئامـارە کـە ژمارەکانیـم بـە تـەواوی لـە یـاد نییـە، بـەڵام پووختەکەیـم لەبیـرە. بەگوێـرەی ئـەوە، زۆرینـەی دانیشـتووانی نـاو شـاری کەرکـووک تورکمـان بـوون، ئـەو شـوێنانەی دەوروبەریشـی کـە باسـمکردن کـوردی بـوون، لای باشـوور و رۆژئاواشـی عـەرەب بـوون، جـا ئەمـە بـۆ ئەوکاتـەی دەوڵـەت ئەنجامێکـی خـراپ نەبـوو، ئـەوە بـاش بـوو کـە پرۆسـەکە گەیشـتبووە ئـەو ئاسـتە، بـەڵام زیاتریـان دەویسـت، بـە چـی دەتوانیـن زیاتـر بیگـۆڕیـن؟ بـە راگواسـتنی کـورد. چەنـدی بتوانیـن دیمۆگرافیـای ناوچەکـە بگـۆڕیـن، ئەوەنـدە نزیـک دەبینـەوە لـە ئامانجـی دوورخسـتنەوەی کـورد لـە کەرکـووک. بیرۆکەکـە ئاوابـوو، چەندی بتوانیـن وا لـە کـورد بکەیـن کـە بـڕۆن. کـورد لـە مـاوەی پێنـج خولـەک دەچـوو رەزامەندییەکـی دەهێنـا کـە دەیـەوێ شـوێنی نیشـتەجێبوونی بگـۆڕێ و لـە کەرکـووک بـڕوات، بـەڵام ئەگـەر عەرەبێـک داوای شـتی وای کردبووایـە، دەبـوو واسـتە بـکات، یـان بەرتیـل بـدات بـۆ ئـەوەی رەزامەنـدی وەرگـرێ و بتوانـێ لـە کەرکـووک بـڕوات.

**کاوە ئەمین: ئەی فەرمانگەی تاپۆ لەم پرۆسەیەدا رۆڵی چ بوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئێمـە هێشـتا باسـی بابەتـی دابەشـکردنی زەویمـان لەسـەر هـاوردەکان نەکـردووە، ئەوانـەی لـە پارێزگاکانـی دیکـەوە دەهاتـن. سیاسـەتی هاندانـی هـەژارەکان لـە پارێزگاکانـی دیکـە بـۆ ئـەوەی بێـن لـە کەرکـووک نیشـتەجێبن، ئەمـە بابەتێکـی دیکەیـە، بـەڵام بەشـێکی سەرەکیشـە. تـۆ زەوی دابـەش دەکـەی...

**کاوە ئەمین: باسی ئەوانەش دەکەین...**

**سەباح حەمدانی:** بەڵام ئەمە بابەتێکی سەرەکییە لەم باسەدا..

**کاوە ئەمیـن: کەواتـە بـا باسـی ئەمـەش بکەیـن و بیبەسـتینەوە بـە فەرمانگـەی تاپـۆوە..**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ.. ئـەم هاوردانـە، مـن ژمـارە و شـتم لەیـاد نییـە بەڕاسـتی، بـەڵام لەیادمـە کـە زەوییـان وەرگـرت و هـەر یەکەیـان بڕێـک پارەشـیان وەرگـرت بـۆ ئـەوەی بیکەنـە خانـوو، ئەمـە بەتایبەتـی بـۆ ئەوانـەی لـە پارێزگاکانـی باشـوورەوە دەهاتـن. ئـەم سیاسـەتە کاریگەرییەکـی زۆری هەبـوو لەسـەر پرۆسـەی گۆڕینـی دیمۆگرافیـای شـارەکە و بەشـێوەیەکی سەرسـوڕهێنەرانەش سـەرکەوتوو بـوو. لـە دوای ئـەوە ئیـدی دەمانگـوت هەسـت بـە گۆڕانـکاری لەنـاو شـار و دەوروبـەری دەکەیـن.

**کاوە ئەمیـن: ئـەی فەرمانگـەی کشـتوکاڵ رۆڵـی چـی بـوو؟ بەتایبەتـی لـە زەوتکردنـی زەوی لـە کـورد و بەخشـینی بـە عـەرەب و تاپۆکردنـی لەسـەریان. ئـەوان ئاسـانکارییان دەکـرد بـۆ ئـەوەی پرۆسـەی تەعریـب بەگوڕتـر بەڕێوەبچـێ؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئەوەشـم بـە باشـی لەیـادە کـە لـە ناوچـەی پیشەسـازی، زەوی و شـوێنیان دەدایـە عـەرەب، عـەرەب بەتایبەتـی لـەوەدا ریزپـەڕ کرابـوون کـە دەیانتوانـی زەوی وەرگـرن و بیکەنـە گـەراج، یـان پـرۆژەی دیکـە لـە ناوچـەی پیشەسـازی دروسـت بکـەن. هەروەهـا لـەو ناوچانـەی کـە دواتـر پـڕۆژەی نوێـی ئاودێرییـان لەسـەر جێبەجـێ کـرا، لەوێـش زەوییـان دەدایـە عەرەبـەکان، تەنانـەت یەکێکـی وەکـو سـەددام کامـل رووبەرێکـی بەرفراوانـی لـە ناوچـەی نزیـک داقـوق وەرگـرت، چونکـە ئـەو ناوچەیـەش کەوتبـووە چوارچێـوەی پرۆسـەی گۆڕینـی دیمۆگرافییـەوە. لەوێـش زەوی زۆریـان بەخشـی، تەنانـەت پێشـنیازیان بـۆ منیـش کـرد، بـەڵام گوتـم زەوی کشـتوکاڵیم نـاوێ، گوتیـان گەراجێـک وەرگـرە، واتـە زەوی پیشەسـازی، بـەڵام هیـچ داوایەکـم پێشـکەش نەکـرد و وەرمنەگـرت، خۆیـان ناویشـیان نووسـیم، بـەڵام نەمویسـت و

بەدوایدا نەچووم، ڕەنگە ئێستا بچمە شارەوانی کەرکووک ناوی خۆم بدۆزمەوە کە لە ناوچەی پیشەسازی گەراجێکم بە ناوە. بە کورتی عەرەب هاندەدران بۆ ئەوەی ببنە خاوەنی زەوی و قەرزی کشتوکاڵی وەرگرن، بەتایبەتی لەو شوێنانەی بە پڕۆژە نوێیەکانی ئاودێرییەوە دەبەسترانەوە. شتەکە ڕوون و ئاشکرا بوو کە تۆڕێکی بەهێز چنراوە کە هەموو لایەک تێیدا ئەرکێکیان هەبوو. بانکی کشتوکاڵی، بانکی پیشەسازی، فەرمانگەی تاپۆ و پارێزگا، هەموویان بەو ئاراستەیە کاریان دەکرد. ئاراستەی تەعریب.

**کاوە ئەمین: کەواتە هەموو ئەو فەرمانگانە ئاگایان لە کارەکانی یەکدی هەبوو؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ، ئەمە شتێک بوو کۆکبووین لەسەری. کەسێکیان نەدەهێنایە ناو ئەو لیژنانە نوێنەرایەتییان بکات، مەبەستم لیژنەکانی تەعریب ئەگەر کەسێکی ناسراو نەبووایە و بیرکردنەوەی بەو ئاراستەیە نەبووایە، واتە نەدەبوو هەڵوێستێکی هەبێ جگە لەو هەڵوێستەی کە لایەنگر و پشتیوانی تەعریبە. من دژی تەعریب بووم و پێکەنینم بەوە دەهات، بەتایبەتی ئەو مەسەلەی تاپۆ و کڕین و فرۆشتنە. تەنانەت چەند جارێک لای بەڕێوەبەری کاروباری ناوخۆ لە پارێزگا کە ناوی عومەرییە و خەڵکی مووسڵە، زۆریش برادەرمە، بەو ڕێنماییانە پێدەکەنین کە عەرەب نابێ بە کوردی بفرۆشن و کورد دەبێ بە کێی بفرۆشن، گاڵتەجاڕی بوو. خۆمان لەنێوانی خۆمان کە قسەمان دەکرد وەک گاڵتەجاڕی باسمان دەکرد. ماوەی سێ مانگێک چوومە ناو دانیشتنەکانی ئەو لیژنەیە و تەماشای کارەکانم دەکرد و بەشداری کۆبوونەوەکانیانم دەکرد، لەناکاو منیان لەوێ کێشایەوە، لەوانەیە هەر ئەو عومەرییە زانیاری دابێ کە من ڕەخنە لەو سیاسەتە دەگرم، بۆیە منیان لادا و ئەفسەرێکی دیکەیان دانا.

**کاوە ئەمیـن: ئـەو عەرەبانـەی کـە لـە ناوچەکانـی دیکـەی عێراقـەوە دەهێنـران بـۆ کەرکـووک زیاتـر خەڵکـی کـوێ بـوون؟**

**سـەباح حەمدانـی:** زۆرینەیـان ئەوەنـدەی مـن بزانـم خەڵکـی باشـوور بـوون. خەڵکـی هـەژار بـوون و بـۆ دەرەتانێـک دەگـەڕان، ئـێ عێراقیشـە، وا بیردەکاتـەوە کـە مافـی خۆیەتـی لـە هەولێـر بـژی، یـان لـە کەرکـووک یـان لـە مووسـڵ. دیـارە ئەمـە مافـی هـەر هاووڵاتییەکـە لـە هەمـوو وڵاتانـی دنیـا، بـەڵام کاتێـک شـتەکە تەنیا پەیوەسـت دەبـێ بـە یـەک شـوێن، تەنیـا بـە کەرکـووک، دەردەکـەوێ کـە لـەم کارەدا نیـازی داگیـرکاری هەیـە، زەوتکردنـی موڵکـی خەڵکـی دیکەیـە. تـۆ کـە ئاسـانکاری بـۆ کەسـی هاتـوو تەنیـا بـۆ ئـەم شـارە دەکـەی، دیـارە کـە بڕیارەکـەت زاڵمانەیـە و نیـازی خراپـی لەپشـتە، بـەڵام خەڵکـی هـەژار ئـەوە نازانـن، پێویسـتیان بـە خانـووە و ئەوانیـش کەرکووکیـان بـۆ هەڵبـژاردن، ئەوەشـیان بیسـتبوو کـە بڕیـاری تایبـەت هەیـە بـۆ ئەوانـەی دەچنـە ئـەو شـارە. چـوون نفووسـی خۆیـان گواسـتەوە، تەنیا گواسـتنەوەی نفووسـی دەویسـت بـۆ ئـەوەی پارچەیـەک زەوی وەرگـرن و پاشـان قـەرزی خانووبـەرە وەرگـرن و بیکەنـە خانـوو. ئـێ ئەمـە بـۆ ئـەوان شـتێکی بـاش بـوو، خـۆ ئەگـەر ئـەم بڕیـارە بـۆ هەمـوو پارێزگاکانـی وڵات بووایـە و بـۆ بەرژەوەنـدی هەمـووان بووایـە، دەمانگـوت ئـەم دەوڵەتـە خزمەتـی هاووڵاتییەکانـی دەکات، بـەڵام تەنیـا لـەم شـوێنە و بـۆ نیازێکـی گڵاو خزمەتـی هاووڵاتـی بکـەی، ئەمـە کارێکـی ناشـەریفانەیە.

**کاوە ئەمیـن: ئەوانـەی دەهاتـن موڵـک و ماڵەکانیـان لـە شـارەکانی پێشـوویان دەمـا؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان، کـەس لەسـەری نەدەسـەپاندن. دەیتوانـی هەرچـی هەیـە بیفرۆشـێ و بێـت، بـەڵام ئەمـە مافێکـی سـەربار بـوو، مافێکـی نـوێ کـە لـە کەرکـووک وەریگرتـووە.

**کاوە ئەمین: نفووسیشیان دەگواستنەوە بۆ کەرکووک؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ دەگوازرایـەوە. بڕیارەکـە زۆر روون بـوو. دەڵـێ جارێکـی دیکـە مافـی ئـەوەت نابـێ نفووسـی خـۆت لـە کەرکووکـەوە بگوازیـەوە، واتـە دەبـێ لـە کەرکـووك بمێنییـەوە.

**کاوە ئەمیـن: ئـەو سـەردەمە هیـچ گرنگییەکـی تایبـەت دەدرا بـە حەویجـە، یـان بـە گەڕەکـە عەرەبنشـینەکانی کەرکـووک؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەنیسـبەت دانیشـتووانی کەرکـووک، حەویجـە و غەیـری حەویجـە، ئـەم دیارییـە ئەوانـی نەدەگرتـەوە، ئـەوان نەیاندەتوانـی زەوی و پـارە بـەو بڕیـارە وەرگـرن، چونکـە ئەوان لـە بنەڕەتـەوە خەڵکـی کەرکووکن، بۆیـە ئەمـە بـۆ ئـەوان نەبـوو..

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام مـن مەبەسـتم ئەوەیـە لـەڕووی خزمەتگوزارییـەوە، گرنگیـی تایبـەت بـەو گـەڕەک و ناوچانـەی عـەرەب دەدرا؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ بێگومـان، ئاخـر ئەوەش بەشـێک بوو لە سیاسـەتی جیـاکاری، تەنانـەت لـە پارێزگاکانـی باشـووریش، هیـچ کاتێـک خزمەتگـوزاری بەشـێوەیەکی دروسـت و یەکسـان نەدەگەیشـتە هەمـوو پارێـزگاکان. سیاسـەتی رژێمەکـە بەوشـێوەیە بـوو.

**کاوە ئەمیـن: ئـەم تەعریبـە هـەر تەنیـا لـە داگیرکردنـی زەوی و گۆڕینـی دیمۆگرافیـدا سـنووردار نەبـوو، بەڵکـو لـەڕووی فەرهەنـگ و زمانیشـەوە کاری لەسـەر دەکـرا، لـەو لایەنـەوە چـۆن بـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** لەیـادم نییە لەو لایەنـەوە چۆن کار کراوە و ئامارێکیشـم لەبەردەسـت نییـە، بـەڵام لـەڕووی لۆژیکـەوە، وەزارەتـی پـەروەردە و بەڕێوەبەرایەتـی پـەروەردەی کەرکووکیـش هـەر بـەو ئاراسـتەیە کاریـان کـردووە، چونکـە لـەو پرۆسـەیەدا هەمـوو لایـەک بـە یـەک ئاراسـتە کاریـان دەکـرد کـە ئاراسـتەی تەعریبکردنـی شـارەکە بـوو، یـان بڵێـم تەعریبـی

پارێزگاکە بەگشتی، بەڵام وردەکاریی ئەوەی کە لە بواری پەروەردە چی کراوە؟ ئەوە نازانم.

**کاوە ئەمین: ئەی لە مەسەلەی دامەزراندن، بەتایبەتی لە کۆمپانیای نەوتی باکوور و لە شوێنەکانی دیکەش، یەکسانییەک لە دامەزراندن هەبوو بۆ خەڵکی پارێزگاکە؟**

**سەباح حەمدانی:** نا بەهیچ شێوەیەک عەدالەت لەو شتانەدا نەبوو لە سەرانسەری عێراق، تەنانەت لە پارێزگاکانی دیکەیش، بەڵام ئەم پارێزگایە تایبەتمەندییەکی پێدرابوو. بێگومان بەنیسبەت کۆمپانیا و دامەزراوەکانی نەوت، لەپێشینەیی بۆ عەرەب بوو ئینجا تورکمان. چەندی پێیان کرابووایە کوردیان دووردەخستنەوە و لەو شوێنانە دانەدەمەزران مەگەر لە ناچاری بووایە.

**کاوە ئەمین: لەناو خەڵکی عەرەب و تورکمانی شارەکە هیچ کاتێک هەستتان بەوە دەکرد کە ئەوان نارازی بن لەوەی موڵک وماڵی کورد داگیر بکرێ؟ روویداوە خەڵک نارەزایی دەربڕن؟**

**سەباح حەمدانی:** بەگشتی حەزیان بەوە نەدەکرد. بەگشتی دەڵێم، من دۆست و هاوڕێم لەناو تورکمان، لەناو عەرەب و لەناو کوردی شارەکەش هەبوو، هیچ کاتێک تێبینی ئەوەم نەکردووە کە تورکمان دڵخۆش بووبن بەو تەعریبە. رەزامەندی و دڵخۆشییەکی راستەقینەم نەدەدیت، بەپێچەوانەوە هەمیشە رەخنە هەبوو. خەڵک حەزیان لێ نەبوو، چونکە زوڵمی تێدابوو، لە دەرئەنجامدا ئەوانیش لە ئایندەی خۆیان دەترسان، کابرا دەیگوت رەنگە سبەی نۆرەی منیش بێت، ئەو رۆژە خورام کە گارەش خورا، ماناکەی ئەوەیە کە رەنگە رۆژێک بێت من و خێزانەکەشم لەبەرئەوەی تورکمانین بەرەوڕووی هەمان بارودۆخ ببینەوە، بۆیە خەڵک بەگشتی دڵخۆش نەبوون.

**کاوە ئەمین: بەڵام هیچ ناڕەزاییەکی ئاشکرا نەبوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان خەڵـک، تورکمـان بەگشـتی خەڵکێکـی ئاشـتیخوازن، ببینـە ئەفسـەرەکانیان چەندیـان لەسـێدارەدران، ئەفسـەرە تورکمانـەکان، بۆیـە خەڵکێکـن خۆیـان لـە کێشـە بەدووردەگـرن، هیـچ کاتێـک رانەپەڕیـون، بەشـداری هیـچ شـەڕێك و هیـچ کارێکـی چەکدارانەیـان نەکـردووە. کار و چالاکیـان تەنیا لـەو چوارچێوەیـەدا بـووە کـە هەوڵبـدەن مافەکانیـان پێشـێل نەکـرێ و خۆیـان لـە تورکیـا نزیکبکەنـەوە و لەگـەڵ ئەوەشـدا گیانـی نیشـتیمانپەروەریی خۆیـان بپارێـزن.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام ئـەی ئەوانـەی کـە کـورد بـە بـرا عەرەبـە رەسـەنەکان ناویـان دەبـەن، ئەوانـەی لـە کۆنـەوە لـە کەرکـووک بـوون، ئەوانیـش ناڕەحـەت بـوون بەرامبـەر ئـەو کارەی لـە دژی کـورد دەکـرا؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڕاسـتی پێموانییـە عـەرەب ناڕەحـەت بووبـن، بەپێچەوانـەوە، لەنـاو عەرەبـی عێـراق گیانـی قەومـی بەهێـزە و هێشـتا هەسـتی مرۆڤایەتـی نەگەیشـتووەتە دڵـی ئێمـە. دڵـی ئێمـە تاوەکـو ئـەم سـاتەش، مـن لـە کەناڵەکـەی خۆمـەوە لەگـەڵ زۆر لـە برایـان قسـە دەکـەم، هەسـت دەکـەم مرۆڤایەتییـان تێـدا نەمـاوە. شـتی وەهـام بـۆ دەنووسـن وەکـو بڵێـی ئـەو، نەتەوەکـەی ئـەو، تایفەکـەی ئەو کە سـوننەن، مانـای ئەوەیـە ئەوانـی دیکـە هەمـوو دەبـێ بکوژرێـن. ئێمـە تاوەکـو ئـەم سـاتەش نەگەیشـتووینەتە ئـەوەی مرۆڤانـە بیربکەینـەوە و خەڵکـی دیکـە قبـووڵ بکەیـن بەبـێ ئـەوەی بۆمـان گرنـگ بێـت کـە ئـەوە کێیە؟ سـوننەیە، شـیعەیە، کـوردە یـان تورکمانـە؟ ئـەم هەسـتە بەداخـەوە لای ئێمـە لاوازە، ئەمـە لـەدوای 2003 خراپتریـش بـوو. ئێمـە پێشـبینیمان دەکـرد لـە دوای 2003 مرۆڤـی ئێمـە بـەرەو باشـتر بگۆڕێـن، کەچـی خراپتـر بـوون، ئەمـەش بەرهـەم و زادەی جەنگـە لـەو رۆژەوە کـە سـەددام حوسـێن لـە 1980 تووشـی جەنگـی ئێرانـی کردیـن، رۆژێـک ئێرانمـان داگیرکـرد و رۆژێـک کەرکووکمـان داگیرکـرد تاوەکـو گەیشـتینە ئـەم رۆژە.

**کاوە ئەمیـن: هـۆی چییـە کە ئەم رۆحیەتی شـەڕ و کوشـتار و توونددوتیژییە سـەرەڕای گۆڕانـی دنیـا، کەچـی لە عێراقدا هێشـتا هـەر بەردەوامە؟**
**سـەباح حەمدانـی:** لـەو سـەردەمەدا هەسـتی مرۆڤانـە هیـچ نەبـوو، ئەمـە ئیـدی شـتەکە یەکلایـی دەکاتـەوە. بـۆت دەردەخـا کـە ئێمـە بەو سیاسـەتە ئاسـوودە نیـن، لـەو رێنمایـی و بڕیارانـەی سـەددام حوسـێن رازی بوویـن، مەبەسـتم عەرەبە، عـەرەب. بەداخـەوە ئـەوە راسـتییەکەیە.

**کاوە ئەمیـن: کەواتـە پـەروەردەش لـەوەدا رۆڵـی هەبـووە و خەڵـک بـەو کولتـوورە پـەروەردە کـراوە..**
**سـەباح حەمدانـی:** مامۆسـتای ئازیـز. دوای سـاڵی 1980، هەرچـی گەلانـی سـەر زەوی هـەن، کاتێـک دەکەونـە شـەڕەوە و سـەرگەرمی جەنـگ دەبـن، گەلێـک کـە تەنیـا خەریکـی شـەڕە، زۆربـەی رەوشـتە باشـەکانی خـۆی لەبیـردەکات. هەمـوو گەلێـک رەوشـت و بەهـای تایبەت بە خـۆی هەن، ئەم بەهایانـەی ئێمـە کێشـەی گەورەیـان تێکەوتـووە، ئەمـەش یەکـەم بەهـۆی جەنـگ، ئینجـا گەمـارۆ، داگیرکردنـی کوێـت و گەمـارۆ و تاوەکـو دەگەینـە ئێسـتاش، هێشـتا ئێمـە کۆمەڵە خەڵکێکیـن خەریکی یەکترکوشـتنین. ئێمە خەریکیـن یەکـدی دەکوژیـن و هاواریـش دەکەیـن مـەرگ بـۆ ئیسـرائیل. یەکـدی دەکوژیـن و هـاوار دەکەیـن بمـرێ ئەمریـکا. باشـە فەرمـوو بـڕۆ شـەڕ لەگـەڵ ئیسـرائیل بکـە. شـەڕ لەگـەڵ ئیسـرائیل نـاکات، بـەڵام لێـرە خەریکـی کوشـتارە. ئـەوە دروشـمەکانمان و ئـەوە میلیشـیاکانمان و ئـەوە حیزبەکانمـان کـە ئەمـڕۆ حوکمـی وڵات دەکـەن. ئێمـە سیسـتمی رەوشـت و بەهاکانمـان شـێواوە، کـوا بەهـا و رەوشـتی ئێمـە؟ ئـەم داڕووخانـەی ئەخلاقـی ئێمـەش لـە 1980 بـەدواوە دەسـتیپێکرد کاتێـک ئیـدی بـە رەتـڵ شـەهیدمان بـۆ دەهاتنـەوە، شـەهیدیش نـا، کـوژراو، قوربانـی، ناتوانیـن بڵێیـن شـەهید، شـەهید کەسـێکە لەپێنـاوی خـودا شـەڕ دەکات، ئێمـە شـەڕمان لەپێنـاوی خـودا نەدەکـرد، بەڵکـو لـە ترسـی سـەددام حوسـێن شـەڕمان دەکـرد، یـان شـەڕمان بـۆ مووچـە دەکـرد، یـان شـەڕمان دەکـرد

بۆئـەوەی تیربـاران نەکرێـن، شـەڕەکە لەپێنـاوی خـوا نەبـوو تاوەکـو بێـم بڵێـم فـڵان شـەهیدە، بـەڵام لـە هەمووی دەنووسـرا شـەهید، لـە کۆتاییدا هەموومـان بووینـە شـەهید، تاوەکـو ئەمـڕۆش، لەکاتێکـدا ئـەم خەڵکـە قوربانیـن. ڕەوشـت و بەهاکانـی ئێمـە ئـاوا داڕووخـان.

**کاوە ئەمیـن: بـا دواییـن پرسـیار لـەم باسـەدا بکەم و بچینە سـەر باسـێکی دیکــە، ئامانجــی کۆتایــی سیاســەتی تەعریــب و گۆڕینــی دیمۆگرافیــای کەرکــووک چــی بــوو؟ چییـان لـەوە دەویسـت؟**

**سـەباح حەمدانـی:** دەیانویسـت نینۆکـی کـورد لـە کەرکـووک هەڵکێشـن. کەرکـووک هەمیشـە ئامانجـە گەورەکـەی کـورد بـووە، هەمیشـە هـاوار دەکـەن و لـە هەمـوو دروشـمەکانیاندا دەڵێـن کەرکووک دڵی کوردسـتانە، ئەوانیـش دەیانویسـت دەمـاری ئـەو دڵـە بپسـێنن. بیرۆکەکـە بەوشـێوەیە بـوو.

**کاوە ئەمیـن: ئامانجەکـە چۆڵکردنـی شـارەکە بـوو لـە کـورد یاخـود گوند و شـارۆچکەکانی دەوروبەریشی؟**

**سـەباح حەمدانــی:** بەڵــێ ئامانجەکـە ئەوەبـوو. کـە دەڵێـم هەڵکێشـانی نینـۆک واتـە نەهێشـتنی هەبوونـی کـورد، بـەڵام هەنـگاو بـە هەنـگاو. پـێ بـە پـێ. بەڕاسـتیش هـەر ئـاوا هەنـگاو بـە هەنـگاو کـرا، بـەڵام هەنـگاوی بەزەبـر و پڕکێشـانە و تاوەکـو لـە کۆتاییـدا توانییـان بەڕاسـتی دیمۆگرافیـای پارێزگاکـە بگـۆڕن.

**کاوە ئەمیـن: گـوتـت ئـەم کارە هەنـگاو بـە هەنـگاو جێبەجێکـراوە، بـەڵام ئەوەنـدەی تـۆ ئـاگادار بیـت، هەرچەنـدە گـوتـت زۆر ئـاگاداری مێژووەکـەی نیـم، بـەڵام هەنـگاوی یەکـەم لـەو چوارچێوەیـەدا کـەی بـوو؟**

**سەباح حەمدانی:** نازانم بەڕاستی، نەچوومەتە ناو وردەکاری ئەو بابەتە.

**کاوە ئەمیـن: لـە کەرکـووک کـێ راسـتەوخۆ سەرپەرشـتی پرۆسـەی تەعریبـی دەکـرد؟**

**سـەباح حەمدانـی:** سـەددام وەک گـوتـم پاڵەوانـی فیلمەکـە بـوو، ئـەوەڵ و ئەخیـر هـەر خـۆی بـوو. هیـچ کارێـک نەدەکـرا و هیـچ بڕیارێـک نـەدەدرا و جێبەجـێ نەدەکـرا ئەگـەر سـەددام لێـی ئاگادار نەبووایە. سـەددام هـەر خـۆی هەمـوو شـت بوو، دەسـتی لەهەمـوو کارێـک وەردەدا، بۆیـە دەتبینی هەمـوو شـتێک هـەر بەنـاوی ئـەوەوە دەکـرا. عێراقـی سـەددام، پـردی سـەددام، فڵانـی سـەددام و سـەددام و سـەددام، بەهیـچ جۆرێـک ناتوانیـن سـەددام لـەم پرۆسـەیە بێبـەری بکەیـن، چونکـە ئـەو خـۆی هەمـوو شـتێک بـوو. عەلـی حەسـەن مەجیـد کابرایەکی جێبەجێـکار بوو. پلـەی گرنگییەکەی هەرچەنـد بووبـێ و لـە هـەر ئاسـتێکی بەرپرسـیاری بووبێـت، بـەڵام لـە کۆتاییـدا ئەویـش جێبەجێکارێـک بـوو، دەیویسـت سـەددام لێـی رازی بێـت. تەنیـا هـەر ئەوەنـدەی سـەددام لێـی رازی بێـت، چونکـە بـۆی هەبـوو بـە یـەک نووکـە قەڵـەم و لـە چاوتروکانێکـدا بێسەروشـوێنی بـکات. خۆتـان بینیتـان سـەددام چـی بەسـەر هەرەنزیکەکانـی خـۆی هێنـا.

**کاوە ئەمیـن: هەنـدێ لـە عەرەبـە هاوردەکانـی کەرکـووک بـە عەرەبـی 10 هـەزاری ناسـراون، هیچ مەبەسـتێکی شـاراوە لەوەدا هەبـوو کە حکومەتی عێـراق عەرەبـی شـیعەی دەهێنـا بـۆ کەرکـووک یـان ئـەو خەڵکـەی باشـوور خۆیـان حەزیـان دەکـرد بێنـە کەرکووک؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نـا بەڕاسـتی بڵێـم هیـچ بیرکردنەوەیەکـی تایفیانـە لـەو کارەدا نەبـوو. بەڵـێ زۆرینەیـان لـە باشـوورەوە هاتـن، چونکـە ئـەوان مەزڵوومتـر بـوون. ببینـە ئێمـە پێش ئێسـتا باسـی مرۆڤایەتیمان کـرد دوور لـەوەی کـە ئەمـە شـیعەیە و ئەمـە سـوننەیە. لەوکاتـەدا خەڵکـی پارێـزگا سـوننەکان لـە گوزەرانێکـی باشـتردا بـوون. لـەڕووی داهـات و لـەڕووی تەندروسـتی و لـە هەمـوو روویەکـەوە باشـتر بـوون، زیاتـر کـێ برسـی بـوو؟ کـێ شـڕ بـوو؟ دانیشـتووی باشـوور، بۆیـە کاتێـک بژاردەیەکـی ئـاوا باشـی

دەخرێتە بەردەم کە دەتوانێ 10 هەزار دینار وەرگرێ، پارچەیەک زەوی وەرگرێ و قەرز وەرگرێ، بێگومان دێت. من لەوەدا هەرگیز لۆمەی ئەوان ناکەم، ئێمە نابێ بێین لۆمەی یەکدی بکەین، چونکە هەموومان بەر هەمان نەفرەت کەوتووین، ئەمە خاڵێکی گرنگە کە ئێمە لەبیرمان کردووە. بۆچی یەکێتی بووە یەکێتی، حیزبی دەعوە بووە دەعوە، شیوعی بووە شیوعی و تاوەکو دوایی؟ لەبەرئەوەی سەرکردەکەمان گەمژە بوو. سەرکردەکەمان لەسەر رێچکەیەکی دروست نەڕۆیشت کە خزمەتی هەموو عێراق بکات. داهات و سامانی عێراق، ئەگەر سەددام حوسێن لە ساڵی 1979 وە، لەو رۆژەوە کە دەسەڵاتی لە ئەحمەد حەسەن بەکر وەرگرت، ئاخر ئەحمەد حەسەن بەکر 40 ملیار دۆلاری خەزێنەی دەوڵەتی رادەستی سەددام کرد، جگە لەوەش 35 ملیار دۆلاری عێراق لە دەرەوەی وڵات لە قەرز بوو، جگە لەمانەش پارەی داهاتی نەوتمان هەبوو کە ئەویش لە دەرەوە لە بانکەکاندا بوو، ئەمە هەمووی ئەگەر لە 1979 وە لەسەر رێچکەی بەکر رۆیشتبووایە، چونکە بەکر لە سەرەتای بنیاتنانی عێراقدا بوو، لە 1973 تاوەکو 1979، واتە شەش ساڵ، ئەگەر لەسەر ئەو رێچکەیە بەردەوام بووایە، هیچ کەسێک لەدژی سەددام حوسێن دەستی بۆ چەک نەدەبرد. ئەوە ئەو بوو تاوانی دەرحەقی ئێمە کرد، ئەوبوو ئێمەی کردە یەکێتی، ئێمەی کردە شیوعی. من ئەگەر خۆشگوزەران بم و پارچە زەویم بدەنێ و زەوی کشتوکاڵی و مەڕوماڵاتم هەبێ و مانگام هەبێ و ئەسپم هەبێ و ئۆتۆمبێلم هەبێ و بۆخۆم پڕۆژەیەکم هەبێ، پەنا بۆ چەک نابەم و جنێو بە کەس نادەم.

**کاوە ئەمین: ئەوە رەنگە بۆ تۆ کە عەرەبیت راست بێ، بەڵام بۆ من وەکو کورد ئەگەر مافی قسەکردنم بە زمانی خۆم نەبێ و مافی پەروەردەم بە زمانی خۆم نەبێ و نەتوانم رۆژنامە و گۆڤار بە زمانی خۆم دەربکەم و بەکورتی زۆر لەو شتانەی کە پەیوەندییان بە**

**تایبەتمەندیی منەوە هەیە، ئەگەر هەوڵی سڕینەوەی ئەمانەم بدرێ ناچارم دەست بۆ چەک ببەم...**
**سەباح حەمدانی:** برای ئازیز، تۆش شەڕ ناکەی ئەگەر مافەکانی خۆت وەرگرت، ئەوەی کە منیش باسی دەکەم مەسەلەی مافە. زمان و هەموو شتەکانی دیکەش مافن. ئۆتۆنۆمی مافە، وایە یان نا؟ تۆ کە گەیشتییە مافی خۆت، شەڕی بۆ ناکەی. ئێ باشە بۆچی مافی خۆت نەدەمێ؟ بە ئۆتۆنۆمی بێت یان هەر شتێکی دیکە. ئەمە ئەو شتەیە کە ئێمە لە وڵاتی خۆماندا نەمانزانیوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، جا سەددام بووبێ یان غەیری سەددام.

**کاوە ئەمین: ئەگەر کەمێک باسی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکووکیش بکەین، هەیئەی کەرکووک لە یادەوەری و لە زیهنی مرۆڤی کورددا گرتووخانەیەکی ناسراوی بەدناوە. سەدان گەنجی کورد لەوێدا ئەشکەنجە دراون و کوژراون. بێگومان لەسەر ئەم شوێنە زانیاریت هەیە، حەز دەکەم باسێکی بکەی..**
**سەباح حەمدانی:** بەڕاستی نازانم شوێنێکی تایبەت هەبووبێ بۆ ئەشکەنجەدانی کورد...

**کاوە ئەمین: بەڵام شوێنێک هەبوو پێیدەگوترا هەیئەی کەرکووک.**
**سەباح حەمدانی:** هەیئەی لێکۆڵینەوە بوو؟ لە چی؟

**کاوە ئەمین: دەستەی لێکۆڵینەوە و شوێنی ئەشکەنجەدان بوو، وا باس دەکرێ کە گرتووخانەیەکی خراپتر بووە لەوانەی لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک هەبوون، هیچ سەبارەت ئەوە نازانی؟**
**سەباح حەمدانی:** بەڕاستی هیچم لەبارەی ئەو هەیئەیە نەبیستووە و نەمبینیوە، بەهیچ جۆرێک. لە هەر پارێزگایەک بەڕێوەبەرایەتی ئەمن هەبوو، ئەوان کاری خۆیان دەکرد. وەکو هەر شوێنێکی دیکە، خەڵکیان

ئەشـکەنجە دەدا و دەکوشـت و گوللەبارانیـان دەکـردن و دەیاندانـە دادگا، هەمـان ئـەو ئەمنـەی گـۆڕی بەکۆمەڵـی لـەدوای خـۆی بەجێهێشـت، بـەڵام هەیئـە نازانـم کامەیـە.

**کاوە ئەمین: باشە کەواتە..**
**سەباح حەمدانی:** لەوانەیە ئێوە زانیاریتان هەبێ و من نەیزانم.

**کاوە ئەمیـن: ئـەوەی کـە مـن خوێندوومەتـەوە لـە بیرەوەرییەکانـی ئـەو زیندانیانـەی لـەوێ بـوون و خەڵکـی دیکـەش کـە گفتوگۆمـان لەگـەڵ کـردوون، دەڵێـن شـوێنێک هەبـوو بەنـاوی هەیئـەی کەرکـووک و لـەوێ بەتایبەتـی ئەشـکەنجەی ئـەو کوردانەیـان داوە کـە سیاسـی بـوون، یـان پێشـمەرگە بـوون و گیرابـوون، یـان لـە ڕێکخسـتن بـوون..**
**سەباح حەمدانی:** نا بەڕاستی لەبارەی ئەو هەیئەیە هیچ نازانم.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام حەتمـەن بیسـتووتە و ئـاگاداری کـە زۆر جـار و ڕەنگـە لــە نەجەفیـش هەبووبـێ، بـەڵام بەتایبەتـی لـە سـلێمانی و هەولێـر و بێگومـان لـە کەرکووکیـش، لـە نێوەڕاسـتی هەشـتاکان بـەدواوە چەندیـن گەنـج لەنـاو شـارەکاندا و لەبەرچـاوی خەڵـک گوللەبـاران کـراون. ئـاگاداری ئەوانـەش نەبـووی؟**
**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان ئـەو فەرمانانـە هەبـوون، هەنـدێ کەسـیان لەسـەر شـەقامەکان گوللەبـاران دەکـردن بۆئـەوەی خەڵکـی دیکـەی پـێ بتۆقێنـن. کـە لـە سـلێمانی کێشـەیەک ڕوویـدەدا، موحسـین بـۆ نموونـە، ئەوکاتـەی موحسـین هەبـوو پاشـان خەڵکـی دیکـە هاتـن، دەچـوو دەسـتبەجێ لـە هەمـان شـوێندا خەڵکـی گوللەبـاران دەکـرد. ئـەم ڕێنماییە بـە پلـەی یەکـەم عەلـی حەسـەن مەجیـد لێـی بەرپرس بـوو، ئامانجەکەشـی ترسـاندن و تۆقاندنـی خەڵـک بـوو. لـە هـەر ماڵێکـەوە تەقەیـەک کرابـا، ئـەو خانووەیـان دەڕووخانـد. هـەر خانوویـەک لەسـەر دیوارەکـەی شـتێکی

لـە دژی رژێـم لەسـەر نووسـرابا، دەیانڕووخانـد. لەبـەر ئـەوەش بـوو خەڵـک کاتێـک دەیانبینـی لەسـەر دیوارەکەیان شـتێک نووسـراوە، بە پەلـە دەچوون بۆیاخیـان دەهێنـا و نووسـینەکەیان دەشـاردەوە. خەڵـک ناچـار دەبـوون خۆیـان بپارێـزن. بەڵـێ گوللەبارانکردنـی بـە ئەنقەسـت هەبـوو، بـۆ نموونـە پارێـزگاری هەولێـر کـە کـورد بـوو، هەوڵیانـدا بیکـوژن، چـوون خەڵکێکیـان هێنـا کـە خۆیـان پێشـتر گیرابـوون، ئەوانـەی کارەکەیـان کردبـوو هەڵاتـن، چەنـد کەسـێکی سـەر بـە یەکێتـی بـوون، کارەکەیـان کـرد و دەربـاز بـوون. عەلـی حەسـەن مەجیـد و بەڕێوەبـەری ئەمـن دەیانویسـت خەڵـک سـزا بـدەن، هاتـن چییـان کـرد؟ چەنـد کەسـێکی گیراویـان لـە زینـدان دەرهێنـا. خەڵکـی راگیراوتـان هەیـە لـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەمـن؟ بەڵـێ هەمانـە، 23 کەسـن. ئـەو 23 کەسـە بێنـن، ئەمانـە بـە تۆمەتـی شـتی دیکـە گیرابـوون، رەنگـە تۆمەتەکانیـان هیـچ پەیوەندییەکـی بـە تیرۆریشـەوە نەبووبـێ. بـڕۆن بیانهێنـن و گوللەبارانیـان بکـەن. ئـەم گوللەبارانکردنە بۆ ترسـاندنی خەڵکی دیکـە بـوو، بۆئـەوەی بڵێـن تۆمەتبارەکانمـان گرتـووە، ئەوانـەی هەوڵیانـدا پارێـزگار بکـوژن، ئەمـەش سـزاکەیانە و سـزایەکە بـۆ هەمووتـان بۆئـەوەی بزانـن ئێمـە هەرکاتێـک هەڕەشـەی ئاوامـان لێبکـەن بـە توونـدی لێتـان دەدەیـن. ئـەوە یەکێکـە لـە نموونـەکان.

## بەشی شەشەم

# مولازم موحسین و بێسەروشوێنکردنی کوردانی فەیلی و بارزانی

بۆ بینینی بەشی شەشەمی هەڤپەیڤینەکە ئەم کیوئارکۆدە سکان بکە

**کاوە ئەمین: کاک سەباح بەخێربێیتەوە بۆ ئەم بەرنامەیە.**
**سـەباح حەمدانـی:** سـوپاس بـۆ ئێـوە بـۆ رەخسـاندنی هەلێکـی دیکـە و بـەردەوام دەبیـن.

**کاوە ئەمیـن: ئـەوەی لـەم چەنـد ئەڵقەیـەی پێشـوودا لـە قسـەکانی تـۆ تێبینیـم کـرد، چەنـد جارێـک نـاوی کەسـێکت هێنـا، مـولازم موحسـین. خەڵکـی سـلێمانی بیرەوەریـی تاڵیـان لەگـەڵ ئـەم نـاوە هەیـە. ئـەم پیـاوە کـێ بـوو؟ چـۆن دەکرێ کـە پلەی مـولازم بووبێ و ئـەو هەموو دەسـەڵاتەی هەبووبـێ؟ تـۆ لـە نزیکـەوە دەتناسـی؟**
**سـەباح حەمدانـی:** بەڕاسـتی؟ لـە نزیکـەوە بەڵـێ، چەنـد جارێـک بینیومـە بـەو سـیفەتەی فەرمانـدەی قوتابخانـەی مەشـق و راهێنـان بـوو لـە ئەمنی عـام. دواتـر پـاش ئـەوەی لـە سـلێمانی گواسـتیانەوە، کردیانـە فەرمانـدەی قوتابخانـەی مەشـق و راهێنانـی پۆلیسـە نوێیەکانـی ئەمـن، ئەوانـە کاتێـک دەبوونـە کارمەنـدی ئەمـن، ئـەو مەشـقی پێدەکـردن. لـە هەمـان کاتـدا مەشـقی بـە هێزەکانـی فریاکەوتنیـش دەکـرد. هێـزەکان یـان سـرییەکانی فریاکەوتـن ئـەم بەرپـرس بـوو لـە مەشـق و راهێنانیـان. چەنـد جارێـک بینیومـە، بـەڵام پێشـتریش لەڕێـی راپۆرتـە ئەمنییەکانـی خۆمانـەوە ناویـم بیسـتبوو. یەکـەم جـار کـە ناویـم بیسـت، ئەوکاتەبـوو کـە خانوویەکـی خـۆی بەخشـی بـۆ خەرجییەکانـی جەنگـی عێـراق و ئێـران. تاکـە ئەفسـەری ئێمـە بـوو کـە ئـاوا خانـووی خـۆی ببەخشـێ بـە جەنـگ. نیفاقەکـەی بێوێنـە بـوو، بـەوە خـۆی کـردە کەسـێکی نزیـک و باوەڕپێکـراو، لـە هەمـان کاتیشـدا کەسـێکی توونـد بـوو لـە جێبەجێکردنـی ئەرکەکانیـدا ئەوکاتـەی لـە سـلێمانی بـوو. ئـەوەی ئـەو دەیکـرد تۆقانـدن بـوو، بڵاوکردنـەوەی تـرس

بـوو، بەوجـۆرە نێوبانگێکـی پەیداکردبـوو کـە خەڵـک لێـی دەتۆقیـن. دەچـوو سـواری ئۆتۆمبێلێکـی پیـکاب دەبـوو کـە رەشاشـێکی قورسـی لەسـەر بوو، لـە کـوێ هەسـتی بـە مەترسـی کردبووایـە تەقـەی دەکـرد بەبـێ ئـەوەی بـۆی گرنـگ بـێ کـێ دەکوژێـت. خانـووی خەڵکـی دەڕووخانـد. هـەر دیوارێـک دروشــمی دژی ســەددام حوســێنی لەســەر نووســرابووایە دەیڕووخانــد. بۆیـە ئـەم کەسـە یـەک پارچـە تـرس و تۆقانـدن بـوو بـۆ خەڵکـی سـلێمانی. نێوبانگـی گەیشـتبووە لای ئێمـە، لـەلای ئێمـەش باس هەر باسـی ئـەو بوو. خـۆی ئـەم کەسـە خەڵکـی باشـووری عێـراق بـوو...

**کاوە ئەمین: بەڵام دەگوترا فەلەستینییە...**

**سـەباح حەمدانـی:** وەکــو پێشــتر گوتــم، ســەرەتای هاتنــی رەوانــەی نــاو فەلەســتینییەکان کــرا، بزووتنــەوە فەلەســتینییەکان، رێکخــراوی رزگاریخــوازی فەلەســتینی، ئەمــە ســەر بــە موخابەراتــی عێــراق بــوو، چــووە پــاڵ ئــەوان و وەک کەســێکی فەلەســتینی بەشــداری شــەڕ و چالاکـی دەکـرد، زۆر عێراقـی لەوجـۆرە هەبـوون. دۆسـتێکی خـۆم بەنـاوی عیمـاد عەونـی کـە خەڵکـی مووسـڵ بـوو، چـووە نـاو فەلەسـتینییەکان و لــەوێ کــوژرا. هاوڕێیەکــی بــاش و مرۆڤێکــی ئێسکســووک و جــوان، رۆیشـت و لـە فەلەسـتین کـوژرا، کەواتـە زۆر کـەس هەبـوون کـە ئـاوا دەچــوون لەپێنــاوی فەلەســتین شــەڕیان دەکــرد، بــەڵام ئــەم چــوو کاری بــۆ موخابــەرات دەکــرد. جارێــک بەتــەواوی نزیکبوونــەوە لــەوەی پلانــی رفاندنـی مـام جـەلال جێبەجـێ بکـەن، پێشـتر باسـی ئەمـەم بـۆ کـردن، ئەوەبـوو گیـرا و دواتـر لـە 1978 ئـازاد کـرا لـە ئەنجامـی رێککەوتنێکـی نێـوان عێـراق و سـووریا. هێنایانـەوە و پلـەی مولازمـی یەدەگیـان پێـدا، واتـە بەشـێوەی کاتـی نـە بـە مەرسـوومی کۆمـاری. بەوجـۆرە پەیوەنـدی بـە دەزگای ئەمنـەوە کـرد و گواسـترایەوە بـۆ ئەمنـی سـلێمانی. دواتـر مەرسـوومی کۆمـاری بـۆ دەرچـوو، کرایـە مـولازم.

**کاوە ئەمین: لە چ نەتەوەیەک بوو؟**
**سەباح حەمدانی:** عەرەب بوو..

**کاوە ئەمین: عەرەب بوو؟**
**سەباح حەمدانی:** عەرەبی خەڵکی باشوور بوو، بەڵام دایکی کورد بوو. دایکی کوردێکی شیعە بوو، پێموایە فەیلی بوو. دواتر لە بەغدا نیشتەجێ بوو. لە ژیانی خۆیدا بە مەترسیی زۆردا تێپەڕیبوو، لە بواری کارەکەی خۆیشیدا زۆر ناسرا. ڕۆژێک، ئەمە باسی دواتر دەکەم، بەڵام من بیستوومە و خۆم نەمبینیوە، لە ساڵانی نەوەتەکان نمایشێکی سەربازی بە ئەمنەکانی جەماعەتی تەواری کرد، بەهۆی ئەوەوە توانی سەرنجی قوسەی بۆخۆی رابکێشێت. قوسەی سەددام خۆی هاتبوو بۆ نمایشەکە، بەڵام هۆشداری دابووە بەڕێوەبەری ئەمن کە ئەوکاتە سەبعاوی بوو. ئاگاداری کردبووەوەو گوتبووی ئەم کەسە کێیە و خەڵکی کوێیە، واتە مەبەستی ئەوە بووە ئاخۆ تکریتییە و لە جەماعەتی خۆمانە؟ گوتبووی نەخێر ئەمە ئاوایە و ئاوایە، ئەویش گوتبووی وریای بن، ئێمە ڕێ بە هیچ کەسێک نادەین نمایشی ئاوا جوان بکات بەم توانا و ئازایەتییەوە. ئینجا هەر بەڕاستیش لە بواری سەربازیدا توانا و شارەزایی زۆری هەبوو، بۆیە بەجۆرێک لە جۆرەکان گوتبووی چارەسەرێکی بکەن. پاش ماوەیەک، جا ئەم موحسینە ژنیشی نەهێنابوو، بەگشتی وا باس دەکرا کە هاوڕەگەزخوازە، ئەوەبوو پلانێکیان بۆ دانا و بەهەرحاڵ تۆمەتباریان کرد بەوەی پەیوەندی هاوڕەگەزخوازی لەگەڵ کەسێک هەیە و لەسەر ئەوەش لە دەزگای ئەمن دەرکرا. واتە بەتەواوی وێرانیان کرد. ئەوە دوایین شت بوو لەبارەی موحسین کە بیستم. دواتر لەپاش 2003 هەڵات، وەکو بیستم چووە بۆ یەمەن، ئایا لەوێ بەشداری شەڕ و شتی کردووە یان نەیکردووە؟ خۆی کابرایەکی سەڵت و بێ ژن و منداڵ بوو، هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانی گشتییەوە نەبوو.

**کاوە ئەمین: وەکو بزانی هێشتا لە ژیاندا ماوە؟**
**سەباح حەمدانی:** خوا دەزانێ، بەڕاستی...

**کاوە ئەمین: تۆ نازانی؟**
**سەباح حەمدانی:** دەڵێن هێشتا ماوە.

**کاوە ئەمین: دەڵێن؟**
**سەباح حەمدانی:** بەڵێ.

**کاوە ئەمین: کێ وا دەڵێ؟**
**سەباح حەمدانی:** لە بەرنامەیەکدا لە یەکێک لە برایانی کوردم بیست، دەیگوت پەیوەندی پێوەکردووم، راست دەکات یان نا خوا دەزانێ.

**کاوە ئەمین: ئێمە لە بەرنامەی پەنجەمۆردا لەگەڵ دارای حاجی برایم باسمان کرد، تەنانەت ئەو دوای بەرنامەکە قسەیشی لەگەڵ کرد، پێموایە لە یەکێک لە وڵاتانی ئەوروپایە، هیچ پەیوەندییەکت لەگەڵی نەبووە؟**
**سەباح حەمدانی:** نا بزانم لەکوێشە پەیوەندی پێوە ناکەم، کەسێکە چەند لێی دووربی باشترە، چونکە کەسێکی خراپە و بە خراپی ناسرابوو. شەرەفمەند نابم چاوم بە چاوی بکەوێ و نامەوێ گوێم لە دەنگی بێت، بەڵام ئێستا لە کوێیە؟ بەڕاستی نازانم. لەوانەیە داوای مافی پەنابەریی کردبێ، خۆت دەزانی دەوڵەتانی ئەوروپا مافی پەنابەری دەدەنە هەموو کەسێک، تەنیا هەر ئەوەندەی بیسەلمێنێ کە لە شوێنێک لە شوێنەکان ژیانی لە مەترسیدایە.

**کاوە ئەمـیـن: یەکێکـی وەکـو مـولازم موحسـین بێـت، دەتوانـێ بـە ئاسـانی مافـی پەنابـەری لـە ئەوروپـا وەرگرێـت؟**
**سەباح حەمدانی:** بێگومان.

**کاوە ئەمین: خەڵکی دیکەی لەوجۆرە لە ئەوروپا هەن؟**
**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ دەبـێ زۆر هەبـن، بـەڵام بەدیاریکـراوی نـاوی کـەس نازانـم. بەگشـتی زۆرینـەی ئەفسـەرەکان نەگەیشـتوونەتە ئەوروپـا، واتـە زۆرینـەی ئەوانـەی لـە تـاوان و کاری خراپـەوە گلاون، نەهاتـوون بـۆ ئەوروپـا، ئەویـش لـە ترسـا. ڕەنگـە ئێسـتا لە کوردسـتان بیانبینـی، لە تورکیا بیانبینی، لـە ئـوردن و یەمـەن. مـن تەنیـا گلەیـی لـەو برایانـە دەکـەم کـە ئێسـتا... دیـارە دڵخۆشـم کـە لـە سـایەی کوردسـتاندا دەژیـن، بـەڵام هیـچ دڵخـۆش نیـم کـە دەبینـم هێشـتا دڵیـان لای ڕژێمـی پێشـووە. سـەرەڕای بەڵاکانـی، سـەرەڕای تاوانەکانـی و سـەرەڕای ئـەو بارودۆخـەی کـە ئێمـەی پێگەیانـد، هێشـتا بـەدوای سـەددام حوسـێندا ڕادەکـەن. ئـێ لانیکـەم وەکـو ڕێزێک بۆ ئـەو خەڵکـەی کـە ڕۆژێ لـە ڕۆژان پشـتت تێکـردووە و دژایەتیـت کـردووە و ئێسـتاش هاتـووی لـە پەنایانـدا دەژیـت، وەرە سـەر تەلەڤزیـۆن و وەک مـن چـۆن ئێسـتا قسـە دەکـەم و خەڵکـی غەیـری منیـش کـە قسـە دەکـەن، وەرە ڕاسـتییەکان بڵـێ. بـا ئـەو خەڵکـە ڕاسـتییەکان بزانـن.

**کاوە ئەمیـن: خەڵکـی لەوجـۆرە هـەن کـە ئێسـتا لە کوردسـتان بـن و دڵیان لای حیزبـی بەعـس بێت؟**
**سـەباح حەمدانـی:** بەدڵنیاییـەوە، زۆرجـار شـتی وام بەرچـاو دەکـەوێ، شـتێکیش کـە زۆر لێـی پەسـت دەبـم..

**کاوە ئەمیـن: دەتوانـی بـە نـاو بڵێـی کێـن؟ بـۆ نموونـە کەسـێک تۆ بیناسـی و دەسـتی لـە تاوانـدا هەبووبـێ و ئێسـتا لـە کوردسـتان بژی؟**
**سـەباح حەمدانی:** پێموایـە خۆتـان لـە مـن باشـتر دەیانناسـن، هیـچ گومانم

لـەوە نییـە. دەزگای ئاسـایش هەیە و هەواڵگری هەیـە و بێگومان زانیارییان لایـە، بـەڵام ئایا ئەوانـە راسـتگۆن یـان نـا؟ مـن هیوادەخـوازم راسـتگۆ بـن، بـەڵام هیـواش دەخـوازم بێنـە قسـە. ئەمانـە رەنگـە هەمـوو قسـەیەک بـۆ دەزگایەکـی ئەمنـی بکـەن لـە کوردسـتان، بـەڵام ئەوەنـدە بـەس نییـە. ئـەو رژێمـە دەبـێ بەتـەواوی بـۆ خەڵـک رووتبکرێتـەوە، دەبـێ مـاف بدرێتـە کورد کـە دەسـتی داوەتـە چـەک، دەبـێ بڵێیـن ئەمانـە مافـی خۆیـان بـووە کـە دەسـتیان داوەتـە چـەک، نـەک بچیـن بڵێیـن کـوردەکان ئەفسـەری ئێمەیـان کوشـتووە. مـن یەکێکـم لەو ئەفسـەرانەی هەڵاتـم لە سـلێمانی و برایەکی کـورد ژیانـی رزگار کـردم...

**کاوە ئەمیـن: باسـی ئـەوەش دەکەیـن، بـەڵام پێتوایـە حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان کەمتەرخەمـی کـردووە کـە چـاو لەوانـە دەپۆشـێ و لێکۆڵینـەوەی لەگـەڵ نەکـردوون؟**

**سـەباح حەمدانی:** مـن خۆشـحاڵم کـە بـەر لێپێچینـەوە نەکەوتـوون، بـەڵام هاوکاتیـش دڵتەنگـم کـە راسـتییەکان ناڵێـن. دەبـێ قسـە بکـەن و وەکـو مـن دروشـم بەرزبکەنـەوە، وەک مـن قسـە بکـەن، ئایا ئەوەیـان کـردووە؟ بێگومـان نەیانکـردووە، چونکە نەمبینیوە. تائێسـتا شـتی وام نەبینیوە. بەڵـێ نـاو دەزانـم، بـەڵام ناوێـرم و ناشـمەوێ بچمـە نـاو ئـەو بزرگەیـە. نامـەوێ نـاوی کـەس بەدیاریکـراوی بڵێـم، بەڵام حکومەتی کوردسـتان کارێکی باشـی کـرد کـە هەموویانـی بەخشـی، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبـوو راسـتییەکانیان پـێ بدرکێنـن، بـە زەبـری هێـز نـا، بـە ئەخـلاق. بەشـێوەیەکی مرۆڤانـە، چونکـە بەسـە، تـۆ رۆژێـک لـە رۆژان تەنانـەت بەشـداریت لـە کوشـتنیاندا کـردووە، باشـە ئێسـتا وەرە حەزدەکـەم راسـتییەکانت لێـوە ببیسـتم. تـۆ بڕوانـە ئـەو شـتانەی لـە ئەفریقیـا روویانـدا، دواتـر چـی بـوو؟ دواتـر ئاشـتەوایی کـرا و بەخشـران، بـەڵام لـە بەرامبـەر چـی؟ لـە بەرامبـەر ئـەوەی بێیت راسـتییەکان بڵێـی. وەرە راسـتییەکان بڵـێ و بـڕۆ ئـازاد بـە، بـەڵام ئایا جورئەتـی ئەوەیـان هەیـە قسـە بکـەن؟ بەڕێوەبـەری ئەمـن، بەرپرسـی گـەورە هـەن، لەوانەیـە

هەیانبێ بـەدرۆم بخاتـەوە، رەنگـە بەشـێوەیەک لـە شـێوەکان دژایەتیـم بکـەن، یـان زانیـاری لەبـارەم کۆبکەنـەوە بـە هـەر رێگەیـەک، تەنانـەت کار گەیشـتە ئـەوەی تۆمـەت بـۆ نامووسـم دروسـت بکـەن، ئەمـە هـەر بـۆ ئـەوەی بێدەنگـم بکـەن، بـەڵام بێدەنـگ نەبـووم، بڕیـارم دا قسـە بکـەم نەک لـە بەرامبـەر شـتێک، بەڵکـو لەپێنـاوی خـوا.

**کاوە ئەمیـن: ئەوەنـدەی تـۆ ئاگاداربیـت هیـچ خـزم و کەسـێکی نزیکـی سـەددام لـە کوردسـتان هـەن؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان هـەن، خۆتـان لـە مـن باشـتر دەزانـن. مـن زانیاریـی وردم هەیـە کـە عیـزەت دووری لـەلای ئێـوە بـووە تاوەکـو ئـەو رۆژەی مـرد، تەنانـەت گـۆڕەکەشـی هـەر لای ئێوەیـە، بـەڵام مـن ئـەوە بـە شـتێکی نامـۆ نازانـم، شـتێکی باشـە، بـەڵام هیـوام دەخواسـت ئـەو قسـانە ببیسـتم، کـە خەڵکـی لـەم جـۆرە خۆیـان لـە کار و کردەوەکانـی سـەددام بێبـەری بکـەن. هەرکاتێـک ئەوەیـان کـرد، دەڵێـم ئیـدی کاتـی لێبـووردن و بەخشـینیان هاتـووە.

**کاوە ئەمیـن: دەمـەوێ بێینـە سـەر باسـی راگواسـتنی کـوردی فەیلـی کـە لـە کۆتایـی سـاڵانی حەفتـا دەسـتیپێکرد، هیـچ شـتێکی نهێنـی سـەبارەت ئـەو بڕیـارە دەزانـی؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئـەو راگواسـتنە تەنیـا بـۆ کـوردی فەیلـی نەبـوو، بـەڵام کـوردی فەیلـی لەبـەر دوو هـۆکار ناخۆشەویسـت بـوون: یەکـەم لەبەرئـەوەی کـوردن، ئێمـە لـە مووسـڵ پەندێکمـان هەیـە، نازانـم لای ئێـوە هەیـە یـان نـا، دەڵـێ "خـۆی رەزای گرانـە و کچیشـی بـووە"، واتـە خـۆی کەسـێکی رەزا گرانـە و کـەس خۆشـیناوێ، کچیشـی بـووە، لەبەرئـەوە رقەکـە بەرامبـەری دەبێتـە دوو هێنـدە. ئەوانیـش شـیعەن و کوردیشـن، بۆیـە بەربژێـری یەکـەم دەبـن بـۆ راگواسـتن کاتێـک نیـازی تەسـفیر هەبـوو. لەبەرئـەوەش کـوردی فەیلـی لـەو پرۆسـەی

راگواستنەدا تایبەتمەندییەکیان وەرگرت. دیارە راگواستنەکەیان لەسەر ئەو بنەمایە بوو کە ئەوانە ئێرانین. هۆکاری یەکەم ئەمە بوو، بۆیە بەر ئەو راگواستنە کەوتن، بەڵام مەترسییەکە لەکوێدا بوو؟ لەوەدا بوو وەجبەکانی سەرەتا کە راگوازران، بەشێکیان بوونەوە سەرباز و لە جەنگی عێراق ـ ئێراندا هاتبوونەوە بۆ شەڕ، هەندێک لەمانە بەدیل گیران و لەکاتی لێکۆڵینەوە دەرکەوت عێراقین و لە راگوازراوەکانن، بوونەتە سەرباز و هاتوون شەڕی ئێمە دەکەن، بۆیە سەددام حوسێن بڕیارێکی دەرکرد، دەڵێ هەرکەسێک بەر راگواستن بکەوێ و لە تەمەنێکدا بێت کە بتوانێ شەڕ بکات، رەوانەیان مەکەن و بیانکوژن. ئەمە هەنگاوێکی مەترسیدار بوو لە زنجیرەی فەرمانەکانی کوشتنی بەکۆمەڵ و ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانەی کە لە 1980 وە دەستیان پێکرد، چونکە هەر دوای ئەوەی شەڕ هەڵگیرسا ئیدی هێواش هێواش بە گۆڕی بەکۆمەڵ ئاشنابووین. هەر کەسێک لەسەری سەلمابووایە کە بە رەچەڵەک ئێرانییە، چ فەیلی و تەنانەت زۆر هەبوون بە رەچەڵەک عەرەبیش بوون، بەڵام لەسەریان سەلمابووایە کە ئێرانین، رەوانەی مەرگ و گۆڕی بەکۆمەڵ دەکران. ئاوابوو کە ئەو گەنجانە بێسەروشوێن بوون و لە گۆڕی بەکۆمەڵدا دۆزرانەوە.

**کاوە ئەمین: هیچ ئامار و ژمارەیەک هەیە سەبارەت گەنجە فەیلییە کوژراوەکان؟ چەند بوون و لە کوێ شاردرانەوە؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڕاستی مەسەلەی ئەوەی لەکوێ شاردراونەتەوە، ئەمە بابەتێکی زۆر گەورەیە. تۆ رووبەرێکی بەرینی بیابانت هەیە لە عێراق. رۆژئاوای عێراق لە باشووری مووسڵەوە تاوەکو دەگاتە سەفوان لە بەسرە، هەمووی ناوچەی بیابانە و ناوچەیەکی گونجاوە بۆ گۆڕی بەکۆمەڵ. تەنانەت لە کەرکووک، رەنگە لە هەولێریش دەشتی بەرین هەن کە دەکرێ بۆ گۆڕی بەکۆمەڵ بەکاربهێنرێن.

**کاوە ئەمیـن: ئـەی ژمارەیـان، هیـچ ژمارەیـەک لەبەردەسـتە کـە چەنـد کـەس کـوژراون و شـێوازی کوشـتنیان چـۆن بـووە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نەخێـر هیـچ ئامارێـک نییـە. هیـچ ئامارێـک لەبەردەسـت نییـە کـە چەنـد کـەس بـوون. ئەگـەر حکومەتـی عێـراق فەرمانگەیەکـی تەرخـان کردبووایـە، کـە ناشـیانەوێ پـارە بۆ ئەم جـۆرە کارە گرنگانـە تەرخان بـکات، بەڵکـو تەنیا لـەو شـتانەی خـەرج دەکـەن کـە دزی و تاڵانیـی زیاتریـان بەدواوەیـە، ئەگـەر خەڵکـی شـارەزایان بـۆ بەدواداچوونـی ئەو بابەتـە تەرخان کردبووایـە، دەیانتوانـی بزانـن بەڕاسـتی چەنـد کـەس تێداچوونـە. دیـارە لـەو بابەتـەدا درۆ و زێدەڕۆییـش کـراوە، دۆزینـەوەی راسـتییەکە زەحمـەت نییـە، بـەڵام پرۆسـەی کوشـتن و ژێرخاکنـان، دەتوانیـن بـە درێـژی باسـی بکەیـن هەرکاتێـک هاتینـە سـەر باسـی گـۆڕە بەکۆمەڵـەکان، یـان تەنانـەت گـۆڕی تاکەکەسـیش کـە ئـەوان لـە هەردووکیانـدا هـەن. دەکـوژران و دەخرانـە ژێـر خاکـەوە، منداڵەکانیـش وەکـو یەکێـک لـە برایـان شـایەتی لەسـەردا، بـە زیندوویـی دەخرانـە پـاڵ کەسـوکارە کوژراوەکانیـان و خۆڵیـان بەسـەردا دەکـرا.

**کاوە ئەمیـن: باسـی ئـەوەت کـرد کـە کـوردی فەیلـی لـە دوو لاوە تۆمەتبـار بـوون، کـورد بـوون و شـیعەش بـوون، لای بەعـس کامیـان تاوانێکـی گەورەتـر بـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** زەحمەتـە بزانـم کامیان بـووە، چونکە من لەناو مێشـکی سـەددام حوسـێندا نەبـووم، پێموایـە بۆ سـەددام هەمووی یەکسـان بوو.

**کاوە ئەمیـن: راسـتە بـەڵام خـۆ سـەددام لەجیاتـی هەمـوو دەزگاکانـی ئەمـن بیـری نەکردووەتـەوە، خەڵـک هەبـوون کـە جێبەجێیـان کـردووە و دەبـێ راپـۆرت هەبـێ لەوبـارەوە و بەڵگەنامـە هەبـێ، راسـتە سـەددام بڕیارەکـەی داوە، بـەڵام خەڵکێـک هەبـوون جێبەجێیـان کـردووە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** وەکـو پێشـتریش گوتـم، ئـەم مرۆڤـە زوڵملێکـراوە

لەبەرئـەوەی هـاوکات کوردیـش و شـیعەش بـووە، ئەولەویـەت بـەو دراوە بـۆ کوشـتن، یـان ئەولەویـەت بـەو دراوە بـۆ راگواسـتن، واتـە هـەردوو ئینتیماکـە لەسـەری کۆبوونـەوە و کۆتایـی هـات، بێگومـان گرووپێـک لـەم بارودۆخـەدا بـن دەبنـە ئامانجێکـی ئاسـان بۆئـەوەی لەناوببرێـن.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام بەدیوێکـی دیکـەدا، کـوردی فەیلـی بەگوێـرەی بەڵگـەکان خـاوەن سـەرمایە بـوون و بازرگانـی گـەورە بـوون و بەشـێکی بازرگانیـی بەغـدا لـە دەسـتی ئەوانـدا بـووە، ئـەم مەسـەلەی پاشـکۆیەتی ئێرانییـە بیانوویـەک نەبـوو بۆئـەوەی لـەو بازرگانییـە بیانکەنـە دەرەوە و دەسـت بەسـەر موڵـک و سـامانیاندا بگـرن؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ رەنگـە وابووبـێ، یـان دەکـرێ بڵێیـن ئەمـەش بووە بیانـووی سـێیەم لەسـەریان، واتـە راگواسـتن و دەرکردنیـان بـە ئەنقەسـت بووبـێ و بـۆ تاڵانکردنـی سـامانیان بووبـێ، چونکـە ئـەوەش کـرا، بەڵـێ لـە سـەرەتاوە رێگەیـان دەدان تەنانـەت بەشـێک لـە سـامانەکانیان لەگـەڵ خۆیـان ببـەن، بـەڵام ئەوانـە دواتـر لـە هەمـوو شـتێک داماڵـران. لـە زێـڕ و لـەو پارەیـەی کـە هەیانبـوو، بۆیـە ئامانجەکـە بـووە دەسـتگرتن بەسـەر سـامانەکانیاندا. بەوجـۆرە چەنـدە سـامانەکەی زۆرتـر بووایـە کـە خۆیشـی دوو تۆمەتـی لەسـەرە، واتـە کوردیشـە و شیعەشـە، ئەوەنـدە زیاتـر دەکەوتـە نـاو چوارچێـوەی راگواسـتن و دەرکـردن.

**کاوە ئەمیـن: لـەدوای فەیلییـەکان، نـۆرەی کۆمەڵکوژیـی بارزانییـەکان دێـت. سـاڵی 1983 ئەوکاتـەی بـارزان تکریتـی بەڕێوەبـەری ئەمنـی عـام بـوو، کۆمەڵگـەی بارزانییـەکان لە ناوچـەی هەولێر گەمـارۆ دران و هـەزاران گەنجیـان لـێ بێسەروشـوێن کـردن، لەسـەر ئـەوە چـی دەزانـی؟**

**سـەباح حەمدانـی:** زانیاریـم هەیـە و بەڵگەنامەشـم لەبەردەسـتە، ئەگـەر بکـرێ هەندێکیـان دەخوێنمـەوە بـۆ ئـەوەی ئێـوەش...

**کاوە ئەمین: ئەو بەڵگانە بەڵگەی چ دەزگایەکن؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئەمانـە هەنـدێ بەڵگـەن لـە دوای رووخانـی رژێـم لـە 2003 دۆزراونەتـەوە، هەندێکیشـیان سـاڵی 1991 دۆزراونەتـەوە. ئەمـە دەکـرێ یەکێـک قسـەیان لەسـەر بـکات، چونکـە بەڵگـەی روون و ئاشـکران و ئێمـەش پێشـتر لەبارەیانـەوە شـتمان بیسـتبوو، دەمانزانـی ئەوانـەی لـە قوشـتەپە و لـەو ناوچانـەی دیکەوە هێنـراون خراونەتە گـۆڕی بەکۆمەڵەوە، بـەڵام بـەم روونییـە و بـە بەڵگـە و نووسـراو، ئێسـتا راسـتی رووداوەکەمـان بـۆ دەردەکـەوێ کـە چـی بەسـەر بارزانییـەکان هێنـراوە و ژمارەیـان چەنـد بـووە بەگوێـرەی بەڵگـە و دۆکیۆمێنتەکانـی حکومـەت خـۆی. جـا ئەگـەر حەزبکـەن بۆتانـی دەخوێنمـەوە.

**کاوە ئەمین: پێمانخۆشە ئەگەر بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوە..**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ بەڵگـەی فەرمییـە و نووسـراوی باوەڕپێکـراوە و لەلایـەن خـودی بەڕێوەبـەری ئەمنـی عامـەوە دەرچـووە، دەبینـن باسـی عەشـیرەتی بارزانییـەکان دەکات لـە سـاڵی 1983.

* * *

**کاوە ئەمیـن: دەتویسـت هەنـدێ بەڵگەمـان پیشـانبدەی سـەبارەت ئەنفالـی بارزانییـەکان، ئـەو بەڵگانـە چیـن؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ بـرای ئازیـز. وەکـو دەزانیـن، چیرۆکـی گـۆڕە بەکۆمەڵـەکان، خـۆی ئـەم بیرۆکەیـە لای سـەددام حوسـێن گەڵاڵـە بـوو، پاشـان د.فـازڵ بەراکـی لـێ ئاگادار کـرا و ئیـدی لەوێوە پرۆسـەی کوشـتن و شـاردنەوەی خەڵـک لەنـاو گـۆڕی بەکۆمـەڵ دەسـتیپێکرد. لـە چوارچێـوەی ئـەم بڕیـار و رێنماییانـەدا چـی بەسـەر بارزانییـەکان هـات و چـۆن مامەڵەیـان لەگـەڵ کـرا؟ خـۆی لـە نەجـەف و لـە پارێزگاکانی باشـوورەوە لـە دژی حیزبی دەعـوە و ئەوانـە دەسـتیپێکرد کـە تۆمەتباربـوون بـە دژایەتیکردنـی حیـزب

و شـۆڕش. پاشـان گـوازرایـەوە بـۆ ناوچەکانـی کوردسـتان و بەدیاریکـراوی بـۆ بارزانییـەکان. ئێمـە لەوکاتـەدا لەڕێـی راپۆرتـی مانگانـەوە دەنگوباسـی گرتنـی بارزانییەکانمـان دەبیسـت، باسـی ئـەوە دەکـرا کـە ئـەم بارزانییانـە پشتاوپشـت خیانەتـکارن و دەبـێ لەنێوببرێـن، ئەوکاتـە بـە (سـلیلی الخیانـە) ناویـان دەبـردن، واتـە بـاب و باپیریـان هـەر خیانەتـکار بوونـە، بۆیـە دەبـێ لـە کـۆڵ بکرێنـەوە. جـا بۆیـە لەوکاتـەدا دەمانبیسـت کـە لـەو چوارچێوەیـەدا ژمارەیەکــی زۆریــان لێگرتــوون. لەوکاتــەدا ژمــارە و شــت دیــار نەبــوو، بــەڵام ســاڵانێک دواتــر کــە پارێــزگاکان کەوتنــە دەســت خەڵــک، جــا چ لــە 1991 بووبــێ یــان لــە 2003، زۆر راســتی بەدیارکەوتــن و لەڕێــی تــۆڕی ئینتەرنێتــەوە بڵاوکرانــەوە، بەشــێکی ئەوانــەش بەڵگەنامــەی راســتەقینە بــوون، ئێمــە هەمیشــە کاتێــک ئــەم بەڵگەنامانــە بــەراورد دەکەیــن لەگــەڵ ئـەو رووداوانـەی لـە دەزگای ئەمـن لەگەڵیـان ژیاویـن، دەزانیـن سـەرچاوەی ئـەم بەڵگانـە دروسـتن یـان نـا، ئـەم بەڵگەنامانـە ئۆرجینالـن یـان نـا.

ئێسـتا لـەم سـەرچاوانە هەندێ شـتتان بـۆ دەخوێنمـەوە سـەبارەت ژمارەی ئـەو بارزانییانـەی تێداچـوون، چـۆن کـوژراون و لەکـوێ کـوژراون و ئەمـەش هەمـووی بـە وردەکارییـەوە و بەپێـی بەڵگەکانـی خودی بەڕێوەبـەری ئەمنی عــام و نووســراوەکانی ئــەو، ئێــوەش بــە دڵنیاییــەوە لــەم بەرنامەیــەدا پێشـانی خەڵکـی دەدەن.

بەڵگـەی یەکـەم دەڵێـت: بـە فەرمانـی بەڕێـز بەڕێوەبـەری پێشـتری ئەمنـی عــام، (مەبەســتی دکتــۆر فــازڵ بەڕاکــە، ئــەوەی لێــرەدا قســە دەکات عەبدولڕەحمـان دوورییـە کـە بەڕێوەبـەری ئەمنـی عامـە) دەڵـێ هێزێـک لـە کارمەندانـی بـارەگای بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی عـام، لەگـەڵ بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی بەغـدا، ئەرکـی وەرگرتنـی گیراوەکانیـان لەئەسـتۆ گرت (واتـە لێرەدا وەریانگرتـوون) لـەو کۆمەڵگەیانـەی لای سـەرەوە، هەروەهـا ئەوانەی وەک ئەوانـن و لـە زیندانـی ئەبوغرێـب راگیـراون. کـۆی گشـتیی ئەوانـەی ئـەم هێـزە وەریگرتـوون 2225 کەسـن. دوای وەرگرتنـی بارزانییـەکان، ئـەم هێزە دەسـتی بـە گواسـتنەوەیان کـرد (ئـەم نووسـراوە ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی

کۆمـار کـراوە، چونکـە بەڕێوەبـەری ئەمنـی عـام راسـتەوخۆ گرێـدراوی سـەرۆکایەتی کۆمـار بـوو) بـۆ ناوچـەی بوسـەییە لـە پارێـزگای موسـەننا بۆئـەوەی گوللەبـاران بکرێـن (ئەمـە بەڕێوەبـەری ئەمنـی عـام خـۆی باسـی دەکات) و لەلایـەن تیمێکـەوە حوکمـی گەلیـان لەسـەر جێبەجـێ کـرا.

ئەمـە بەڵگەیەکـە هیـچ نیشـانەی پرسـیارێکی لەسـەر نییـە. چەنـد مانگێـک دوای بێسەروشـوێنبوونی ئـەو کۆمەڵـە خەڵکـە، سـەددام حوسـێن لـە دیدارێکـدا لەگـەڵ کۆمەڵێـک لـە کـوردە بەعسـییەکان، گوتـی "پێدەچـێ کوڕەکانـی مسـتەفا بارزانـی بـە تـەواوی لەنـاو خیانـەت رۆچووبـن، تاوەکـو ئـەو ئاسـتەی کـە نەتوانـن پاشـگەز ببنـەوە (واتـە مەبەسـتی ئـەوە بـوو لـە خیانـەت پاشـگەز نابنـەوە)، ئـەم خیانەتەشـیان بـۆ بازنەیەکـی بەرینتـری بنەماڵەکەیـان گواسـتووەتەوە. (واتـە لـە بنەماڵـەی بارزانـی) تاوەکـو ئـەو تاوانەیـان جێبەجـێ کـرد کـە بوونـە هاریـکاری سـوپای فارسـەکان و بوونـە چاوسـاخیان بـۆ داگیرکردنـی خاکـی عێـراق".

کورتـی دەکەمـەوە، خۆتـان دەزانـن ئەم قسـانە بۆ قایلکردنـی خەڵکی دیکە بـوو کـە ئەمانـە بەکرێگیـراو بوونـە. نامـە و نووسـراوی زۆر لەنێـو خۆیانـدا ئاڵوگـۆڕ کـراون، ئـەم بەڵگانـە کۆپیـی نووسـراوەکانی ئەمنـی عامـن کـە بەردەسـتن و باسـی ئـەو بابەتـە دەکـەن. بێگومـان پێشـانی دەدەن، چـوار پێنـج بەڵگەنامـەن کـە عەبدولڕەحمـان دووری موخاتەبـەی سـەرۆکایەتی کۆمـار دەکات و بۆمـان روون دەکاتـەوە کـە چـۆن هێـزە ئەمنییـەکان، ئەوانـەی لـە ئەمنـی عامـەوە هاتـوون، کۆمەڵگـەی نیشـتەجێبوونی بارزانییەکانیـان گەمـارۆداوە و چـۆن مامەڵەیـان لەگـەڵ ئـەو کەسـانە کـردووە کـە تەمەنیـان لەنێـوان 18- 45 ساڵدا بـووە و چۆن رایانگرتـوون و چـۆن رەوانـەی بـەردەم دادگایـان کـردوون، تەنانـەت بڕیارەکانـی مەجلیسـی قیـادەی سـەورە هـەن لەبـارەی لەسـێدارەدانیان و هەمووشـیان کـە ناوەکانیـان دەخوێنیتـەوە، چونکـە هەیـە و پشـتیوان بەخـوا کۆپییەکتـان دەدەمـێ، هەمـووی فـڵان فـڵان بارزانـی، فـڵان فـڵان فـڵان بارزانـی. سـەرجەمیان بارزانـی بوونـە.

**کاوە ئەمیـن: پێمـوایـە هـەر لـەو دیـدارە تەلەڤزیۆنییەدایـە کـە سـەددام دانـی پێدادەنـێ و دەڵـێ ئەوانەمـان کوشـتووە...**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵگەنامەیەکـی فەرمـی هەیـە دەتاندەمـێ، ئـەوەی تێدا باسـکراوە. دەڵـێ باسـی ئەوانـە مەکـەن، چونکـە ئەوانـە ئێسـتا کێشـە نیـن، ئەمـڕۆ ئێمـە دەمانـەوێ باسـی چارەسـەر بکەیـن، واتـە واز لەوانـە بێنـن.

**کاوە ئەمین: کەواتە ئەمە بە پلانی پێشوەخت کراوە..**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ بیرۆکـەی گـۆڕی بەکۆمـەڵ لای ئێمـە لـە ئەمـن لەگـەڵ سـەرەتاکانی جەنگـی عێـراق ئێـران پەیدابـوو. جەنگـی عێـراق ئێـران دەسـتیپێکرد، سـوپای سـەددام کەوتـە پێشـڕەوی و 70 کیلۆمەتـر چـووە نـاو خاکـی ئێرانـەوە، ئەمـە سـەددامی شاگەشـکە کـرد و غـروور گرتـی، گوتـی تـەواو چووینـە نـاو ئێرانـەوە، ئێـران بـەرەو رووخانـە و دەتوانـێ دەوڵەتـی عەرەبسـتان جیابکاتـەوە، سـەری پڕبـوو لـە خەیـاڵ. وای پێشـبینی دەکـرد کـە خومەینـی بـەو نزیکانـە دەکەوێـت. لەوکاتـەدا رێنمایـی ئەمنیمـان بـۆ هـات کـە دەبـێ ئەوپـەڕی سـوود لـەم سـەرکەوتنە وەرگریـن، ئـەم سـەرکەوتنە مەزنـەی سـوپا و قادسـیەی سـەددام، دەبـێ دەزگا ئەمنیـەکان، واتـە ئەمـن و موخابـەرات دەسـت بکـەن بـە گرتنـی هـەر کەسـێک لەوانـەی دەیانناسـن و دەزانن بیری دژی حیزب و شۆڕشـیان لەسـەردایە. ئەمـە هەمیشـە لـە ئەمـن چەندبـارە دەکرایـەوە "دووژمنـی حیـزب و شـۆڕش"، واتـە نەیـاری سـەددام حوسـێن. حیـزب و شـۆڕش واتـە سـەددام حوسـێن، بۆیـە دەزگا ئەمنیـەکان دەبـێ ئـەم کەسـانە بدۆزنـەوە، ناوەکانیـان بنێـرن و شـوێنەکانیان دیـاری بکـەن، ئینجـا بیانگـرن و لـە گـۆڕی بەکۆمەڵـدا بێسەروشـوێنیان بکـەن بـێ ئـەوەی پێویسـت بـە دادگاییکـردن بـکات. کەواتـە ئـەم بیرۆکەیـە لەگـەڵ سـەرکەوتنەکانی سـەددام لـە مانگـی یەکەمـی جەنگـەوە پەیدابـوو. پاشـان لە سـاڵی 1983 لەڕێـی کوشـتنی بارزانییەکانـەوە گەیشـتە کوردسـتان. تێبینـی بکـە خـۆی لـە 1980 پەیدابـوو. سـەرەتا لـە نەجـەف و پارێزگاکانـی دیکـەی باشـوور

جێبەجێکـرا، واتـە ئـەو پارێزگایانـەی حیزبـی دەعـوە و ئەوانـی دیکـە تێیـدا چـالاک بـوون.

**کاوە ئەمیـن: لـە کوردسـتان بـە بارزانییـەکان دەسـتیپێکرد یـان بـە فەیلییـەکان؟**

**سـەباح حەمدانـی:** مـن لەمـەدا تایبەتمەندییەکـم نەدایـە فەیلییـەکان، چونکـە ئـەوان بەشـێک بـوون لـەو خێزانانـەی بـەر دەرکـردن کەوتـن، ئەمانە لەگـەڵ ئەوانـی دیکـە نـاوی پاشـکۆی ئێرانیـان لێنابـوون، بـەڵام کـوردەکان سـەت لە سـەت عێراقیـن. فەیلییەکان لـە بنەڕەتەوە وڵاتینامـەی عێراقییان نەبـوو، بۆیـە ئەوانـم خسـتە پاڵ ئەوانـەی بـەر راگواسـتن کەوتـن. واتـە پـێ بەپـێ لەگـەڵ بیرۆکـە ئەمنییەکـە دەڕۆیـن.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام ئـەوە شـتێکی بێمانایـە خەڵکێـک سـەدان سـاڵ لـە وڵاتێکـدا بژیـن و هـەر بـە بێگانـە حیسـاب بکرێـن و لەنـاکاو رۆژێـک ئـاگادار بکرێنـەوە کـە دەبـێ وڵات بەجێبهێڵـن...**

**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان منیـش سـەت لـە سـەت لەگەڵتـم. مـن باسـی ئـەو عەقڵیەتـە دەکـەم کـە لـەو سـەردەمەدا هەمـوو شـتێکی لـەڕووی ئەمنییـەوە لێکدەدایـەوە. مـن بـە پێنـج سـاڵ وڵاتینامـەی هۆڵەندیـم وەرگـرت و وەک هـەر هۆڵەندییـەک لـە هەمـوو مافێـک بەهرەمەنـدم، سـەت لـە سـەت، نـەک ٪99. سـەت لـە سـەت. باشـە بـۆ ئـەوان بـە پێنج سـاڵ وڵاتینامـە دەدەنـە خەڵـک و هەرگیـز دەرتناکـەن؟ لەبەرئەوەیـە کـە ئێمـە مرۆڤایەتیمـان تێـدا نییـە.

**کاوە ئەمیـن: کەواتـە بـا ئـەو پرسـیارە بکـەم، پلانـی بەکۆمـەڵ کوشـتنی بارزانییـەکان بـە بڕیـاری سـەددام خـۆی بـوو یـان کەسـێکی وەک بـارزان تکریتـی پلانەکـەی داڕشـت؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بڕیارەکـە بڕیـاری سـەددام بـوو. مەسـەلەی بارزانییـەکان

پەیوەنـدی بـە بارزانـەوە نەبـوو، دەتوانیـن بڵێین فـازڵ بەڕاک بوو، من پێشـتر کەمێـک بەرگریـم لـە فـازڵ بـەڕاک کـرد، هەرچەنـدە بـە تـەواوی بەرگـری لێناکـەم چونکـە ئەویـش تاوانبارێکـە و ئـەوە هیـچ مشـتومڕ هەڵناگـرێ، بـەڵام مـن شـارەزای کەسـایەتی بەڕاکـم، وای تێگەیشـتووم کـە بـەڕاک وەکـو کەسـایەتی کەسـێکی زۆر خوێنـاوی نەبـوو، لەگـەڵ ئـەو کوشـتن و گـۆڕی بەکۆمـەڵ و شـتە نەبـوو، بـەڵام ئەویـش لـە سـەرەوە فەرمانـی بـۆ دەهـات، تـەواو.. گـۆڕی بەکۆمـەڵ ئامـادە بکـە، دووژمنەکانمـان لەکـۆڵ بکـەوە، وای نەکردبووایـە لەناویـان دەبـرد، دەیانکوشـت. دواجاریـش هـەر کوشـتیان، بۆیـە ئـەو لـەو شـتانەدا دوودڵیـی زۆری پێـوە دیاربـوو. زۆر لەسـەر ئـەوە رادەوەسـتا کـە هەوڵبـدات وزەی هێـزە نەیـارەکان لەڕێـی راکێشـانی کادیرەکانیانـەوە هەڵمژێـت. ئـەو لـە سـاڵانی سـەرەتادا زۆرتـر فۆکەسـی لەسـەر ئـەوە بـوو، واتـە لـە 77 و 78 و 79 و 80، بـەڵام لـە 80 بـەدواوە هەمـوو شـتێک گـۆڕا، تێڕوانیـن و تێگەیشـتنەکە گـۆڕا، مەبەسـتم تێڕوانینـی سـەددامە کـە پێیوابـوو تـەواو ئیـدی سـەرکەوت، ئیـدی دەتوانـێ هەمـوو نەیارەکانـی لەنێوببـات و وڵات پاکبکاتەوە. بەوجۆرە و دەسـتیپێکرد و فـازڵ بەڕاکیـش پێیخۆشـبووایە یـان نـا دەبووایـە جێبەجێـی بـکات. بۆیـە بڕیـاری بارزانییـەکان لەلایـەن سـەددام حوسـێن خۆیـەوە دراوە و ئەوانـەی جێبەجێیـان کـرد فـازڵ بـەڕاک و دەزگای ئەمـن بـوون.

**کاوە ئەمیـن: هێزەکانـی گاردی کۆماریـش بەشـداربوون لـە پرۆسـەی کۆکردنـەوە و دەسـتگیرکردنی بارزانییەکانـدا، ئـەوەش بەڵگەیەکـە کـە سـەددام حوسـێن خـۆی بڕیارەکـەی داوە..**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ ئـەوە مشـتومڕ هەڵناگـرێ. گاردی کۆمـاری هـاوکار بـووە، بـەڵام ئـەوان جێبەجێـکار نەبـوون، تەنیـا رادەسـتی دەزگا ئەمنییەکانیـان کـردوون. لایەنـی جێبەجێـکار دەزگا ئەمنییـەکان بـوون. هەمـوو کردەوەکانـی کوشـتن و سـڕینەوە، چونکـە دواتـر دەزگای ئەمـن بـووە پسـپۆڕی گـۆڕی بەکۆمـەڵ و سـڕینەوەی نەیـاران.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام شـتێک لێـرەدا هەیـە کـە جێـی سەرسـوڕمانە. لـە کۆمەڵکوژیـی بارزانییەکانـدا تەنیـا نێرینەکانیـان بـرد، لـە ئەنفالـدا بـە پێچەوانـەوە، ژن و منـداڵ و پیـر و گەنـج هەمـوو ئەنفالکـران، خوێندنـەوەی تـۆ بـۆ ئـەوە چییـە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** هۆیەکـەی سـادەیە، مـن پێشـتر باسـمکردووە و بـە وردەکاریـی زیاتـرە باسـی دەکەمەوە. ئەوان خێزانەکانی ئێمەیان کوشـتووە، ژنەکانـی ئێمە و منداڵەکانی ئێمەیان کوشـتووە، کەواتـە ژن و منداڵەکانیان بکـوژن. واتـە تاوانبارێـک دێـت سـەت کـەس لـە تـۆ دەکوژێـت. تـۆ دەوڵەتی، چەکدارێـک دێـت سـەت کـەس لـە تـۆ دەکـوژێ، سـەت منـداڵ و ژن، لـە گوندێـک لای پـردێ و لـە گوندێـک لای کفـری، تـۆ دەوڵەتـی، هەمـوو جومگەکانـی حوکمڕانیـت لەدەسـتە. دەچـی بڕیـاری لەنێوبردنـی هـەزاران ژن و منـداڵ دەردەکـەی، ئـێ خـۆ ئەمانـە منداڵـی خۆتـن، ئەمانـە ژنـی دەوڵەتەکـەی تـۆن، چـۆن پەنا بـۆ کارێـک دەبـەی لـە تۆڵـەی کاری لایەنێکـدا کـە تـۆ بـە تێکـدەر نـاوی دەبـەی؟ لـەم دۆخـەدا تـۆ تاوانبارتـر و خوێنڕێژتـر و تێکدەرتـری لـەو تێکـدەرە. تـۆ خـۆت خەڵـک بـۆ تێکـدان هانـدەدەی، کـێ ئەم هەمـوو تێکـدەرەی لـە عێراقـدا دروسـتکرد؟ سـەددام، کاتێـک ئێمـەی لـەو هەمـوو جەنگـەوە ئاڵانـد، جەنگـی بـۆ هەڵگیرسـاندین و سـامانی وڵاتەکـەی تاڵانکـرد و لـە جەنگـدا بەفیڕۆیدا و لـە دروسـتکردنی کۆشـکەکانی و کەیف و سـەفای خۆیـدا بەفیڕۆیـدا و نەیهێشـت ژیانێکـی ئاسـایی بژیـن.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام وەڵامـی پرسـیارەکەم دەسـتنەکەوت، بۆچـی لـە پرۆسـەی بارزانییەکانـدا تەنیـا نێرینەکانیـان بـرد کەچـی لـە ئەنفالـدا دەسـتیان لـە کـەس نەپاراسـت؟ هیـچ پەیامێـک لەپشـتی ئـەو دوو ڕەفتارە جیـاوازەوە هەبـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** لـە سـەرەتاکانی دەرچوونـی ئـەم ڕێنماییانـەدا، تەنانـەت بـۆ شـیعەش، تەنیـا باسـی کـورد ناکەیـن، خـۆی هـەر لـە شـیعەوە دەسـتیپێکرد، لـە نەیارەکانـی شـیعەوە، ئەوانـەی مەترسـی بـوون لەسـەر

"حیـزب و شـۆڕش"، لـە پرۆسـەی ئەوانیشـدا ژن و منداڵیـان نەدەکوشـت، تەنیـا پیاوەکانیـان دەکوشـتن، هەندێـک خێزانیـش هەبـوون کـە کـوژران، بەڵـێ هەندێ خێـزان لـە پارێـزگا شـیعییەکان کـوژران، بـەڵام بـە ژمارەیەکی کـەم. پاشـان کـە دێنـە سـەر بارزانییـەکان، بڕیـار دەدەن تەنیـا گەنجەکانیـان بکـوژن، واتـە لـە تەمەنێکـی دیاریکـراو بۆئـەوەی لـە ئاینـدەدا نەتوانـن لـە دژی دەوڵـەت هیـچ کارێـک بکـەن. بیرۆکەکـە ئاوابـوو، بـەڵام دواتـر پـەرەی سـەند و سـەددام حوسـێن وای لێهـات وەکـو مرۆڤ سـەیری عێراقییەکانی نەدەکـرد، وا تەماشـای دەکـردن کـە مشـک و جورجـن، ئەگـەر 100 هەزاریشـت لێکوشـتن کێشـە نییـە. 100 هـەزار لەکـۆی 30 ملیـۆن کـەس، زۆر کێشـە نییـە بیانکـوژن. سـەددام ئـاوا بیـری دەکـردەوە.

**کاوە ئەمیـن: یەکێـک لـەو شـتانەی تائێسـتاش تەمومژاوییـە، مەسـەلەی ژمـارەی قوربانییەکانـە، بـۆ نموونـە لـەو دۆکیۆمێنتـەی بەردەسـتی تـۆ ژمـارەی بارزانییـەکان 2225 کەسـە، بـەڵام بەگوێـرەی ئـەو ئامارانـەی لـە کوردسـتان هـەن، نزیکـەی هەشـت هـەزار بارزانـی بێسەروشـوێنن..**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ راسـت دەکـەی. شـتەکە لای مـن روونـە، ئـەو 2225 کەسـە دواتـر دراونەتـە مەحکەمـەی سـەورە لەکاتێکـدا ئەوکاتـە لەنـاو گۆڕەکانیانـدا بوونـە، لـە گـۆڕە بەکۆمەڵەکانیانـدا بوونـە، دراونەتـە مەحکەمـەی سـەورە و بڕیـاری کوشـتنیان دەرچـووە، واتـە کراوەتـە فەرمـی بـۆ ئـەوەی بەڵگەنامـەی وەفاتیـان بـۆ دەربکـەن و کێشـە یاسـاییەکانیان لەکـۆڵ بکەنـەوە. ئەمـە لـە باشـوور بەسـەر شیعەشـدا هێنـراوە، بـەڵام خەڵکانێکیـش هەبـوون کـە نەدراونەتـە دادگا، کـوژراون پێـش ئـەوەی بگەنـە دادگا، یـان ناوەکانیـان لـە لیسـتەکان دەرهێنـراوە، هیـچ بڕیارێکـی دادگا نییـە، بەڵام کوژراویشـن، بۆیـە جیاوازییەکـە لێرەدایە، رەنگـە ئەگـەر ئـەوەی ئـەوێ و ئـەم ژمارەیـە لێکبـدەی، دەربکـەوێ کـە ئەوانـە لـە لیسـتەکان دەرهێنـراون پـاش ئـەوەی کـە کـوژراون. تەنانـەت لـە هەڵمەتـی ئەنفالیشـدا لـە سـاڵی 1988، رەنگـە هـەزاران هەبـن کـە

ناویـان دیـار نییـە، بـەڵام کـوژراون و خراونەتـە گـۆڕی بەکۆمەڵـەوە.

**کاوە ئەمیـن: لـە بەغـداش چەنـد کەسـایەتییەکی دیـاری بارزانـی هەبـوون کـە لـەوێ دەژیـان، لەوانـە لوقمـان و سـابیر بارزانـی، ئەوانـە بۆچـی لەنێوبـران؟ هیـچ زانیارییەکـت سـەبارەت ئـەوان هەیـە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** راسـتییەکەی هـەر ئـەوە بـوو کـە باسـی چیرۆکـی کوڕەکـەی دیکـەی خوالێخۆشـبوو مسـتەفا بارزانیـم بـۆ کـردن، عوبەیدوڵڵا. باسـی چیرۆکەکەیـم کـرد.

**کاوە ئەمین: بۆ منت باس کرد، بەڵام دەمانەوێ بینەرانیش بیزانن...**

**سـەباح حەمدانی:** عوبەیدوڵـڵا بارزانـی جیابـووەوە، مرۆڤـە و بڕیاریـدا بێتـە پـاڵ دەوڵـەت، لای دەوڵەتـی هەڵبـژارد و هـات لـە بەغـدا نیشـتەجێبوو، لـە شـوێنێکی گونجاویـش دایانمەزرانـد. لەیادمـەماڵەکـەی لـە تەنیشـت دەرگای ئەمنـی عـام بـوو، واتـە کـە دەتویسـت بچیتـە نـاو بـارەگای ئەمنـی عـام، راسـتەوخۆ دەرگاکـەی لای راسـتت ماڵـی عوبەیدوڵـڵا بـوو ، یەکـەم بـۆ پارێـزگاری و پاشـانیش ئـەوە یەکێـک بـوو لـە کۆشـکە دەستبەسـەرداگیراوەکان، یـان دەوڵـەت کڕیبـووی، مەبەسـتم ئەمنـی عـام، باسـی ئەوکاتـە دەکـەم کـە ئەمنـی عـام لای کۆشـکی سـپی بـوو، بەرامبـەر کۆشـکی سـپی بـوو، هـەر ئەوەنـدەم لەبـارەی عوبەیدوڵـڵا لەیـادە، بـەڵام یەکێـک لـە بـرا ئەفسـەرەکانمان رۆژێـک بـۆ منی گێڕایـەوە کە سـاڵی 1980، رۆژێـک چووەتـە ژوورەوە بۆ شـوعبەی سـێ. دەرگای ژوورێکـی کردووەتەوە و لـەوێ عوبەیدوڵـڵا بارزانـی بینیـوە دانیشـتووە، تەنانـەت گوتـی قاتێکـی شـەکەری لەبەربـووە، وەکـو گیراوێـک لـەوێ بـووە. دەرگای ماڵەکـەی بـە دەرگای ئەمنـەوە بـوو، هێنابوویـان و لـەوێ دایاننابـوو. فەرمـان هاتبـوو کـە بیگـرن، گوتـی ئـەوەم پـێ سـەیر بـوو، چونکـە ئـەو کەسـە دەیناسـی و خۆیشـی ئەفسـەری شـوعبەی سـێ بـوو. گوتـی پێـم سـەیر بـوو عوبەیدوڵڵا بۆچـی گیـراوە. گوتـی پـاش دوو رۆژ بڕیـاری دەرکردنیـم لـە وەزیفەکـەی

بیست. لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری شوعبەی سێ نێردرابوو بۆ ماڵی عوبەیدوڵڵا، براکەی لەوکاتەدا لەوێ بووە، پێموایە سابیر بووە وەکو تێگەیشتم، ئاگاداری کردبووەوە کە سەید رەئیس سڵاوی هەیە بۆتان و دەڵێت کارێکمان بە عوبەیدوڵڵا سپاردووە بۆیە چاوەڕێی مەبن و درەنگ دێتەوە، بەڵام هاوکاری و شت بۆ ئێوە هەر بەردەوام دەبێت. وەک گوتم دوای دوو رۆژ لەوە لە وەزیفەکەی دەرکرا و ئیدی دیار نەما. ئەمە لە مانگی نۆدا بوو ، واتە رێک لەگەڵ، تەماشای ئەم خاڵە بکە، رێک لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی عێراق ئێران. لەگەڵ سەرەتای...

**کاوە ئەمین: ساڵی 1980..**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ 1980، لەگەڵ سەرەتای رەوتەکە، واتە گۆڕی بەکۆمەڵ. کەواتە ئەو لە یەکەمین ئەو کەسانە بوو کە بەم رەوتەدا هاتن، کوشتن و بێسەروشوێنکردن. خودا بیبەخشێ.. من ئەوەندە دەزانم لەبارەی.

**کاوە ئەمین: چیرۆکێکی دیکەش هەیە کە دەڵێن لەنێوان عوبەیدوڵڵا و سەددامدا دەمەقاڵەیەک بووە لەسەر ئەوەی کە سەددام قسەی خراپی لەبارەی باوکی کردووە، شتی وات بیستووە؟**

**سەباح حەمدانی:** رەنگە شتی وا لە سۆشیالمیدیا بڵاوکرابێتەوە، بەڵام من شایەتیی خەڵک دەگوازمەوە، یان شتێک کە بە چاوی خۆم بینیومە، خوێندوومەتەوە، یان لە راپۆرتە ئەمنییەکانم وەرگرتووە، یانیش لە زاری کەسێکەوە کە لە دەزگای ئەمن کاری کردووە. لەبەرئەوەشە کە هەمیشە راستی دەڵێم، بەڵام ئەو دەمەقاڵەیە، دەشێ بە تەلەفۆن بووبێ. ئەوەندە دەزانم لە شوعبەی سێ بینراوە و هەر لە شوعبەی سێ کۆتایی هات، ئایا بردوویانە بۆ لای سەددام حوسێن؟ ئەوە بەدوور دەزانم. لە ماڵی خۆی لەگەڵ سەددام حوسێن دەمەقاڵەی بووە؟ رەنگە.. ئەوکاتەی هێشتا لە ماڵ بووە، ئەمە زۆر مومکینە، ناتوانم بڵێم

وا نییـە، ناتوانـم بڵێم شـتی وا رووینەداوە، لەوانەیـە وابووبن و دەمەقاڵەیان بووبـن و سـەددامیش دەسـتبەجێ فەرمانـی دەسـتگیرکردنی بـە فـازڵ بـەڕاک دابـێ و ئەوانیـش گرتبێتیـان و برادەرەکـەی منیـش لەوکاتـەدا لـەوێ بینیبێتی .

**کاوە ئەمیـن: باشـە بەڕێوەبەرایەتییەکانـی ئەمنـی کەرکـووک و هەولێـر رۆڵیـان لـە گرتنـی بارزانییەکانـدا چـی بـووە؟ ئێـوە بەشـداریتان کـرد وەکـو ئەمنـی کەرکـووک؟**

**سـەباح حەمدانـی:** سـاڵی 1983 کـە بارزانییـەکان گیـران مـن هێشـتا نەچووبوومـە ئەمنـی کەرکـووک، بـەڵام لـەو جـۆرە ئەرکانـەدا، هەمیشـە هێزێـک لـە ئەمنـی پارێزگاکـەوە بـۆ پشـتیوانیی هێـزە جێبەجێکارەکـە دەردەچـێ، ئـەو ئەرکـەش نزیـک بـووە لـە ئێمـە، واتـە ئەمنـی کەرکـووک و ئەرکەکـەش لـە هەولێـر بـووە، بۆیـە ئەمنـی ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی و ئەمنـی سـلێمانی هەمـوو بەشـدار دەبـن کاتێـک ئامـادەکاری دەکـرێ بـۆ دەسـتگیرکردنی خەڵکێکـی ئـاوا زۆر. ئێمـە باسـی چەنـد کۆمەڵگەیـەک دەکەیـن کـە ئـەو خەڵکانەیـان تێـدا نیشـتەجێ بـووە. خۆشـتان ئـەو بەڵگەنامانـە دەبینـن و دەخوێننـەوە و پێشـانیدەدەن کـە هەمـوو ئـەو وردەکاریانەیـان تێدایـە. کۆمەڵگـەکان چـۆن دەورەدراون و چـۆن دەسـت بـە گرتنـی بارزانییـەکان کـراوە و چـۆن تەمەنەکانیان دیـاری کـردوون و چۆن گیـراون و چـۆن بـراون بـۆ بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی عـام.

**کاوە ئەمیـن: پێـش ئـەوەی کۆتایـی بـەم بەشـەی گفتوگۆکـە بێنیـن حەزدەکـەم پرسـیارێکی شەخسـی لـە تـۆ بکـەم، تـۆ کـە ئەفسـەری ئەمـن بـووی بـە پلـەی رائیـد، بەشـداریت کـردووە لە لێکۆڵینـەوە لەگـەڵ ئەوانەی کـە گیـراون؟ بەچـاوی خـۆت ئەشـکەنجەدانی خەڵکـت بینیـوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵێ بینیومـە، بەڵام من لێکۆڵینەوەم نەکـردووە چونکە ئـەوە بـواری پسـپۆڕیی مـن نەبـوو. بـواری شـارەزایی مـن هەمیشـە، بـۆ نموونـە کـە لـە ئەمنـی نەجـەف بـووم، بـواری پسـپۆڕیی مـن مەرجەعیـەت

بـوو. ئەفسـەری پەیوەنـدی بـووم لەگـەڵ مەرجەعیـەت. هەرشـتێک سـەبارەت مەرجەعیـەت هەبووایە مـن دەمزانی و لەبارەیەوە دەمنووسـی.

**کاوە ئەمین: ئەی لە کەرکووک؟**

**سـەباح حەمدانـی:** وەک نموونە دەڵێم. لـە کەرکووکیـش ئەرکـی مـن لـە شـوعبەی پێنـج بـوو. چەنـدی لـە توانامـدا بووبـێ کاری چاکـم بـۆ خەڵـک کـردووە. هەرگیـز نـە کەسـم گرتـووە و نـە بوومەتـە هـۆکاری گرتنـی کەسـیش، چونکـە لـەو ماوەیـەی کـە مـن لـە ئەمنـی کەرکـووک کارم کـردووە و نزیکـەی دوو سـاڵێک بـوو، هیـچ کێشـەیەک روونـەدا. لـەو کەناڵـەی خۆمـەوە، ئاگاداری زۆر کێشـەی خەڵـک بوومـەوە لـە کەرکووک. بـۆ نموونـە شـێخ فەخرەدیـن کـە خانووەکـەی و دووکانەکانیـم لـە حیجـز دەرهێنـا و رادەسـتم کـردەوە، چونکـە مەزڵـووم بـوو، بـۆ نموونـە دەڵێـم. مـن ئەرکـی خـۆم بەجێگەیانـدووە.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام لـەو ماوەیـە لـە هیـچ لێکۆڵینەوەیەکـدا بەشـداریت کـردووە؟**

**سەباح حەمدانی:** نەخێر.

**کاوە ئەمیـن: لێکۆڵینـەوە لـە زیندانـی سیاسـی و لـە پێشـمەرگە و لەوانـەی لـە کەرکـووک دەگیـران؟**

**سـەباح حەمدانـی:** هەرگیـز بەشـداریم نەکـردووە، چونکە ئـەوە ئەرکی من و بـواری پسـپۆڕیی مـن نەبـوو، بـواری منیـش بووایـە نەمدەکـرد. ئامـادە نەبـووم لێکۆڵینـەوە بکـەم، ئەوانـەی لێکۆڵینەوەیـان دەکـرد کەسـانێک بـوون، بەڕێوەبەرەکانـی ئەمـن بۆیـان دەگـەڕان و توندترینەکانیـان هەڵدەبـژاردن، مـن کەسـێکی توونـد نەبـووم، بگـرە زۆریـش نـەرم بـووم لەگـەڵ خەڵـک. لەوانـە بـووم کـە خەڵکـم خۆشدەویسـت و حـەزم لـە ناسـینیان دەکـرد. بـۆم گێڕایـەوە کـە ئەوکاتـەی لـە نەجـەف بـووم بەبـێ چـەک دەگـەڕام.

**کاوە ئەمین: زۆر باس لە دڕندەیی هەندێ لە بەعسییەکان دەکرێ، بەتایبەتی لە زیندانەکاندا. بۆ مێژوو، تۆ ئەگەر لە هاوڕێیەکانتەوە بیستبێتت، ئەوانەی لێت نزیک بوون و کارەکەیان جیاواز بووە، شتی وا هەبوو کە هەڕەشە لە گیراوێک بکەن بەوەی خوشک و دایکی دەهێنن و لەبەرچاوی خۆی دەستدرێژی دەکەنە سەریان؟**

**سەباح حەمدانی:** ئەوە ڕێپێدراو نەبوو، بە فەرمی ڕێپێدراو نەبوو، بەڵام جارێک بیستم کە لە ئەمنی نەجەف شتی واکراوە. من لەوانە بووم کە لە دژی وەستامەوە. یەکێک لە ئەفسەرەکانمان بەناوی نەقیب خزەیر جبووری، هەڕەشەی لە گیراوێک کردبوو، چووبوو خێزانەکەی هێنابوو، خوشکەکەی و ژنەکەی و لە ژوورێکی دیکە دانابوون، وای کردبوو کە گوێی لە دەنگیان بێت، بەڵام بەڕاستی بڵێم بەڕێوەبەری ئەمن خۆیشی لە دژی وەستایەوە و گوتی شتی وا قبووڵ ناکەم. گوشاری خستبووە سەری دەیگوت تۆ کە گوێت لە خوشکت بێ لە ژوورێکی دیکە و تۆش تۆمەتبار بیت و پرسیاری تاوانێکت لێ بکرێت، تەنانەت ئەگەر تۆش نەبووبی، من نامەوێ تەواوی بکەم، ناتوانم لەوە زیاتر بڵێم، چونکە من خۆم ئەگەر بکەومە دۆخێکی وەهاوە و بچن خوشکم بێنن، دەستبەجێ دەڵێم راوەستن تەواو، ئەو تاوانە من کردوومە. وەرە بمبە و بمکوژە. بۆیە ئەم رەفتارانە بە فەرمی رێپێدراو نەبوون...

**کاوە ئەمین: بەڵام شتی وا کراوە؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ کراوە، بەبیرم هاتەوە لە ئەمنی کەرکووکیش، لە بازگەیەکدا کەسێکیان گرتبوو شیوعی بوو، فەرمانی گرتنی هەبوو. هەر ئەوەندەی هێنایانە ئەوێ، دوای پێنج کاژێر گیانی دەرچوو. باشە بۆ؟ گوتیان لەژێر لێکۆڵینەوە.

ئەفسەری لێکۆڵینەوە لەوکاتەدا رائید حەمید و رائید سوفیان بوون، هەردووکیان تکریتی بوون و ئەوان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرد. ئەمانە بە هەردووکیان کەوتبوونە سەری دەگ دەگ. ئێ باشە کاکە تۆ لێکۆڵەری. کاری تۆ ئەوەیە راستی وەرگری. بەهەرحاڵ لەژێر دەستیاندا

مـرد و تەرمەکەیـان دایـە شـارەوانی بیشـارێتەوە، ئەمـە یەکێـک بـوو لـەو شـتانەی خـۆم بینیـم، بـەڵام ئەشـکەنجە هەبـووە و زۆریـش بـوو، هەمـوو جۆرەکانـی ئەشـکەنجەی تەقلیـدی هەبـوون.

## بەشی حەوتەم

# کیمیابارانکردنی هەڵەبجە

بۆ بینینی بەشی حەوتەمی هەڤپەیڤینەکە ئەم کیوئارِ کۆدە سکان بکە

**کاوە ئەمین: کاک سەباح بەخێربێیتەوە بۆ بەرنامەکەمان**

**سەباح حەمدانی:** دووبارە سڵاوتان لێبێ و سوپاستان دەکەم.

**کاوە ئەمین: سەبارەت کیمیابارانی هەڵەبجە قسە بکەین، هیچ بەڵگەیەک هەیە کە ئێرانیش چەکی کیمیایی لە هەڵەبجە بەکارهێنابێ؟**

**سەباح حەمدانی:** گەیشتینە باسی ئەنفال. ئەنفال دوو بەشی هەیە..

**کاوە ئەمین: ئێستا دەمانەوێ باسی هەڵەبجە بکەین..**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ، هەڵەبجە و ئەنفال و گۆڕی بەکۆمەڵ. ئێستا باسی هەڵەبجە دەکەین. لە یادمە ئەوکاتە لە ئەمنی کەرکووک بووم کە ئەنفال دەستیپێکرد، ساڵی 1988 بوو. پەیوەندیم لەگەڵ هاوڕێیەکی منداڵیم هەبوو، ئەو لە دەزگای هەواڵگری بوو. رائید هانی یونس جەمیل، پێکەوە کاتی زۆرمان بەسەردەبرد، دەهاتە سەردانم بۆ ئەمن و منیش دەچوومە سەردانی. لەوکاتەدا بوو کە چەکی کیمیایی بەکارهات، رێنماییمان بۆ هات، رێنمایی هەواڵگری، دەزانی لەو رووەوە دەزگای هەواڵگری لە ئێمە بەتواناتر بوون و باشتریش لە کاروباری سوپا تێدەگەیشتن. جا ئەوکاتە بوو کە هەواڵی پێدام گوتی ئێران بە کیمیایی لە ئێمەی داوە و خەڵکی بەرکەوتوومان هەیە. ئەم جۆرە زانیاریانە ئیدی بە برووسکە و دەماودەمیش بڵاوبوونەوە.

**کاوە ئەمین: مەبەستی هەڵەبجە بوو؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ هەڵەبجە. جا گوتم چارە چییە و چی دەکرێ؟ گوتی فەرماندەیی بڕیار دەدات. رۆژی دواتر هەواڵی پێدام کە چەکی کۆکوژ بەکارهاتووە و لێدانێکی توونیدیش بووە. ئەمە ئیدی ئاماژەیەکی روون بوو، زانیاری لە کەسێکەوە کە ئاگادارە. پاش ئەو لێدانە، سەتان

سـەربازی بەرکەوتـوو گەیێندرانـە نەخۆشـخانەی سـەربازی لـە کەرکـووک. هەموویـان بـەر کیمیایـی خۆمـان کەوتبـوون، واتـە لـە لێدانـی دووەم کـە وەڵامـی ئێمـە بـوو. بۆیـە دەڵێـم لێدانـی یەکـەم لەلایـەن ئێرانـەوە بـوو، بـەڵام رووداوەکانـی دواتـر دەریانخسـت کـە ئێرانییـەکان ئـەو لێدانـەی یەکەمیـان وەک تەڵەیـەک بەکارهێنـا و چاوەڕێبـوون عێـراق بەهێزتـر وەڵام بداتـەوە، چونکـە عێـراق لـە 1987ــەوە بـە چـڕی دەسـتی بـە تاقیکردنەوەی چەکـی کیمیایـی کردبـوو. فەرمانیشـی بـۆ هاتبـوو، فەرمـان نـا بـا بـە وردی قسـە بکەیـن، گڵۆپـی سـەوزی لەلایـەن ئەمریکییەکانـەوە بـۆ هەڵکـرا کـە سـەددام رێگـە پێـدراوە هەمـوو جبەخانـەی خـۆی لـە چەکـی کیمیایـی لـە دژی ئێـران بەکاربهێنـێ بۆئـەوەی ناچـاری بـکات رێککەوتننامـە ئیمـزا بـکات و شـەڕ رابگرێـت. جـا لێـرەدا چـی روویـدا؟ ئێرانییـەکان ئـەم پلانەیـان دانـا و بـە گازی سـارین لـە ئێمەیانـدا. سـارین لـەو گازانەیـە کـە لەسـەر رووکاری زەوی دەمێنێتـەوە و وەک خـەردەل ناچێتـە قووڵاییـەوە. ئـەوان سـارینیان بەکارهێنـا و هـەر کـە هەواڵەکـە گەیشـتەوە سـەددام، دەسـتبەجێ فەرمانـی دەرکـرد کـە وەڵامیـان بدەنـەوە. یەکێـک لـە شـایەتەکان کـە مـن هێنامـە کەناڵەکـەی خـۆم و پسـپۆڕی دروسـتکردنی چەکی کیمیایـی بووە و لـە دامـەزراوەی موسـەننا بـووە کـە تایبەتـە بـە دروسـتکردنی چـەک، گوتـی مـن خـۆم، بەدەسـتی خـۆم ئـەو بۆمبانـەم پڕکـرد کـە لەسـەر هەڵەبجـە خرانـە خـوارەوە. هـەر بۆمبێک 250 کیلۆگـرام خەردەل و سـارینیان تێکراوە. لــە یەکــەم وەڵامدانــەوەدا، فڕۆکەکانمــان زیاتــر لــە 65 دەرچوونیــان هەبــووە بــۆ هەڵدانــی ئــەو بۆمبانــە. ئەمــە شــایەتە و بەشــداربووە و ناوەکـەی لای منـە، بـەڵام رازی نابـێ بێتـە سـەر تەلەڤزیـۆن و قسـە بـکات، تێناگـەم بۆچـی، رەنگـە لەبـەر هـۆکاری ئەمنـی بێـت، بـەڵام راسـتییەکەی ئـاوا بـە مـن گـوت. ئـەو خـۆی بەشـداربووە لـە بارکردنـی بۆمبەکانیـش، چونکـە هەمـوو کەسـێک ناتوانـێ فڕۆکـەی مێـگ باربـکات، دەبـێ کەسـێکی شـارەزابێت، بۆئـەوەی نـەوەك لێچـوون رووبـدات، یان کێشـەیەکی تێبکەوێ لەنـاو فڕگەکـە، فڕگـەی کـوێ؟ کەرکـووک. فڕۆکـەکان لـەوێ بـە خـەردەل

و سـارین بارکـران و لەوێـوە دەرچـوون. ئەمـە مـاوەی سـێ ڕۆژ لەسـەریەک بـەردەوام بـوو. خـۆی لـە 16/3 دەسـتیپێکرد، 16ی ئـادار وەک دیـارە. لێدانـی یەکـەم لەلایـەن ئێرانـەوە بـوو بـۆ تێوەگلاندنـی سـەددام، سـەددامیش کەوتـە تەڵەکـەوە.

**کاوە ئەمیـن: واتـە ئێـران پێـش 16ی مانـگ چەکـی کیمیایـی بەکارهێنـا، یان هەمان ڕۆژ؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ هـەر هەمـان ڕۆژ، ئـەوان لێیاندایـن و بەیانییەکـەی ڕێنمایـی هـات کـە بـە چەکـی کیمیایـی وەڵامیـان بدەنـەوە. تێبینـی بکـە ئێرانییـەکان وریـا و ئامادەبـوون لـە میدیـا، چالاکـی، ئەمبۆڵانـس بـۆ گواسـتنەوەی بەرکەوتـووان، چونکـە دەیانزانـی بۆردوومانـی کیمیایـی لەڕێیـە، ئەوەبـوو سـوپای عێـراق هێرشـەکەی کـرد و ژمـارەی قوربانییـەکان هـەروا زیـادی دەکـرد، ئێـران دەسـتبەجێ کەوتـە وێنەگرتنـی و تەنانـەت ژمارەیـەک لـە بەرکەوتووانـی گواسـتەوە بـۆ لەنـدەن. بەوجـۆرە لەسـەر ئاسـتی دنیـا بڵاوبـووەوە کـە هێرشـەکە عێراقـی بـووە، لەکاتێکـدا کارەکـە راکێشـانی بـەرە بـوو لەژێرپێـی عێـراق.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام ئەگـەر واش بێـت، ئێـران چەکـی کیمیایـی لە دژی سـوپا بەکارهێنـاوە نـەوەک خەڵکـی مەدەنی..**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ، لەیادمـە لەگـەڵ ئـەو برایـەی ئەفسـەری ئیسـتیخبارات، خـۆی دەزگا ئەمنییـەکان هەمـوو لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتـن کـە دزە بـە زانیـاری بکـەن و بڵێـن ئێمـە هەمـوو خەڵکەکەمـان ئـاگادار کردبـووەوە کـە لـە هەڵەبجـە بـڕۆن و دەرچـن. ئەمـە لەپـاش لێدانەکـە. گوایـە پێیانگوتـوون لـە مـاوەی سـێ ڕۆژدا دەبـێ دەرچـن، تەنانـەت نووسراویشـیان بـە فڕۆکـە بەرداوەتـەوە سـەر شـارەکە، بـەڵام ئـەوە درۆیـە، چونکـە سـێ ڕۆژ تێنەپەڕیبـوو کـە لـە شـارەکە درا. خەڵـک هەبـوون باوەڕیـان کردبـوو کـە عێـراق وەڵامدەداتـەوە و بۆردوومانێـک لەڕێیـە، بەڵام

هەبـوون باوەڕیـان نەکـرد و ماڵەکانـی خۆیـان بەجێنەهێشـت، هەربۆیـە ژمارەیەکـی زۆر لـە خەڵکـی سـیڤیل لەنـاو شـاری هەڵەبجـە و دەوروبـەری بەرکەوتـن. راسـتیی رووداوەکـە ئاوابـوو. ئەمـە زانیـاری تایبەتـی خۆمـە کـە لـە رائیـد هانـی وەرمگرتـووە، جگـە لـەوەش زانیاریـی شـایەتەکەم هەیە کە شـارەزای پڕکـردن و ئامادەکردنـی بۆمبـی کیمیایـی بـووە و پلـەی ئەفسـەر بـووە. ئـەم کەسـە سـوێندی بـۆ خـواردم و منیـش لەبـەردەم خـودا سـوێند دەخـۆم کـە قسـەکانیم بـێ زیـاد و کـەم گێڕاوەتـەوە. لـە کەناڵەکـەی خۆشـمەوە زیاتـر لـە پێنـج ئەڵقـەم بڵاوکردووەتـەوە کـە تەنیا تایبـەت بوون بە چەکـی کیمیایـی، چۆنمـان دروسـتکردوون، لـە رۆژی یەکەمـەوە کـە لـە ئەمنـی عـام دەسـت بـە دروسـتکردنی کـراوە.

**کاوە ئەمیـن: جـا مـن دەمویسـت هـەر لەسـەر چۆنیەتـی دروسـتکردنی چەکـی کیمیایـی پرسـیارت لێبکـەم، عێـراق لـە کەیـەوە دەسـتیکرد بـە دروسـتکردنی چەکـی کیمیایـی؟**

**سـەباح حەمدانـی:** زانیارییەکانـی خـۆم ئـەوە پشتڕاسـت دەکەنـەوە و دەیسـەلمێنن کـە سـەرەتای دەسـتکردن بـە دروسـتکردنی چەکـی کیمیایی لـەو فەرمانگەیـەوە بـوو کـە نـازم گـزار وەزیـری بەرگـری و وەزیـری ناوخـۆی تێدا بەندکـرا، باسـی ئەوکاتـە دەکـەم کـە لـە سـاڵی 1973 هەوڵیـدا کودەتا لەسـەر سـەددام و ئەحمـەد حەسـەن بەکـر بـکات. ئـەم فەرمانگەیـە خـۆی فەرمانگەیەکـی تەکنیکـی بـوو، نـازم گـزار دروسـتیکرد، فەرمانگەیەکـی تەکنیکـی بـوو بـۆ ئـەو بەشـەی کـە نـاوی مەعمـەل بـوو، فەرمانگەیەکـی تایبـەت و زۆر نهێنـی بـوو لـە ناوچـەی فزەیلییـە لـە رۆژهەڵاتی بەغـدا. ئەمە فەرمانگەیەکـی تایبـەت و زۆر نهێنـی بـوو بـۆ کاری تەکنیکـی و لەوانـەش دروسـتکردنی چەکـی کیمیایـی. ئەم فەرمانگەیـە دوای ئەوەی نـازم گزاریش کـوژرا، هـەر بـەردەوام بـوو لـە بـواری دروسـتکردنی چەکـی کیمیایـی دا، واتـە هـەر لەسـەر ئـەو رێچکەیـە رۆیشـت، پاشـان بـە تێپەڕینـی کات پـەرەی سـەند و پێموایـە لـە سـاڵی 1976 بـوو کـە بـە فەرمانـی ئەحمـەد حەسـەن

بەکـر گوازرایـەوە و داوودەزگای بـۆ دروسـتکرا و ئامێـر و پێداویسـتییان بـۆ هێنـا و کیمیاییـان لـە ئەڵمانیـاوە بـۆ هێنـا و بەوجـۆرە پـەرەی سـەند بـۆ چەکـی کیمیایـی.

**کاوە ئەمیـن: عێراقییـەکان خۆیـان دروسـتیانکرد یـان شـارەزای بێگانـە هاوکارییـان کـردن؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئـەو فەرمانگەیـە بەتایبەتـی، هـەر لـە سـەردەمی نـازم گـزارەوە بـەردەوام شـارەزای بیانـی تێدابـووە. ئـەو بیانییانـە هـەر مانـەوە و بـەردەوام بـوون.

**کاوە ئەمین: خەڵکی کام وڵات بوون؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئەڵمـان بـوون، پێموایـە خەڵکـی ئەڵمانیـای رۆژهـەڵات بـوون. کـە دەڵێیـن ئەڵمـان زیاتـر مەبەسـتمان ئەڵمانیـای رۆژهەڵاتـە، تەنانـەت ئەڵمانیـای رۆژئـاواش لارییـان نەبـوو، ئـاوا مرۆڤانـە بیریـان نەدەکـردەوە کـە هەوڵبـدەن نەهێڵـن چەکـی کیمیایـی دروسـتبکەی و نـەوەك بـەکاری بهێنـی، خۆیـان دەیانزانـی ئـەم چەکـە بـۆ بەکارهێنانـە.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام بۆچـی ئـەم چەکـە بەدیاریکـراوی لـە هەڵەبجـە بەکارهـات؟ تـۆ گوتـت لـە وەڵامـی ئێرانییـەکان بـووە..**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ راسـتە، وەڵامدانـەوە بـوو، بـەڵام وەکـو گوتـم تەڵەیـەک بـوو. تائێسـتاش زۆر شـتی لەسـەر دەخوێنمەوە. تەنانـەت وەزیری بەرگـری، تۆمـاری دەنگیـی هەیـە کـە دەڵـێ بـە کیمیایی لێمانـدان، پێنـج، دە، بیسـت هەزارمـان لـێ کوشـتوون کێشـە نییـە، بـا بیسـت هـەزار بـن.

**کاوە ئەمین: مەبەستت عەدنان خەیروڵڵایە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ عەدنـان خەیروڵـڵا، ئـەو تۆمـارە دەنگییـە لـە دادگای سـەرانی رژێمیشـدا لێدرایـەوە. باشـە ئـەم وەزیـری بەرگرییـە

کـە هەندێـک کـەس خۆشـیاندەوێ و دەڵێـن مرۆڤێکـی بـاش بـووە و خـاوەن رەوشـت بـووە، ئەوەتا دەڵـێ بیسـت هـەزار کـەس کێشـە نییە، ئێمـە دوو ملیـۆن کـوردی باشـمان هەیـە، واتـە ئـەو بیسـت هـەزارەی کـە بـاش نەبـوون ئەوانـە کـوژراون. ئـێ باشـە ئەوانـە بەشـێکیان منداڵ بـوون و لـە باوەشـی دایکیانـدا مـردن. ئەمـە چیرۆکـی بۆردومانەکەیـە، وەزیـری بەرگـری دانـی پێدادەنێـت. ئـەو برایـەی لـە کارگەکـە بـووە دانـی پێدادەنـێ. نـزار خەزرەجـی برووسـکەی ناردووە بـۆ دادگـە، کاتـی دادگایی سـەرانی رژێـم، زانیـاری دەداتـە دادگا کـە ئـەو لەوکاتـەدا فەرمانـدەی فەیلـەق بـووە، بـەڵام بڕیارەکـە ئـەو نەیـداوە، بەڵکـو خـودی سـەددام حوسـێن بڕیارەکـەی داوە، ئـەوەش پـاش ئـەوەی سـەددام لەنـاو دادگا نـزار خەزرەجـی تۆمەتبـار کـرد بـەوەی کـە ئـەو بڕیـاری بۆردوومانـی هەڵەبجـەی داوە. منیـش لێـرەوە بـۆت دەسـەلمێنم کـە سـەددام درۆی دەکـرد، چونکـە مومکیـن نەبـوو فەرمانـدەی فەیلـەق بڕیارێکـی لەوجـۆرە بـدات.

**کاوە ئەمیـن: باشـە کـێ بڕیارەکـەی جێبەجێکـرد، عەدنـان خەیروڵـڵا ئـاگادار بـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان ئـاگادار بـوو. بۆردوومانی کیمیایی ئاشـکرایە بـە بڕیـاری راسـتەوخۆی سـەددام بـوو، بـەڵام کـێ جێبەجێـی دەکات؟ میکانیزمـی جێبەجێکردنەکـە چۆنـە؟ بێگومـان وەزیـری بەرگـری ئـاگادار بـووە، بێگومـان عەلـی حەسـەن مەجیـد ئـاگادار بـووە کـە لێدانەکـە پـاش سـاتێکی دی، پـاش چەنـد خولەکێکـی دی، پـاش چەنـد کاژێرێکـی دی دەبێـت، بـەڵام ئـەوەی جێبەجێـی دەکات، ئـەو ئەفسـەرانەن کـە دەزانـن چـۆن ئـەم چەکـە بەکاردێـت. ئـەوەی پـڕی دەکات، ئـەوەی دەیگوازێتـەوە، ئـەوەی لـە فڕۆکەکانـی بـاردەکات، ئـەوەی لـە فڕۆکەکـە بەریدەداتـەوە هەمـوو بەشـدارن. واتـە میکانیزمێکـی دیاریکـراوی هەیـە.

**کاوە ئەمیـن: کەواتـە ئـەو فڕۆکەوانانـەی بۆمبەکانیـان بەردایـەوە سـەر هەڵەبجـە دەیانزانـی ئـەوە بۆمبـی کیمیاییـە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ دەیانزانـی، ئـەوە زۆر روونـە چونکـە شـارەزایەکی چەکـی کیمیایـی دەهـات سەرپەرشـتی بارکردنـی فڕۆکەکانـی دەکـرد، چونکـە ئەگـەر لێچوونـی هەبـوو، هـەر لێچوونێـک روویدابایـە، بـۆ نموونـە بۆمبێـک لێـی بچووبایـە دەبوو چارەسـەری بکـەن و زوو ئاگاداریـان بکەنەوە، بۆیـە ئـاگادار بـوون و پێشـیانگوترابوو کـە دەبـێ بـە بەتاڵـی بگەڕێنـەوە، واتە دەبـوو ئـەو بۆمبانـەی باریانکـردوون هەموویـان بەربدەنـەوەو بتەقێنـن.

**کاوە ئەمیـن: باسـی نـزار خەزرەجیـت کـرد، بۆچـی سـەددام دەیویسـت ئەویـش پەلکێشـی دادگا بـکات کـە تـۆ دەڵێـی ئـەو ئـاگادار نەبـووە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** وەکـو ئیرەیـی دەیویسـت تووشـی بـکات. چـۆن نـزار خەزرەجـی سـەرەڕای ئـەوەی لـە دانیمـارک بـەرەوڕووی دادگایی کرابـووەوە، ئینجـا ئەوەشـی بیسـتەوە کـە سەرپەرشـتی رێکخسـتنێکی کـردووە لـە دژی ئـەو لەکاتێکـدا ئـەو لـە حەشـارگەدا بـووە، بۆیـە کاتێـک ئەمریکییـەکان لێکۆڵینەوەیـان لەگـەڵ کـرد، گوتـی ئـەوەی بڕیارەکـەی داوە نـزار خەزرەجـی بـووە. دەیویسـت تووشـی بـکات بـۆ ئـەوەی بیهێننـەوە کـە لەوکاتـەدا لـە ئیمـارات بـوو، بـەڵام خەزرەجـی بەڵێنـی لـە ئیماراتییـەکان وەرگرتبـوو، مافـی پەنابەرییـان دایـێ و پاسـەوانیان بـۆ دابینکـرد بـۆ ئـەوەی بمێنێتـەوە پـاش ئـەوەی هاوکاریـی پلانەکـەی خەزرەجیمـان کـرد لـە سـاڵی 2003 و ئەوەبـوو چووینـە سـووریا، خۆی سـەرەتا چووینە سـعودیە، بەڵام سـعودیە بەرنامەکـەی گـۆڕی کـە تایبـەت بـوو بـە دامەزراندنـی هەرێمـی سـوننی لـە عێـراق لەلایـەن نـزار خەزرەجـی. ئامانـج لە هەرێمی سـوننە پاراسـتنی سـوپا و شـارە سـوننییەکان بـوو لـە کەوتـن و وێرانبـوون پـاش ئـەوەی خەزرەجـی رایدەگەیانـد کـە ئـەو لـە عێراقـە. سـەددام حوسـێن هەمـوو ئەمانـەی بیسـتبووەوە، بۆیـە دەیویسـت خەزرەجـی تێوەگلێنـێ و بیهێنێتـەوە بەردەم دادگا، بـەڵام تـازە ئـەو بەڵێنـی وەرگرتبـوو، کۆتایـی هاتبـوو.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام تـۆ بۆچـی بەرگـری لـە نـزار خەزرەجـی دەکـەی، خـۆ ئەویـش ئەفسـەرێکی گـەورە بـووە لـە سـوپادا و ناکـرێ ئـاگای لـە هیـچ نەبووبـێ؟**

**سـەباح حەمدانـی:** دڵنیـات دەکەمـەوە مـن بەرگـری لـە هیـچ ئەفسـەرێک ناکـەم، بەتایبەتـی ئەوانـەی لـە سـەرکردەکان بـوون. ئەمانـە تاوەکـو ئەوپەڕی خێریـان لـە سـەددام حوسـێن بینـی، دزییـان کـرد و تاڵانییـان کـرد و نەوتشـوجاعەیان وەرگـرت و دەیـان ئۆتۆمبێلیـان وەرگـرت و بـاخ و کێڵگـە و تاوەکـو دوایـی، هەموویـان بەشـداربوون، بـەڵام پلەبەندیـش هەیـە لـە مەسـەلەی بەشـداری. بـۆ نموونـە یەکێـک دێـت دەڵـێ مـن جێبەجێـکار بـووم، بـەڵام ئەمـە جێبەجێـکار لـە بەرپرسـیارێتی جێبەجێکردنەکـەی نابەخشـێت. ئێمـە سـوپاین و ئـەم سـوپایەش بـۆ پاراسـتنی وڵاتـە نـەک بـۆ کوشـتنی هاووڵاتیانـی خـۆی. ئەرکـی سەرشـانیان بـوو ئەگـەر کەمێـک مرۆڤایەتییـان لـە دڵـدا بووایـە، هەرچۆنێـک بووایـە وڵات بەجێبهێڵـن، هەرچەنـدە ئەویـش وڵاتـی بەجێهێشـت، بـەڵام لـە کاتێکـی زۆر درەنگـدا، ئەمـە راسـتیی خەزرەجییـە. مـن بەهیـچ جۆرێـک بەرگـری لێناکـەم، ئەویش تێـوەگلاوە، ئەگـەر لـەوەی هەڵەبجەشـدا نەبـێ لـە تاوانـی دیکـەدا، بـەڵام هەنـدێ هەڵوێسـتی باشیشـی هەبـوو، باشـتربوو لەوانـی دیکـە.

**کاوە ئەمیـن: چەکـی کیمیایـی تەنیـا لەڕێـی فڕۆکـەوە بەکاردەهـات یـان ڕێگـەی دیکەشـی هەبـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ، ئـەو شـایەتەی مـن باسـی دەکـەم و لـە گـەورە ئەفسـەران و شـارەزایانی بـواری دروسـتکردنی چەکـی کیمیایـی بـووە لـە دامـەزراوەی موسـەننا، ئـەو رێـک ئـاوا باسـی ئـەو چەکـەی کـرد کـە لەگـەڵ هەمـوو جـۆرە چەکێـک بەکاردەهـات، تەنانـەت ئـاڕ پـی جی، گوللـە ئارپیجیان وا لێکـردووە کـە کیمیایـی تێبکـرێ. گوللـە هاوەنـی گـەورە و بچـووک، تەنانـەت تۆپهاوێـژی تایبەتیـان لـە میسـرەوە بـۆ هاتبـوو، گوللەکـەی کاتێک دەکـەوێ، دەبـێ بـە چەند پارچەیەکـەوە، هەر پارچەیەکی کیمیایـی تێدابووە.

دەشڵێ ئەو تۆپەمان بۆ ئەوە هێنا کە لە دژی ئێران بەکاریبێنین، بەڵام لەدژی کورد بەکارمانهێنا، چونکە ئەم بەکارهێنانەی چەکی کیمیایی کە لە هەڵەبجە بینیمان خۆ هەر لە هەڵەبجە نەبوو، بەڵکو لە سەرانسەری کوردستان بەکارهات. لە هەموو باکووری عێراق و لە دژی هەمووان. لە هەموو ئەو شوێنانەی کە بۆ سوپا سەخت و ئاسێبوون کیمیایی بەکاردەهات.

**کاوە ئەمین: کەواتە دەتوانین بڵێین وڵاتانی عەرەبیش بەشێوەیەک لە شێوەکان، بەتایبەتیش میسر بەشداربوون لە تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی؟**

**سەباح حەمدانی:** ئەو تۆپهاوێژەی لە میسرەوە هاتبوو گوللە تۆپی تایبەتی هەبوو کە ناوێکی عەرەبیانەی هەبوو، سەقر بوو یان ناوێکی لەوجۆرە، ناوەکەیم لەیاد نەماوە، ئەوان دابوویانە عێراق بۆ ئەوەی لە دژی ئێران بەکاریبێنێت. ئەو شایەتەی من هێنابووم دەڵێ ئەو تۆپەمان بۆ ئەوە هێنا لە دژی ئێران بەکاریبێنین، بەڵام ئێمە لە دژی کورد بەکارمانهێنا، کوردی ئێرانی! ئەمانە واحیساب کرابوون کە ئێرانین لە عەقڵیەتی سەددام حوسێندا.

**کاوە ئەمین: لەکاتی شەڕ ئەو چەکەیان فرۆشتە عێراق یان دوای وەستانی شەڕی عێراق - ئێران؟**

**سەباح حەمدانی:** نەخێر پێش راگرتنی شەڕ. ئێمە باسی مانگی سێ دەکەین، ساڵی 1988، واتە هێشتا خومەینی رەزامەندی لەسەر راگرتنی شەڕ نەدابوو، رەزامەندیشیان نەدا تاوەکو ئەو چەکە کیمیاییە لە هەموو بەرەکانی شەڕ تاقینەکرایەوە. ئێرانییەکان لە ساڵی 1987 بیریان لەوە دەکردەوە هێرش بکەنە سەر بەغدا، پلانیان بۆ ئەوە دانابوو، یەک فەیلەقی سوپایان بۆ ئامادە کردبوو، یان چەند فیرقەیەکی تایبەت کە هاوکات و پێکەوە هێرش بکەنە سەر بەغدا. لەوکاتەدا فەرمان

هــات کــە لێیانــدەن. ئەوەبــوو لێیانــدان و لەمــاوەی چەنــد کاژێرێکــدا هەمــوو ئــەو هێزانــە زۆر بــە خراپــی بــەر هێرشــی کیمیایــی کەوتــن. تەنانــەت لەوکاتــەدا ســەددام حوســێن لــە تەلەڤزیۆنــەوە سوپاســی شــارەزا و پسـپۆڕ و کارمەندانـی کارخانـەی چەکـی کیمیایـی کـرد، بـە موجاهیدەکانـی دامــەزراوەی موســەننا نــاوی بــردن. دواتر ئۆتۆمبێلی بەســەردا دابەشــکردن و هەریەکەیــان پێموایــە ســێ هــەزار دیناریــان وەرگــرت. ئــەو کەســەی شــاهیدیی بــۆ مــن دا، مــن نــاوم لێنابوو شــاهیدی ژمــارە 422، یەکــەی 422، ئەمــە نــاوی دامــەزراوەی موســەننا بــوو، لەســەر نــاوی دامەزراوەکــە نــاوی شــاهیدەکەمان والێکــرد.

**کاوە ئەمین: بۆچی ناویان ناهێنی؟**

**ســەباح حەمدانــی:** ئەمــە ئەمانەتــە، بەڕاســتی بڵێــم ئەمانەتــە و ئــەو پیــاوە زانیــاری زۆری دایــە مــن و منیــش بــە خەڵکــم ڕاگەیانــد، بــەڵام ئێســتا ئــەو پیــاوە لەکوێیــە؟ لەوانەیــە ملــی لەبــەر پــەت بێــت، لەوانەیــە لــە شــوێنێکی مەترســیدار بژیــت. کەســێکە مــن دەیناســم و گوێشــم بــۆ ڕانەگــرت تاوەکــو واملێکــرد ســوێند بخــوات. ئــەم پیــاوە نــە شــیعەیە و نــە کــوردە، کەســێکی ســوننەیە، بــەڵام هەمــوو ئەوانــەی ئــەو گوتوونــی ســەت لــە ســەت لــە دژی ســەددام حوســێن بــوون، بۆیــە دەترســێ، لــە چارەنووســەکەی دەترســێ وەکــو دەڵێــن.

**کاوە ئەمیـن: باشـە لـە پرۆسـەیەکی تەمومژاویـی شـاراوەدا، ئـەو کەسـەی کـە بەرپرسـی دامـەزراوەی دروسـتکردنی کیمیایـی بـوو کـوژرا. لەسـەر ئـەوە چـی دەزانـی؟**

**ســەباح حەمدانــی:** ڕاســتییەکەی چەنــد کەســێک بــوون، یەکێکیــان ئەفســەرێکی گــەورەی خەڵکــی مووســڵ بــوو ئێســتا ناوەکەیــم لەیــاد نییــە، ئــەو لــە ڕووداوێکــی هاتووچــۆدا لەســەر ڕێــی مووســڵ کــوژرا، ســاڵی 1991 یــان 1992 بــوو، کــوژرا بــۆ ئــەوەی زانیــاری نــەدات، چونکــە تــۆ دەزانــی

لیژنەکانی پشکنینی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان دەستیانکردبوو بە گوێگرتن لە زاناکان، خێرا چوون کوشتیان بۆ ئەوەی نەوەک بچن قسەی لەگەڵ بکەن و زانیارییان پێبدات. ئاوا بەوجۆرە لەکۆڵیان کردەوە، بەڵام ئێستا ناوەکەیم نایێتەوە یاد، خەڵکی دیکەش هەبوون بەو دەردە چوون، چاودێرییەکی توندیان لەسەر بوو.

**کاوە ئەمین: ئەگەر بە ناو بۆمان ریز بکەی بەپێی ئاستی بەرپرسیارییان، کێ بوون ئەوانەی دەستیان لە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا هەبوو؟**

**سەباح حەمدانی:** لەو رووەوە زانیاریم نییە، زانیاریی من ئەوە بوو کە گوتم و بەو ئامانجەش بوو کە خەڵک باوەڕبێنن بەو راستییەی بۆردوومانی هەڵەبجە لەلایەن عێراقەوە بوو، بەڵام ئەوەش بە لێدانێکی سادە دەستیپێکرد، وەک ئەوەی یەکێک بێت بە ئەنقەست زلەیەک لە یەکێک بدات، بۆ ئەوەی ئەو کەسە هانبدات دەستبداتە دەمانچەکەی و تەقە بکات. ئێرانییەکان رێک ئەوەیان بە عێراق کرد و سەددام حوسێنیش کە بە گەمژەیی ناسراوە، کەوتە ئەو تەڵەیەوە و رەفتارێکی کرد کە بووە هۆی خنکاندنی گەلەکەی خۆی بە گازی کیمیایی.

**کاوە ئەمین: بەڵام ناوەکان خۆ هەندێکیان دیارن، سەددام، عەدنان خەیروڵڵا، عەلی حەسەن مەجید و بارزان تکریتی و کێی دیکە؟**

**سەباح حەمدانی:** نا بارزان تکریتی پێموایە ئەوکاتە لە عێراق نەبوو، لە سویسرا بوو، بەڵام ئەو ناوانەی دیکە بەڵێ، ئەوانە فەرماندەکانی سوپا بوون. بڕبڕەی پشتی رژێمەکە بوون. بەرپرسیارێتی ئەمانە بەرپرسیارێتییەکی راستەوخۆیە و هیچ مشتومڕێک هەڵناگرێت. لە سەرۆکی کۆمارەوە بە پلەی یەکەم، ئەو سەت لەسەتی بەرپرسیارێتییەکەی لەئەستۆیە، ئەوانیدیکەش بڕێکی بەرپرسیارێتییان بەردەکەوێت، بەڵام ئیدی هەریەکە بە قەبارەی خۆی. عەلی حەسەن مەجید رۆڵێکی سەرەکی هەبووە، بۆچی؟ وادەڵێن. ئەم زانیارییەم

لـە خەزرەجـی وەرگرتـووە، دەڵـێ عەلـی حەسـەن مەجیـد زانیـاری دابـوو گوایـە سـوپای ئێـران پێشـڕەویی زۆریـان کـردووە و گەیشـتوونەتە شـوێنی ئەوتـۆ کـە پێشـتر پێینەگەیشـتوون، ئەمـەش بـۆ ئـەوەی سـەددام حوسـێن بجوڵێنـێ و دەسـتبەجێ بڕیـاری لێدانێکـی کتوپـڕی کیمیایی بـدات. واتە عەلی حەسـەن مەجیـد زانیاریـی درۆی گەیاندووەتـە وەزیـری بەرگـری و سـەددام حوسـێن، بۆئـەوەی سـەددام هانبـدات بـۆ بەکارهێنانـی چەکـی کۆکـوژ.

**کاوە ئەمیـن: کـەس هەبـووە لەنێـو سـوپای عێـراق دا ئامـادە نەبووبـێ ئەو بڕیـارە جێبەجـێ بـکات و کوژرابێ؟**

**سەباح حەمدانی:** زانیاریم نییە لەوبارەوە.

**کاوە ئەمیـن: لەنێـو دەزگای ئەمـن، لـەو شـوعبەیەی تـۆ کارت تێـدا دەکـرد باسـی ئـەوە دەکـرا کـە عێـراق چەکـی کیمیایـی لـە هەڵەبجـە بەکارهێنـاوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ، ئێمـە برووسـکەکانمان دەخوێندنـەوە، هەمـوو ئـەو برووسـکانەی دەگشـتێندران و لـە بەرەکانـی شـەڕەوە بۆمـان دەهاتـن، بـۆ نموونـە دەزگای ئیسـتیخبارات دەینـاردن، یـان بارەگاکانـی حیـزب دەیاننـاردن، ئەمانـە هەموویـان دەهاتنـەوە لای ئێمـە، ئێمـەش دەمانخوێندنـەوە و دەمانزانـی چـی روودەدات. ئـەو ئیدیعایـەی کـە گوایـە هاووڵاتییـان پێشـتر ئـاگادار کراونەتـەوە، ئـەوە پڕوپاگەندەیـەک بـوو لەنێـو خەڵـک بڵاوکرایـەوە بـۆ ئـەوەی ئـەو بۆردوومانـەی سـوپا وادەربکـەوێ کـە پاسـاوی هەبـووە. واتـە سـوپا گوناهبـار نییـە چونکـە پێشـتر خەڵکەکـەی ئـاگادار کـردووە کـە بـڕۆن، بـەڵام لـە راسـتیدا ئـەوە هـەر درۆیـەک بـوو، چونکـە زانیارییـەکان روون بـوون و ئێمـە دەمانخوێندنـەوە، بەڵـێ دەمانزانـی کـە ئێمـە کیمیاییمـان بەکارهێنـاوە، بـەڵام گوایـە ئێمە هۆشـداریمان پێـداون، کەواتە خۆیان بەرپرسـن لەوەی کـە قەومـاوە، چـۆن ئاگادارمـان کـردوون؟ نووسـراومان بـۆ فرێداونەتـە

خـوارەوە. کـوا ئـەو نووسـراوانە؟ کـەس نازانێـت. گەیشـتوونەتە کـێ ؟ و کـێ خوێندوویەتییـەوە؟ کـەس نازانـێ. کەواتـە ئـەوە هـەر درۆیـەک بـوو لەپێنـاو ئـەوەی کاتێـک ئێمەمانـان دەبیسـتین، واتـە دەزگا ئەمنییـەکان و ئەوانیدیکـە و عێراقییـەکان هەموویـان، کاتێـک دەبیسـتین چەکـی کیمیاییمـان بەکارهێنـاوە، بڵێیـن ئـەوە لـە وەڵامـی هێرشـێکی پێشـتری ئـەوان بـووە.

**کاوە ئەمیـن: لـەو برووسـکانەی کە ئێـوە دەتانخوێندنەوە، باسـی ئەوەی تێدابـوو کـە چەکی کیمیایـی لە دژی خەڵکـی مەدەنـی بەکارهاتووە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** دەگوتـرا چەکـی تایبـەت، بـەڵام باسـی خەڵکـی مەدەنـی نەدەکـرا. دەگوتـرا چەکـی تایبـەت بەکارهاتـووە بـۆ رزگارکردنـی هەڵەبجـە، بـۆ رزگارکردنـی فـڵان شـوێن، بـۆ رزگارکردنـی.. بـەڵام خەڵکـی مەدەنـی کـە کـوژراون و بەرکەوتـوون ئـەوە کـەس باسـی نەدەکـرد.

**کاوە ئەمیـن: دەنگۆیـەک هەبـوو کـە ئەو چەکە کیمیاییە پێشـتر لەسـەر مـرۆڤ، بەتایبەتـی لەسـەر گیراوانـی نێـو زیندانـەکان تاقیکراوەتـەوە، ئـەوە تاوەکـو چەنـد راسـتە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** رەنگـە شـتی بەوشـێوەیە کرابێـت، بـەڵام بەڕاسـتی مـن نەمبیسـتووە، رەنگـە هەبووبـێ، چونکـە تـۆ ئـەم چەکـە لەسـەر کەسـانێک تاقیدەکەیتـەوە کـە لەسـێدارە دەدرێـن، یـان دەکوژرێـن و یـان هـەر رەنگـە خەڵکـی حوکمـدراو بووبـن، شـتی وا مومکینـە، بـەڵام بەڕاسـتی مـن بەڵگەیەکـم نییـە.

**کاوە ئەمیـن: یەکێـک لـەو فڕۆکەوانانـەی کـە بەشـداریی کیمیابارانـی هەڵەبجـەی کـرد، نـاوی تـارق رەمـەزان بـوو، ناویـت بیسـتووە؟**

**سەباح حەمدانی:** نەخێر نایناسم.

**کاوە ئەمیـن: ئـەو کەسـە ماوەیـەک لـە کوردسـتان گیـرا و دواتـر ئـازاد کـرا، پێتوایـە هـۆی چـی بـوو کـە ئـازاد کـرا؟ مامەڵەیـەک لەئـارادا بـوو یـان گوشـارێک هەبـوو بۆئـەوەی ئـازاد بکرێـت؟**

**سـەباح حەمدانـی:** لەبـارەی ئـەوەش بەڕاسـتی، بەڵـێ شـتێکی لەوجـۆرەم بیسـتووە و تەنانـەت لـەوە زیاتریشـم بیسـتووە، بـەڵام راسـتییەکەی نازانـم، ئایـا راسـتە یـان نـا؟ نازانـم و زانیاریـم نییـە. خـۆ ئەمریکییەکانیـش یەکێـک لـە گرنگتریـن ئەندازیارەکانـی چەکـی کیمیاییـان ئـازاد کـرد کـە ناویـان لێنابـوو (م.ف)، ئازادیـان کـرد و لەنێـو گیراوەکانـی 2003 دا بـوو، زانیارییـان لێوەرگـرت و گوتـەی خـۆی دا و گوتەکەشـی لەنێـو دۆسـیەی دادگاییکردنی سـەرانی رژێمـدا هەیـە. ئەمریکییـەکان دواتـر ئازادیـان کـرد. ماوەیـەک لەمەوبـەر، پێموایـە دوو سـاڵ لەمەوبـەر، کەسـێک لە بەریتانیـا داوای مافی پەنابەریـی کـرد. میدیـای بەریتانـی بەنـاوی (ئێـس ئـەی ئێـس) ناسـاندیان، داوای مافـی پەنابەریـی کـرد، وەزارەتـی ناوخـۆ هەوڵیـدا نەهێڵـێ مافـی پەنابەریـی پێبدرێـت، بـەڵام وەزارەتـی کـۆچ داواکـەی قبـووڵ کـرد، گوتیـان هیـچ کێشـەیەکی نییـە تەنانـەت ئەگـەر لـە کارخانـەی کیمیاییـش کاری کردبێـت، لەسـەر ئـەوە لەناوخـۆی حکومەتـی بەریتانیـدا ناکۆکـی پەیدابـوو کـە نابـێ مافـی پەنابـەری وەرگرێـت، بـەڵام وەریگـرت. ئـێ باشـە ئەمـەش گیرابـوو، دواتـر ئازادکـرا و ئێسـتا لـە بەریتانیـا پەنابـەرە.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام تـارق رەمـەزان خـۆی دانـی پێدادەنـێ کـە بەشـداری کـردووە، بیسـتووتە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نـا نەمبیسـتووە، بـەڵام ئەگـەر فڕۆکـەوان بووبێـت، ئـەو لـە هەمـوو کـەس باشـتر ئـاگادارە، چونکـە ئەمـە جێبەجێـکار بـووە، بـەڵام ئایـا بەڕاسـتی گەیشـتە کوردسـتان و ئازادکـرا؟ ئەمـە زیاتـر دەسـەڵاتدارەکان خۆیـان دەزانـن. لەوانەیـە هەمـان ئـەم کەسـە ئەگـەر گەیشـتبایە هۆڵەنـداش هـەر هەمـان شـت دەبـوو، ئازادیـان دەکـرد و مافـی پەنابەرییـان پێـدەدا، ئەگـەر زانیـاری بـدات و بیسـەلمێنێ کـە ئەگـەر

ئـەو کارەی نەکردبایـە دەیانکوشـت. ئەگـەر بۆمبەکـەی نەتەقاندبـا خـۆی و خێزانەکەیـان دەکوشـت. تـۆ کاتێـک دێیـت قسـە بـۆ ئـەم ئەوروپاییانـە دەکـەی، ئەگـەر بڵێـی دەکـوژرام ئـەو کارەم نەکردبایـە، چـی دەڵێـن؟ دەڵێـن نـاوی خوامـان لـێ هێنـا و بـڕۆ پەنابـەری.. داواکـەی قبـووڵ دەکـەن.

**کاوە ئەمیـن: هیـچ زانیارییەکـی تایبەتـت لەسـەر کیمیابارانـی هەڵەبجـە هەیـە کـە تائێسـتا باسـت نەکردبـێ؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڕاسـتی ئـەوە پووختـەی هەمـوو زانیارییەکانـی مـن بـوون کـە پێمگوتـن، خـۆی باسـێکی بەرفراوانـە، بـەڵام بـواری باسـی بەرفراوانمـان نییـە و جگـە لـەوەش توانـای یادەوەریـم وەک جـاران نەمـاوە و ڕەنگـە هەنـدێ شـتم لەبیرکردبێـت. زانیاریـم زۆرە، بـەڵام لـە کەناڵەکـەی خۆشـمەوە زۆر ئـەم باسـانە دەکـەم، مـن لێـرەدا ئـەوەی دەمزانـی پووختمکـردەوە.

**کاوە ئەمیـن: ئـەی ئەگـەر لەسـەر ژمـارەی قوربانییـەکان قسـە بکەیـن، کـورد دەڵێـن پێنـج هـەزار کـەس بـوون، ئێـوە هیـچ زانیارییەکـی جیاوازتـان هەیـە؟ بـۆ نموونـە لـەو ڕاپـۆرت و برووسـکانەی کـە بـۆ ئێـوە دەهاتـن هیـچ مەزەندەیـەک هەبـوو سـەبارەت ژمـارەی قوربانییەکانـی هەڵەبجـە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** مـن وەک ئـەوەی لـە وەزیـری بەرگریـم بیسـتووە، مەبەسـتم عەدنـان خەیروڵڵایـە، گوتـی باشـە چەنـد کـەس کـوژراون؟ پێنـج، دە، بیسـت هـەزار؟ مانـای ئەوەبـوو ئـاگادار بـە، لـەڕووی دەروونییـەوە ئامـادە بـە، کـە گوتیان گەیشـتووەتە 20 هـەزار، دیارە ژمارەی پێگەیشـتووە کـە ڕەنگـە 20 هـەزار کـەس کوژرابـن، بۆیـە ئـەو یەکسـەر گەیشـتە 20 هـەزار و گوتـی 20 هـەزار؟ گرنـگ نییـە، ئـەو 20 هـەزارە وا حیسـاب بکـە هـەر نەبـوون، ئەوانـە خیانەتـکارن، دوو ملیۆنـی دیکـە کوردمـان هـەن کـە خەڵکـی بـاش و شـەریفن. تـۆ لەمـەوە دەتوانـی ڕاسـتییەکە بزانـی.

**کاوە ئەمیـن: ئەگـەر پرسـیارێکی دیکـە بکـەم، هەرچەنـدە ئەمـە پەیوەندی بـە هەڵەبجـەوە نییـە، بـەڵام وادەزانـم کـە تـۆ زانیـاری تایبەتـت لەسـەری هەیـە، ئەوانـە نـا کـە ئێمـە بیسـتوومانن. سـەبارەت تێکۆشـەر و رووناکبیرێکـی کـوردە کـە لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە بێسەروشـوێن کـرا، مەبەسـتم شـاکر فەتاحـە، چـی لەبارەیـەوە دەزانـی؟**

**سـەباح حەمدانـی:** سـەردەمێک ئـەو دۆسـیەیە هاتـە بەردەسـتمان. وەک گـوتـم یەکێـک لـە هەڵەکانـی دەزگای ئەمـن ئەوەبـوو هەمـوو شـتێک دەهاتـە بەردەسـتی هەموومـان. هەمـوو شـتێکمان دەبیسـت، بـەڵام لـە یادەوەریـدا هەڵمـان نەدەگـرت، رەنگـە هـەر ناوەکانمـان لەیـاد مابێـت. دواتـر کـە شـتێک دێتـە پێشـەوە و بەدوایدادەچیـن، ئینجـا بۆمـان روون دەبێتـەوە کـە چـی روویـداوە، یـان چـی بەسـەر ئـەو کەسـە هاتـووە. جـا ئەو کەسـەش...

**کاوە ئەمین: شاکر فەتاح..**

**سـەباح حەمدانـی:** شـاکر فەتـاح.. ئـەوە جێگـری سـەرۆکی ئەنجوومەنـی ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی بـوو. بیهێنـە پێـش چـاوت، ئەنجوومەنـی ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی، وەک بڵێـی جێگـری سـەرۆککۆمار. ئـەم کەسـە لـە سـاڵی 1988، ئامـادەی بۆنـەی 11ی ئـادار بوو، ئاهەنگێک بـوو بەبۆنەی 11ی ئـادار. لەکاتی ئاهەنگەکـەدا دەزانـی، هەمـووان سـەما دەکـەن و دڵیان خۆشـە و ئاهەنگ بـۆ بڕیـاری ئۆتۆنۆمـی دەگێـڕن، بـەڵام ئـەو هـات و چـووە سـەر سـتەیج و تەنیـا چـوار رسـتەی گـوت، بـەڵام چـوار رسـتەی زۆر جـوان. دوای ئـەوەی ئەو چـوار رسـتەیەی خوێنـدەوە، هـەر لەو چـوار رسـتەیەوە دەتتوانـی درک بەوە بکـەی کـە شـتێکمان نییـە بەنـاوی ئۆتۆنۆمـی، بەڵکـو رێـک وەکـو ئـەوەی مـن نـاوم لێنـاوە...

**کاوە ئەمین: ئەو چوار رستەیە چی بوون؟**

**سـەباح حەمدانـی:** چـوار رسـتەی زۆر ژیرانـەن، ئێسـتا کـە دەیخوێنینـەوە

و لێـی ورد دەبینـەوە، دەزانیـن کـە شـتێک بەنـاوی حوکمـی ئۆتۆنۆمـی (خۆسـەری) نەبـووە، بەڵکـو حوکمـی بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنمـان هەبـووە. تەماشـای ئـەم خاڵـە جوانانـە بکـەن کـە لێیـەوە زۆر بەجوانـی لـە راسـتی حوکمـی زاتـی تێدەگەیـن.

لەسـەر مینبـەرەوە و لەبەرچـاوی هەمـوو بەعسـییەکان، لـە یەکـەم خـاڵ داوای گفتوگـۆ و دانوسـتاندنی کـرد، لەگـەڵ شۆڕشـگێڕان، ئـەو بـە شۆڕشـگێڕ نـاوی بـردن. هەروەهـا کۆتاییهێنـان بـە شـەڕ و ململانـێ، ئەمـە یەکێـک لـەو شـتانەی کـە داوای کـرد بـۆ ئـەوەی ئۆتۆنۆمـی جێگیرببـێ، ئەمە قسـەی سـاڵی 1988ـە. ئەمـە خاڵـی یەکـەم بـوو کـە ماناکـەی ئەوەیـە بـە تێگەیشـتنێکی سـەددامیانە و ئەمنیانـە، شـتێک نییـە بەنـاوی حوکمـی زاتی.

خاڵـی دووەم: هەڵگرتنـی گەمـارۆی سـەربازی و ئابـووری لەسـەر شـار و گوندەکانـی کوردسـتان. واتـە گەمـارۆی ئابـووری و سـەربازی لەسـەر شـارەکانی کوردسـتان هەیـە، کەواتـە کـوا ئۆتۆنۆمـی.

سـێیەم: کاراکردنـی بڕیـاری کردنـی زمانـی کـوردی بـە زمانـی فەرمـی بەگوێـرەی رێککەوتننامـەی 11ی ئـاداری 1970. کـوا ئـەم بڕیـارە و کـوا جێبەجێکردنەکـەی، ئەمـە مانـای وایـە ئەم بڕیـارە بـە مردوویـی لەدایکبووە.

چـوارەم: جێبەجێکردنـی سـەرجەم بەندەکانـی رێککەوتننامـەی ئـادار بـە هەمـوو بڕگەکانییـەوە. ئەمـە مانـەی وایـە بەندەکانـی ئـەو رێککەوتنـە جێبەجێنەکـراون جگـە لـە خاڵـی تایبـەت بـە دەسـەڵاتی ناوەنـدی لەسـەر ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی، یان لەسـەر ئەو ئەنجوومەنـە و لەسـەر بەڕێوەبەرایەتی ئەمنـی حوکمـی زاتـی.

کەواتـە هیـچ ئۆتۆنۆمییەکـی راسـتەقینە نییـە. ئەم پیـاوە هـات و زۆر ژیرانە و مەردانـە و بوێرانـە ئەمـەی گـوت و هەمـوو خەڵکەکـەی سەرسـام کـرد و هەموویانـی ترسـاند، ئینجـا هۆڵەکـەی بەجێهێشـت و گەڕایەوە مـاڵ. دوای چەنـد رۆژێـک، نزیکـەی هەفتەیـەک، چـوون لـە سـلێمانی گرتیـان و بردیـان بـۆ ئەمنـی هەولێـر بـۆ لێکۆڵینـەوە. مـاوەی سـێ مانـگ لـە ئەمنـی هەولێـر لەژێـر ئەشـکەنجەدا مایـەوە لەکاتێکـدا تەمەنـی 75 سـاڵ بـوو. پیاوێکـی

مـەزن، ئەدیـب و رۆشـنبیرێکی ناسـراوبوو. لـەدوای سـێ مانـگ تەرمەکەیان لەگـەڵ تەرمـی چەنـد کەسـێکی دیکـەدا دایـە دادپزیشـکی . لـە نووسـراوی فەرمیـدا نووسـیبوویان ئەمانـە تەرمـی موخەڕیبەکانـن، فـڵان و فـڵان و فـڵان و لەنێویشـیاندا ئـەم مرۆڤـە سـتەم لێکـراوە.

**کاوە ئەمین: تۆ خۆت ئەو نووسراوەت بینی؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نەخێر نەمبینیـوە، بەڵام ئەگەر بـۆی بگەڕێی دەیبینییەوە. بیسـتم کـە یەکێـک لـە بەڕێوەبەرەکانـی ئەمـن لـە دوای سـاڵی 2003 پەیوەنـدی بـە حکومەتـی هەرێمی کوردسـتانەوە کـردووە و ژمارەیەکی زۆر لـەو بەڵگەنامانـەی پێـداون کـە ئـەو لای خـۆی پاراسـتبوونی و دوای ئـەوە رێگەیـان دابـوو لـە عێـراق بـڕوات. بۆیـە رەنگـە ئـەم بەڵگەنامەیـەش لەنێـو ئەوانـەدا بووبـێ و بتوانـی بیدۆزیـەوە.

# ئەنفال

**کاوە ئەمیـن: بێینـە سـەر باسـی ئەنفـاڵ کـە پرۆسـەیەکی بەرفراوانـی نامرۆڤانـە و دڕندانـە بـوو بەرامبـەر گەلـی کـورد، چـۆن پـلان بـۆ ئـەم پرۆسـەیە دانـرا کـە بـە هەشـت قۆنـاخ جێبەجێکـرا؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئەنفـاڵ بێگومـان چەنـد قۆناخێکـی هەبـوو، بـەڵام مـن ئێسـتا باسـی ئـەو قۆناخەتـان بـۆ دەکـەم کـە لـە مانگـی شـوبات دەسـتیپێکرد، پێموایـە 19ی شـوبات بـوو..

**کاوە ئەمین: 1988..**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ 1988، ئەوکاتـەی دەسـتیپێکرد، مـن خـۆم لـە بـارەگای لیژنـەی کاروبـاری باکـوور بـووم. سـەرۆکی ئـەو لیژنەیـە عەبدولڕەحمـان شـەکەرچی بـوو، یەکێـک بـوو لـە بەڕێوەبەرانـی ئەمـن و کرابـووە سـەرۆکی لیژنـەی کاروبـاری باکـوور. عەبدولڕەحمـان شـەکەرچی، پلەکـەی لیـوا بـوو لـە ئەمـن و پێشـتر بـۆ ماوەیـەک بەڕێوەبـەری ئەمنـی ناوچـەی ئۆتۆنۆمـی بـوو، کەسـێکی گونجـاوی شـوێنێکی گونجـاو بـوو. ڕێنمایـی لـە عەلـی حەسـەن مەجیـدەوە هاتبـوو، یەکەمیـن ئـەو ڕێنماییانە سـەبارەت دەسـتپێکردنی پرۆسـەی ئەنفـاڵ بـوو کـە فەرمـان دەدات هەرچـی خێزانـی نیشـتەجێی ناوچـەی پشـتێنەی ئەمنیـن، بیانگـرن و بیانهێنـن. خـۆت دەزانـی پشـتێنەیەکی ئەمنی هەبـوو کـە ڕووبەرەکەی 30 کیلۆمەتـر بـوو، بـەڵام سـوپا چـۆن لـەم 30 کیلۆمەتـرە تێـدەگات، لەوانەیە 70 کیلۆمەتـر بداتەبـەر. هەرکەسـێک لـەم پشـتێنەیەدا نیشـتەجێ بووبـێ، هـەر لـە سـنووری ئێرانـەوە تاوەکـو سـنووری تورکیـا. ئـەم پشـتێنەیە لەکاتـی پرۆسـەکانی ئەنفـاڵ هەرکەسـێکی تێدابـێ، دەسـتگیر دەکـرێ و دەهێنـرێ بـۆ ئـەو سـەربازگانەی ئامادەکـراون. لەمـەش مەبەسـتیان دوو سـەربازگە بـوو لـە دووبـز و سـەربازگەیەک لـە تۆپـزاوە و سـەربازگەی

چوارەمیش سەربازگەی خالید بوو لە کەرکووک. ئەوە منیش یەکێکم لە ئامادەبووان و پەیوەندیم بە سەربازگەی دووبزەوە کردبوو، دەچوومە سەبازگەی خالیدیش. من بەرپرس بووم لە ڕێکخستنی پرۆسەی... با لێرەدا شتێک بەبیربێنمەوە. هەندێک کەس کۆمێنت بۆ من دەنووسن دەڵێن ئەمە چییە؟! سەباح حەمدانی لە هەموو شوێنێک بووە. لە نەجەف ئاگای لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان بووە، لە کەرکووک ئاگای لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان بووە. بەڵێ، باوەڕبکەن، ئەمە ڕاستییە و خۆشبەختانە من لە هەموو ئەم ڕووداوانە نزیک بووم و ئاگاداریانم و دەتوانم بۆ خەڵکیان بگێڕمەوە، چونکە تائێستا هەموو خەریکن خۆیان دەدزنەوە لەوەی ئەم شتانە بۆ خەڵک بگێڕنەوە، بۆ ئەوەی خەڵک بزانن کێ حوکمی ئێمەی کردووە. بۆیە من ئێستا بە خۆشحاڵییەوە باسی دەکەم. من بەرپرس بووم لە پرۆسەی ڕێکخستنی کاروباری ڕاگیراوەکان، ئەمانەش بە هەزاران کەس بوون. ژمارەیەکی زۆر مفەوەز، ئەفسەر و تەنانەت هەندێ لەوانەی هەواڵگریشمان لەگەڵ بوون. کاری ئەمانە چی بوو؟ هەر خێزانێکیان بە گیراوی دەهێنا، هەر خێزانێک لەکاتی هێرشی سوپا دەستگیرکرابا، سوپا هێرش دەبات و لەکاتی هێرشەکە هەزاران کەس دەستگیر دەکرێن و دەیانهێنن. بێگومان سوپا نەیدەزانی چی بەسەر ئەم خێزانانە دێت، تەنانەت منیش نەمدەزانی. چونکە ئێمە کاتێک پەیوەندیمان بەم ئەرکە نوێیەوە کرد، گوتیان ئەو خێزانانەی دێنە ئێرە زانیارییەکانیان تۆمار بکەن. ناویان بنووسن و دۆسیە بۆ هەر خێزانێک دروست بکەن و تەمەنەکانیان تۆمار بکەن و ناسنامەکانیان وەرگرن. ئیدی دەستیانکرد بە هێنانی خەڵک. سوپا خەڵکی دەگرت، پۆلیس خەڵکی دەگرت، ئەمن خەڵکی دەگرت. هەمووشیان دەکرانە زیلەوە و ڕەوانەی لای ئێمە دەکران. ئێمەش وەرماندەگرتن و لە هۆڵەکانمان دەکردن، کۆمەڵێک هۆڵ هەبوون لە سەربازگەی خالید. ئەم هۆڵانە تەنیا بە شەو دادەخران. خواردنیان بۆ دەهات و ژمارەیەک چێشتلێنەریان هێنابوون

بـۆ ئامادەکردنـی خـواردن و ئێمـەش دابەشـمان دەکـرد. خواردنەکـە هـەر بەشـی ئـەوە بـوو کـە نەمـرن...

**کاوە ئەمین: خواردنەکەیان چی بوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** هـەر خواردنـی سـوپا بـوو، تەنیـا قسـعە.. ڕێگـەی هەمـوو شتێکیشـیان پێدرابـوو، بـەڵام لـە چوارچێـوەی سـەربازگەکە کـە سـوپا دەورەی دابـوو، بـەڵام ناوخـۆی سـەربازگەکە لەدەسـتی ئەمـن بـوو، واتـە هەمـوو کاروبارەکانـی ناوخـۆ و سـەرژمێری و ئـەو شـتانە لـە دەسـتی ئێمـە بـوون.

**کاوە ئەمین: بەدیاریکراوی کاری تۆ لەوێ چی بوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** کاری مـن ئەمـە بـوو، بـە پلـەی یەکـەم سـەرژمێری. ڕۆژانـە ئامارەکـەم دەدایـە سـوپا بـۆ ئـەوەی پێداویسـتییەکانیان لـە بەتانـی، خـۆراک و شـتی دیکـە دابیـن بکـەن. واتـە چەنـدە ژمارەکـە زیادبووایـە، بـۆ نموونـە دەمگـوت ئەمـڕۆ ژمارەکـە ٩ هـەزار و ئەوەندەیـە، ئیـدی ئـەوان بـۆ ڕۆژی دواتـر بەگوێـرەی ئـەوە پێداویسـتییان بـۆ ئەوەنـدە کەسـە دەهێنـا و بەوشـێوەیە. ئەرکـی مـن ئەمـە و ڕێکخسـتنی فایلەکانیـان بـوو. ئێمە ئێسـتا باسـی مانگـی ئـاداری ١٩٨٨ دەکەیـن. پرۆسـەکە لـە شـوبات دەسـتیپێکرد و لـە کۆتایـی مانگـی شـوباتەوە ئیـدی خێزانـە گیـراوەکان دەسـتیانکرد بـە گەیشـتن. ئێسـتا باسـی مانگـی ئـادار دەکـەم. ڕۆژێکیـان بیسـتمان کـە عەشـیرەتی شـەممەر لـە ئاڵتـوون کۆپـری (پـردێ) بـەر پەلامـار کەوتـوون. دەگەڕێمـەوە بـۆ ئـەم ڕووداوە. ئێمـە بیسـتمان کـە ئەوانـەی کارەکەیـان کـردووە چەکـداری یەکێتـی بوونـە. لـە هەنـدێ ناوچـەی دوورەوە دزەیـان کـردووە، هەمـوو خەڵکەکەیـان کوشـتوون و ڕۆیشـتوون. پیاوەکانـی ئـەم هـۆزە لـە بـارەگای پارێـزگا لـە کۆبوونـەوەدا بـوون، چـۆن بەمەیـان زانیـوە؟ نازانیـن. ئـەم گونـدە پیـاوی تێـدا نەبـووە بەرگـری بـکات. هاتبوونـە نـاو گوندەکە و هەموویان کوشـتبوون، تەنانەت منداڵەکانیشـیان کوشـتبوون.

**کاوە ئەمین: چەند کەس کوژرابوون؟**

**سـەباح حەمدانـی:** مـن فیلمەکـەم بینـی. کارمەندانی تەکنیکی ئێمـە وێنەی ڤیدیۆییـان گرتبـوو، چونکـە ئـەوە ناوچـەی ئێمـە بوو، بـەری ئەمـلای ئاڵتوون کۆپری(پـردێ) بـوو کـە ناوچـەی ئێمــە بــوو، بۆیـە وێنەگرەکانـی ئێمـە چووبـوون وێنەیـان گرتبـوو.

**کاوە ئەمین: فیلمەکە چی تێدابوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** رەنگـە نزیکـەی 150- 200 کەسـێک بووبـن، ژن و منـداڵ و دیمەنێکـی ناخهەژێـن بـوو. ئێمـە ئەوکاتـە لەنێـو خۆمانـدا دەمانگـوت باشـە بـۆ نەیدەینـە تەلەڤزیـۆن؟ بـا خەڵـک بزانـن چەکـدار هـەن و خەڵکـی تێکـدەر هـەن و ئاشـکرای بکەیـن، گوتیـان نـا. ئێمـە ئارامیـن، عەیبـی خۆمان ئاشـکرا ناکەیـن، رەتیانکـردەوە و پەخشـیان نەکـرد. بەهەرحاڵ ئـەوە روویدا و دوو رۆژ دواتـر لـە کفـری شـتێکی دیکـە روویـدا، رووداوێکـی هاوشـێوە. هێـرش کراوەتـە سـەر خەڵکـی سـیڤیل لـە عەرەبـی هـاوردە...

**کاوە ئەمین: عەرەبی تەعریب بوون؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ لـەو هاوردانـە بـوون کـە بـۆ تەعریبـی ناوچـەی کفـری هێنابوویانــن و لــەوێ نیشــتەجێیان کردبــوون. هــەر رێــک وەکــو ئەوانـەی ئاڵتـوون کۆپـری. سـێ چـوار رۆژ دوای ئـەم رووداوە فەرمانێکمـان بـۆ هـات و منیـش بەرپرسـی ئـەم شـوێنانەم، دووبـز و سـەربازگەی خالیـد. فەرمانەکـە دەڵـێ هەمـوو گیراوەکانمـان لـە تەمەنـی 15 سـاڵ تاوەکـو 45 سـاڵ بـۆ جیابکەنـەوە.

**کاوە ئەمین: ژن و پیاو؟**

**سـەباح حەمدانــی:** تەنیـا پیـاو.. لـە 15 تاوەکـو 45 سـاڵ جیابکەنـەوە. دەسـتبەجێ دڵـم خورپـەی کـرد، گوتـم تـەواو ئەمانـە دەبـەن بـۆ کوشـتن، مـن دەمزانـی...

**کاوە ئەمین: چەند کەستان جیاکردەوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ژمارەکـەم لەیـاد نییـە، بـەڵام فەرمانەکـەم لەبیـرە. گوتمـان ئەمانـە بـۆ کوشـتن جیادەکەنـەوە، فەیلییەکانمـان دەهاتنـەوە یاد کـە چـۆن فۆکەسـەکە لەسـەر تەمەنیـان بـوو، بۆیـە گوتمـان ئەمانـەش کۆتاییەکــی ئازاربەخــش چاوەڕێیــان دەکات. ســوێند بــە خــوای گــەورە دەخـۆم و پشـت بەخـوا لەبـەردەم هەمـوو لایەکدا راسـتگۆ دەبـم، تەنانەت ئەوانـەی خۆمانـم هانـدا دەسـتکاری تەمەنەکانیـان بکـەن. کاتێـک یەکێکیان دەهێنـا تەمەنـی 17 سـاڵ بـوو کـە هێشـتا منداڵـە، دەمنووسـی 14، بـۆ ئـەوەی نەکەوێتـە بـەر ئـەو چارەنووسـە نادیـارە و گوللەبـاران نەکرێـت. مـن لەوکاتـەدا ئـاوا بیـرم دەکـردەوە. لیسـتەکەمان بەوجـۆرە ئامـادە کـرد تاوەکـو ئـەو رۆژەی فەرمانێکـی دیکەمـان بۆ هـات کە هەمـوو راگیراوەکان دابەشـی سـەر بەڕێوەبەرایەتییەکانـی ئەمـن بکەیـن. واتە ئەمنـی پارێزگاکان، بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی هەمـوو پارێـزگاکان لە مووسـڵەوە تاوەکـو دەگاتە بەسـرە.

**کاوە ئەمین: کەواتە دەبێ ژمارەیان زۆر بووبێ..**

**سـەباح حەمدانـی:** ژمارەکـە وەک لەبیـرم بێـت زیاتـر لـە 15 هـەزار کـەس بـوون تەنیـا لـە دوو سـەربازگە، بـەڵام دواتـر ژمارەیـان بـووە چەنـد؟ نازانـم، چونکــە رۆژانــە خەڵکیــان دەهێنــا. بەبیــرم هاتــەوە لەکاتــی ئەرکەکــەی خۆمـدا کـە نـاوەکان و زانیارییەکانـم تۆمـار دەکـرد، بینیـم خێزانـی عـەرەب و تورکمانیشـی تێدایـە، ئەوانەمـان تۆمـار دەکـرد و دەسـتبەجێ فەرمانمـان بـۆ دەهـات ئازادیـان بکەیـن. دوو سـێ رۆژ دەمانـەوە تاوەکـو ئەوکاتـەی فەرمانمـان لـە بـارەگاوە بـۆ دەهـات، واتە لـە لیژنـەی کاروباری باکـوورەوە. لــە عەبدولڕەحمــان شــەکەرچییەوە. ئەوانەمــان ئــازاد دەکــرد و تەنیــا کوردەکانمـان دەهێشـتنەوە.

## بەشی هەشتەم

# چۆنیەتی بە کۆمەڵ کوشتنی گیراوانی پرۆسەی ئەنفال

بۆ بینینی بەشی هەشتەمی هەڤپەیڤینەکە ئەم کیوئاڕ کۆدە سکان بکە

**کاوە ئەمین: کاک سەباح بەخێربێیتەوە بۆ بەرنامەی پەنجەمۆر..**
**سەباح حەمدانی:** بەخێربێن و سڵاوی خواتان لێبێ.

**کاوە ئەمین: باسی ئەوەت کرد کە لە سەروبەندی پرۆسەی ئەنفال دا لەلایەن پێشمەرگەی یەکێتییەوە هێرش کرابووە سەر دوو گوند لە ناوچەی دووبز و کفری، بەڵام هیچ بەڵگەیەک هەبوو کە یەکێتی کاری وەهای کردبێ؟ گومانتان نەبوو کە عێراق بۆ ئەوەی ڕەوایی بداتە ئەنفال و خەڵکی عەرەب تووڕە بکات ئەو کارەی کردبێت؟**
**سەباح حەمدانی:** بەڕاستی لەو زانیارییانەی لە برووسکەکاندا هاتبوون، وا باسکرابوو کە ئەو چەکدارانەی کارەکەیان کردووە سەر بە یەکێتی بوونە، بەڵام خۆ دەشکرێ چەکداری دیکە بووبن، چەکداری سەر بە لایەنی دیکە، خوا دەزانێت. لای ئێمە، تۆمەتبارەکە یەکێتی بوو، بەڵام ئەگەری ئەوەی کە ئەو چەکدارانە لە شوێنێکی دیکەوە هاندرابن بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانە، چونکە زانیویانە پیاوەکانی ئەو هۆزە لەوێ نین و، چوون بۆ پارێزگا و گوندەکە هیچ پیاوێکی تێدا نەماوە، کەواتە ئەو ئەگەرەش هەیە، بەڵام بەڕاستی ناتوانم بڵێم کام ئەگەرەیان بەهێزترە.

**کاوە ئەمین: باسی ئەوەت کرد کە لە دوای ئەو هێرشە ژمارەیەک لە پیاوەکانی ئەو خێزانانەی بەر ئەنفال کەوتبوون جیاکرانەوە، تۆ دەڵێی نازانم ئەوانە چییان بەسەرهات، ئەگەری ئەوە هەیە کە کوژرابن پێش ئەوەی ئەوانیدیکە بەکۆمەڵ بکوژرێن؟**
**سەباح حەمدانی:** پرۆسەی جیاکردنەوەکە، پێش ئەوەی ئەم پێشهاتانەی ئاڵتوون کۆپری (پردێ) و کفری رووبدەن...

**کاوە ئەمین: کەواتە پێش ئەوە کراوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** جیاکردنـەوەی پیـاوەکان کـە بـۆ تەمەنێکـی دیاریکـراو بـوو، مـن وەک خـۆم هەوڵمـدەدا دەسـتکاری تەمەنـەکان بکـەم. ئـەوەی دەیگـوت ٤٠ سـاڵم دەمنووسـی 47، بۆئـەوەی بەرنەکەوێـت. ئـەوەی 17 یـان 18 سـاڵ بـوو، بۆمـان دەنووسـی 14 سـاڵ بـۆ ئـەوەی بـەر ئـەو جیاکردنەوەیـە نەکەوێت. مـن وەک ئەفسـەرێکی ئەمـن کـە لـە نزیکـەوە ئـاگاداری رووداوەکان بـووم، پێشـبینیم کـرد کـە ئـەم جیاکردنەوەیـە بـۆ گوللەبارانکردنیانـە بەهەمـان شـێوەی فەیلییـە راگوێـزراوەکان. تائێسـتا ئەمـە کارێکـی سـنووردارە و ئەنجامەکەشـی دیـارە، مـن مەزەنـدەم کـرد کـە دەیانـەوێ بیانکـوژن، بـەڵام کـە پێشـهاتەکانی ئاڵتـوون کۆپـری و کفـری روویانـدا، ئینجـا فەرمانەکـە گـۆڕا. مـن هـەر دوو سـێ رۆژ جارێـک سـەرم لـە بـارەگای لیژنـە دەدا، بارەگاکـە بـە تەنیشـت بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـەوە بـوو. مـن کارمەنـدی ئەمـن بـووم و ئـەوێ بـارەگای منـە، لیژنـەی کاروبـاری باکووریـش لـەلای چەپمانـە، هـەر 50 ـ 100 مەترێـک لـە ئێمـەوە دوور بوو، بۆیـە زوو زوو سـەردانم دەکـردن. عەبدولڕەحمان شـەکەرچی کە سـەرۆکی لیژنـە بـوو، کۆمەڵێک ئەفسـەر کاریـان لەگەڵ دەکـرد، لەوانە عەقید سـالم مەرعـی. رۆژێـک گوتیـان کارەسـاتێکی گـەورە بەڕێوەیـە، گوتـم چـی بـووە؟ گوتیـان "کلهـم حسـب السـیاق"، ئـێ کارمەندانـی ئەمـن هەموویـان لـەو قسـەیە تێدەگـەن، "حسـب السـیاق" واتـە کوشـتنی بەکۆمـەڵ. بڕیارێکـی سـەیر و ترسـناک بـوو، تـۆ لـە دۆخێکـی بەوشـێوەیەدا دەتوانـی چ بکـەی؟ مـن لەنـاو ئـەو سـەربازگانە منداڵـم بینیـوە تـازە و هـەر لـەوێ لەدایکبـووە. یەکێـک لـەو ژنانـە ژان گرتبـووی و لەسـەر وادە و کاتـی منداڵبـوون بـوو، بـە ئۆتۆمبێـل بردوومانـە بـۆ نەخۆشـخانە، لـەوێ قبووڵیـان نەدەکـرد وەریگـرن چونکـە هیچ ناسـنامەیەکی پێنەبوو، ناسـنامە و بەڵگەنامەکانیـان هەمووی لای ئێمـە بـوون و لێیـان وەرگیرابـوو. مـن بەسـیفەتی ئەفسـەری ئەمـن و بەرپرسـی سـەربازگەکە بردمـە ژوورەوە و رێکارەکانیـم بـۆ تـەواو کـرد. لـەوێ منداڵەکـەی بـوو، کـوڕی بـوو. ئـێ مـن ئـەم منداڵانـەم بینیـوە. کـە ئـەو هەواڵەشـم بیسـت، بیـرم لـەو منداڵانـە دەکـردەوە و بیـرم لـە خـۆم

دەکـردەوە کـە چـۆن لەگـەڵ ئـەم سـەربازگەیە گـیرۆدە بـووم. دەمویسـت بگرییێـم، لـە ناخـی خۆمـدا دەکـوڵام. ئـەم منداڵانـە دەکوژرێـن؟ ئـەی ئەگـەر منداڵـی مـن، یـان نـەوەی مـن بکەوێتـە رەوشـێکی وەهـاوە؟ کارەسـات بـوو، کارەسـاتێک بـوو مـرۆڤ بەرگـەی نەدەگـرت. ئـەو رۆژگارە هەسـتی مـن ئـاوا بـوو. لەنـاکاو شـتێکی گرنـگ منـی رزگار کـرد لـە بینینـی ئـەو دیمەنانـە لەکاتێکـدا ناتوانـی هیـچ بکـەی. بەڕێوەبـەری ئەمـن منـی خسـتە خولێکـەوە کـە تێیـدا پلـەی یەکەمـم هێنـا و خەڵاتیشـم وەرگـرت. رەنگـە بتوانـن وێنەکـەی مـن لەگـەڵ بەڕێوەبـەری ئەمنـی عـام پیشـانبدەن کـە مانگـی حـەوت گیـراوە. خولەکـە ئـەو رۆژە کۆتایـی هـات و مـن لـە یەکـی نیسـان چوومـە خولەکـەوە. رۆیشـتم و ئەرکەکـەی خـۆم بەجێهێشـت، بـەڵام کـەی؟ ئەوکاتـەی کـە ئۆتۆمبێلەکانـی سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتییەکانـی ئەمـن دەسـتیانکرد بە گواسـتنەوەی گیـراوەکان. گواسـتنەوەیان بـۆ کوێ؟ بـۆ گـۆڕی بەکۆمـەڵ. ئۆتۆمبێلـەکان داخراوبـوون و تەنانـەت هەواشـیان بۆ نەدەچـوو. ئـەم منداڵانـە و خێزانەکانیـان نەیاندەزانـی بـۆ کوێیـان دەبـەن.. تـەواو رۆیشـتن.

**کاوە ئەمین: ئۆتۆمبێلەکان زۆر بوون؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ، هـەر یەکێکیـان نزیکەی 40 کەسـیان لـێ باردەکرا. بـە پاڵەپەسـتۆ دەتوانی 40 کـەس باربکەی.

**کاوە ئەمین: ژن و منداڵ و پیاو پێکەوە سوار دەکران؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ پێکـەوە، خێـزان خێـزان، بـەڵام زۆربـەی خێزانەکان بـێ پیـاو بـوون. زۆرینەیـان پیاویـان لەگـەڵ نەبـوو. منـداڵ و مێرمنداڵـی 16 سـاڵ و 17 سـاڵ بـوون. بەوشـێوەیە ئیـدی رۆیشـتن بـەرەو قـەدەری خۆیـان. مـن کە سـەردانی لیژنـەی کاروباری باکـوورم کرد، گوتیـان فەرمان لـە عەلـی حەسـەن مەجیـدەوە هاتـووە کـە دابەشـی سـەر پارێزگاکانیـان بکـەن و هەمووشـیان بکـوژن. ئـەم کابرایـە تۆمـاری دەنگیـی هەیـە کـە

لە دادگای سەرانی رژێمدا لێدرایەوە. عەلی حەسەن مەجید بە دەنگی خۆی دەڵێ: سەرۆکی فەرماندە فەرمانی بە من داوە ریعایەتی ئەمانە بکەم کە خۆیان بەدەستەوە داوە، (خۆیان بەدەستەوە داوە) دەبینی؟ دەڵێ خۆیان بەدەستەوە داوە. چییان لێبکەم؟ ریعایەتیان بکەم بیانخەمە ژێر خاک. رێک ئاوا دەڵێ: "بیانخەمە ژێر خاک". بوکلەینەکان بنێرم، بوکلەین واتە حەفارە، شۆفڵ بنێرم (مین هێن)، بە تکریتی واتە لێرەوە، لێرەوە بۆ ئەوێ، واتە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەمن بۆ ئەوەی بیانکەنە ژێر خۆڵەوە. ئەمەیە ریعایەت. گوێ لە دەنگەکەی بگرنەوە، منیش دەتوانم بۆتان بنێرم، با خەڵک گوێی لێبگرن. ئەمە عەلی حەسەن مەجیدە فەرمان دەدات هەزاران خێزان ئەنفال بکرێن. هەزاران خێزان بە منداڵەکانیانەوە. ئەوە عەلی حەسەن مەجید و ئەوەش پرۆسەی ئەنفال.

من لەوکاتەدا چوومەوە بۆ ئەمنی عام. خودا رەحمی کرد دابڕام و لەوە زیاتر ئەو دیمەنانەم نەبینی، رۆژانە بچم دەوام بکەم و ئەو منداڵانە ببینم کە رۆژانە وەجبەیان لێ دەڕوات لەکاتێکدا دەزانم بۆ کوێیان دەبەن. رۆژێک لەو رۆژانەی لە خولەکە بووم، ئاخر خولەکە سێ مانگ درێژەی کێشا، لە مانگی چوار تاوەکو مانگی حەوت، سەرەتای مانگی حەوت کۆتایی هات. هەمیشە دەچووم ئۆتۆمبێلەکەم فوول بەنزین دەکرد کە ئۆتۆمبێلی حکومی بوو، ئۆتۆمبێلێکی ڤۆڵڤۆ بوو. چەند رۆژ جارێک دەچوومە بەڕێوەبەرایەتی ئالیات کە هەر سەر بە ئەمنی عام بوو، لەوێ بەنزینم تێدەکرد. رۆژێک یەکێک لەو ئۆتۆمبێلانەم بینییەوە کە گیراوەکانیان پێدەگواستنەوە، بینیم شوێنی هەزار فیشەکی پێوەیە. کون کون ببوو. منیش کارمەندی ئەمنم و بەسرووشتی خۆم دەمەوێ هەموو شتێک بزانم، چوومە ژوورەوە بۆ لای کارمەندەکانی چاککردنەوە بزانم چیرۆکی ئەم ئۆتۆمبێلە چییە، گوتیان ئەمە گیراوی گواستووەتەوە و کەوتووەتە ناو شەڕەتەقەوە. شەڕەتەقەی کێ؟ ئەگەر گیراوی تێدا بووە و بەڕێگەوە بووە، دیارە

پاسەوانیشــی هەبــووە، ئۆتۆمبێلێـک لەپێشــی و ئۆتۆمبێلێـک لــە دوای!! دواتـر بیسـتمەوە، بێگومـان دوای ئـەوەی لـە مانگـی حـەوت گەڕامـەوە بـۆ ئەمنـی کەرکـووک، بیسـتم کـە یەکێـک لـە وەجبـەکان هەوڵـی راکردنیـان داوە. لەوکاتـەدا کـە ئۆتۆمبێلـەکان لــە نزیکــی چاڵــە هەڵکەنــدراوەکان رادەوەسـتن، خەڵکەکـە هەسـتیان کـردووە، هـەر کـە دەرگا کراوەتـەوە هێرشـیان بـردووە و خۆیـان لـە ئۆتۆمبێلەکـە هەڵـداوە. هەرکـە خۆیـان هەڵـداوە بـە هەمـوو لایەکـدا رایانکـردووە، خـوا دەزانێ شـوێنەکەش چۆن بـووە، بیابـان بـووە، چـۆڵ و دەشـتایی بـووە، دەسـتبەجێ دراونەتـە بـەر دەسـتڕێژ و هەموویـان کـوژراون، هەندێکیشـیان دەرنەچـوون و هـەر لەناو ئۆتۆمبێلەکـەدا ماونەتـەوە، بۆیـە ئۆتۆمبێلەکـەش دراوەتـە بـەر دەسـتڕێژ، لەبەرئـەوە ئۆتۆمبێلـە وەکـو مـن بینیـم، سـەدان و رەنگـە هەزاران شـوێنی فیشـەکی پێـوە بـوو. مـن هەرکـە ئۆتۆمبێلەکەم بینـی بەو هەموو شـوێنی فیشـەکەوە زانیـم کـە پەیوەنـدی بـە ئەنفالـەوە هەیـە. مانگـی تەممـووز گەڕامـەوە سـەر ئەرکەکـەم، ئەفسـەرێکی دیکەیـان وەک جێگـرەوەی مـن لـە سـەربازگەکان دانابـوو. ئاسـاییە مـرۆڤ فزوڵـی بێـت و بیـەوێ بزانـێ چی دەگوزەرێـت. گوتیـان راوەسـتاوە، واتـە پرۆسـەی ئەنفـال کۆتایـی هاتـووە، کوشـتن و بڕیـن نەمـاوە و بەیەکجـاری راوەسـتاوە. بەشـێک لـە پیاوەکانیـان بردبــوو بــۆ نوگــرە ســەلمان. بەشــێک لــەو گیراوانــەی کــە پیــاو بــوون، رەوانـەی نوگـرە سـەلمان کرابـوون. خێزانەکانـی دیکـەش دابەشـکرابوونە سـەر پارێـزگا عەرەبییـەکان، واتە برابـوون و لەوێ نیشـتەجێکرابوون، ئەمانە مافــی ئەوەیــان نەبــوو ســەردانی ناوچــەی ئۆتۆنۆمــی بکەنــەوە، تەنانــەت بۆیـان نەبـوو نزیکـی ئـەو ناوچەیـەش بکەونـەوە. بەکورتـی مافـی ئەوەیـان نەبـوو بەبـێ رەزامەنـدی پارێـزگا، لـە پارێزگاکـە دەربچـن. واتـە کوشـتن و بڕینیــان راگــرت، ئینجــا دەرکــەوت زۆر لــەم خێزانانــە خــزم و کەســوکاری کەسـانێک بوونـە کـە بەشـدارییان لـە گرتنـی ئـەم خێزانانـەدا کـردووە، لەوانــە فەوجــە خەفیفــەکان، یــان فەوجــی بەرگــری کــە کــورد بــوون. هەروەهـا مەفرەزەکانـی سـەر بـە ئەمـن کـە کـورد بـوون، مەفرەزەکانـی

ئیستیخبارات کە کورد بوون. ئێ ئەمانەش خزم و کەسوکاریان هەبووە و دەیانزانی ئەم خزمانەیان براونەتە ئەو سەربازگانە و ئیدی بۆنی هەواڵیان دەکرد، هەواڵی دیارنەمانی ئەم خەڵکە. هەموو پرسیاریان دەکرد کوا خزمەکانمان، کوا منداڵەکانیان؟ ئەوە ئێمە باسی ماوەی ئەو سێ مانگە دەکەین، مانگەکانی چوار، پێنج، شەش و من لە مانگی حەوت گەڕامەوە. بەهەرحاڵ ئەوکاتە هەموو شتێک راوەستابوو.

**کاوە ئەمین: کەواتە کەسوکاری ئەو جاشانەش لەنێو ئەنفالکراوەکاندا بوون؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ بێگومان هەبوون، ئەگەر خزمی منیش نەبووبێ کە لەگەڵ ئەوانە کارم کردووە، حەتمەن خزمەکانی من لە شوێنی دیکە کاریان کردووە و بەوەش دەزانم کە هەر لە جەماعەتی خۆم هەبووە بەشداری لە گرتنی خزمەکانی مندا کردووە و بەوشێوەیە.

**کاوە ئەمین: ئەو جاشانەی لەگەڵ حکومەت کاریان دەکرد، ئەوانە راستەوخۆ بەشداربوون لە گرتنی خەڵکی ئەنفالکراودا؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ بەشداربوون و بەشدارێکی کاراش بوون. ئەوانیش ئەرکی "رزگارکردنی ناوچەکان" یان جێبەجێکردووە، ئەوەی شوێنێکی رزگار کردبێ دەشێ خەڵکیشی گرتبێت، بەڵام نە سوپا و نە ئەمن لەوێ، نە پۆلیس و نە ئینزیباتی عەسکەری، نە هیچ هێزێک و نە تەنانەت ئەمانەش، نەیاندەزانی چارەنووسی گیراوەکان ئەوە دەبێت کە بوو. وایان مەزەندە کردووە کە حکومەت ماوەیەک رایاندەگرێت، وردبینی دەکات و پاشان دەیانگوازێتەوە بۆ شارۆچکە و گوندی هاوچەرخ و شتی لەو بابەتە. رێی تێنەدەچوو بیر لەوە بکەیەوە کە ئەگەر هەیە ئەم هەموو منداڵە بکوژرێن. ئەم هەموو خێزان و منداڵە کە مرۆڤ موچڕک بە لەشیدا دێت، بەڵام ئیدی ئەوە سەددام حوسێن و ئەوە رژێمەکەی و ئەوە کردەوەکانیان.

**کاوە ئەمین: من ئێستا فرمێسک لە چاوانی تۆدا دەبینم، ئەوکات و ساتە کە بە چاوی خۆتان دەتانبینی ئەم هەموو ژن و منداڵ و خێزانانە بەرەورووی چارەنووسێکی نادیار بوونەتەوە، تۆ و خەڵکانی وەکو تۆ، هیچ روویداوە فرمێسک بۆ ئەو خەڵکە برێژن؟**

**سەباح حەمدانی:** مانگی تەمموز کە گەڕامەوە، یەکێک لە ئەفسەرەکان لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی ئەمن سەردانی کردم. ئاخر بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکووکیش بەشدار بوو، ئەوانیش چەند وەجبەیەک خەڵکیان وەرگرت، چونکە ئێمە وەجبەمان دەدایە هەموویان، هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی ئەمن وەجبەیەک. تۆ وەک ئەمنی کەرکووک بۆ نموونە، لەسەرتە پێنج هەزار کەس وەرگری، یان 1500 کەس، نازانم ژمارەم لەبیر نەماوە. هەرچۆنێک بێت یەکێک لەو ئەفسەرانەی بەشداری کردبوو، گوتی گەورەم، ئەوەم تائێستا لەیادە، کوڕێکی خەڵکی حەویجە بوو، ئەو مولازم و منیش نەقیب بووم، گوتی گەورەم چیت بۆ بگێڕمەوە. یەکێک لەو دیمەنانەی کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، منداڵێکم بینی، دوای ئەوەی دایکیمان کوشتبوو، یان خوشکی بووە، بەهەرحاڵ لەگەڵ ئەو بووە، کەوتبووە چاڵەکەوە، گوتی قژێکی زەردی هەبوو، لەناو چاڵەکە بەپێوە وەستابوو... ناتوانم تەواوی بکەم.. گوتی ئاوای دەکرد، چاوەڕێی فیشەکێکی دەکرد بەریکەوێت، چونکە لە هەموو لایەکەوە گوێی لە تەقە بوو، هەرچەندە چەکەکان زۆربەیان کپ بوون، بەڵام دەنگی تەقەش هەبوو، بەچاوی خۆیشی منداڵی دیکەی دەبینی، منداڵێکە و وادەبینێ خەڵک لە دەوروبەری کوژراون و خوێن رژاوە، گوتی هاواری دەکرد.. گوتی هەندێ لە منداڵەکانمان هەر بە زیندوویی داپۆشین. هەرکە گوللەبارانمان دەکردن شۆفڵەکان دەهاتن و خۆڵیان بەسەردا دەکردن. دەگریا، ئەو ئەفسەرە دەگریا، بەکوڵیش دەگریا، چی بکات؟ بەڵێ سەددام حوسێن ئاوای لەو خەڵکە کرد. ئاخر ئەوە تۆڵەی ئەو خەڵکە بوو کە سەددام حوسێن بەدەستی خوێڕیترین خوێڕییەکان لەسێدارە درا. پۆخڵترین خەڵک. باشە و خۆشحاڵیش بووم کە سەددام

بەدەستی پیاوی شەریف نەکوژرا. پیاوانێک کە بە شەڕ گرتبێتیان، نەخێر بەدەست کۆمەڵێک خوێڕی کوژرا کە ئەمریکا هێنابوونی. پۆخڵترین خەڵک ئەوانە بوون کە لەسێدارەیاندا و ملیان بە پەتەکەوە کرد، ئەوە مایەی خۆشحاڵی بوو، ئەوە تۆڵەی ئەو منداڵانە بوو. من لێرەوە تکا لە ئەفسەرانی ئەمن دەکەم، بەڕێوەبەرەکانی ئەمن، ئەوەی کە گوێی لە منە، ئەگەر ویژدانت هەیە و لەخوای خۆت دەترسێی، تۆ دەمناسی و چاک دەزانی راستگۆم، چاک دەزانی دەڵێم چی. رەنگە تۆش رۆژێک لە رۆژان بە هەر شێوەیەک بووبێ بەشداربووبی، یان لە هاوڕێیەکانت بیستبێ، برای ئازیز وەرە قسە بکە. قسە بکە و پشتیوانیم بکە با خەڵک ئەمانە ببیستن، با عێراقییەکان ببیستن و با جیهان ئەمە ببیستێ کە چی کراوە، بۆئەوەی خەڵک رەحمەت نەنێرێ، بەخوا تاوانی هەرە گەورە ئەوەیە رەحمەتی خوا بۆ سەددام حوسێن بخوازی. یان وێنەیەکی سەددام حوسێن بڵاوبکەیەوە کە پێدەکەنێ و بڵێی "پاڵەوان هەبێ تۆی"، یان دەبینی یەکێک دەنووسێ: ئەو رۆژە شەرەف نەما کە سەددام حوسێن نەما!! ئێ باشە تۆ، ئێستا شەرەفت نییە؟ یەکێک دەڵێت: ئەو رۆژە غیرەت مرد کە سەددام حوسێن نەما!! باشە یەعنی تۆ ئێستا بێ غیرەتی؟ غیرەتت نەماوە؟ فڵان شت مرد، فڵان شت نەما، پیاو نەما کە سەددام حوسێن مرد!! ئەی باشە تۆ چیت؟ بەڵێ پیاو نیت ئەگەر راستی نەڵێی. وەرە لانیکەم قسە بکە و ویژدانت ئاسوودە بکە لە بەرامبەر خەڵک، لە بەرامبەر خوا، پێش هەموو شتێک لە بەرامبەر خوای خۆت. برام وەرە خۆت بێبەری بکە، من لێرەوە تکایان لێدەکەم، برام وەرە خۆت بێبەری بکە، وەرە و ئازایانە قسە بکە. لە بەردەم خوا خۆت بێتاوان بکە. رەنگە تۆ ئێستا تەمەنیشت لە تەمەنی من نزیک بێ، من ئەوە ئێستا حەفتا ساڵم، تۆش رەنگە سەرووی شەست بیت، 65 بیت، 75 بیت، 80 ساڵ بیت. بەڕێوەبەرەکانی ئەمن ئێستا تەمەنیان لە سەرووی هەشتایە و دەنگی منیش دەبیستن. بێگومان هەندێکیشیان رەخنەیان لێگرتووم، تەنانەت پەیوەندییان بە خزم و کەسی منەوە

کـردووه بۆئـەوەی بێدەنـگ بـم و بوەسـتم، بـەڵام ناوەسـتم، راسـتییەکان دەڵێـم بـۆ ئـەوەی نەفـرەت لـە هەمـوو ئەوانـە بکـەن کـە بەشـدار بـوون و، کـە هێشـتا هاوسـۆزی تاوانبارێکـن کـە ئـەم هەمـوو تاوانـەی کـردووە. ئێمـە دەمانتوانـی زۆر بـە ئاسـوودەیی بژین، ئەگـەر لە سـاڵی 1979 ەوە ئەو سـامانەیان بـۆ خەڵـک تەرخـان کردبایـە و بـۆ خەڵـک بووایـە. ئـەم هەمـوو سـامانە لـە کبریتـەوە تاوەکـو فۆسـفات و نـەوت و ئـاو، ئێسـتا دەمانتوانـی ئاسـوودە بژیـن و زۆر باشـتریش بیـن لـە دووبـەی و غەیـری دووبـەی. ئەمـە تاوانـی گـەورەی دەرحەقـی ئێمـە کـردووە، ئێـوەش ئـەم راسـتییە دەزانـن، بۆیـە تکایـە دانـی پێدابنێـن.

**کاوە ئەمیـن: باسـی ئـەو ئەفسـەرەت کـرد کـە ئـەو چیرۆکـەی بـۆ تـۆ گێڕایـەوە، بـەڵام ناوەکـەیـت نەگـوت کـێ بـوو؟ زانیاریـت هەیـە لـە ژیانـدا مـاوە یـان نـا؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڕاسـتی هەواڵـی نازانـم، بەدڵنیاییـەوە تەمەنـی لـە مـن کەمتـر بـوو چونکـە مـن نەقیـب بـووم و ئـەو مـولازم بـوو، رەنگـە جیاوازیـی تەمەنمـان 10 سـاڵێک بووبێـت. نـاوی ئیبراهیـم بـوو، خەڵکـی دەوروبـەری حەویجـە بـوو. هـەر ئەوەنـدە دەزانـم.

**کاوە ئەمیـن: دەمـەوێ بگەڕێینـەوە بـۆ سـەرەتا، پرۆسـەی ئەنفـال پێـش ئـەوەی عەلـی حەسـەن مەجیـد بێت بـۆ کەرکـووک دەسـتیپێکرد یـان دوای ئـەوە بـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نـا ئـەو خـۆی، ئـەو سـەرۆکی، با بڵێیـن سـەرۆکی کۆماری باکـوور بـوو، وای ناوبنێین..

**کاوە ئەمین: بۆچی سەرۆکی کۆماری باکوور؟**

**سـەباح حەمدانـی:** لەبەرئـەوەی دەسـەڵاتەکانی رەهـا بـوون. لـەڕووی حیزبییـەوە دەسـەڵاتێکی زۆری هەبـوو، هەروەهـا لـەڕووی سـەربازی،

لـەڕووی ئەمنـی. هەرخـۆی هەمـوو شـتێک بـوو، بـەڵام عەلـی حەسـەن مەجیـد سـەرەڕای ئـەوەش، خـۆم جارێـک لـە نزیکـەوە قسـەم لەگـەڵ کـردووە، رووبـەڕوو وەک چـۆن ئێسـتا بەرامبـەر ئێـوە دانیشـتووم، عەلـی حەسـەن مەجیـد سـەددامی بەشـێوەیەکی سـەیر خۆشدەویسـت، وەکـو منداڵێـک گوێـی بـۆ شـل دەکـرد، وەکـو سـەربازێک گوێڕایەڵـی بـوو، وا رەفتـاری لەگـەڵ سـەددام حوسـێن دەکـرد دەتگـوت سـەربازێکە سـەرەڕای ئـەو هەمـوو دەسـەڵاتەی بەردەسـتی. فەرمانـی سـەددام حوسـێنی وەک خـۆی و بـە وردی جێبەجـێ دەکـرد.

**کاوە ئەمیـن: رق و کینـەی ئـەو بەرامبـەر کـورد لـە چییـەوە سـەرچاوەی گرتبـوو، هۆکارێکـی تایبەتـی هەبـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڕاسـتی نازانـم هـۆکارە راسـتەقینەکەی چـی بـوو، بـەڵام ئـەو لەوجـۆرە بـوو کـە... سـەددام حوسـێنی زۆر خۆشدەویسـت. هـەر شـتێک ئـازاری بـە سـەددام گەیاندبایـە، جـا هـەر کەسـێک بووایـە. عەقڵیەتـی سـەددام حوسێنیشـی بـاش دەناسـی، ئەگـەر بـاش شـارەزای عەقڵیەتـی سـەددام نەبووایـە، ئەرکەکانـی خـۆی بـەو دڕندەییـە جێبەجـێ نەدەکـرد، فەرمانـی وەحشـیانەی جێبەجـێ نەدەکرد. خۆی کەسـایەتییەکەی وابـوو.

**کاوە ئەمیـن: کەواتـە سـەددام حوسـێن ئـاگاداری هەمـوو ئـەو کردەوانەی عەلـی حەسـەن مەجیـد بووە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ.. بەڵـێ، مومکیـن نەبـوو عەلـی حەسـەن مەجیـد هیـچ بڕیارێـک سـەربەخۆ بـدات، بیهێنـە پێـش چـاوت، بـەڵام ئامـاژەش لەنێوانیانـدا هەبـوو، مـن خـۆم هـەر لـە قسـەکانی عەلـی حەسـەن مەجیـدەوە ئـەوەم بـۆ دەرکـەوت. عەلـی حەسـەن مەجیـد ئـەو رۆژەی گوتـی، سـەددام حوسـێن، یـان سـەرۆکی فەرمانـدە داوای لێکـردووم ریعایەتیـان بکـەم، ئایا سـەددام حوسـێن فەرمانـی داوەتـە عەلـی

حەسـەن مەجیـد، ریعایەتـی گیراوەکانـی پرۆسـەی ئەنفـال بـکات، بـەڵام ئـەو ناردوونـی بـۆ گـۆڕی بەکۆمـەڵ؟ شـتی وا مومکیـن نییـە و مەحاڵـە، بـەڵام ئەمـە وشـەیەکە لەسـەری ڕێککەوتـوون "خزمەتیـان بکـە "، بـە هەمـان شـێوە لەنێـو پۆلیس یـان لـە ئەمـن، کاتێـک کەسـێکیان دەهێنا و یەکێکیشـیان ڕادەسـپارد ئەشـکەنجەی بـدات، دەیانگـوت خزمەتـی بکـەن. واتـە دەسـتپێبکە، دەسـت بکـە بـە لێدانـی، بـە ئەشـکەنجەدانی، بـەڵام دەیانگـوت خزمەتـی بکـە!! جـا ئـەوەی ئەویـش هەمـان شـت بـووە، ئاماژەیەکـی نێـوان سـەددام و عەلـی حەسـەن مەجیـد بـووە. "ریعایەتـی ئـەو جەماعەتـە بکـە"، چـۆن ریعایەتیـان دەکات؟ خـۆی دەڵـێ ریعایەتیـان دەکـەم، گوێـی لـێ بگرنـەوە، بەدەنگـی خـۆی وا دەڵـێ: ریعایەتیـان دەکەم، "دەیانخەمـە ژێرخـاک". ئـا بەوشـێوەیە.

**کاوە ئەمیـن: تـۆ ماوەیـەک لەگـەڵ لیژنـەی کاروبـاری باکـوور کارت کـردووە، کاری ئـەم لیژنەیـە و ئامانجەکـەی چـی بـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** لیژنـەی کاروبـاری باکـوور بـۆ مەبەسـتێکی دیکـە بـوو، ئێمـە لـە ئەمـن بوویـن، بـەڵام لیژنـەی کاروبـاری باکـوور دوای ئـەوەی فەرمـان لـە عەلـی حەسـەن مەجیـدەوە هـات بـۆ پێشـوازی لەوانـەی دەسـتگیر دەکرێـن، واتـە ئەوانـەی لـە ئەنجامـی پێشـڕەویی سـوپا و فەوجـە کوردییەکانـی هاوکاریـان کـە بـە جـاش ناسـرابوون، هەروەهـا مەفرەزەکانـی ئەمـن و ئیسـتیخبارات دەکەونـە بەردەسـت. ئەمانـە کـە دەگیرێـن، دەبـێ لایەنێـک هەبـێ وەریانگرێـت، بۆیـە چەنـد لیژنەیەکیـان لـە ئەفسـەرانی سـوپا و ئەمـن و موخابـەرات و ئیسـتیخبارات بـۆ پێشـوازیی لەمانـە پێکهێنـا، پێشـوازی بـە سـتایلی ئەمـن، واتـە دەبـێ زانیارییەکانیـان تۆمـار بکرێـن و بزانیـن رابردوویـان چـی بـووە و ئینجـا چاوەڕێـی فەرمـان بکەیـن، منیـش یەکێـک بـووم لـە ئەندامانـی لیژنـەی پێشـوازی لـە دەسـتگیرکراوان، ئەوانـەی دەگەنـە سـەربازگەکانی دووبـز و تۆپـزاوە و سـەربازگەی خالیـد.

**کاوە ئەمیـن: لەنـاو ئـەو سـەربازگانە، تـۆ باسـی ئـەوەت کـرد کـە نـاوی گیراوەکانتـان دەنووسـی، بـەڵام ئـەی وێنەتـان دەگرتـن، فۆتـۆ یـان ڤیدیـۆ؟**
**سـەباح حەمدانـی:** نـا وێنەگرتن نەبوو. تەنیا ناسـنامەکانمان لـێ وەردەگرتن یـان هـەر بەڵگەنامەیەکیـان لـەلا هەبووایـە و دەمانخسـتە نـاو فایلەکانیان. هـەر خێزانێـک فایلـی خـۆی هەبوو.

**کاوە ئەمیـن: هەمـوو زانیارییەکانتـان دەنووسـین کـە خەڵکی کوێـن و کام گونـد، یـان تەنیـا ناوەکانیان؟**
**سـەباح حەمدانـی:** نـا بێگومـان هەمـوو زانیارییـەک، لاپـەڕەی کار و کردەوەکانیـان، نـاوی خۆیـان، دایـک و باوکیـان، خاڵ و مـام و تەنانەت هاوڕێ و دۆسـتیان و لەکـوێ نیشـتەجێبوون و شـوێنی لەدایکبـوون و هەمـووی. ئەمانـە هەمـووی دەچـووە نـاو فایلەکانیـان، بەتایبەتـی ئەوانـەی تەمەنیـان هەبـوو، منـداڵ نـا، منداڵـەکان تەنیـا ناویـان لـە فایلـی خێزانەکانیانـدا دەنووسـرا، لەگـەڵ دایکیـان، یـان بـرا گەورەیـان و بەوجـۆرە.

**کاوە ئەمیـن: پرۆسـەی ئەنفـال لـە گەرمیانـەوە تاوەکـو دهۆکـی گرتـەوە، تـۆ گوتـت سـوپا و جـاش و تەنانـەت ئەمنیـش نەیاندەزانـی مەبەسـت لـە کۆکردنـەوەی ئـەو خەڵکـە چییـە، بـەڵام ئایـا حکومـەت هـەر لـە سـەرەتاوە بڕیـاری بەکۆمـەڵ کوشـتنی ئـەو خەڵکـەی دابـوو یـان هـەر دەیانویسـت گونـدەکان وێـران بکـەن بـۆ ئـەوەی پێشـمەرگە نەتوانـێ لـەو ناوچانـەدا بژیـت؟**
**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان بڕیارەکـە بـۆ لەناوبردنیـان نەبـوو، هەرهیـچ باسـێکیش لەوبـارەوە نەبـووە، بەڵکـو تەنیـا ئەوەبـوو کـە گوایـە دابەشـدەکرێنە سـەر پارێزگاکانـی عێـراق، بەشـێکیان دەنێـرن بـۆ نوگـرە سـەلمان یـان بـۆ گرتووخانـەی دیکـەی لەوجـۆرە. ئەوانیدیکـە دەنێـرن بـۆ کۆمەڵگـە هاوچەرخـەکان و ئەمـەش دوای ئەوەی پرۆسـەی ئەنفال کۆتایی دێـت. چونکـە دیـارە پرۆسـەی ئەنفـال کـە چەنـد قۆناخیکـی هەبـوو، وەک

لەبیرم بێت لە 19ی شـوبات دەسـتیپێکرد. بنچینەکە ئەمە بوو، بەڵام وەکو گوتـم لەنـاکاو شـتێک گـۆڕا . سـەرەتا ڕێنمایـی هات کە نـاوی راگـیراوەکان و زانیارییەکانیـان تۆمـار بکەیـن، بـەڵام ئەوکاتـە هێشـتا ڕووداوەکانـی ئاڵتوون کۆپـری و کفـری نەقەومابـوون، دوای ئـەو دوو ڕووداوانـە، هەنـدێ کـەس بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن گوایـە مـن ئـەو ڕووداوەی ئاڵتـوون کۆپریـم بـە ڕووداوێکـی دیکەی سـاڵی 1985 ــەوە بەسـتووەتەوە، چونکە ئەو سـاڵەش لـەوێ هێرشـێک کـرا و هەندێـک چەکـدار هاتـن چەنـد کەسـێکی سـڤیلیان کوشـت، بـەڵام سـاڵی 1985 مـن هێشـتا لـە نەجـەف بـووم، بۆیـە باسـی ئەوەیـان ناکـەم و پەیوەندیـم پێـوە نییـە. مـن باسـی ئـەوەی سـاڵی 1988 دەکـەم، ئـەو هێرشـەی کرایە سـەر شـەممەری تۆگـە کە لە نزیکـی ئاڵتوون کۆپـری بـوون. ئـەوە جیـاواز بـوو لەگـەڵ ئـەوەی ئەوکاتـەی سـەردانی ماڵـی خوشـکم دەکـرد و خوشـکەکەم لەترسـان هـەڵات چونکـە بیسـتبووی هێـرش کـراوە و ژن و منداڵیـان سـەربڕیوە لەوکاتـەی پیاوەکانیـان لـەوێ نەبوونـە، جـا ئەویـش دەترسـا تووشـی هەمان شـت ببـن. هەندێ لـە برایان مـن بـەوە تۆمەتبـار دەکـەن کـە گوایـە زانیارییەکانـم ورد نیـن و دەمـەوێ ئـەو دوو ڕووداوە پێکـەوە ببەسـتم. دەڵێـن ئـەو کوشـتوبڕەی چەکـدارەکان کۆنـە و تـۆ دەتـەوێ بیبەسـتیتەوە بـە ڕووداوە نوێیەکـەوە، نەخێـر ئەمەیـان تازەیـە و هـەر ئـەم ڕووداوەش بـوو کـە کاریگـەری دانایە سـەر چارەنووسـی راگـیراوەکان، بەتایبەتـی خێزانـەکان، چونکـە عەلـی حەسـەن مەجیـد گوتـی: وەک چـۆن خێزانەکانـی ئێمەیـان کوشـت ئێمـەش خێزانەکانیـان دەکوژیـن، بەوجـۆرەش دەسـتیان بـە کوشـتنی خێزانـەکان کـرد.

**کاوە ئەمیـن: بڕیارەکـە وابـوو کـە لـەو ناوچانـەی بـەر پرۆسـەی ئەنفـال کەوتـن هەرکەسـێکیان بینیبووایـە دەیانگـرت؟**

**سـەباح حەمدانـی:** هەرکەسـێک لـەو ناوچانـە بەردەسـت بکەوتایـە، چەکدار بووایـە یـان نـا، بێگومـان چەکـدار لـەو شـوێنانە دەسـتگیرکرابا دەسـتبەجێ گوللەبـاران دەکـرا. یەکێکـی وەکـو بـارق حـاج حنتـە کـە لـە یەکێـک لـەو

ناوچانـە خەریکـی ئۆپەراسـیۆن بـوو، چەنـد چەکدارێکـی دەسـتگیرکرد و لـە هەلیکۆپتـەرەوە هەڵیدانەخـوارەوە، دەیویسـت خەڵکـی دیکـەی پـێ بتۆقێنـێ، رۆحـی تـرس و تۆقیـن لەنـاو چەکدارەکانـی دیکـەدا بڵاوبکاتـەوە ئەگـەر لـەو ناوچەیـە هەبـن، بـەڵام ئەوانـەی چەکـدار نەبـوون، دەگیـران و رەوانـەی سـەربازگەکانی ئێمـە دەکـران. رێنماییـە فەرمییەکـە بەوجـۆرە بـوو، بـەڵام هیـچ کەسـێک نەیدەزانـی چـی لەمانـە دەکـەن.

**کاوە ئەمیـن: چ کرابـوو بـۆ ئـەوەی سـەربازگەکان جێـی ئـەو هەمـوو خەڵکەیـان تێـدا ببێتـەوە؟**

**سەباح حەمدانی:** ئەو دوو سەربازگەیە زۆر گەورەن.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام لـە هەمـوو کوردسـتانەوە خەڵـک ئەنفـال دەکـران، هەموویـان دەهێنانـە ئـەو دوو سـەربازگەیە؟ بـۆ نموونـە ئەوانـەی لای دهـۆک، زاخـۆ و ناوچـەی بادینانیـش دەهێنرانـە ئـەوێ یـان لـە شـوێنی دیکـەش سـەربازگەی لەوجـۆرە هەبـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئەوەیـان نازانـم، مـن سەرپەرشـتیاری ئـەو دوو سـەربازگەیە بـووم، ئایـا سـەربازگەی دیکـە هەبـووە؟ لەوانەیـە و زۆریـش مومکینـە، چونکـە ناکـرێ لـە زاخـۆوە خەڵکیـان هێنابـێ بـۆ کەرکـووک، ناکـرێ و زەحمەتـە ئـەم هەمـوو خێزانـە بـە ئۆتۆمبێلـی زیـل بگوازیتـەوە. ئەوکاتـە سـوپا ئەوەنـدە ئۆتۆمبێلەشـی نەبـوو بەشـی ئـەوە بـکات.

**کاوە ئەمین: رەفتار و هەڵسـوکەوتی سـوپا و ئەمن لەو دوو سەربازگەیەی لای ئێـوە لەگـەڵ گیـراوەکان چۆن بوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** مامەڵەیەکـی زۆر ئاسـایی بـوو، هیـچ دەسـتدرێژییەک نەبـوو، کـەس ئەزیـەت نـەدرا، دەسـت بـۆ ناموسـی کـەس نەبـرا و ئەگـەر لەوبـارەوە شـتێک گوترابـێ درۆیـە. شـتی وانەبـوو. ئـەو خەڵکـەی لـەوێ ئەرکێکیـان هەبـووە خـاوەن غیـرەت بـوون، مـن وەک خـۆم مومکیـن نەبوو

لـه سـەربازگەیەکدا کـە مـن سەرپەرشـتی دەکەم، ڕێگـە بدەم دەسـتدرێژی بکرێتـە سـەر کـەس. شـتی وا مەحـاڵ بـوو. خـۆ بەشـێکی ئـەو خەڵکـەش کـە لـە ئەمـن کاریـان دەکـرد، کـوڕی عەشـیرەت و کـوڕی خەڵـک بـوون، بەشـی ئـەوە پیاوەتـی و شـەهامەتیان هەبـوو، ئەوانیـش نەیاندەزانـی چـی ڕوودەدا. بێگومـان هەبـوون، لـە هەمـوو شـوێنێک هەیـە، تەنانـەت لە یەک ماڵیشـدا دوو بـرا هـەن، هابیـل و قابیـل. قابیـل تاوانبـار و هابیـل مرۆڤێکی بـاش بـوو، قابیـل هابیلـی کوشـت. لـە هەمـوو شـوێنێکدا خەڵکانـی تاوانبار هـەن و خەڵکـی باشـیش هـەن. ئەمـە لـە هەمـوو دەزگایەکـدا هەبـووە.

**کاوە ئەمیـن: کەواتـە ئەوکاتـەی کـە ئـەو خەڵکەیـان بەوجـۆرە لـە سـەربازگەکاندا کۆکـردەوە نەتاندەزانـی دەکوژرێـن؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نـا بێگومـان، جەختیـش دەکەمـەوە کـە ئەوکاتـە ڕاوەسـتابوو، پـاش ئـەوەی کـە هـەواڵ گەیشـتە هەمـوو لایـەک، خەڵکەکە دەسـتیان بـە پرسـیار و گـەڕان کـرد کـوا کەسـوکارمان. ئەوکاتـە دوو سـێ مانـگ تێپەڕیبـوو.. کـوا منداڵەکانمـان و کـوا ئافرەتەکانمـان.

**کاوە ئەمیـن: مـن مەبەسـتم ئەوکاتەیـە کـە لـە سـەربازگەکان کۆکرابوونـەوە، هیـچ ئاماژەیەکـی بەوشـێوەیە هەبـوو کـە ئەمانـە دەکوژرێـن؟**

**سـەباح حەمدانـی:** باسـی ئـەوەم کـرد، لـە سـەرەتاوە هیـچ ئاماژەیەکـی بەوشـێوەیە نەبـوو کـە نیازێـک هەیـە ئەم خەڵکـە بکوژن، بـەڵام ئـەو ڕۆژەی کـە فەرمـان هـات بەگوێـرەی تەمـەن جیایـان بکەینـەوە، مـن دڵـم خورپـەی کـرد و گوتـم ئـەم کارە بۆنـی کوشـتنی لێدێـت، بۆیـە سـوپاس بۆ خـوا و خوا خـۆی ئـاگادارە، دەسـتمکرد بـە گـۆڕینـی تەمەنەکانیـان، چونکـە زۆرینەیـان هیـچ ناسـنامەیەکیان نەبـوو، ئـەوەی گوتبـووی 18 سـاڵم، دەمگـوت بنووسـن 14، یـان 13 بۆئـەوەی نەیبـەن و شـوێنبزری بکـەن وەک ئـەوەی مـن پێشـبینیم دەکـرد.

**کاوە ئەمیـن: کەواتـە تـۆ شـایەتی لەسـەر ئـەوە دەدەی کـە لەنـاو سـەربازگەکان دەسـتدرێژی نەکراوەتـە سـەر کـەس و کـەس ئەزیـەت و ئەشـکەنجە نـەدراوە؟**
**سـەباح حەمدانـی:** ئەوەنـدەی ئاگاداربـم و لـەوێ بووبـم، بەهیـچ جۆرێـک. رێگـە بـە شـتی وەهـاش نـەدەدرا بەڕاسـتی. رێ بـەوە نـەدەدرا.

**کاوە ئەمیـن: لەنـاو سـەربازگەکان پێـش ئـەوەی بیانگوازنـەوە، هیـچ رووداوێکـی پشـێوی و یاخیبـوون رووینـەدا؟ یـان خەڵکێـک هەوڵـی راکـردن بـدەن؟**
**سـەباح حەمدانـی:** شـتی وا رووینـەدا، خەڵکەکـە نەیاندەزانـی بـۆ کوێیـان دەبـەن. تەنانـەت ئـەو رۆژەش کـە دەسـتکرا بـە گواسـتنەوەیان بـۆ پارێزگاکانـی دیکـە، وەجبەیـەک سـواردەبوون و دەڕۆیشـتن، نەیاندەزانـی. مومکیـن بـوو یەکێـک بڵـێ دەیانبـەن بـۆ رومـادی بۆئـەوەی لـەوێ بژیـن. تـۆ دێـی مـن دەبەیـت و مـن پەنابـەرم لای تـۆ، دەمبـەی بـۆ شـارێکی دیکـە دێـم لەگەڵـت. ئەوانیـش لـە سـەربازگەکە نارەحـەت نەبوون، وەکـو گوتم و وەکـو پرسـیارت کـرد و وەڵامـم دایتـەوە، هیـچ گوشـارێکیان لەسـەر نەبوو. دەهاتـن و دەچـوون و منداڵان یارییـان دەکـرد و خەڵـک ژیانێکـی ئاسـایی دەژیـان و رۆژانـە خواردنیـان بـۆ دەهـات و پێخەفیـان بـۆ دەهـات، تەنیا بـە شـەو دەرگای هۆڵەکانمـان دادەخسـت. هۆڵەکانیـش هۆڵـی سـەربازی بـوون. دەرگای هۆڵەکانمـان دادەخسـت دەنووسـتن و بۆ بەیانـی دەرگامان بـۆ دەکردنـەوە، بەوجـۆرە.

**کاوە ئەمیـن: یەکـەم وەجبـەی ئـەو خەڵکـە، لەبیـرت مـاوە چ رۆژێـک بـوو لـەو سـەربازگەیە برانـە دەرەوە؟**
**سـەباح حەمدانـی:** مانگـی ئـادار، کۆتایـی مانگـی ئـادار بـوو. لـە کۆتایـی مانگـی ئـادار رۆیشـتن. لەبیرمـە یەکەمیـن وەجبـە رەوانـەی کەربـەلا کـران. بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی کەربـەلا وەجبەیەکـی بـرد و رۆیشـتن. ئۆتۆمبێلـی

خۆیـان هێنابـوو. هەمـوو بەڕێوەبەرایەتییەکـی ئەمـن ئۆتۆمبێلـی داخـراوی خۆیـان هەبـوو. دەهاتـن خەڵکەکەیـان باردەکـرد و دەڕۆیشـتن. ئـەوەم لەبیـرە.

**کاوە ئەمیـن: تـۆ گوتـت زانیاریـم نییـە ژمـارەی ئـەو خەڵکـە چەنـد بـووە، بـەڵام بـە مەزەنـدەی تـۆ ئـەو دوو سـەربازگەیە جێـی چەنـد کەسـیان تێـدا دەبـووەوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** تاوەکـو کاتـی ڕۆیشـتنی مـن لـەوێ، سـەرووی 15 هـەزار کـەس بـوون، ڕەنگـە 16 یـان 17 هـەزار بووبـن، ژمارەکـەم لەیـاد نییـە، بـەڵام بەردەوامیـش زیـاد و کەمـی دەکـرد. کـە خەڵکیـان دەنـارد کەمـی دەکـرد و کـە خەڵکـی تازەیـان دەهێنـا زیـادی دەکـرد، ئـەوە تاوەکـو ئەوکاتـەی مـن ڕۆیشـتم. لـە مانگـی نیسـان بەهەمـان شـێوە زیـاد و کەمـی دەکـرد، لـە مانگـی حوزەیـران هەروەهـا و بەوشـێوەیە تاوەکـو پرۆسـەکە ڕاوەسـتا. کـە ڕاوەسـتا بڕیارێکـی لێبـووردن بـۆ ئەوانـە دەرچـوو کـە لـە سـەربازگەکان مابوونـەوە. هەمـوو ئەوانـەی لـە سـەربازگەکان مابوونەوە، ڕەنگـە هەیانبـێ لـە ژیانـدا مابـێ و ئێسـتا گوێـی لـە مـن بێـت، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی قسـەکانم وەردەگێڕنـە سـەر زمانـی کـوردی، خەڵـک تێدەگەن و ئـەو ڕووداوانەیـان لەیادمـاوە، ئینشـاڵڵا خەڵکـی باشـن و کـە گوێیـان لێدەبێـت، پشـتیوانیم دەکـەن و دەیبیسـتینەوە. دەسـتکرا بـە ئازادکردنیان، بـەڵام چـۆن؟ بـەم جـۆرە: دەنێـردران بـۆ پارێـزگاکان، ئەوانـەی گەنـج بـوون و تەمەنیـان گونجـاو بـوو، دەنێـردران بـۆ نوگـرە سـەلمان، دابەشـکردنەکە ئاوابـوو، بەجۆرێـک مـن کـە لـە مانگـی حـەوت گەڕامـەوە، مانگـی حـەوت - هەشـت، ئیـدی ئـەو سـەربازگەیە نەمـا و داخـرا.

**کاوە ئەمیـن: عەلـی حەسـەن مەجیـد خـۆی سـەردانی ئـەو شـوێنانەی دەکـرد؟**

**سەباح حەمدانی:** تاوەکو ئەوکاتەی من لەوێبووم نەهات.

**کاوە ئەمیـن: تـۆ باسـی ئەمـەت کـرد، بـەڵام دەمـەوێ دڵنیاببمـەوە، ئـەو خەڵکـە بـە فەرمانـی کـێ گواسـترانەوە، بڕیارێـک دەرچـوو کـە دەبـێ ئـەو خەڵکـە لـەوێ بگوازرێنـەوە و رەوانـەی بیابانیـان بکـەن؟**

**سـەباح حەمدانـی:** عەلـی حەسـەن مەجیـد. روون و رەوان گوتـی و ئێـوەش ئینشـاڵڵا پەخشـی دەکـەن، تـکام وایـە پەخشـی بکـەن بۆئـەوەی هاووڵاتیانـی کـورد گوێیـان لـە راسـتییەکە بێـت.

**کاوە ئەمیـن: تـۆ وردەکاری زۆرت باسـکرد سـەبارەت ئـەو سـەربازگەیە، بـەڵام هیـچ دیمەنێـک هەیـە بەرچـاوت کەوتبـێ و تائێسـتاش لەیـادت مابـێ، تـۆ رۆژانـە خەڵکەکـەت بینیـوە و ئـاگاداری بارودۆخـی ژیانیـان بـووی، شـتێک هەیـە لـە یادەوەریتـدا مابێتـەوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** وەکـو کەمێـک پێـش ئێسـتا بۆتانـم باسـکرد، دیمەنـی منداڵەکانـم لەیـادە کـە لـە نزیکـی بەلوعەکانـی ئـاو یارییـان دەکـرد. لـە چەندیـن شـوێنی سـەربازگەکە بەلوعـەی ئـاو هەبـوون، منداڵەکانـم دەبینـی لـەوێ یارییـان دەکـرد. ئەوەشـم لەیـادە کـە چـووم بـۆ نەخۆشـخانەی لەدایکبـوون لـە کەرکـووک. بەشـداربووین لـە هێنانـە دنیـای منداڵێـک، پاشـان ناردمـان بـۆ گۆڕەبەکۆمەڵـەکان. شـتێکی ترسـناکە ئەمـەی باسـی دەکـەم، شـتێکە مـرۆڤ نازانـێ چـۆن باسـی بـکات. مـرۆڤ دەکـوژێ. لەنـاو ئـەو رووداوانـەدا رەنگـە ئەمەیـان زۆرتـر مـرۆڤ ئـازار بـدات. ئـەوە گرنگتریـن شـتە کـە لـە یـادم مابـێ و لەبەرچـاوی خـۆم روویدابـێ.

**کاوە ئەمیـن: بەشـێک لـە ئێـوە، ئەوانـەی لـە دەزگا ئەمنییەکانـدا کارتـان کـردووە، باسـی ئـەو کۆمەڵکوژییانـە دەکـەن و دەڵێـن ناخەژێـن بـوون و نامرۆڤانـە بـوون، ئـەی کـێ ئـەو هەمـوو خەڵکـەی بـردن و کوشـتن؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بـە وردی سـەرنج بـدە قسـەکەی عەلـی حەسـەن مەجیـد، دەڵـێ... پـاش ئـەوەی گـوێ لـە تۆمـارە دەنگییەکـەی دەگرنەوە،

دەڵـێ: پۆکلەینەکانـم بـۆ نـاردن، شۆفلێشـیان بـۆ دەنێـرم. کەواتـە کارەکـە بەگوێـرەی پسـپۆڕی بـووە، خەڵـک هەبـوون تایبەتمەنـدی پۆکلەیـن واتـە حەفـارە و شـۆفڵ بـوون، کەواتـە ئەمـە گرووپێکـی تایبەتمەنـد، دەمێنێتـەوە پرۆسـەی کوشـتنەکە، بـۆ کوشـتنیش هـەر بەڕێوەبەرایەتییەکـی ئەمـن کارمەنـدی خـۆی هەبـوو، بـۆ نموونـە پێنـج ئەفسـەر، 7 ئەفسـەر، 10 ئەفسـەر کـە کۆمەڵێـک مفەوەزیـان لەگـەڵ بـوو، ئەمانە خـەڵات دەکـران و پارەی زیاتریـان وەردەگـرت بەهـۆی ئـەم کاری کوشــتن و گوللەبارانکردنـە.

**کاوە ئەمیـن: دوو کـەس زۆر ناویـان دێـت، تـۆ باسـی بارقـت کـرد، بـەڵام کەسـێکی دیکـەش هەیـە بەنـاوی حەجـاج. ئەمـەی دووەمیـان زۆر نـاوی دێـت، ئەوانـەی لـە پرۆسـەی ئەنفـال رزگاریـان بـووە زۆر باسـی زوڵـم و سـتەمی ئـەم کەسـە دەکـەن کـە لـە گرتووخانـەی نوگـرە سـەلمان بـووە، هیـچ سـەبارەت بـەو کەسـە دەزانـی؟**

**سـەباح حەمدانـی:** کاتـی خـۆی ناویـم بیسـتووە و تائێسـتاش هـەر نـاوی دەبیسـتم، بـەڵام راسـتییەکەی هیچـی لەبـارەوە نازانـم، ئـەم حەجاجـە کـێ بـووە و کام لـە ئەفسـەرەکان وا وەسـفکراوە کـە حەجاجێکـی نوێیە، رەنگـە بەهـۆی زوڵـم و کوشـتنی خەڵکـەوە ئـەو نـاوەی لێنرابـێ، رەنگـە ئیبراهیـم عەلـلاوی بووبـێ کـە مـن جـارێ لـە کەناڵەکـەی خۆمـەوە بـە وردی باسـمکرد، مەبەسـتم لیـوا ئیبراهیـم عەللاوییـە، ئەمـە لەوجـۆرە بـوو کـە دەتوانیـن نـاوی لێبنێیـن حەجـاج. ئیبراهیـم عەلـلاوی لەکاتـی لێکۆڵینـەوە تەورێکـی بەدەسـتەوە دەگـرت، یـان شمشـێر، ئـەوەی کارەکـەی زەحمـەت کردبایـە و ئیعتیرافـی نەکردبـا، لـە سـەری دەدا و دەیکوشـت. ئەمـە مومکینـە حەجـاج بووبـێ، بـەڵام بەڕاسـتی حەجـاج کـێ بـووە؟ هیـوادارم یەکێـک لـە بـرا باشـەکانمان، لەوانـەی خەڵکـی شـەریفن و ئەفسـەری ئەمـن بوونـە، ئەوانـەی کـە دەیناسـن، زانیاریـم بدەنـێ لەسـەری.

**کاوە ئەمین: تۆ خۆت ماوەیەک ناوی ئەو خەڵکەت تۆمار کردووە کە بەر پرۆسەی ئەنفال کەوتن، بە مەزەندەی تۆ بەگشتی چەند کەس لە کوردستاندا بەر ئەنفال کەوتوون و ژمارەیان چەند بووە؟ کورد باسی 182 هەزار کەس دەکەن..**

**سەباح حەمدانی:** نا بێگومان، ئەوەندەی من ئاگادار بم و باش لەیادم بێت، تاوەکو ئەوکاتەی رۆیشتم بۆ ئەمنی عام، ژمارەکە هەندێ لە سەرووی 15 هەزار کەس بوو، لەنێوان 15 هەزار بۆ ٢٠ هەزار، بەڵام ژمارەکە دەگۆڕا، لەوانە بوو من کە لەوێ دانیشتووم 100 یان 150 کەسیان دەهێنا، کە دەچوومەوە بۆ ماڵەوە دەنووستم 700 کەسیان دەهێنا، جار هەبوو پێنج کەسیان دەهێنا، بۆیە بەڕاستی ژمارەکەی بە تەواوی نازانم، بەڵام گەیشتبێتە 180 هەزار؟ لەوانەیە لە هەموو عێراق، لە سەرانسەری ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە زاخۆوە.. مەگەر هەر خوا راستییەکە بەتەواوی بزانێت.

**کاوە ئەمین: لە دانوستاندنی دواتری نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراقدا، کاتێک شاندی بەرەی کوردستانی دەڵێن ئێوە 182 هەزار کەستان ئەنفال کردووە، عەلی حەسەن مەجید وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێ ئەوەندە نەبووە، هەر 100 هەزار کەسێک بوون..**

**سەباح حەمدانی:** ئەگەر ئەو وای گوتبێ، پێموایە ژمارەکەی دەزانی، چونکە ئامارەکە هەمووی دەچووەوە لای ئەو، ئاماری راستەقینە ئەو وەریدەگرت، ئەگەر وای گوتبێ کەواتە ئەو بەرپرسە لەو 100 هەزارە، لەو شتانەشدا زیرەک بوو، بەڕاستی لە خراپەکاریدا زیرەک بوو.

**کاوە ئەمین: هەر لەو پەیوەندییەدا باسی رێکخراوی موجاهیدینی خەلق دەکرێ کە گوایە رۆڵیان هەبووە لە هاوکاریکردنی حکومەتی عێراق، بەتایبەتی لە گرتنەوەی ناوچەکانی کوردستاندا لە پاش راپەڕین، تۆ**

**لـه کەرکـووک بوویـت و ئەوانیـش بارەگایـان لـە کەرکـووک هەبـوو، ئـەوان دەسـتیان لـەو کارانـەدا هەبـووە؟**
**سـەباح حەمدانـی:** منیش ئەوەم بیسـتووە و بەڕاسـتیش بەڵێ بەشـدارییان کـرد، هەمـوو گرووپـی موجاهیدینـی خەڵـق بەشـداربوون، چونکـە هێـرش هەبـوو، ئێرانییـەکان خەڵکیـان لەگـەڵ بـوو رێنیشـاندەریان بـوون، رێنیشـاندەری ئێرانـی کـە لەگـەڵ خۆیـان هێنابوویانـن، ئەوانیـش ئەرکیـان ئەوەبـوو ئـەو رێنیشـاندەرانە ئاشـکرا بکەن و دەسـتگیریان بکـەن. هەوڵیان دەدا بگەنـە ئـەو ئێرانیانـە کـە لەگەڵ یەکێتـی و گرووپـە چەکدارەکانی دیکە هاتبـوون بۆئـەوەی بگەنـە هەنـدێ ئامانجـی دیاریکـراو، بەشـداریی ئـەوان لـەو چوارچێوەیـەدا بـوو، بـەڵام بـە ژمـارەی زۆر نـا، واتـە وەکـو ژمـارەی سـوپا و دەزگا ئەمنییـەکان و ئیسـتیخبارات و مەفـرەزە کوردییـەکان نـا.

**کاوە ئەمین: تۆ کەی و بۆچی وازت لە دەزگای ئەمن هێنا؟**
**سـەباح حەمدانـی:** لـە کەرکـووک بووم کـە وازم هێنـا. لە کەرکووک، سـاڵی 1989 بـوو، رێـک لە تەمموزی 1989 بەگشـتی ٢٠ سـاڵم لـەو ئەرکەدا تەواو کـرد، ٢٠ سـاڵ بـە دەوامـی تـەواوەوە، جگـە لـەوەش 10 سـاڵی حەرەکاتیـان بـۆ زیادکـردم، واتـە بـووە 30 سـاڵ، بۆئـەوەی مووچـەی خانەنشـینیم زیـاد بـکات. رێنمایـی هەبـوو هەرکەسـێک بەشـداری حەرەکاتـی کردبـێ، واتە لەو شـوێنانە کاری کردبـێ کـە جموجۆڵیان تێدا بـووە، خزمەتەکەیان بـۆ دەکردە دوو هێنـدە، بەهەرحـاڵ مـن 30 سـاڵم هەبـوو. منیـش لەوکاتـەدا تەمەنـم 37 سـاڵ بـوو، ئـەم هەمـوو رووداوەش لەبەرچـاوم روویاندابـوو، هەرچـی کـراوە، ئەگـەر مـن ویژدانـم هەبـێ دەبـێ ئـەم دەزگایـە بەجێبێڵـم، پلـەی دیکـەم نـاوێ، نامـەوێ ببمـە عەقیـد و هیـچ پلەیەکـم نـاوێ، تـەواو... خـۆم خانەنشـین کـرد و چـووم لـە ماڵـی خـۆم دانیشـتم. سـەددامیش لەکاتـی خۆیـدا لـە پـاش 1988 و سـەرکەوتنی بەسـەر ئێرانـدا، ئـەو سـەرکەوتنە خەیالییـە، بڕیاریـدا سـوپا و دەزگا ئەمنییـەکان بچووک بکاتـەوە، بۆیە گوتیان کـێ دەیـەوێ خانەنشـین ببـێ بـا داوا بـکات، منیـش داوام پێشـکەش کـرد

و کۆپییەکــی بڕیــاری گواســتنەوەم بــۆ خانەنشــینی پێشــاندان، ئەوەبــوو لەگــەڵ 27 ئەفســەری دیکــە لــە پلــەی عەقیــدەوە تاوەکــو مــولازم داوامان پیشــکەش کــرد و مــن ســوپاس بــۆ خــوا لە پێشــەوەی ئەوانــە بــووم کە لێی دەرچــووم، لەکاتێکــدا ســەرم پڕبــوو لــە زانیــاری، لــە دڵــی خۆمــدا دەمگــوت دەبــێ ئــەم زانیارییانــە بگەنــە شــوێنی خۆیــان و دەســت بــە قســە بکــەم.

**کاوە ئەمین: دەکرێ بزانین بە مووچەی چەند خانەنشین بووی؟**
**ســەباح حەمدانــی:** خــۆی لــە ســاڵی 1989 مووچــەی خانەنشــینی 360 دینــار بــوو، 360 دینــار بەشــی منــی دەکــرد لەوکاتــدا، پێــش ئــەوەی گەمــارۆ بێــت. بــەڵام کــە گەمــارۆ هــات ئیــدی مووچەکــەی ئێمــە بێبەهــا بــوو. مووچــەی خانەنشــینی بەشــی ئــەوەی نەدەکــرد یــەک تەبەق هێلکــەی پێبکڕی بــۆ ماڵ. خانەنشــینیی مــن کــە دەچــووم وەریگــرم، کرێــی تاکســییەکە بۆ ئــەوەی بچم وەریگــرم و بێمــەوە زیاتــر بــوو لــە مووچەکــەم، بۆیــە هــەر لــە ســاڵی 1991 وازم لــە مووچــەی خانەنشــینیش هێنــا، هــەر بــە یەکجــار پشتگوێمخســت و نەچــووم وەریگــرم. کۆتایــی هــات.

**کاوە ئەمین: ئەی چ ساڵێک پەنات بۆ کوردستان هێنا؟**
**ســەباح حەمدانــی:** ســاڵی 1994 هاتــم بــۆ کوردســتان. مــن نیــازم هەبــوو لە 1992 دەربچــم، بــەڵام بەهــۆی بارودۆخــی خێزانــی ڕێکنەکــەوت و دواکــەوت بــۆ 1994. ڕەنگــە ئــەم باســە زۆر درێــژە بکێشــێ ئەگــەر بمەوێ باســی بکەم. لەگــەڵ یەکێــک لە ئەفســەرە خانەنشــینەکانی ئەمــن کە هاوڕێم بوو، باســی ئەوەمــان دەکــرد چــۆن بتوانیــن ســەددام حوســێن بکوژیــن. ئەمــە یەکــەم جــارە لــە ڕووداوەوە باســی ئەمــە دەکــەم. ئــەو هاوڕێیــەم نــاوی محەممــەد یاســین جاســم بــوو، ئێســتاش لــە مووســڵە، وەک مــن ڕائیــدی خانەنشــینی ئەمــن بــوو. پێکــەوە باســی ئەوەمــان کــرد بــە چ ڕێگەیەک ســەددام حوســێن بکوژیــن. تەنانــەت پلانیشــمان دانا کە ئەوکاتەی ســەردانی مووســڵ دەکات، ئێمــە خۆمــان لــە مووســڵ بوویــن. ســەددام جــار جــار دەهاتــە مووســڵ،

گوتمـان چاوەڕێـی دەکەیـن رێـک لـە بەرامبـەر ئـەو شـوێنەی رادەوەسـتێ و سـڵاو لـە خەڵـک دەکات. سـتەیجێکی پارێـزگا بـوو، گوتمـان شـوقەیەک لـەو شـوقانە هەڵدەبژێریـن کە دەکەوێتـە بەرامبەر سـتەیجەکە و چەکێکی قەنـاس پەیـدا دەکەیـن و لەوێـوە دەیکوژیـن. ئـەم قسـانە هیـوا بـوون، ئازایەتـی بـوون، زێدەڕۆیـی بـوون، چۆنـی لێکدەدەنـەوە ئـارەزووی خۆتانـە. دواتـر لەسـەر ئـەوە رێککەوتیـن کـە مـن دەچـم بـۆ کوردسـتان، لـەوێ سـۆراخی ئـەوە دەکـەم ئاخـۆ کـەس هەیـە هاوکاریمـان بـکات ئـەوە جێبەجـێ بکەیـن؟

## بەشی نۆیەم

# ڕاپەڕینی سلێمانی و ڕاکردن بۆ کەرکووک

بۆ بینینی بەشی نۆیەمی هەڤپەیڤینەکە ئەم کیوئاڕ کۆدە سکان بکە

**کاوە ئەمین: کاک سەباح بەخێربێیتەوە بۆ بەرنامەی پەنجەمۆر..**
**سەباح حەمدانی:** سڵاوتان لێبێ و بەخێرهاتنتان دەکەم.

**کاوە ئەمین: تۆ خۆت خانەنشین کرد، بەڵام زۆری نەبرد بانگکرایتەوە بۆ ئەوەی ئەم جارە لە سوپادا خزمەت بکەی، ئەوەیان چۆن بوو؟**
**سەباح حەمدانی:** من لەبەرئەوەی تەمەنم هێشتا زۆر نەبوو، موالیدی من بانگکرانەوە بۆ پەیوەندیکردن بە سوپاوە. من وەکو ئەفسەر بانگکرامەوە و بەوجۆرە پەیوەندیم کردەوە. سەددام حوسێن دەیویست بە ژمارەی سەرباز شەڕ لەگەڵ هاوپەیمانان بکات. بیانهێنن.. بیانهێنن بە ملیۆن، ئێمە ئەوەندە ملیۆن جەنگاوەرمان هەیە و شەڕ دەکەین، لەڕاستیشدا هیچ جەنگاوەرێکی نەبوو. ئەوەبوو منیش داواکرامەوە و پەیوەندیم کردەوە، لە هەندێ شوێن کارم کرد، وەک حەزەر، مووسڵ لە فەوجی بەرگری و پاشان گوازرامەوە بۆ سلێمانی، لەوێ بوومە یاریدەدەری فەرماندەی فەوجی بەرگری.

**کاوە ئەمین: لەناو شاری سلێمانی بووی؟**
**سەباح حەمدانی:** ناو شاری سلێمانی.

**کاوە ئەمین: لەوێ وەکو سوپا پەیوەندیتان هەبوو لەگەڵ دەزگاکانی ئەمن و هەواڵگری؟**
**سەباح حەمدانی:** پەیوەندیم تەنیا لە چوارچێوەی هاوڕێیەتی بوو، ئامۆزایەکیشم لەوێبوو بە ناوی محەممەد عەبدولڕەزاق ئەلحەمدانی، کە منداڵ بووین پێکەوە یاریمان دەکرد، تەنانەت ماوەیەک وەک دارتاش لای باوکی ئەو کارم کرد لە مووسڵ، بەهۆی ئەوە پەیوەندیمان بەهێزبوو، ئەویش یەکێکبوو لە ئەفسەرە باشەکان و زۆر بە ئەدەب بوو.

**کاوە ئەمین: ئەفسەری ئەمن بوو یان لە سوپا بوو؟**
**سەباح حەمدانی:** ئەفسەری تەکنیککاری ئەمن بوو لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی. شەوی کەوتنی سلێمانی...

**کاوە ئەمین: مەبەستت کاتی ڕاپەڕینە؟**
**سەباح حەمدانی:** بەڵێ ڕاپەڕینی 1991، ئەو شەوە منی داوەتی نان خواردن کردبوو، گوتی وەرە و منیش چووم بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئەمن و لەوێ سڵاوێکیشم لە بەڕێوەبەری ئەمن کرد. بەڕێوەبەری ئەمن مامۆستای من بوو لە کۆلێژی پۆلیس. ئەوکاتەی لە کۆلێژی پۆلیس بووم ئەو یەکێکبوو لە مامۆستاکانمان. سەید خەڵەف..

**کاوە ئەمین: ناوی چی بوو؟**
**سەباح حەمدانی:** سەید خەڵەف.

**کاوە ئەمین: سەید خەڵەف؟**
**سەباح حەمدانی:** سەید خەڵەف ئەلجوعانی.. بەهەرحاڵ لەگەڵ محەممەد یەکدیمان بینی و هەموو پێکەوە نانمان خوارد. هەر ئەوکاتە خەریکبوو ڕووداوەکانی ڕاپەڕین دەستیان پێدەکرد، یان دەستیان پێکردبوو، ئێمەش دانیشتبووین قسەمان دەکرد.

**کاوە ئەمین: ئێوە دەتانزانی کە جموجووڵێکی بەوشێوەیە هەیە؟**
**سەباح حەمدانی:** بەڵێ هەواڵ هەبوو، هەر ئەوکاتەی دانیشتبووین برووسکە دەهاتن. ناوبەناو برووسکەیەک دەهات و بەڕێوەبەری ئەمن دەیخوێندەوە و بە ئێمەشی دەگوت. دەیگوت ئەوە بووە و گەیشتوونەتە فڵان شوێن و پێشمەرگە لە فڵان شوێنن، شوێنی وا کە من نەمدەزانی کوێن، چونکە لەوێ کارم نەکردووە. بەهەرحاڵ دەمانزانی کە شتەکە

وا نزیکدەبێتـەوە، بـەڵام ئـەوان ورەیـان زۆر بەرزبـوو، باوەڕیـان وابـوو کـە ناتوانـن سـلێمانی بگـرن. تەنانـەت محەممـەد پێمـەوە نووسـابوو دەیگـوت شـەو لێـرە بمێنـەوە بەیانـی بـڕۆوە بـۆ دەوامەکـەت، گوتـم ناتوانـم. ئەگـەر ئـەو شـەوە لەگـەڵ محەممـەد مابامـەوە منیـش لەگەڵیـان تێدادەچـووم، چونکـە گەمارۆیـان دەدایـن و منیـش حاڵـم حاڵـی ئـەو خەڵکـە دەبـوو.

**کاوە ئەمین: محەممەد کوژرا؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ محەممـەد کـوژرا، ڕەحمەتـی خـوای لێبـێ. مـن ئـەو شـەوە ڕۆیشـتم و تەنانـەت ئـەو بـە ئۆتۆمبێلێکـدا ناردمییـەوە بـۆ شـوێنی خـۆم و نووسـتم. مـن ئۆتۆمبێلـی خـۆم هەبـوو، ئۆڵدسـمۆبیلێک بـوو لـە بنکەکـەی خۆمـان دامنابـوو، ڕۆژی دووەم بـۆ بەیانییەکـەی ڕاپەڕیـن دەسـتیپێکرد. لـە هەمـوو لایەکـەوە بـووە تەقـە. سـەربازێک لـەلای مـن بـوو نـاوی سـەردار کوتبـی بـوو. بنەماڵـەی کوتبـی خەڵکـی سـلێمانین. دوو سـێ هەفتەیـەک بـوو لای مـن کاری دەکـرد، بـەڵام منـی خۆشویسـت، دیـارە بینیبـووی مـن مرۆڤێکـی چاوچنـۆک نیـم و چـاوم لـە پـارەی کـەس نییـە، خـۆت دەزانـی لەنـاو سـوپا تەنانـەت مۆڵەتیشـیان دەفرۆشـت. ڕۆژێـک هەنـدێ وردە شـتی بـۆ کڕیبـووم، قرتاسـیە و شـتی وابـوو، گوتـی ئـەوە لـە حیسـابی منـە، گوتـم نـا بۆچـی لـە حیسـابی تـۆ؟ ئـەوە پارەکـەی. جـا ئـەو شـتانەی لەبیربـوو، بەهەرحـاڵ کـە ئـەوە ڕوویـدا، ئـەو کاتب بـوو لای ئێمە و منـی خۆشدەویسـت. بەیانـی ئـەو ڕۆژە دەنگـی تەقـە هـەروا زیـادی دەکـرد و لـە ئێمـە نزیـک دەبـووەوە، هـات گوتـی گـەورەم ڕێگـەم دەدەی بڕۆمـەوە بـۆ مـاڵ؟ ئـەو دەیزانـی چـی ڕوودەدات، دیاربـوو گوێـی لـە هـەواڵ گرتبـوو، گوتـی، بـەڵام تـۆ ئـاگات لەخـۆت بـێ، گوتـم بـڕۆ پشـتیوان بەخـوا هیـچ نابـێ. گوتـی ئەگـەر شـتێک بوو، خـۆت بگەیێنە ماڵـی ئێمە، من نەشـمدەزانی ماڵی لـە کوێیـە، گوتـی ماڵمـان لای فولکەی ئاسـکەکەیە، گوتی هـەر بگەیتە لای فولکەکـە بپرسـە ماڵـی فـڵان پێتدەڵێـن. گوتم پشـت بەخـوا پێویسـت بەوە نابـێ، بـەڵام ئیـدی شـتەکە هـەروا گـەورە دەبـوو. فەرمانگەکانـی دەوڵـەت

یـەک لـەدوای یـەک دەگێـران. بەڕێوەبـەری پۆلیـس و فـڵان و فیسـار هەمـوو بـەرەو بەڕێوەبەرایەتـی ئەمـن هەڵدەهاتـن، هەمـوو چووبوونـە ئـەوێ گوایـە لـەوێ شـەڕ بکـەن. ئێمـە لەوکاتـەدا تووشـی کێشـە بوویـن، لـە چەنـد لایەکـەوە تەقـە لـە بنکەکەمـان دەکـرا. بنکەیەکـی زۆر گـەورە بـوو. فەرمانـدەی فەوجەکـە کـە لەگـەڵ مـن بـوو، پێکـەوە دەرچووبوویـن چارەسـەری رەوشـەکە بکەیـن، دوو فیشـەک بەر قاچی کەوتـن و لەبەرئەوە پاشەکشـەمان کـرد. سـەربازەکان گوتیـان گـەورەم کەڵکی شـەڕی نەماوە، پێشـمەرگە هاتـوون و ئەوەتـان بـە سـەربانی ماڵەکانی دەوروبـەری بنکەوە، بـا پاشەکشـە بکەیـن، تەنانـەت بـە زۆر پلـە و نیشـانەکانیان لـە مـن کـردەوە و بـەرەو دواوە پاشەکشـەمان کـرد. لـە پشـتی بنکەکـەوە کەلێنێـک هەبوو لەژێـر شـوورە گەورەکـەی بنکـە. کەلێنێـک بوو سـەربازەکان لەوێـوە خۆیان دەدزییـەوە. سـەرباز بـۆ ئـەوەی لـە بنکـە دەربچـن، نەیاندەوێـرا لـە دەرگا سـەرەکییەکەی بنکـەوە بـڕۆن، دەچـوون لـە پشـتەوە دەڕۆیشـتن. ئێمەش لە پشـتەوە دەرچووین و گەیشـتینە سـەر شـەقامێک. فەرمانـدەی بنکەکە، موقـەدەم گـزار دەففـار وەکـو لەیـادم بێت، برینـدار بوو، لەگەڵ سـەربازێک رەوانـەی نەخۆشـخانەم کـرد. سـەربازەکە گوتـی مـن دەیگەیێنـم..

**کاوە ئەمین: ئێوە زۆر بوون لە بنکەی حامیە؟**

**سەباح حەمدانی:** لە بنکەکە؟

**کاوە ئەمین: بەڵێ**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ بـە سـەرباز و ئەفسـەرەوە 700 کەسـی تێدابـوو، بـەڵام زۆربەیـان هەڵاتبـوون و بنکەکـەش گیـرا. ئێمـە کشـاینەوە دواوە و...

**کاوە ئەمین: هیچ بەرگریتان کرد؟**

**سـەباح حەمدانـی:** لـە سـەرەتاوە بەرگرییەکـی کـەم هەبـوو، تەقەیـان لـەو ماڵانـە دەکـردەوە کـە لـە سـەربانەکانیانەوە تەقەیـان لێدەکردیـن. دواتـر

بەرگـری نەمـا و ئیـدی هەرکـەس دەیویسـت خـۆی دەربـاز بـکات. ئێمـە چووینـە سـەر شـەقامە سـەرەکییەکە و سەربازێکیشـم لەگـەڵ بـوو نـاوی مـوزەڕ بـوو خەڵکـی نەجـەف بـوو، جێگـری ئەفسەرێکیشـمان لەگـەڵ بـوو لـە تیمـی پزیشـکی بـوو. گـوتـم بـا خـۆمـان بگەیێنینـە ماڵـی سـەردار، بـەرەو فولکەی ئاسـکەکە ڕۆیشـتین، بەڵام ئێوارەمان بەسـەردا هات و نەمانتوانی بگەینـە ئـەوێ، لەنـاکاو فەرمانـدەی مەفرەزەیەکـی ئیسـتیخباراتمان لـێ پەیدابـوو کـورد بـوو، پێمانـەوە نووسـا و گـوتـی بـۆ هیـچ شـوێنێك نـاڕۆن و دەبـێ بێـن بچینـە ماڵـی ئێمـە، ئـەو نەیدەزانـی مـن ئەفسـەرم. پێمانـەوە نووسـا و چوویـن بـۆ ماڵـی ئـەوان. لـەوێ نانـی ئێوارەمـان خوارد و شـەویش لای ئـەو ماینـەوە. ئـەو خـۆی پێناسـاندم کـە فەرمانـدەی مەفرەزەیـە و چـی و چییـە.. شـەو کاتێکمـان زانـی ماڵەکـەی ئەویشـیان دایـە بـەر فیشـەک. لە دڵـی خـۆمـدا گـوتـم بڕوانـە ئێمـە خـۆمـان لـە بنکەکـە ڕزگار کـرد و هاتینـە ماڵـی کابرایەکـی سـەر بـە ئیسـتیخبارات. بەیانـی زوو هەسـتاین نانمـان خـوارد و...

**کاوە ئەمین: ئێوە چەکتان پێبوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نەخێـر بـێ چـەک بوویـن. تەنانـەت کابـرا پێیگـوتـم بـرا ئـاوا بتبینـن یەکسـەر دەزانـن تـۆ ئەفسـەری. هـا ئـەو شـەرواڵە لەبـەر بکـە. شـەرواڵم لەبەرکـرد، بـەڵام قەمسـەڵەکەم هـەر عەسـکەری بـوو، لـەو قەمسـەڵانە بـوو کـە سـەربازیش لەبەریـان دەکـرد. دەرچوویـن و ڕێبوارێکمـان دیـت، ئێمـە ماڵئاواییمـان لـەوان کـرد دوای ئـەوەی نانـی بەیانیمـان خـوارد، نانێکـی زۆر بـاش، کابـرا قسـووری نەکـرد. ئینجـا گـوتـی بـڕۆن. بەڕێگاوە بوویـن هەنـدێ خەڵکمـان بینـی دەیانگـوت بڕۆن بۆ قەسـر، نازانـم چ قەسـرێک بـوو، لـە کوێـی سـلێمانی بـوو، هیچـم نەدەزانـی. گـوتیان بـڕۆن لـەوێ خۆتـان بەدەسـتەوە بـدەن و هەمـوو سـەربازانی سـوپا لـەوێ دانیشـتوون و خۆیـان بەدەسـتەوەداوە. مـن گـوتـم ناچیـن بـۆ قەسـر و مەسـر، دەچینـە ماڵـی برادەرەکـەی خۆمـان.. ماوەیـەک بەپـێ ڕۆیشـتین

تاوەکـو گەیشـتینە فولکـەی ئاسـکەکە. لـەوێ پرسـیاری ماڵـی سـەردارمان کـرد، گوتیـان ئـەوە ماڵیانـە و یەکێکیـش لەگەڵمـان هـات تاوەکـو بـەر دەرگاکـە. هەرکـە هاتـە دەرەوە گوتـی سـەیدی بەخێربێـی. کابـرای کـە ئێمـەی گەیاندبـوو یەکسـەر گوتـی هـاااا تـۆ ئەفسـەری؟ گوتیـان نـا کاکـە ئەمـە جێگـری ئەفسـەری ئێمـە بوو لە سـوپا. دەیویسـت قەناعەتـی پێبکات کـە مـن ئەفسـەر نیـم. بەهەرحـاڵ چووینـە ماڵـی سـەردار و لـەوێ ماینەوە تاوەکـو...

**کاوە ئەمین: چەند لەوێ مانەوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئـەو رۆژە و بـۆ شەوەکەشـی لـەوێ ماینـەوە و رۆژی دوایـی دەرچوویـن. لـەوێ گوتـی تـۆ ناسـنامەت پـێ نییـە بۆیـە بتگـرن گومانـت لێدەکـەن. چـوو بەڵگەنامەیەکـی بـۆ کـردم کـە گوایـە سـەربازم و مۆڵەتیشـم وەرگرتـووە بـۆ هەفتەیـەک، گوتـی هـا ئـەوە ناسـنامەکەت، لـە رێگـە تووشـی مەفـرەزە و شـت هاتـی ئەوەیـان بـدەرێ. ئـەو ناسـنامەیە ژیانـی منـی رزگار کـرد. لەوکاتـەدا هەمـوو سـەربازەکان نموونەیەکـی لەوجۆرەیـان دەخسـتە گیرفانیـان بـۆ ئـەوەی گیانـی خۆیـان رزگار بکـەن، ئـەوە منیشـی رزگارکـرد. ئـەوەم وەرگـرت و خسـتمە گیرفانـم و جگـە لەوە هیـچ ناسـنامەیەکی دیکـە لـە گیرفانمـدا نەبـوو. رۆژی دوایـی بەیانییەکـەی لـەوێ دەرچوویـن و بەپـێ کەوتینـەڕێ بـەرەو چەمچەمـاڵ. ئەمـە چیرۆکێکـی درێـژە. ئێمـەی نـارد بـۆ ماڵـی خاڵـی لـە چەمچەمـاڵ. بـە درێژایـی ئـەو رۆژە بەڕێوەبوویـن تاوەکـو گەیشـتینە چەمچەمـاڵ. لـەوێ کەوتینە پرسـیارکردن لـە ماڵـی خاڵـی برادەرەکەمـان.

**کاوە ئەمین: سەردار خۆی لەگەڵتان نەهات؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نەخێـر نەهـات، هـەر خۆمـان نـاوی خوامـان لێهێنـا و بەپـێ رۆیشـتین تاوەکـو گەیشـتینە چەمچەمـاڵ.

**کاوە ئەمین: دەمەوێ کەمێک باسی ئەو ڕۆژەی سلێمانیم بۆ بکەیت، شەڕ و ئابڵوقەدانی ئەمنە سوورەکە و ئەو ژمارە زۆرەی کارمەندانی ئەمن و بەعسییەکان کە لەوێ کوژران..**

**سەباح حەمدانی:** ئەو ڕۆژەی کە لە ماڵی سەردار بووین، هات گوتی ئێستا مولازم فڵانم بینی بەگیراوی، ئەو مولازمە شەل بوو. لە فەوج لەگەڵ ئێمە بوو، فەوجەکەی خۆمان فەوجی بەرگری. لای عەسر هەواڵێکی دیکەی هێنا گوتی بەڕێوەبەرایەتی ئەمن گیرا، پێشمەرگە چوونە ناوی و هەموویان کوشتن. هەواڵەکەی ئاوا دایە من. بەهەرحاڵ بەیانی ڕۆژی دواتر ناوی خوامان لێهێنا و گەیشتینە چەمچەماڵ. خۆرئاوابوون مەلا بانگی دەدا کە گەیشتینە ئەوێ. بارانیش دەباری، خۆت دەزانی ئەمە لە مانگی ئادار ڕوویدا. پێموایە هەشتی ئادار بوو. گەڕاین ماڵی خاڵی سەردارمان دۆزییەوە. کابرا بەخێرهاتنی کردین و تاوەکو بەیانیی ڕۆژی دواتر لای ئەو ماینەوە. نانی ئێوارە و بەیانیمان لای ئەوان خوارد و بۆ بەیانییەکەی گوتی من ئەرکی خۆم بەجێهێنا و ناتوانم لەوە زیاترتان بۆ بکەم. پشت بەخوا ببەستن و ملی ئەم ڕێگەیە بگرن بەرەو کەرکووک. ناوبەناویش هەواڵ دەهات ئەوە کەرکووک گیرا و ئەوە فڵان شوێن گیرا، بەڵام ڕاستییەکەی کەرکووک نەگیرابوو. ئێمە دەستمان بە ڕۆیشتن کرد و ڕۆیشتین تاوەکو گەیشتینە ناوچەی شەڕ.

**کاوە ئەمین: دوای ئەوەی گەیشتن پەیوەندیتان بەکوێوە کرد؟**

**سەباح حەمدانی:** گەیشتینە ناوچەی شەڕی نێوان پێشمەرگە و سوپا. شەڕەکە هەندێک راوەستا و ئێمە ڕۆیشتین. پێشمەرگە لە ئێمەیان نەدەدا، لەگەڵ ئەوەش یەکێک لەوانەی لەگەڵ ئێمە ڕێیان دەکرد، فیشەکێکی پێکەوت و کوژرا. ئێمە نزیکەی 60 - 70 کەسێک دەبووین. دوایین کەس من گەیشتم، گەیشتینە لای تانکەکانی سوپای عێراق و گوتمان تەواو ڕزگار بووین. یەکێک لە ئەفسەرەکان لەوێ منی ناسییەوە، دەستبەجێ ئۆتۆمبێلێکی بۆ پەیداکردم و گوتی ڕائید سەباح

بگەیێننـە بازگەکـە. منیـان گەیانـدە بازگەکـە و بینیـم جەماعەتـی ئەمـن لەوێـن. یەکێـک لـە ئەفسـەرەکانی ئەمـن هاوڕێـم بـوو، خـۆی تکریتـی بـوو، بـەڵام لـە ئەمنـی کەرکـووک بـوو. بـە ئۆتۆمبێلێکـدا منـی گەیانـدەوە ماڵ و بەوجـۆرە گەیشـتمەوە.

**کاوە ئەمیـن: لـە ئەمنـە سـوورەکەی سـلێمانی ژمارەیەکـی زۆر ئەفسـەر و کارمەنـدی ئەمـن کـوژران، بەڕێوەبـەری ئەمنـی سـلێمانی لـە کـوژراوەکان بـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** هەمـوو ئەوانـەی لەوکاتـەدا لـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەمـن بـوون، لـە ئەفسـەری پۆلیـس، بەڕێوەبـەرەکان و بەرپرسـانی حیزبـی، هـەر هەموویـان کـوژران بـە بەڕێوەبـەری ئەمنیشـەوە. بەڕێوەبـەری ئەمـن بـە کـوژراوی لەنێـو گەرماوەکـەدا دۆزرابـووەوە، ئایـا کوشـتبوویان یـان خـۆی کوشـتبوو، ئـەوە نازانـم. بـەڵام خێزانەکانیـان ئەزیـەت نـەدا، وەک دواتـر بیسـتمەوە ڕێگەیـان بـە خێزانەکانیـان دابـوو بـڕۆن. ئەو موقەدەمـەش کـە فەرمانـدەی فەوجـی ئێمـە بـوو، بیسـتم کـە لـە قەڵاچـوالان گوللەبـاران کـراوە. چووبـوون لە نەخۆشـخانە بردبوویان و لە قەڵاچوالان کوشـتبوویان، بـەڵام خێزانەکەیـان بەڕێـزەوە بەڕێکردبـوو، تەنانـەت ئۆتۆمبێلەکەشـی، جگە لـە ئۆتۆمبێلەکـەی مـن کـە وایانزانیبـوو ئۆتۆمبیلـی ئەفسـەرێکی سـوپایە، لەکاتێکـدا ئۆتۆمبێلـی تایبەتـی خـۆم بـوو، نـە لـە سـوپام وەرگرتبـوو نـە وەکـو خـەڵات لـە کەسـم وەرگرتبـوو، هـەر لـەوێ سـووتاندبوویان.

**کاوە ئەمین: ئەی کە کەرکووک ئازادکرا ئێوە لە کوێ بوون؟**

**سـەباح حەمدانـی:** کـە کەرکـووک گیـرا و پێشـمەرگە هاتنە ناوی، دیسـان رامکـرد، چونکـە مـن هەمـان ڕۆژ کـە پێشـمەرگە گەیشـتن، جارێکـی دیکـە، ئەمـە راکردنـی دووەم بـوو، تەماشـای بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنم کرد کـە لـەلای راسـتم بـوو، ماڵەکـەی مـن لەپشـت هۆتێـل سـنەوبەر بـوو. خانووەکـەم 900 مەتـر بـوو لـە بەڕێوەبـەری کۆمپانیایەکـم کڕیبـوو. لای

راستم بارەگای بەڕێوەبەرایەتی ئەمن بوو، بینیم بەڕێوەبەرایەتی ئەمن کەسی لێ نەماوە و هەموو هەڵاتوون. لای چەپم بارەگای پارێزگا بوو. نێوان ماڵی من و پارێزگا حەفتا مەتر بوو. پارێزگاش هەموو هەڵاتبوون. بە ژن و منداڵەکانم گوت تەواو کۆتایی هات. خێرا جلی سەربازیم لەبەرکرد، خۆی دەبوو جلی سەربازی لەبەرنەکەم. جلی سەربازیم لەبەرکرد و بە ئاراستەی ماڵی هاوڕێیەکم دەرچووین کە لە گەڕەکی تسعین بوون. گەیشتینە ئەوێ، لەوێ هاوڕێیەکم بە ئۆتۆمبێلێکی پیکاب هەموومانی دەرباز کرد و رۆیشتین بۆ تکریت. ئەوە راکردنی دووەمم بوو.

**کاوە ئەمین: دوای ئەوە سوپای عێراق هێرشی پێچەوانەی کرد، کەرکووکی گرتەوە و تاوەکو سلێمانی هات. تۆ بەشداریت لەو هێرشەدا کرد کە سوپای عێراق کردییە سەر ناوچەکانی کوردستان؟**

**سەباح حەمدانی:** من خۆشبەختانە خانوویەکم لە مووسڵ کڕیبوو، خانووەکەی کەرکووکم کە 900 مەتر بوو، عەرەبێک هات و پێمفرۆشت. تاڵانفرۆشم کرد، ئێستا بایی یەک ملیار دینارە، چونکە ئەو شوێنە ئێستا بووەتە کۆمەڵێک باڵەخانە، بەهەرحاڵ بە خێرایی فرۆشتم.

**کاوە ئەمین: خانووەکەت فرۆشتە عەرەب؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ بە عەرەب، تەنیا عەرەب دەیانتوانی خانوو لە عەرەب بکڕن. بە نرخێکی زۆر هەرزان فرۆشتم، بەهەرحاڵ وەکو گوتم خۆشبەختانە خانوویەکم لە مووسڵ کڕیبوو، گەڕامەوە بۆ مووسڵ، بەڵام ناوماڵەکەم هێشتا هەر لە خانووەکەی کەرکووک بوو. هەندێ خەڵک هاتبوون ویستبوویان دەرگاکەی بشکێنن و شتەکانی ببەن، کەچی برایەکی کورد کە من نایناسم، بەڵام ئەو منی دەناسی، من نەمدەزانی کێیە، چووبوو گوتبووی ئەم خانووە لەلایەن رۆستەم کەرکووکییەوە

پارێـزراوە، بـە فەرمانـی ئـەو کـەس بـۆی نییـە بچێتـە نـاوی. ویسـتبوویان بچنـە نـاوی و پڕیـش بـوو لـە نێومـاڵ.

**کاوە ئەمین: مام ڕۆستەم تۆی دەناسی؟**

**سـەباح حەمدانـی:** مـن نایناسـم، بـەڵام ئـەو پیـاوە دەیناسـی، تەنانـەت بڕیارەکـەی لەسـەر دیـواری ماڵەکـە نووسـیبوو: ئـەم خانـووە پارێـزراوە بـە فەرمانـی پارێـزگار ڕۆسـتەم کەرکووکـی. مـن نازانـم مەسـەلە چییـە، دوای ئـەوەی هاتـم ماڵەکـەم ببـەم، دوای ئـەوەی لـە پێشـمەرگە ئـازاد کـرا، مـن وەکـو ئەوکاتـەی ڕژێـم قسـە دەکـەم، دوای ئـەوەی لـە پێشـمەرگە ئـازاد کـرا، هێشـتا تەرمـی خەڵـک لەسـەر شـەقامەکان بـوو. ئۆتۆمبێلێکـی بارهەڵگـرم لـە مووسـڵەوە هێنابـوو، جلوبەرگـی سەربازیشـم لەبـەر بـوو کـەس نەیدەتوانـی قسـەم لەگـەڵ بـکات. هاتـم تاوەکـو گەیشـتمە لای ماڵـی خۆمـان. ئەونـاوە هیـچ کرێکارێکـی لێ نەبـوو، ماڵە دراوسـێیەکان کە خەڵکـی زۆر بـاش بـوون، تێکەڵیـش بـوون لـە کـورد و تورکمـان و عـەرەب، هەموویـان هاوکارییـان کـردم لـە بارکردنـی ماڵەکـە، گوتیـان بمانبـوورە نەوتـی ئێوەمـان بەکارهێنـاوە، تەنیـا ئەوەنـدە. بەرمیلێکـی گـەورەی نـەوت لـە حەوشـەکە بـوو، گوتـم کێشـە نییـە حەڵاڵـی ئێوەبـێ. جـا لـەوێ باسـی ئـەو کەسـەیان بـۆ کـردم کـە بینیبـووی هەنـدێ خەڵـک، پێشـمەرگە بـوون یـان خەڵکـی دیکـە، دەیانـەوێ دەرگای خانووەکـە بشـکێنن و تاڵانـی بکـەن، بـەڵام ئـەو کەسـە ڕێـی لێگرتبـوون و نەیهێشـتبوو هیـچ بـدزن، پاشـان چووبـوو ئـەوەی لەسـەر دیوارەکـە نووسـیبوو. ئەمـە هەڵگـرە بـۆ مێـژوو، مـن دواتـر ئـەو کەسـەم ناسـی و خـۆی و ئۆتۆمبێلەکەیـم ڕزگار کـرد. سـوبحانەڵڵا ئەمـەی باسـی دەکـەم دوای دوو هەفتـە بـوو. مـن جارێکـی دیکـە گەڕامـەوە بـۆ کەرکـووک و بینیـم لـە بازگەکـە خەڵـک ڕاگیـراون، لەنـاکاو گوێـم لێبـوو یەکێـک هـاواری دەکـرد مـام فـڵان مـام فـڵان. پیاوێـک بـوو نـاوی عوسـمان بـوو، عوسـمان و عومـەری بـرای لـەوێ ڕاگیرابـوون. بەرپرسـی ئەمنـی بازگەکـەش نەقیـب سـەعد تکریتـی بـوو،

گوتـم مـن ئەوانـە دەناسـم، گوتـی باشـە مـادام تـۆ دەیانناسـی بـا بـڕۆن و ئۆتۆمبێلەکەشـیان بدەنـەوە، بەوجـۆرە خۆیـان و ئۆتۆمبێلەکەیانـم ئـازاد کـرد. ئینجـا عوسـمان گوتـی مامـە خەریـک بـوو خانووەکەیـان تـاڵان دەکـردی مـن نەمهێشـت. کوردێکـی خەڵکـی کەرکـووک بـوو ئێسـتاش هـەر لـە کەرکووکـە.

**کاوە ئەمین: پەیوەندیت لەگەڵیان ماوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** چەند جارێک باسـمکردووە، هیـوادارم جارێـک پەیوەندیم پێـوە بکەن. خەڵکـی زۆر پەیوەندیـم پێوەدەکەن.

**کاوە ئەمین: تاوەکو کەی لە ئەرکی سەربازی مایەوە؟**

**سەباح حەمدانی:** کە ناوچەکان رزگارکران گەڕامەوە بۆ سلێمانی.

**کاوە ئەمین: دیسان گەڕایەوە بۆ سلێمانی؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ، هەمـان ئـەو رۆژەی عوسـمان و عومـەرم ئـازاد کـرد، لـەو خەڵکـەی لەوکاتـەدا دەگێـران بـە دەیـان کەسـیان بێسەروشـوێن بـوون، ئۆتۆمبێلیـان دەگێـرا و زۆریشـیان گوللەبـاران کـران، سـوپاس بۆ خوا بـەوە شـەرەفمەندم، کاری چـاک بکـە چاکـە دێتـەوە رێـگات، منیـش چاکـە هاتـەوە رێگـەم.

**کاوە ئەمیـن: دوای ئـەوەی سـوپای عێـراق گەڕانەوە ناوچەکانی کوردسـتان، ئەگـەر بۆ مێـژوو باسـی بکەی، خەڵکیـان ئەزیـەت دەدا؟**

**سـەباح حەمدانـی:** مـن ئـاگاداری رەوشـی نـاو کەرکـووک بـووم، کەرکـووک بـۆ مـن گرنـگ بـوو، هێشـتا خـۆم بـە دانیشـتووی ئـەوێ دەزانـی، رۆحـم لەگـەڵ ئـەو خەڵکـە بـوو کـە لـەوێ نیشـتەجێبوو، هاوڕێـی زۆرم لـەوێ هەبـوون، لەوانـە حاجـی ئەنـوەر کۆپرلـو کە تورکمـان بوو، ئەحمـەدی کوڕی لەوانـە بـوو کـە گیرابـوون و لـە ئاڵتـوون کۆپـری گوللەبارانیـان کردبـوون.

**کاوە ئەمیـن: کشـانەوەی پێشـمەرگە لـەو ناوچانـە بەهـۆی شـەڕ بـوو، یـان ئەمریکییـەکان چـرای سـەوزیان بـۆ سـەددام هەڵکـرد کـە دەتوانـێ بچێتـەوە کەرکـووک؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان گڵۆپـی سـەوزیان بـۆ هەڵکـرد. هـەر لـە خێوەتەکـەی سـەفوان. لەژێـر ئـەو خێوەتـە، شـاندی رژێـم داوایـان لـە ئەمریکییـەکان کـرد کـە رێگەیـان بـدەن هەلیکۆپتـەر بەکاربێنـن، بـەڵام مـن بەچـاوی خـۆم بینیـم فڕۆکـەی جەنگـی هەڵدەسـتا و بـەرەو سـلێمانی دەفـڕی، بەچـاوی خـۆم بینیم، واتـە رێککەوتنەکەیـان لەگـەڵ ئەمریکییەکان پێشـێل کـرد.

**کاوە ئەمیـن: دواتـر ئێـوە چەند کەسـێک پلانی کوشـتنی سـەددام دادەنێن، دەتانویسـت لەکـوێ و چـۆن سـەددام بکـوژن و ئەمـە پلانی کـێ بوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** کۆمەڵێـک هاوڕێـی گیانـی بەگیانـی بوویـن، مـن و ئـەو پیـاوە کـە رائیـدی خانەنشـینی ئەمـن بـوو، محەممـەد یاسـین نعێمـی کـە خەڵکـی مووسـڵە و هێشـتا لـە ژیاندایـە. رەنگـە گوێـی لـەم قسـانەم بێـت، پێکـەوە گەنگەشـەی ئەوەمـان دەکـرد. دەمانزانـی چـی لـەو وڵاتـە روودەدات، بۆیـە گوتمـان لەنێوبردنـی سـەددام گەورەتریـن خزمەتـە بـە وڵات. بـەو عەقڵیەتـەوە بیرمـان لـەوە دەکـردەوە کـە کوشـتنی سـەددام حوسـێن کێشـەیەکی گـەورە لەنـاو سـوپا دروسـت دەکات و دەبێتـە رووداوێکـی گـەورە، دەبێتـە ئـەو مـووە کـە پشـتی حوشـترەکە دەشـکێنێ، کەواتـە دەبـێ ئـەوە بکەیـن، بـەڵام چـۆن و چـی بکەیـن؟

**کاوە ئەمین: ئەوە لە چ ساڵێک بوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** لـە سـاڵی 1994. مـن سـەفەرم لێ قەدەخە بـوو، چونکە ئەفسـەرانی ئەمـن دوای ئـەوەی خانەنشـین دەبـوون، تاوەکو شـەش سـاڵ نەیاندەتوانـی سـەفەر بکـەن، بۆیـە نەمدەتوانـی سـەفەری ئـوردن بکـەم، کەواتـە رێگەیەکـی دیکەمـان نەبـوو جگـە لـە باکـوور، بۆیـە گوتـم مـن خێزانەکـەم دەبـەم و دەچمـە باکـوور.

**کاوە ئەمین: ئەی پلانەکەتان چی بەسەرهات؟**

**سـەباح حەمدانـی:** پلانەکـە ئاوابـوو، شـوقەیەک لـە شـوقەکانی بەرامبـەر پارێـزگا بەکـرێ دەگریـن. خەڵکـی مووسـڵ دەزانـن لـە بەرامبـەر پارێـزگا بازاڕێک هەیە و سـەرەوەی بازاڕەکە هۆتێل و شـوقەیە. دەچین شـوقەیەک دەگریـن و نیشانشـکێنێک پەیـدا دەکەیـن، لەوێ چـاوەڕێ دەبیـن، هەرکاتێک سـەددام حوسـێن هـات بـۆ مووسـڵ، ئێمـە لـەو شـوقەیەوە بـە قەنـاس لێیدەدەیـن و دەیکوژیـن. زۆر بەجـدی بیرمـان لـەو پلانـە کردبـووەوە.

**کاوە ئەمین: زانیاریتان هەبوو کە سەددام دێت بۆ مووسڵ؟**

**سـەباح حەمدانـی:** لـە 1994 دا سـەددام هێشـتا دەگـەڕا، لـە دوای ئـەو سـاڵە، لـە 1995 و 1996 بـەدواوە ئیـدی جموجووڵـی کەمتـر بـووەوە. لەنێـو کۆشـکەکانی دەمایـەوە یـان لـە شـوێنی وا کـەس نەیدەزانـی، بـەڵام ئەوکاتـە دەهـات، پلانەکـەی ئێمـەش لەسـەر ئـەو بنەمایـە بـوو.

**کاوە ئەمین: جا سەددام هات بۆ مووسڵ؟**

**سەباح حەمدانی:** پێش پلانەکەی ئێمە؟ بەڵێ هات.

**کاوە ئەمیـن: لـە دوای ئـەوەی کـە ئێوە پلانەکەتان دانا سـەردانی مووسـڵی کرد؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نەخێـر نەهـات، بـەڵام ئێمـە پێشـبینیمان دەکـرد بێـت، بۆیـە گوتمـان بـە زووتریـن کات بکەوینـە خۆمـان. دواتـر گوتـم بـا مـن بـڕۆم دەربچـم، بڕۆمـە باکـوور و خێزانەکـەم ببـەم، دەمویسـت کاروبـاری خـۆم ڕێکبخـەم، کـە کاروبـاری خـۆم ڕێکخسـت پەیوەندیـت پێـوە دەکەمـەوە و خۆمـان بـۆ پلانەکـە تەرخـان دەکەیـن. ئەوەبـوو بەپێـی ڕێککەوتنەکەمـان مـن ڕۆیشـتم، ئـەو خـۆی هـاوکاری کـردم لـەوەی چـۆن دەربـاز ببـم، ئەوەبـوو لـە زێ پەڕیمـەوە و گەیشـتمە کوردسـتان و ئیدی پارێـزراو بـووم. لـەوێ پەیوەنـدی بـە کێـوە بکـەم؟ بـە ئۆپۆزیسـیۆن دەسـتمپێکرد، بـەڵام

ئۆپۆزیسـیۆن دەترسـان و گومانیـان لـە مـن هەبـوو، بچـم بڵێـم پلانـم هەیە سـەددام بکـوژم؟ ئـەوان هـەر لـە بنەڕەتـەوە نەیاندەویسـتم.

**کاوە ئەمین: لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن قسەت کرد؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نەخێـر قسـەم لەگـەڵ کـەس نەکـرد، تاوەکـو ئەوکاتـەی هاوسـەرەکەی محەممـەد یاسـین پـاش نزیکـەی مانگێـک هـات بـۆ لام بـۆ دهـۆک، مـن ئەوکاتـە لـە دهـۆک نیشـتەجێبووم، گوتـم سـڵاوی منـی پێبگەیێنـە و بڵـێ ئیشـەکە ناکـرێ، چونکـە هیـچ کەسـێک پێشـوازیمان لـێ ناکات. بەهەرحـاڵ ئـەو ژنـە گەڕایەوە بـۆ مووسـڵ. هەوڵەکـەی ئێمـە هەر ئەوەنـدە بـوو. دواتـر مـن کاروبـاری خـۆم ڕێکخسـت و...

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام تـۆ باسـی ئۆپۆزیسـیۆنت کـرد، ئـەوان بۆچـی تۆیـان قبـووڵ نەبـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڕاسـتی چوومـە شـارۆچکەی پیرمامیـش و لـەوێ ئەحمـەد چەلەبیـم بینـی، بـەڵام دیدارێکـی خێرا و کـورت بوو، مـن چووبوومە لای ئـاراس دانیشـتبووم کـە سـکرتێر یـان بەڕێوەبـەری نووسـینگەی بـوو، ئـەو هاتـە دەرەوە لـە ژوورەکـەی و هـەر لـە دوورەوە سـڵاوی لێکـردم، تەنانـەت لێشـم نزیـک نەبـووەوە، نازانـم دەترسـا یـان چـی بـوو..

سـێ ڕۆژ لـەوێ هاتـم و چـووم و هـەر لـەو ماوەیـەدا سـەردانی کەریـم سنجاریشـم کـرد.

**کاوە ئەمیـن: دواتـر باسـی ئـەوە دەکەیـن، بـەڵام لەگـەڵ ئەحمـەد چەلەبـی هیـچ قسـە و گفتوگۆیەکتـان کـرد؟**

**سـەباح حەمدانـی:** گوتـی سـەید مەجیـد تەلەفۆنـی بـۆ کـردووم و دواتـر خۆمـان پەیوەندیـت پێوەدەکەینـەوە، بـەڵام درۆ بـوو نـە کـەس پەیوەنـدی بـە منـەوە کـرد و نـە هیـچ لایەکیـش منـی قبـووڵ کـرد.

**کاوە ئەمین: بەڵام هۆیەکەی چی بوو، متمانەیان بە تۆ نەبوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** ئـاراس خـۆی گوتـی بـە مـن، گوتـی تـۆ ئەفسـەری ئەمـن بـووی، سـوننەیت، پێتوایـە کـەس هەبـێ متمانـەی بـە تـۆ هەبـێ؟ واتـە چاوەڕێـی شـتی بەوشـێوەیە لـە ئێمـە مەکـە. بـە ئاشـکرا گوتـی. مـن سـێ ڕۆژ بـوو دەهاتـم و دەچوومـە لای. جارێکیـش چوومـە لای کەریـم سـنجاری و بەڕێوەبـەری نووسـینگەکەی. لەگـەڵ خێزانەکـەم لـەوێ لـە هۆتێلێـک بوویـن. ئێسـتا بـە خێرایـی دەمـەوێ باسـی شـتێکی دیکـە بکـەم، لەوکاتـەی دەچوومـە لای ئـاراس، وەفیـق سامەڕایی هـات. وەفیـق سـامەڕایی خەریکـی ئامـادەکاری بـوو بـۆ کودەتایـەک دژی ڕژێـم، تەنانـەت بـە ئاراسـم گـوت ئەمـە کابرایەکـی درۆزنـە، گوتـم درۆ دەکات. لـەوێ تەلەفۆنێکـی ئازادیـان هەبـوو لـە نهۆمـی سـەرەوە بـوو. وەفیـق سـامەڕایی دەهـات لای ئـاراس دادەنیشـت، پاشـان دەچـووە سـەرەوە پەیوەنـدی بـە ئەفسـەرەکانی سـوپا و بـە فەرمانـدەی فەیلەقەکانـەوە دەکـرد بـۆ ئـەوەی لـە دژی سـەددام حوسـێن ڕاپـەڕن. دەهاتـەوە دەیگـوت نەمتوانـی پەیوەنـدی بـە فڵانـەوە بکـەم، تەلەفـۆن بـۆ فـڵان نـاڕوات.

**کاوە ئەمین: وەفیق سامەڕاییت دەناسی؟**

**سـەباح حەمدانـی:** تەنیـا نێوبانگیـم بیسـتبوو. پارتـی پرسـیاری ئەویـان لێکـردم، گوتـم ئـەوە کاتـی خـۆی دەیگـوت بـە سـەددام حوسـێنم گوتـووە ئـەم شکسـتەی ئێمـە گەورەتریـن شکسـتی مێـژووە، مەبەسـتی دەرچوونـی سـوپای عێـراق بـوو لـە کوێـت. بۆیـە کـە پرسـیاریان لێکـردم گوتـم ئەمـە درۆزنـە، تەنانـەت قوسـەی ناتوانـێ بـە سـەددام حوسـێن بڵـێ ئەمـە دۆڕانـە، بۆیـە درۆ دەکات و ئـەو چیرۆکـە ڕاسـت نییـە.

**کاوە ئەمیـن: کـە چوویـە لای کەریـم سـنجاری، هیـچ پرسـیار و بەدواداچوونێکیـان لەگـەڵ تـۆ کـرد بـۆ ئـەوەی ئـەو زانیارییانەیـان**

**پێبدەی کە سەبارەت رژێمی بەعس و ئەنفال و بابەتەکانی دیکە لای تۆ هەبوون؟**
**سەباح حەمدانی:** نەخێر هیچیان لێ نەپرسیم، تەنیا یەکترناسین بوو، بەخێرهاتنی کردم و تەنانەت داوای لە لقی دهۆکی پارتی کرد کە ماڵەکەم بپارێزن تاوەکو ئەوکاتەی دەردەچم، منیش داواکاریی زۆرم نەبوو، گوتم دەمەوێ بڕۆم بۆ ئەوروپا، تەنانەت باسی پلانەکەی خۆشم بۆ کوشتنی سەددام نەکرد، دەمزانی هەموو ئەوانەی لەوێن، گەیشتوونەتە ئەو باوەڕە کە هیچیان ناتوانن هیچ بکەن. گوتم باشترین شت ئەوەیە بڕۆمە تورکیا و لەوێوە هەرچۆن بووە بگەمە ئەوروپا.

**کاوە ئەمین: چەند لە دهۆک مایەوە و مامەڵەی خەڵک لەگەڵ ئێوە چۆن بوو؟**
**سەباح حەمدانی:** پارتی زۆر هاوکار بوون لەگەڵم و ناڕاستەوخۆ پاسەوانیان بۆ دابین کردبووین. خانووەکەی بەرامبەر ئێمەش ماڵی کەسێک بوو ئەندامی لق بوو، ئێستا ناوەکەیم لەیاد نەماوە، نازانم خۆی خەڵکی سووریا بوو یان هاوسەرەکەی سووری بوو، بە باشی لەیادم نییە. ئەو پاسەوانی هەبوو، تەنانەت کارەبایان دایە ئێمە. ئەو منی دەناسی و لە ماڵی خۆیەوە کارەبای دایە ئێمە. ماوەی چەند مانگێک لە دهۆک مامەوە، پاشان چووینە زاخۆ و ماوەی مانگێکیش لەوێ ماینەوە. رەزامەندیشم لای کەریم سنجارییەوە هێنابوو کە بە خێزانەوە بتوانین بچینە تورکیا و بگەڕێینەوە بەبێ ئەوەی رسومات بدەین، بەڵام ئەوەبوو بەخێزانەوە چووینە تورکیا و نەگەڕاینەوە.

**کاوە ئەمین: کەواتە لە کوردستان بەگشتی مامەڵەیان لەگەڵ تۆ باش بوو؟**
**سەباح حەمدانی:** بەڵێ زۆر باش بوو.

**کاوە ئەمیـن: بـەڵام دەیانزانـی کـە تـۆ لـە ئەمنـی عێراقیـدا ئەفسـەر بـووی؟**
**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ دەیانزانـی، خـۆم هەمـوو شـتم بـاس کردبـوو کـە مـن وابـووم و ئـەوە بـووم و پووختەیەکـم لەبارەی خـۆم باسـکردبوو، پووختەیـەک ، بـەڵام بـە وردەکارییـەوە نـا. نەدەکـرا...

**کاوە ئەمین: ئەو زانیاریانەت دابووە پارتی یان هەر کەریم سنجاری؟**
**سـەباح حەمدانـی:** دابوومـە پارتـی و کەریـم سـنجاریش. دەیانزانـی مـن کێـم و چ کەسـایەتییەکم و پەیوەندییەکانـم چـۆن بـووە و هەمـوو شـتێک، بـەڵام ئـەوان دەیانویسـت هاوکاریـم بکـەن بەوپێیـەی مـن، تەنانـەت پێمگوتبـوون کـە ویسـتوومە پەیوەنـدی بـە ئۆپۆزیسـیۆنەوە بکـەم و کاریـان لەگـەڵ بکـەم، بـەڵام منیـان قبـووڵ نەکـرد بۆیـە دەمـەوێ بـڕۆم.

**کاوە ئەمیـن: دوای ئـەوە هیـچ پەیوەندییەکـت بـە ئۆپۆزیسـیۆنی عێراقییـەوە نەمـا؟**
**سەباح حەمدانی:** نەخێر.

**کاوە ئەمین: کارت لەگەڵ نەکردن؟**
**سەباح حەمدانی:** نەخێر ئەوان خۆیان نەیانویست.

**کاوە ئەمین: بەڵام هۆکارەکەیت نەگوت..**
**سـەباح حەمدانـی:** هۆیەکـەی نەبوونـی متمانـە بـوو. رائیدێکـی ئەمـن، یـان ئەفسـەرێک لـە ئەمـن بووبـێ و سـوننەبێت و خەڵکـی مووسـڵ بێـت، ئەوانـە هەمـوو نیشـانەی نێگەتیـڤ بـوون لەسـەر مـن، بۆیـە قبووڵیـان نەکـردم.

**کاوە ئەمین: لە هۆڵەندا چۆن مافی مانەوەت وەرگرت؟ کاری پێشتری خۆت و رابردووی خۆت هەمووی بۆ باسکردن؟**

**سەباح حەمدانی:** بەڵێ وەک خۆی. من کە رۆیشتووم دەبێ راستییەکە بڵێم، بۆیە راستییەکەم سەبارەت کاری خۆم و پلەم لە ئەمن، تەنانەت لە خولی وەرزش و جۆدۆ و کاراتێ و لە هەموو شتەکان، وردەکاریی تەواوم پێگوتن و باسی تاوانەکانی ئەو رژێمەشم کرد.

**کاوە ئەمین: باسی تاوانەکانی ئەنفال و هەڵەبجەت بۆ کردن؟**

**سەباح حەمدانی:** باسی هەموو شتێکم کرد و هەموو تاوانەکانم دایە پاڵ رژێم، رەنگە هەر ئەو قسانەی لەوێ کردمن، ئەوانیش باسیان کردبێ و ئەوەش هاوکار بووبێت لە ئۆپەراسیۆنی رووخاندنی سەددام دا. دەڵێم رەنگە، خوا دەزانێ.

**کاوە ئەمین: بەڵام رەنگە زۆر کەس بپرسن بۆچی پێش ئەوەی سەددام بڕووخێ دەستت بە بڵاوکردنەوەی ئەم زانیارییانە نەکرد؟**

**سەباح حەمدانی:** زۆرم بڵاوکردنەوە، پەیجێکم لە فەیسبووک هەبوو، بەڵام سکاڵای زۆرم لەسەر دەڕۆیشت و دادەخرا، دیسان دەچووم پەیجێکی دیکەم دەکردەوە، بەوجۆرە. زۆر قسەم دەکرد، تەنانەت لە کارێکدا پەیوەستبووم بە خەزرەجییەوە بەنیازی هەوڵی رووخاندنی رژێم بەو شێوازەی خەزرەجی بیری لێدەکردەوە و لەگەڵ سعودیە لەوبارەیەوە لە پەیوەندیدا بوو، ئەوەش چیرۆکێکی درێژە و ناتوانین ئێستا بچینە ناو وردەکارییەکەی.

**کاوە ئەمین: بۆچی؟**

**سەباح حەمدانی:** لەبەرئەوەی کات رێگە نادا، ئەگەر کاتمان هەبێ باسی دەکەم.

**کاوە ئەمیـن: ئەگـەر بـە کورتیـش بێـت، پلانەکـەی ئێـوە چـی بـوو؟ دەیویسـت بـە پشـتیوانیی ئەمریـکا کودەتـای سـەربازی بـکات یـان چـی؟ بۆچیـش نەیکـرد؟**

**سـەباح حەمدانـی:** خەزرەجـی ئەنجوومەنێکـی باڵای بـۆ هێـزە چەکدارەکانی عێـراق پێکهێنابـوو، ژمارەیـەک ئەفسـەر و خەڵکـی ناسـراوی تێدابـوو. خەریـک بـوو نزیـک دەبووینـەوە لـەوەی لـە 2003 روویـدا، لەگەڵ سـعودیە لـە پەیوەندیـدا بـوو، ئـەو پلانـەی لەگـەڵ سـعودیە لەسـەری رێککەوتبوون، ئەوەبـوو کـە ئـەوان پشـتیوانیی خەزرەجـی دەکـەن بـۆ ئـەوەی پارێـزگا سـوننییەکان لەجیاتـی ئـەوەی لەلایـەن سـوپای ئەمریـکاوە بگیرێـن، بـا لـە شـێوەی راپەڕینێکـدا خۆیـان رزگار بکـەن و بـەوەش خۆیـان لـە وێرانـی و تاڵانـی و کوشـتار بپارێـزن و سـوپای عێراقیـش لە پارێزگا سـوننییەکاندا خۆی لـە هەڵوەشـانەوە و تەفروتونابـوون بپارێزێـت. جموجۆڵی ئێمە لەسـەر ئەو بنەمایـە بـوو، بـەڵام کـە گەیشـتینە مەغریـب، لـەوێ زانیمـان کـە سـعودیە دەسـتی لـە خەزرەجـی بـەرداوە، ئـەوە لەکاتێکـدا پشـتیوانی داراییـان دەکرد و پـارەی زۆریـان بـۆ دەنـارد، بۆیـە ناچـار بـوو، ئێمـەش لەگەڵـی ناچـار بووین بڕۆیـن بـۆ سـووریا. لـەوێ ئامادەیـی خۆیـان بـۆ پشـتگیری کردنمـان دەربـڕی و تەنانـەت هاوکاریـی سووریاشـی کـرد، بـۆ حکومەتـی سـووریا بـە پـارە نـا، بـەڵام هەمـوو پشـتیوانییەکی دابیـن کـرد. گوتیـان بـڕۆن و هەوڵـی خۆتـان بـدەن، ئـەوە بیرۆکەیەکـی چاکـە، قەناعەتیـان بـەو بیرۆکەیـە هێنابـوو، ئـەوەش پـاش دیدارێکـی خەزرەجـی لەگـەڵ عەبدولحەلیـم خـەدام کـە ئەوکاتـە جێگـری سـەرۆک بـوو، پلانەکـە لەسـەر ئـەو بنەمایـە بـوو، بـەڵام دواتـر ئیماراتیـش پشـتی لـە ئێمـە کـرد، بـەڵام هاوکاریـی خەزرەجییـان کـرد و هەوڵـی ئەوەیـان دایـێ کـە بـڕوات لای ئـەوان ببێتـە پەنابـەر بـەو مەرجـەی دەسـت لـەو پڕۆژەیـە هەڵگرێـت. ئـەوان رەنگـە لەسـەر داوای ئەمریـکا ئەوەیـان کردبـێ کـە دەیویسـت ئـەو پلانـە لەبارببـات، چونکـە خەزرەجـی هـەر ئەوەنـدەی گەیشـتبایە مووسـڵ، زۆربـەی هێزەکانـی سـوپا دەچوونـە پاڵـی، بـەڵام ئـەوان رازی نەبـوون خەزرەجـی و ئەفسـەرەکانی خەزرەجـی

بگەنـە مووسـڵ یـان روومـادی و تکریـت، بۆیـە بـەرەوڕووی ئاسـتەنگی گـەورە بووینـەوە، یەکێـک لـەو ئاسـتەنگانە، داواکاری گشـتی بـوو لـە دانیمـارک کـە پەیوەنـدی بـە خـودی خۆمـەوە کـرد لەوکاتـەی لـە دیمەشـق بـووم، هەڕەشـەی لێکـردم و هەڕەشـەی لـە خەزرەجـی کـرد و گوتـی دەبـێ دەسـتبەجێ خەزرەجیمـان رادەسـت بکەنـەوە. لەلایەک گوشـاری حکومەتی دانیمـارک کـە داوای دەکـرد وەکـو تاوانبـاری جەنـگ رادەسـتی بکەنـەوە، لەلایەکـی دیکـەوە سـعودیە کشـایەوە و لەولاشـەوە وەلـی عەهـدی ئیمـارات کـە ئێسـتا بووەتـە سـەرۆک و پێـش ئـەوەی ببێتـە سـەرۆکی ئەرکانـی سـوپا، مەبەسـتم شـێخ محەممـەد بـن زایـد ئـال نهەیـان، بـە ئامادەیـی ئێمـە پەیوەنـدی پێوەکـرد و گوتـی وەرە بـۆ ئێرە ئێمـە دەتپارێزین، بـەڵام بـە مەرجـی ئـەوەی لـەو کارە دووربکەویتـەوە. بەوجـۆرە ئـەو پلانـە کـە بـۆ دامەزراندنـی هەرێمێکـی سـوننە بـوو لـە عێراقـی نوێـدا، لەباربـرا.

**کاوە ئەمیـن: خەزرەجـی ماوەیـەک لـە دانیمـارک دەستبەسـەر بـوو پـاش ئـەوەی لەلایـەن رەوەنـدی کوردییـەوە سـکاڵای لەسـەر تۆمـار کـرا، چـۆن لـەوە دەربـاز بـوو؟**

**سـەباح حەمدانـی:** داواکاری گشـتیی دانیمـارک لەڕێـی وەرگێڕێکـی لوبنانییـەوە کـە قسـەی لەگـەڵ مـن کـرد، گوتـی ئێـوە بەرپرسـیار دەبـن، چونکـە هاوکاریـی خەزرەجیتـان کـردووە لێـرە رابـکات. ئێمـە هاوکاریمـان کردبـوو کـە لـە دانیمـارک دەربچـێ و رابـکات.

**کاوە ئەمین: جا تۆ شایەتیت بۆ خەزرەجی دا؟**

**سـەباح حەمدانـی:** نـا کـەس داوای شـایەتی لـە مـن نەکـرد، بەڵام ئـەوە من قسـە دەکـەم، ئـەوەش راسـتییەکەیە بـا خـۆی قسـە بـکات، چاوەڕوانیم لێی هەیـە قسـە بـکات، ئێسـتا وا دەسـتیپێکردووە قسـە دەکات. بەهەرحـاڵ ئـەو هەڕەشـەیەی داواکاری گشـتی بـووە راسـتی و هـەر کـە گەڕامـەوە بـۆ هۆڵەنـدا، داواکاری گشـتیی دانیمـارک لەڕێـی داواکاری گشـتیی هۆڵەنـداوە

هەوڵـی تاوانبارکردنـی منـی دا، بـەڵام یەکێک لـە پارێـزەرە هۆڵەندییەکان بە بەڵگەیەکـی بەهێـز هەموویانـی بێدەنـگ کـرد و دۆسـیەکەی بـە یەکجـاری داخسـت بـۆ ئـەوەی جارێکـی دیکـە داوام نەکەنـەوە، چونکە هاوسـەرەکەی خەزرەجـی و منداڵەکانـی لـە ماڵـی مـن بـوون لـە هۆڵەنـدا، بەهـۆی ئـەوەی پەیوەنـدی پێوەدەکـردن ئاشـکرا بـوون، خـۆت دەزانـی موخابـەرات چۆنـە. ئاشـکرا بـوو کـە خێزانەکـەی لـە ماڵـی منـن، بۆیـە گوشـارەکە کەوتـە سـەر مـن کـە تـۆ هاوکاریـت کـردووە و تـۆ دەربـازت کـردووە و خێزانەکەشـی هـەر تـۆ بـە قاچـاخ دەربـازت کـردوون، کەواتـە تـۆ بەرپرسـی. سـوپاس بـۆ خـوا لـەو بەرپرسـیارێتییە دەربـاز بـووم و...

**کاوە ئەمیـن: چـۆن لـەوە رزگارت بـوو؟ بەڕاسـتی تـۆ هاوکاریـت کردبـوو بۆئـەوەی لـە دانیمـارک دەربـاز بێـت؟**

**سـەباح حەمدانـی:** پارێـزەرە هۆڵەندییەکـەم پیتـەر ڤان کلێف بوو کە ئێسـتا لـە ژیانـدا نەمـاوە، مـن شـتەکەم بـۆ باسـکرد، پـاش ئـەوەی گەڕامـەوە بـۆ هۆڵەنـدا و لـە خەزرەجـی کشـامەوە، هەموویـم بـۆ باسـکرد پێـش ئـەوەی داواکاری گشـتیی دانیمـارک لەڕێـی وەزارەتـی دادی هۆڵەندییـەوە دەسـت بـە جموجـۆڵ بـکات لـە دژی مـن، گوتـی کێشـە نییـە و ئاسـانە. بـە سـیفەتی پارێـزەر راپۆرتێکـی نووسـی، خـۆی ئـەو پارێـزەرە بـە خۆڕایـی بەرگـری لـە پەنابـەران دەکـرد، مرۆڤێکـی مـەزن بـوو بـە هەمـوو مانـای وشـە، بـۆی نووسـین کـە ئێمـە بـە هەمـوو جۆرێـک ئامادەیـن هاوکاریتـان بکەیـن لـە بەرامبـەر یـەک ملیـۆن یـورۆ، ملیۆنێـک یـورۆ بدەنـە سـەباح حەمدانـی بـۆ ئـەوەی هەمـوو وردەکارییەکانتـان پێبدات سـەبارەت دەربازبوونی خەزرەجی لـە دانیمـارک. کـێ ئـەو پارەیـە دەدات؟ کـەس ملیۆنێـک یـورۆ نـادات. ئـەوە بیانوویەکـی زۆر بەهێـز بـوو کـە دەمـی وەزارەتـی داد و داواکاری گشـتیی هۆڵەنـدی و داواکاری گشـتیی دانیمارکـی داخسـت، ئـەوەش لەبەرئـەوەی مــن هاووڵاتــی هۆڵەندیــم، هۆڵەنــدی نەبــام کــەس نەیدەتوانــی رزگارم بـکات.

**کاوە ئەمیـن: کەواتـە دانیمـارک لەبـەر ملیۆنێـک یـورۆ وازی لـە دۆسـیەی خەزرەجـی هێنـا یـان شـتی دیکـە لـە پشـتی پـەردە هەبـوو؟**
**سـەباح حەمدانـی:** منیـان وەکـو شـایەت دەویسـت، ئـەوان ئەگـەر بیانـەوێ بیبەنـەوە، دەتوانـن بیبـەن خـۆ ئێسـتا ئەوەتـا لـە ئیماراتـە و ئەوانیـش دەزانـن، بـەڵام ئـەوان گوشـارێکی دیکەیـان لەسـەر بـوو، گوشـاری ئەمریـکا و ئیمـارات.

**کاوە ئەمیـن: خەزرەجـی بـەم دواییـە لـە گفتوگۆیەکیـدا لـە هەنـدێ هەڵوێسـتی پەشـیمان بـووەوە، قسـەکانی بۆنـی ئـەوەی لێدەهـات کـە بەرگـری لـە رژێمـی پێشـووی عێـراق دەکـرد، لەسـەر ئـەوە چـی دەڵێـی؟**
**سـەباح حەمدانـی:** مـن متمانـەم بـە عەسـکەرییەکان نییـە، بەتایبەتـی ئەفسـەرە گەورەکانیـان، چونکـە ئەوانـە سـوودمەند بوونـە و ناتوانـن بەشـێوەیەکی نێگەتیـڤ قسـە بکـەن، بۆیـە خـۆی لـە زۆربـەی راسـتییەکان بـوارد و راسـتیی نەگـوت. تەنانـەت ئـەو راسـتیانەی کـە مـن ئێسـتا باسـیان دەکـەم، فەرمـوو بـا ئـەو باسـیان بـکات. بـا باسـی بـکات، ناتوانـێ.. راسـتی ناڵێـت.

**کاوە ئەمین: کەواتە راستیی ناڵێت؟**
**سـەباح حەمدانـی:** بێگومـان راسـتیی ناڵێـت، تەنیـا بەشـێکی راسـتییەکە، راسـتە ئەویـش لـە دژی رژێـم وەسـتایەوە، بـەڵام خـۆ ئەویـش بەشـێکی گرنگـی ئـەو رژێمـە بـووە.

**کاوە ئەمیـن: دوا پرسـیارم لـەم گفتوگـۆ درێـژەی کـە هەمانبـوو، ئـەو ئەفسـەرانەی کـە هاوپیشـەت بـوون و ئێسـتا مـاون، بەشـێکیان لـە عێراقـن و رەنگـە بەشـێکیان لـە وڵاتانـی دیکـە بـن، رازیـن لـەوەی کـە تـۆ ئـەم شـایەتیانە دەدەی؟ یاخـود تائێسـتا کـەس هەڕەشـەی لێکـردووی لەسـەر ئـەم قسـانەت؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەڵـێ هەڕەشـەی زۆرم بـۆ دێـن، چ لەڕێـی کەناڵەکـەم، یـان بـە نامـە. پەیجیـان دروسـتکردبوو لەسـەر فەیسـبووک بـۆ ئـەوەی لـە دژی مـن و لـە دژی خێزانەکـەم شـت بڵاوبکەنـەوە، تەنانـەت تۆمەتـی شـەرەفیان خسـتە پاڵـم. تەماشـای ئـەم ڕەوشـتە بکـە، هەرچەنـدە ئەمانـە هەرگیـز ئەخلاقیـان نەبـووە.

**کاوە ئەمین: هەڕەشەی کوشتنت لێکراوە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** لـەو کەناڵـەی منـەوە هەرکەسـێک قسـە بـکات، هەرکەسـێک قسـەیەک بـە سـەددام حوسـێن بڵـێ، باسـی شـەرەفی و باسـی دایکـی بـکات، ڕێگـەی نـادەم و دەڵێـم مـن نامـەوێ بچینـە نـاو ئـەو باسـە، ئێمـە لێـرەدا سـوارچاکانە دەجەنگیـن، ئازایانـە دەجەنگیـن، بـەڵام ئەوانـە ئازایانـە ناجەنگـن، خەڵکێکـی بێڕەوشـتن، بۆیە گەیشـتنە ئـەوەی تانە لـە شـەرەفی مـن و لـە شـەرەفی خێزانـم بـدەن. خەڵکیـش هـەن کـە حـەق بـە مـن دەدەن، هەیانـە هاوڕێمـە و مـن دەیانناسـم و لەگـەڵ هەندێکیـان لـە پەیوەندیدایـن، بـەڵام ناوێرن قسـە بکـەن، ڕەنگـە هەندێ زانیاریـم بدەنێ و مـن باسـیان بکـەم، بەڵام تائێسـتا نەگەیشـتوونەتە ئـەوەی خۆیـان ئازادانە قسـە بکـەن. ڕەنگـە هۆیەکـەی ئەوەبـێ مـن وڵاتینامـەی هۆڵەندیـم هەیـە و ئـەوەش هێزێکـی داوەتـە مـن. کارکردنیشـم لـە دژی ڕژێم زیاتـر هانیداوم بۆئـەوەی بتوانـم هەندێـک شـت بڵێـم کـە خەڵکـی دیکـە نایڵێـن.

**کاوە ئەمین: خۆشحاڵ بووی بە لەسێدارەدانی سەددام حوسێن؟**

**سـەباح حەمدانـی:** بەتایبەتـی کـە بەدەسـتی ئـەو جـۆرە خەڵکـە لەسـێدارە درا. پێشـتر گوتـم کـە بەڕاسـتی دڵخـۆش بـووم بـەوەی بەدەسـتی هیچوپووچتریـن خەڵـک لەسـێدارە درا. حـەزم نەدەکـرد بەدەسـتی هەندێـک پیـاو لەسـێدارە بـدرێ کـە لـە دژی ڕاپەڕن و بیرووخێنـن و لەسـێدارەی بدەن، بـەڵام ئەمانـە کەسانێک بـوون وەکـو خـۆی و ڕەنگـە لـە خۆیشـی پیسـتربن، بۆیـە ڕەوشـی ئێمـە لـە دوای 2003 پیسـتر بـوو لـە پێـش 2003.

**کاوە ئەمیـن: کاک سـەباح سوپاسـی بەشـداریت دەکەیـن لـەم گفتوگـۆ چڕوپـڕە کـە زانیـاری زۆر باشـی تێدابـوو، حەزدەکـەم بزانـم دوا وتـەی ئێـوە چییـە؟**

**سـەباح حەمدانـی:** زۆر سوپاسـتان دەکـەم بێگومـان، سـوپاس بـۆ هـەر کەسـێک کـە لـە ئامادەکردنـی ئـەم بەرنامەیـەدا هـاوکار بـووە، برایانـی وێنەگـر و هەمـوو برایانـی دیکە لـە بەڕێوەبـەری گشـتیی رووداوەوە تاوەکو ئەوانـی دیکـە. ئێـوە لەڕێـی منـەوە راسـتییەکان ئاشـکرا دەکـەن. مـن قەناعەتـم بە خـۆم هێنـاوە کـە لـە بەرامبـەر خـودای خـۆم وەکـو شـایەتێک قسـە بکـەم، ئەمـە تەنیـا بـۆ خودایـە و جگـە لـە رەزامەندیـی خـوای گـەورە هیـچ شـتێکم نـاوێ. ئـەوەی کـە گوتوومـە راسـتییە و بـۆ پشـتیوانییە لـە راسـتی و بـۆ پشـتیوانییە لـەم گەلـەی کـە هەمیشـە بەدەسـت حوکمڕانـی خراپـەوە گیـرۆدە بـووە و بەداخـەوە لـە خراپـەوە بـە خراپتـر سـپێردراوە.

# شایەتییە مێژووییەکانی ئەفسەرێکی ئەمن

مانگی تەمموزی 1988،مولازم ئیبراهیم تکریتی کە ئەفسەر بوو لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی ئەمن لە کەرکووک، سەردانی کردم. بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکووک بەشدار بوو لە ئەنفال دا، چەند وەجبەیەک خەڵکیان وەرگرت، چونکە ئێمە وەجبەمان دەدایە هەموویان، هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی ئەمن وەجبەیەک. ئەو ئەفسەرە گوتی گەورەم یەکێک لەو دیمەنانەی کە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە، منداڵێکم بینی، دوای ئەوەی دایکی منداڵەکەمان کوشتبوو، یان خوشکی بووە، بەهەرحاڵ لەگەڵ ئەو بووە، کەوتبووە چاڵەکەوە، گوتی قژێکی زەردی هەبوو، لەناو چاڵەکە بەپێوە وەستابوو... ناتوانم تەواوی بکەم.. گوتی ئاوای دەکرد، چاوەڕێی فیشەکێکی دەکرد بەریکەوێت، چونکە لە هەموو لایەکەوە گوێی لە تەقە بوو، هەرچەندە چەکەکان زۆربەیان کپ بوون، بەڵام دەنگی تەقەش هەبوو، بەچاوی خۆیشی منداڵی دیکەی دەبینی، منداڵێکەو بەچاوی خۆی دەبینێ خەڵک لە دەوروبەری کوژراون و خوێن ڕژاوە، هاواری دەکرد.. گوتی هەندێ لە منداڵەکانمان هەر بە زیندوویی داپۆشین. هەرکە گوللەبارانمان دەکردن شۆفڵەکان دەهاتن و خۆڵیان بەسەردا دەکردن. دەگریا، ئەو ئەفسەرە دەگریا، بەکوڵیش دەگریا، چی بکات؟ بەڵێ سەددام حوسێن ئاوای لەو خەڵکە کرد.